# گوتاری سیاسی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن
# لە هەرێمی کوردستاندا

## شیکردنەوەی پراگماتیکی

غازی حەسەن

# گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن
# لە هەرێمی کوردستاندا
## شیکردنەوەی پراگماتیکی

غازی حەسەن

٢٠٢٢

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا
(شیکردنەوەی پراگماتیکی)

- غازی حەسەن
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ :
- نرخ: ........ چوار هەزار دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠٢٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانەی: ........
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (...) ساڵی (٢٠٢٢)ی پێ دراوە.

زنجیرەی کتێب (.....)

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێرست


له جیاتی پێشکەی ........................................ ٧
بەشی یەکەم تیۆرو ناساندن ........................................ ٩
١-١ سەرەتا ........................................ ٩
١-٢ پێناسەی چەمکو تیۆرەکان ........................................ ١٠
بەشی دووەم گوتارو دەسەڵات ........................................ ٨٣
٢-١ گوتارو دەسەڵات( دەروازیەک) ........................................ ٨٣
٢-٢ گوتاری نەتەوەیی کوردی ........................................ ٨٥
٢-٣ دەسەڵاتی گوتار ........................................ ٨٩
٢-٤ دەسەڵات ........................................ ٩٣
٢-٥ رەچاوکردنو شیکردنەوەی گوتار Figuerd and Discourse analysis ........................................ ٩٧
٢-٦ تایبەتمەندییەکانی گوتاری دەسەڵات ........................................ ٩٨
٢-٧ کردەقسەییەکانو گوتاری سیاسی ........................................ ١٠٠
٢-٨ دیارکردنی چەمکە سیاسییەکان ........................................ ١٠٢
٢-٩ چەمکە سیاسییەکان ........................................ ١٠٣
٢-١٠ کۆدی گوتنەکان ........................................ ١٠٥
٢-١١ شێوازی شیکردنەوە ........................................ ١٠٦
٢-١٢ بەکارهێنانی جێناوەکان ........................................ ١٠٧
٢-١٣ بەکارهێنانی جێناوەکانو چەمکەکان لەگوتاری دەسەڵاتدا ........................................ ١٠٨
بەشی سێیەم/ گوتارو ئۆپۆزسیۆن ........................................ ١٢١
٣-١ سەرەتا ........................................ ١٢١
٣-٢ گوتاری سیاسی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا ........................................ ١٢٢
٣-٣ گوتاری ئۆپۆزسیۆن ........................................ ١٢٢
٣-٤ گوتاری ئایدیۆلۆجی ........................................ ١٢٣
٣-٥ تایبەتمەندی گوتاری ئۆپۆزسیۆن ........................................ ١٢٤
٣-٦ بەرهەمهێنانەوەی گوتار ........................................ ١٢٥
٣-٧ زمانی سیاسی ........................................ ١٢٦
٣-٨ ئۆپۆزسیۆنو گوتار ........................................ ١٣٠
٣-٩ پوختەی گوتاری نەوشیروان مستەفا ........................................ ١٤١

ئەنجام ........................................................................ ١٨١
سەرچاوەکان.................................................................... ١٨٦
پاشکۆیەکان.................................................................... ١٩٦
دەقی گوتاری مەسعود بارزانی...................................................... ٢٠١
دەقی گوتاری جەلال تاڵەبانی........................................................ ٢١١
دەقی دیداری نەوشیروان مستەفا...................................................... ٢١٧
دەقی پەیامی سەلاحەدین بەهائەدین.................................................... ٢٢٨

## لەجیاتی پێشەکی

لەم کتێبەدا پێناسەی تیۆرو چەمکو گوتارو جۆرەکانی گوتاری سیاسیو رۆڵو بوونی زمان لەم کایەداو ئینجا دیارکردنی پێناسەی پراگماتیکو کردە قسەییەکانو جۆری گوتارو بۆچوونەکانی (میشێل فۆکۆ)و بەراورد لەنێوان تیۆری (ئۆستن)و (سێرل)، لایەنی تیۆری کردە قسەیی لەژێر رۆشنایی بۆچوونەکانی (ئۆستن) کراوە.

لەگەڵ دەروازەیەکی گشتی بۆ ناساندنو پیشاندانی ئامانجو بایەخەکانی شیکردنەوەی پراگماتیکی گوتاری سیاسی، پێگەی دەسەڵاتی گوتارو دەسەڵات لەڕوانگەی کردە قسەییو هێزی کردە قسەییو پێویستی کردە قسەیمان دەرخستووە، بەکورتیش باسی دەرکەوتنی گوتاری نەتەوەیی کوردیمان کردووە. لەم بەشەدا شیکاری گوتاری هەریەکە لە (مەسعود بارزانی)و (جەلال تاڵەبانی) لەنێو کایەی دەسەڵات کراوە. ئەمەش لەسەر بنەمای دۆزینەوەی ژمارەیەک (چەمکی کردە قسەیی) و دواتریششیکاری گوتاری سیاسی ئۆپۆزسیۆن لەڕووی تیۆریو پراکتیکی بەپشت بەستن بەهەمان ئەو چەمکانە کراوە، کە بۆ گوتاری دەسەڵات دانراوە، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی جۆری گوتاری سیاسی لەکوردستاندا بەرجەستە بکرێت. هەروەها هەندێک لایەنی گوتارو ئایدیۆلۆجیاو زمانی گوتارو گوتاری ئۆپۆزسیۆنی لیبرالیو گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەوردی کارمان لەسەر کردووە. کارمان کردووە شیکاری گوتاری ئۆپۆزسیۆن لەرێگەی بەکارهێنانی گوتاری (نەوشێروان مستەفا)و (سەلاحەدین بەهائەدین) بکەین، لەتەک شیکردنەوەی تایبەتمەندی گوتاری هەریەکێکیان، بەراوردێکی وردی نێوان گوتاری هەردوو خاوەن گوتارەکان

کراوە. هەر لەم بەشەدا بەراوردی نێوان گوتاری دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش کراوە.

لەم کتێبەدا کە بریتییە لەشیکردنەوەو لێکۆڵینەوە بنەمایەکی هاوبەشی گوتاری سیاسیمان داڕشتووە، بۆ ئەوەی کەس‌و لایەنەکان سوود لەچۆنیەتی بەدیهێنان‌و بەکارهێنانی گوتار لەهەرێمی کوردستان بکەن. ڕاستە من لەڕوانگەی زمانەوە شیکاری پراگماتیکی گوتارم کردووە، بەڵام گوتار لەڕێگەی زمان بەرهەم دێت و لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراویشدا بەکاردێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەتیۆری پراگماتیکەوە هەیە.

# بەشی یەکەم تیۆرو ناساندن

**١-١ سەرەتا**

باسکردن‌و پێناسەی چەمکەکانی ئەم توێژینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی شیکردنەوەو توێژینەوەکانی پێشووتر نییە، بەلکو خستنە رووی کۆمەڵە چەمکێکە لەگەڵ رێبازو ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە دەگونجێت. شیکاری پراگماتیکانەی گوتاری سیاسی کوردی‌و ئاراستەو رۆنانەکانی ئەم گوتارەو رۆڵی زمان لەپێکهاتەکانی گوتارو کردەی پەیوەنییکردن‌و گرفتەکانی‌و هێزی گوتارو کێشەکانی ئەم پەیوەندییە لەبواری سیاسیدا چین؟ توێژینەوەکە چەمکی کەنال‌و یەکەکانی کردەی پەیوەندیکردن دیاردەکات، راستی‌و ناراستی‌و گونجان‌و نەگونجان، مەنتیقی گوتار بە بۆچوونەکانی (میشێل فۆکۆ) پشت ئەستوورە لەشیکردنەوەی گوتاردا. سەرباری بەراوردێک لەنێوان دەق‌و گوتاردا.

لەبەشێکی دیکە پێناسەی پراگماتیک‌و پەیوەندی بەزانستەکانی دیکەو رۆڵی لەشیکردنەوەی گوتاردا چی دەبێت؟ بەتایبەتیش کردە قسەییەکان‌و ئەو بۆچوونانەی (ئۆستن) پشتیان پێدەبەستێت. پێناسەکان پتر شیکاری تیۆرەکانی (ئۆستن)و (سێرل)و (فۆکۆ)ن، ئەگەر پێویستی کردبێت بەراوردێکی کورتی بۆچوونی هەندێک زمانەوانی دیکەش کراوە، بەڵام ئامانجی سەرەکی پشت بەستن‌و سەلماندنی رۆڵی کردە قسەییەکانە لەشیکردنەوەی گوتاری سیاسی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا.

ئاستەکانی شیکردنەوەی گوتار لەبواری رێبازو ئاستەکانی (دەنگو وشەو رستەو واتا)دا جەختیان لەسەر کراوەتەوە، لەگەڵ ئاماژەکردن بە

قوتابخانەکانی شیکردنەوەی گوتارو گرووپەکانی سنووردارکردنی دەسەڵاتی گوتار. لەپێناو پشتبەستن بەلایەنێک لەم بۆچوونانە، توێژینەوەکەمان بایەخ بە کردە قسەییەکان‌و کردەی پەیوەندیکردن دەدات. پێناسەو بەراوردەکان گونجاون‌و پێشبینی دەکرێت، کە کردە قسەییەکان بۆ شیکردنەوەی بەدیهێنانی گوتاری کوردی گونجاوە، لەم بوارەشدا بەشێک بۆ پێناسەو لێکدانەوەو دەرخستنی پێکهاتەکانی تیۆری کردە قسەییەکان‌و گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی (ئۆستن) تەرخان کراوە.

### ٢-١ پێناسەی چەمک و تیۆرەکان

### ٢-١ -١ چەمکی گوتار / Discours

دەبێت باسی رۆڵی (فردیناند دی سوسیر) لەپەیوەندی نێوان زمان‌و گوتار بکەین لەدیارکردنی ئەو بنەما سەرەکیانەی لە زمانەوانی بۆ جیاکردنەوەی هێماو هێمابۆکراو (دال‌و مەدلول)[١] هەیە. زمان‌و گوتار دوو کایەی بەیەکەوە بەستراون، زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، قسەکردن وەکو دیاردەیەکی کەسی ئەنجام دەدرێت. سوسێر پێی وایە (گوتار یەکسانە بە قسەکردن). (مدقن:٢٠١٣،٢٥). (دیڤید کریستال) دەربارەی گوتار دەڵێت: زمانی قسەکردن گەورەترە، فراوانترە لە رستە. ((Crystal:2012,148 یان هەندێکی دیکە پێیان وابووە، کە (گوتار قسەکردنێکی درێژە، یان بەدوای یەکداهاتنی چەند رستەیەکە). (مدقن:٢٠١٣،٢٥) .

کە باسی زمان‌و گوتار دەکەین، نابێت دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە Social Context بایەخی پێنەدرێت، (فێرکلاف) پێی وایە گوتار بەکارهێنانی زمانە

---

١ - سەربارەت بە (دال‌و مەدلول) واتە هێماو هێمابۆکراوو چۆنیەتی دروستبوونی واتا، بەلای سوسێرەوە پەیوەندی سایکۆلۆجی نێوان (هێماو هێمابۆکراوە). هەروەها ئەو وێنانەی کە لەمێشکدا وێنای بۆ کێشراوە، هیچ پەیوەندییەکی بە ماددی راستەقینەیان لە نێواندا نییە، بۆ نمونە ئاگرو دووکەڵ، جاری وایە هەر وشەیەک چەند مانایەکی دەبێت. بڕوانە (خەلیل:٢٠١٦،٢٦-٣١).

وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە گوتار رۆڵی شیکاریی دەبینێت، شیکردنەوەی رۆڵی دەقە لەدەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا.(سورخی:٢٠١٣، ١١).

لەبارێکی دیکەدا (ڤان دایک) قووڵتر دەچێتە نێو باسی گوتار، ئەو لەتەک رۆڵی زمانو باری کۆمەڵایەتی، پەیوەندیکردنیش دەهێنێتە ئاراوە. پێی وایە چەمکی گوتار لەم سێ لایەنە پێکدێت:١- زمان بەکارهێنان.٢- دامەزراندنی پێوەندی لەنێوان باوەڕەکاندا لە<رووداوێکی گەیاندندا>و ٣- کارلێککردن لەبارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا.(هەمان سەرچاوە،١١). گوتار یەکەی زمانەوانی قسەیە ئەمەش پەیوەستە بە یەکەی پەیوەندیکردن کە پەیوەستە بە بارودۆخی بەرهەمهێنانێکی دیارکراو. وەکو گوتاری (تەلەڤزیۆن، وتاری رۆژنامە، گێرانەوە...هتد). (مانغۆنۆ:٣٨،٢٠٠٨).

لەتەک ئەوەی زمان لەگوتاردا بوونێکی لەخۆوەییە، هەروەها رستەشە، کە پەیوەستە بەیەکەی زمانیو چالاکی ئەو کەسانە، کە لەسیاقێکی دیارکراودا ناویان هاتووە، رێزمانی گوتاریش [1]بایەخی پێدەدرێت. لای (هاریس ١٩٥٢) گوتار رستەیە لە یەکەیەکی زمانی پێکدێت لەسەر بنەمای ژمارەیەک رستە، بۆیە لە شیکردنەوەی گوتاردا بایەخ بە لایەنی رێزمانی گوتار grammar Discours دەدات. (هەمان سەرچاوە:٣٨).

کاریگەرییەکانی فەلسەفە Philasaphers لەنێو کردەی گوتار چۆن شیدەکرێتەوە؟ هەروەها پەیوەندی لەنێوان مەنتیقو زمان بەتایبەتی (حجاجی) مەنتیقی پاساو لەلایەکو کاریگەری گوتاری بیستراویش هەیە. بۆیە ئۆستنو سێرل لەشەستەکانی سەدەی بیستەم لەروانگەی شیکردنەوەی مەنتیقی

---

١ - گوتار زمانە.آ- زمانە کە سیستەمێکە لەسیاقێکدا بەکاردێت. ب- زمان سیستەمێکی هاوبەشە لەنێوان ئەندامانی گرووپێکی زمانی کە پێچەوانەی گوتارەو بەکارهێنانێکی دیارکراوە لەسیستەمەکەدا. ئەمانەش پەیوەستن بە ١-پێگەییبوون لەبەشی گوتاردا(گوتاری شیوعی، سریالی). ٢- جۆری گوتار (گوتاری رۆژنامەنووسی، گوتاری ئیداری، گوتاری رۆمان، گوتاری مامۆستا...). ٣-بەرهەمەکانی توێژێک لە قسەکەران (گوتاری پەرستیاران، گوتاری خانمانی ماڵەوە..). (مانغۆنۆ: ٢٠٠٨، ٣) .

گوتار باسی کردە قسەییەکانیان کردووە. بانفنیست مەسەلەکە وابەستەی قسەکردن دەکات‌و پێی وایە پێویستە لەچوارچێوەی دوورییە بەرفرەکەدا سەیری گوتار بکەین، یان قسەکردن/ گوتنە بوونی قسەکەرو گوێر دەچەسپێنێت، یەکەم نیەتی ئەوەی هەیە بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەری لەسەر دووەم دروستبکات. (مدقن:٢٠١٣، ٢٦).

بەکارهێنانی قسەکردن چاکتر رۆڵی گوتار دەردەخات، (میشێل فۆکۆ) (M.Foucault) گوتار لەبەکارهێنانی قسەکردن سنووردار دەکات‌و پێی وایە گوتار ژمارەیەک قسەی گوتراوەو دەچنەوە سەر هەمان پێکهاتەی گوتار، هەروەها یەکەیەکی رەوانبێژی‌و وێناکراو نین، بەلکو دەتوانرێت بەشێوەیەکی بێ کۆتایی دووبارە بکرێنەوە. (آباه:٢٠٠٤، ١١٠). گوتار فراوانتر دەردەکەوێت کاتێک ئەرک‌و پەیوەستبوونی ئاڵۆز دەبێت لەکۆمەڵگەدا. فۆکۆ پێی وایە گوتار بریتییە لە "تۆڕێکی ئاڵۆز لەپەیوەندی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌و رۆشنبیری، کەتێیدا چۆنیەتی بەرهەمهێنانی قسەی گوتار دەردەکەوێت، لەهەمان کاتیشدا زاڵبوون و مەترسی دەشارێتەوە". (مدقن:٢٠١٣، ٢٧). گوتارو رەوشت، گوتاری چاکەو خراپە لەبەکارهێنان‌و دەرخستنی مەبەستەکاندا دەردەکەوێت[1]، ئەمانەش پەیوەستن بەهەڵسوکەوت‌و کاردانەوەو بۆچوونەکان "گوتارە ئازادەکانی شێتی لەرێگەی بەکۆیلەکردنی ئارەزووەکان دەردەکەوێت". (فۆکۆ:١٤١،٢٠١٤).

کەواتە زمان‌و گوتار دوانەی بەیەکەوە هەڵکردوون‌و شیکردنەوەی گوتار بەکارهێنانی زمانە لەپشت‌و لەسەروی رستەوە، چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لەدەوروبەردا لەلایەن خەڵکەوە.(کەمال:٢٠٠٩، ٦).

---

[1] – چەمکی مەبەست سێ لایەن، کە دەربڕی ئیرادە، یان واتا، یان ئامانجی گوتارەکە دەگرێتەوە. بڕوانە (فضيله Http//:revue.ummto. dz index php/kh;tap/article .view)

## ١-٢-٢ پەیوەندیکردن‌و دەسەڵاتی گوتار

هێزی گوتاری سیاسی لەجۆرو شێوازی پەیوەندیکردنەکە دەردەکەوێت، گەیەنەری یەکەم، کە دەسەڵاتە، یان هێزێکی سیاسییە، ئامانجەکانی گەیاندنی مەبەستێکە. بۆیە پەیوەندی سیاسی Political Communication لەسەر سێ بنەما (پەیام، نێرەر، وەرگر) بەڕێوەدەچێت، مەبەست لەدەسەڵاتی پەیوەندی سیاسی ئاڕاستەکردنی ژیانی وەرگرو ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکەیەتی بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر کاریگەری نێرەرو دەسەڵاتەکەی. (عکاشە:٢٠٠٥، ٣٠). گوتار دەسەڵات دروست دەکات‌و ڕەوتی کاریگەرییەکان‌و کاردانەوەو پێکهێنانی ڕای هەمەجۆر دێنێتە بەرهەم. کاریگەرییەکان لەئاستی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی بەدی دەهێنێت، خودی گوتار بەرهەمی (هەلومەرج‌و هۆکارەکانە) هەر لەخۆوە دروست نەبووە، بەلکو خاوەنەکەی بەئامانجی گەیشتن بەمەبەستەکانی بەکاری دەهێنێت. کەواتە، کە گریمانەی ئەوە دەکرێت لەدایک بوونی گوتار، بەدیهاتنی دەسەڵات‌و دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر وەرگر، کە پەیوەستە بە زمان‌و پەیوەندیکردن، ئەو زمانەی گوتارەکەی پێ دەکرێتە (دەسەڵاتAuthorityو هێزPower) لەئەنجامدا جۆرەکانی گوتارو (دروستی Suitableو نادروستی Unsutibaleو ڕاستگۆیی Truenessو درۆlie)، هەقیقەت‌و ناهەقیقەتی مەبەستەکان دەردەکەون. واتە خودی گوتار چەمکی (بەدیهێنانەPerformance)، کە هێزی پەیوەندکردن‌و دەسەڵات دروست دەکات، نەک پێچەوانە.

## ١-٢-٣ گرفتەکانی پەیوەندی لە گوتاری سیاسیدا

هاوبەشی‌و لێکچوون لەنێوان گوتار بەشێوەیەکی گشتی هەیە، گوتاری کوردیش، کە هێشتا خاوەنی هەندێک گرفتی گشتییە، کە لەهەموو زەمینە جیهانییە هاوبەشەکانی گوتاردا هەن، وەکو:

***١- پەیوەندی خودی*** Intra Personal: كە كردەیەكەی پەیوەندی ناوەخۆییو خودییە، لەشێوەی مەنەلۆجی ناو خود دەردەكەوێت، قسەكەر لەگەڵ خودی خۆی قسە دەكاتو گفتوگۆ دەكات.

٢- ***پەیوەندی لەنێوان خەڵكدا***، یان پەیوەندی كەسێك بە كەسێكی ترەوە Interpersonal: ئەمە پێی دەگوترێت پەیوەندی مشتومڕو گفتوگۆ (دیالۆگ)، لەسەر بنەمای گفتوگۆی دەرەكی ڕۆنراوە، بەلای كەمەوە لەنێوان دوو كەسدا دەبێت، یان لەگەڵ جەماوەردا، ئەمەش بەپەیوەندی جەماوەریی ناودەبرێت.(عكاشە:٢٠٠٥، ٢٨). ڕاستە لەكردەی گوتاردا ئەم دوو جۆرە لەشێوەی پەیوەندیكردنی گوتاردا بەدی دەكرێت، بەڵام مەرج نییە پێوانەی زمانەوانی دروستو كردەی گوتاری زانستی لەنێو گوتاردا پیادەبكرێت. ئەمەش سەربارەت بەسەرەتایی بوونو تازەیی ئەم چەمكە لەنێو گوتاری كوردیشدا ڕاستە. مەزەندەی ئەوە دەكرێت لەگوتاری كوردیدا (نێرەر) بەپێی جوگرافیاو باری كۆمەڵایەتیو وابەستەیی بەهۆزو گرووپی كۆمەڵایەتیو دابەشبوونی جوگرافیش لەرێگەی زمانو زاری گوتارەكەیدا دەناسرێتەوە، لەباری سیاسیدا بەكەناڵەكانی پەیوەندكردنو ڕەنگیش دەناسرێتەوە، تەنیا وەرگرەكانیش بەپێی پێگەی دەروونیو كۆمەڵایەتیو هوشیارییان دەناسرێنەوە. سەرباری تێكەڵی سنووری زمانی زانستو ڕۆژنامەو پیشەییو ئەكادیمیو ...هتد.

لەهەمان كاتدا پەیوەندیكردن بە كەسانی دیكە لە سێ بواردا كورت كراوەتەوە وەكو:

***١- پەیوەندیی بەرتەسك***: ئەمەش لەنێوان دوو كەس، یان گرووپێكی بچووكی داخراو دەبێت، **لەنێو** هۆڵێك، یان گۆڕەپانێكی بچووك، وەكو كۆنگرەو دانیشتنی داخراو.

***٢- پەیوەندیی جەماوەری*** mass- communication: لەچوارچێوەی گرووپێكی گەورەدا دەبێت، كە خاوەنی ڕۆشنبیرییو پیشەو پسپۆریو چینی كۆمەڵایەتی جیاوازن. ئەمانە نوێنەرایەتی تاكەكانی گەل دەكەن، كە هاوبەشی

گیانیو مادیو رۆشنبیرییو سیاسیان هەیە، ئەمانە سەبارەت بە قسەکەر کەسانێکن ناسنامەیان دیار نییە، هەول دەدەن بڕوایان پێبهێنێت، زیاتر ئەمجۆرە گوتارە لە بۆنە نیشتیمانییەکان جێبەجێ دەکرێت.

٣- ***پەیوەندیی نێودەوڵەتی*** International communication: ئەمە پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، چونکە سنووری نیشتیمانو نەتەوە دەبەزێنێت، ئەو گوتارانە ئاڕاستەی رەگەزو رۆشنبیرییو شارستانیەتی جیاوازی گەلانی جیهان دەکرێت، نموونەی گوتار لەئەنجوومەنی ئاسایشو کاتی جەنگو پەیمانی ئاشتی، بۆ دروستکردنی رای گشتی نێودەوڵەتی. (هەمان سەرچاوە:٢٩).

## ١-٢-٤ کەناڵەکانی پەیوەندیکردن

کەناڵەکانی پەیوەندیکردن هۆکارو ئامرازن بۆ گەیاندنی مەبەستو پەیامی نێرەر بە وەرگر. بێگومان هەر یەکە لەم کەنالانەش لەرێگەی بەکارهێنانی دوو شێوازی پەیوەندیکردنی (قسەیی/ گۆکردنVerbal communicationو جوولەیی non- Verbal communication)، دەردەکەوێت. دیارە ئەمەی دووەمیش زمانی ئاماژەsign language/ ئاماژەی ئاڵۆزو سادەو زمانی بزاوتنو کردەوە Action language/ وەکو رۆیشتنو خواردن. سەرباری زمانی بابەتی object language وەکو جلوبەرگو رەنگو دەستە دەگرێتەوە، کە هەموویان واتا لای بینەر دروست دەکەن. پەیوەستن بەهێزی زمانو دەربڕین، وەبەرهێنی گوتارو دەسەڵاتی گوتاریشن، کاریگەری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لای وەرگرو بەکارهێنەر دروست دەکەن. بۆیە ئەم کەناڵانە کاریگەریان هەیە وەکو (کەناڵی هەستی بەرکەوتن tactile channel، کەناڵی بۆنکردنolfactory channel، کەناڵی بینینoptical channel، کەناڵی بیستنacoustic channel). گوتاری سیاسی پشت بەکەناڵەکانی بینینو بیستنو گرتن دەبەستێت، چونکە ئەمانە کاریگەریان لەسەر خێراییو راستەوخۆو کارتێکردنی هەمەلایەنە دەبێت. بینین پەیوەندیکردنی جۆری ناقسەیی non verbalو پشت بەجوڵەو ئاماژەو دەربڕینەکان لەرێگەی دەموچاوو چاوو نیشانەو رەمزەکان دەبەستێت. کەناڵی

قسەکردنیش پشت بەگوتن‌و گۆکردن دەبەستێت لەرێگەی بەکارهێنانی دەنگەکانی زمان، هەروەها مۆسیقاش دەچێتە نێو ئەم باسەوە. ئەمە هەر تەنیا قسەکردن‌و نووسین ناگرێتەوە، بەلکو مۆسیقاو شانۆو وێنەگرتنیش دەگرێتەوە، کە کاریگەری لەسەر رەوشتی وەرگر دروست دەکەن. کەناڵی هەستی بەرکەوتن لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی‌و پەیوەندی مرۆیانە دەردەکەوێت. (عکاشە:٢٠٠٥، ٣١-٣٣). مەبەست لەم کەناڵانەش بەرجەستەکردنی رەوشتی زمان‌و رەوشتی کۆمەڵایەتی‌و هەڵسوکەوتی نێرەرە لەچوارچێوەی گوتاری سیاسیدا. بەرەچاوکردنی ئەوەی لەگوتاری کوریدا مشتومڕ لەسەر جۆری جلوبەرگ‌و شێوازی قسەکردن‌و جووڵاندنی جەستەو دەموچاوو زمانی ئاماژەو پەیوەندیکردنی[1] گۆکردن‌و ناگۆکردن هەیە. ئەمەش رەوشتی گوتارەکەو باکگراوندی نێرەرەکە لەکاتی پێشکەکردنی گوتارە سیاسییەکە دەردەخات. زمانی ئاماژەو جوڵەو کەلوپەلیش، زمانێکی راستەوخۆن لەنێو گوتاری کورددیدا. تەنیا دەربڕی باری دەروونی‌و رەوشتی نێرەرەکانەو بەخێراییش کارتێکردنەکان دیاردەکات. واتە گوتارە دەبێتە دیارکەری سنوورو ناسنامەو جۆرو دەسەڵاتی نێرەر، هەروەها هێزی کاردانەوەو کاریگەرییەکانیش لای وەرگر بەدیاردەخات.

### ١-٢-٥ کەرەستە پێکهێنەرەکانی گوتاری سیاسی

دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی کەرەستە پیکهێنەرەکانی گوتاری سیاسی[2]، کە خودی زمان بەشی سەرەکیەتی لەچەند کەرەستەیەکی دیکە کورت بکەینەوە، وەکو (نێرەر، وەرگر، دەوروبەر، ئامراز، بەشدارە نادیارەکانی نێوان

---

١ -بۆ زانیاری پتر بڕوانە زمانی پەیوەندیکردن لە گوتاردا لە توێژینەوەکانی (حمدامین:٢٠١٣، ١٣٢) دەربارەی بۆچوونەکانی هایمزو کەرەستەکانی زمانی پەیوەندیکردن لە گوتاردا. هەروەها
بڕوانە نامەکەی (عزیز:٢٠١٠ ،٤-٢٢)، هەروەها بڕوانە (حسێن:٢٠١٢، ٣٥).

٢ - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێکهاتەکانی گوتار بڕوانە (کەمال: ٢٠٠٩، ١٠-١٦).

نێرەرو وەرگر). لەم توێژنەوەیەدا باسی نێرەرو[1] وەرگرو بەشدارەکان دەکەین.

توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە بێ بوونی نێرەر زمان بوونی لەگوتاردا بەرجەستە ناکاتو بێ نێرەریش زمان کارا نابێت. (الشهري:٢٠٠٤،٤٥). هەروەها نێرەر (شێوازModality) ئاستی زمانی هەمەجۆر لەگوتاردا بەکاردەهێنێت. (هەمان سەرچاوە، ٤٦).

**١-٢-٦ نێرەر**

نێرەر ژمارەیەک ئاکارو بنەماو تایبەتمەندی هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەرو بڕواپێهێنەرو سەرکەتووانە، هێزی گوتارەکەی کار لەوەرگر بکات، پێویستە ئەم خاڵانەی تێدابێت. (شارەزای پەیامەکەیو چۆنیەتی گەیاندنی مەبەستو پێویستییەکانی بێتو کاریگەری لەسەر وەرگر دروست بکاتو ئاڕاستەی وەرگر بەرەو ئەرێنی بگۆڕێتو شارەزای ڕێگە جیاوازەکانی گواوستنەوەو بەکارهێنانی شێوازو ڕێگەی پەیوەندی پەیامەکەی بێت و شارەزاش بێت لەدەستپێکردنو کۆتایی پێهێنانی پەیامەکەیو کاتو شوێنی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ گەیاندنی. خاوەنی لێهاتوویی بێت لەبارەی (پەیامی ڕاستەوخۆDirect Message) ئاخاوتنو پەیامی ناڕاستەوخۆدا(نووسراودا). (حمدامين:٢٠١٣،١٠). کەواتە ڕۆڵی نێرەر، ڕۆڵێکی دروستکەرو بەدیهێنەرە، بەکورتی ڕستەکانی زمان بەبێ بوونی نێرەر نایەنە کایەی بوونەوە.

---

[1] - نێرەر / Addressee لە زمانی کوردیدا توێژەران بۆ ئەم بوارە (قسەکەر، نووسەر، ئاخێوەر) بەکاردەهێنن، بەڵام لای ئێمە نێرەر بەهۆی گشتگیریو گرتنەوەی هەموو دۆخەکان گونجاوترە. کە ئەمە ئاساییە لە زمانەکانی دیکەشدا بەکارهێنانی ئەم زاراوانە هەیە بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وەهایە (users of language, addressees, participants, speakers, users of language, function of language, utterance ). (Stephen: 1997, 416 )

(کەمـــال:٢٠٠٩،١١). (جاکۆپســـن)یش لەم بـــارەوە ئامـــاژەیەکی ورد بەڕۆڵـــی نێرەرو وەرگر لەزماندا دەکات.[1]

**١-٢-٧ وەرگر / Addresser**

هەندێک لەزمانی کوردیدا بۆ وەرگر، بەکارهێنەرو خوێنەرو گوێگرو ئاڕاستەکراویان بەکارهێناوە. پراگماتیک شیکردنەوەی دەق‌و پێکهاتن‌و جێبەجێ کردنی دەق بێ وەرگر بەکارێکی نیوەچڵ دادەنێت . شیکردنەوەی گوتار Discourse Analysis دامەزرێنەری ئەم بۆچوونە (ج. براون‌و یۆل)، "لەگۆشەنیگای گوێگرەوە سەیری دوان دەکەن‌و وای بۆ دەچن، کە کردەی دوان بەهاوبەشی نوسەر، قسەکەر/ خوێنەر، گوێگر ئەنجام دەدرێت". (توفیق:٢٠١٢،١٤). لەبارەی رۆڵی وەرگر "باوەڕی پتەویان بەوە هەیە کە قسەکەرو نوسەر، خاوەنی بابەت‌و بەرگریمانەن. گوێگر ئەوانەن کە قسەکانیان لێک دەدەنەوەو واتای بۆ دروست دەکەن". (هەمان سەرچاوە:١٤).

وەرگر بەشداری لەپێکهێنانی گوتار دەکات، پێش ئەوەی نێرەر گوتارەکەی بدات، بیر لەپێگەو بوون‌و کاردانەوەی وەرگر دەکاتەوە، چونکە وەرگر بەردەوام لەمێشکی نێرەر بوونی هەیە، "وەرگر هەردەم لەکاتی دروستبوونی کردەی پەیوەندیدا، لەمێشکی نێرەر ئامادەیی هەیە، جا ئەم ئامادەبوونە بەشێوەی سەرچاوەیی بێت، یان هزری (ذهنی). (الشهری:٢٠٠٤،٤٨). لای (گرایس)، کە جیاوازی لەنێوان واتای (گوتراوWhat is said )و (واتای گەیەنراو/شاراوە Implicated) دەکات، قسەکەر لەبارەی واتا زیادەکە (لێکەوتە Implicature) پێشبینی دەکات‌و گوێگر لەبارەی لێکەوتەوە بەپشتبەستن بەبنەمای هاریکاری واتاکان هەڵدەهێنجێت. (کەریم:٢٠٠٩،٣). کەواتە لێرەدا

---

[1] - کە پێی وایە زمان ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن‌و بێ ئەو توخمانەی وەکو نێرەرو وەرگرو بەستنی پەیوەندی‌و زمانی هاوبەش‌و پەیام و ناوەڕۆک بەدی نایەت. (بوقرە:٢٠١٦، ٩٠-٩١ ).

پێگەی وەرگر لێکدانەوەو تێگەیشتنو وەرگرتنی مەبەستی نێرەر لەشیکردنەوەی گوتاردا دیار دەکات.

گوێگر جێناوی کەسی دووەمە، وەرگر لەگوتاردا بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی هەمان رۆڵ دەبینێت، کە نێرەر هەیەتی، چونکە وەرگری کاراو سەرکەوتوو دەتوانێت لەرێگەی کردنەوەی کۆدی مەبەستەکانی نێرەر، کاردانەوەیەکی بەکردەوەی چالاکی وەبەرهێن دروست بکات، بۆیە گرینگە هەندێک لایەنی لەمجۆرەی تێدابێت، وەرگر پێشینەی لەبارەی بابەتەکەو توانای کردنەوەی کۆدەکانی هەبێتو خوێنەرو گوێگرێکی باش بێت. (حمدامین:١١،٢٠١٣).

بەشێوەیەکی گشتی وەرگر لەگوتاری سیاسیدا، لەدۆخی کۆ دایەو تاڕادەیەک شوناسێکی دیاریکراوە. زۆربەی کردەکانی لێکدانەوەی واتا، دەکەونە لای وەرگر، بەم جۆرە وەرگر لێکدانەوە دەکاتو بەدیهێنانی کردەی زمانی دەکەوێتە لای وەرگر. (کەمال:٢٠٠٩، ١٢).

گوێگر/ وەرگر بەرهەمهێنی گوتارە، چونکە ئەو پرۆسە بەردەوامەی لەنێوان نێرەرو وەرگر هەیە، هەروەها ئەو شیکردنەوەو کاردانەوانەی لای وەرگر دروست دەبێت، دەبێتە هۆکار بۆ بەرهەمهێنانەوەی سەرلەنوێی گوتاریش. کاتێک قسەکەر پەیامێک، یان مەبەستێک ئاڕاستە دەکات، وەرگر هەر تەنیا گوێگرێکی ئاساییو بێ کاردانەوە نییە، بەلکو شتەکان وەردەگرێتو کۆدەکان دەکاتەوەو شیکردنەوەی بۆ دەکاتو سەرلەنوێ لەچوارچێوەی کاتو شوێنی دیارکراوی خۆیدا گوتارەکە بەرهەمدەهێنێتەوەو بڕیار دەدات چ شت باشەو گونجاوە[1]. هەست دەکرێت لەنێو گوتاری سیاسی کوردیدا

---

[1]- وەکو توێژەرانی بواری پراگماتیکی گوتاری سیاسی شیکردنەوەیان کردووە، (گوێگر Audience) هەر تەنیا کەرەستەیەک نییە، بۆ وەرگرتنی پەیامو مەبەستە ئاراستەکراوەکان، بەڵکو بڕیاریش دەدات، کامە قسەکەر/ نێرەر باشو گونجاو بووە لەکاتی راپەڕاندنی گوتارەکەیدا. بڕوانە توێژینەوەی Reyes, Bush, Obama: in formality as persuasion in political discourse/ http:// benjamins.com.

هەندێک کێشەی تێگەیشتن لەبایەخو رۆڵی وەرگر هەیە، وادەبینرێت، کە وەرگر لای ئەوان تەنیا شت بەسەردا سەپێنراوەو کارو فەرمانەکان جێبەجێ دەکات‌و دەسەلاتی شیکردنەوەو پەرچەکرداری بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکانی نییە. بەپێچەوانە لەم بارەوە رۆڵی نێرەرو وەرگر لەزۆر ئاستدا یەکسانە.




**وێنەی ژمارە (١) وەبەرهێنانەوەی گوتار لای وەرگر**

### ١-٢- ٨ بەشدارە نادیارەکانی نێوان نێرەرو وەرگر

پۆلێنی تایبەتی رۆڵی پراگماتیکی جێناوە کەسییەکان بەمجۆرە دیاردەکرێت:

١-هاوبەشی راستەوخۆ قسەکەر/ کە جێناوی کەسی یەکەم ئاماژەی پێدەدات‌و گوێگر، کە جێناوی کەسی دووەم ئاماژەی پێ دەدات، لەم دوو نموونەیەدا :

**1- من وڵاتی خۆمم خۆش دەوێت.**
**2- تۆ سەربازی نیشتیمانیت.**

هاوبەشی ناڕاستەوخۆش دەکرێتە دوو بەش وەکو (قسە لێکراوو قسە بەگوێدا دراو) ، لە نموونەی قسە لێکراودا جێناوی کەسی سێیەم بەرجەستە دەکرێت:

3- من ئەوم بە دۆست نەزانییایە، نهێنییەکانم لانەدەدرکاند

بەڵام قسە بەگوێدادراو بەپێی کاریگەری قسەکە لە لایەنی دەروونییەوە دەکرێتە دوو بەش بەمجۆرە (قسە بە گوێدا دراوی ئاسایی‌و قسە پێوتراو). ( فەرەج:٢٠٠٠، ٤٣-٤٥).

کەسی سێیەم لە گوتاری سیاسی کوردیدا، کەسێکی کاراو دیارە، هەرچەندە ئەم رۆڵەی وەکو لە شیکردنەوە گشتییەکاندا بۆی دەکرێت، بەراشکاوی بەدیار ناکەوێت، بەڵام کەسی سێیەم (ئەو/ ئەوان) پانتاییەکی فراوان لەنێو گوتاری کوردیدا داگیردەکات[1]. راستە بەشێوەی راستەوخۆ بەشدار نییە، بەڵام بەناڕاستەوخۆیی، یان بەشاراوەیی هەمیشە وەک کارەکتەرێکی بەرچاوو چالاک رۆڵ دەبینێت. ئەم رۆڵ بینینەش لەگوتاری سیاسی کوردیدا بەئامانجی شاردنەوەی مەبەستە راستەوخۆکان، یان بەمەبەستی ئاگاردکردنەوەو وەبیرهێنانەوەو هەڕەشەو گەڕانەوە بۆ باکگراوندی رووداوەکان ... هتد بەکاردێت.

ئەم بارە لەڕووی کردەی پراگماتیکی، یان کردەی گفتوگۆو فەرمان دان‌و وریاکردنەوەو هوشداری بەدی دەکرێت، هەروەها لەرستەی هەواڵدان‌و پەیوەندیشدا دەردەکەون. کەواتە لەشیکردنەوەی گوتاردا لەسیاقی زمان‌و کردەی دەربڕیندا بوونیان هەیە. کەواتە ناکرێت لەنێو هیچ سیاقێکدا، ئەگەر ناڕستەوخۆش بێت، جێناوە کەسییەکانی سێیەم بخرێنە دەرەوەی سیاق‌و

---

[1] - بۆ زانیاری پتر دەربارەی رۆڵی جێناوە لکاوەکان بڕوانە (ئەمین:٢٠٠٩، ٩١)، کە بەوردی باسی ئەرکو دابەشبوونی جێناوەکان لەزمانی کوردی دەکات.

پرۆسەی وەبەرهێنانی گوتار لەئاستە جیاکان‌و بوارە هەمەجۆرەکانی گوتاردا، بۆ نموونە:

4- ئێمە بڕیاری خۆمان داوە، بابزانین ئەوانی دیکە چی دەکەن.

5- بابچێت چارەسەری کێشەکانی خۆی/ خۆیان/ ئەوان/ خەڵکی دیکە بکات.

6- ئەگەر مەردن با پیاوانە بێنە مەیدان‌و بیروڕاکانیان دەربڕن.

رەنگە هەندێکجار کێشەکە لەنێو گوتاری کوردیدا(ئەو/ He- She,It) بێت، کە کەسی سێیەمەو لەنێو شوێنکات (کاتTimeو شوێنplace)دا راستەوخۆ بەدیار نەکەوێت، رەنگە تەمەن‌و پلەو باری دەروونی‌و هێزو هەقیقەت‌و راستی‌و ناڕاستیشی دەرنەکەوێت، بەڵام پراگماتیک لەپەیوەندی لەگەڵ تێگەیشتنی وەرگرو زانیارییە پێشوەختییەکانی لەبارەی قسەکەرو مەبەستەکانی لەبارەی کەسی سێیەم، کێشەی نابێت ئەگەر وەکو کەسی نادیارو قسەلێکراویش دەربکەوێت، کە مەبەستەکان لەچوارچێوەیەکی دیارکراودا شی بکرێنەوە.

گوتار واتای دروستکردنی (هێزPowerو دەسەڵاتەAuthority)، ئەو هێزەی پەیوەندییەکانی نێوان قسەکەر/ نێرەرو گوێگر/ وەرگر/ بەکارهێنەر رێکدەخات، هەروەها دەسەڵاتێک دروست دەکات، کە دەبێتە دیارخەری پێگەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و رۆشنبیری. لەگوتاری کوردیدا پێگەی من بەهێزە، کە تەنیا هەندێکجار (من/ I) دەبێتە دەسەڵاتێکی تاکڕەوی رەها، لەگوتاری دەسەڵات، یان ئۆپۆزسیۆندا، کە هێشتا کاملبوونی بەخۆیەوە نەبینیوە، یان وەکو کاردانەوە لەترسی ترس، خۆی وەکو هێزێکی بەهێزی یەکلاکەرەوەو بڕیاردەر نیشان دەدات. ئەو/ ئەوان لەشێوەی دۆست، یان دوژمن‌و رکابەرو گومانلێکراوو ناحەزو ناشایستەش دەردەکەون.

ئەگەر سەیری شیکردنەوەی گوتارێکی نێوان جۆرج بۆش‌و جۆن کێری کاندێدی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەساڵی ٢٠٠٤دا بکەین، رەنگە ئەم شیکردنەوەیە چاکتر دەربکەوێت، لەکاتێکدا لەهەڵومەرجی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنی رەخنەگری کوردستاندا پێچەوانە دەردەکەوێت. رۆڵی راناوە

کەسییەکان، ڕۆڵێکی کاریگەرە، نەک لەبەر ئەوەی هەر تەنیا بەشداری کاراو کاریگەرن، بەلکو پێکهێنەری بنەماو کۆڵەگە بنەڕەتییەکانی گوتاریشن. بەشێوازو مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوتار لەلایەن نێرەرو چۆنیەتی وەرگرتن و شیکردنەوەو کاردانەوەی لەلایەن وەرگرەوە، بایەخو بەهای گوتارو زمانەکە دیاردەکەوێت. لە توێژینەوەیەکدا(Jose Duran) لەمبارەوە دەنووسێت: (جۆرج بۆش) بەم شێوەیە جێناوە کەسییەکانی بەکارهێناوە "من %٣٣و ئێمە %٥٢، تۆ %٦و ئەو %٥و ئەوان%٢و کەلوپەل و شت %٢". هەروەها (جۆن کێری)یش بەمجۆرە جێناوە کەسییەکانی بەکارهێناوە "من %٣١و ئێمە %٣٧و تۆ %٧و ئەو %٧و ئەوان %٥و کەلوپەل وشت % ١٣". (Norgaar:2008,274).

دەردەکەوێت، کە خاوەن گوتارەکان بەشێوازو ڕێژەی جیاواز جێناوە کەسییەکانیان بەکارهێناوە، ئەمەش کاریگەری بەکارهێنانی جێناوەکان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر/ گوێگر دەردەخات. (جۆرج بۆش) بەرێژەی %٨٥ کەسی یەکەمی لەگوتارەکەیدا بەکارهێناوەو تەنیا %٩ کەسی سێیەمی بەکارهێناوە. لەکاتێکدا بۆش لە %٦ی دۆخی بەکارهێنانی (ئەو)ی لەشێوەی ناحەزو ڕکابەرەکانی- My Opponent بەرجەستە کردووە، کەچی (جۆن کێری)، کە باسی (ئەو) دەکات وەکو بیرهێنانەوە تەنیا بەرێژەی %٦ بەکاریهێناوە، بەشێوەیەکی سەرەکیش بۆ بیرهێنانەوەیە لەدۆخی باوکم- My Father. (Norgaard:2008,276). مەبەستمانە بڵێین لەگوتاری سیاسیدا بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکان شوێنی دیارکراویان لەئاڕاستەکردن و دروستکردنی کاریگەرییو پێکهێنانی هێزێکی بزوێنەر لەناخی گوێگرو بەدیهێنانی دەسەڵات هەیە، ئەو دەسەڵاتەی گوێگر ئاڕاستە دەکات، کە بڕوای پێدەهێنێت، کە خودی دەسەڵات هەیە.

## ١-٢-٩ گوتاری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ Direct and In direct Discours

ڕەچاوی ئەوە دەکرێت لەگوتاری سیاسیی کوردیدا جیاوازییەکی زۆر لەشێوازو پاشخانی گوتارەکاندا بەدی برێت ، کە هەندێکیان پشت بەبنەمایەکی فکری، یان ئایدیۆلۆجی جیاواز دەبەستێت. تەنانەت زۆرجار گوتارە سیاسییەکان بەمەبەستەوە بەئاڕاستەیەکدا دەبرێن، کە تەمومژی واتایی، یان بەشێوەیەک بێت، کە فرە لێکدانەوەیی بۆ بکرێت. تەنیا مانای ئاشکرا دەربڕاوەکەی نێو گوتارەکەو مانای حەشارداوی نێو وشەو گوتەکان"یش بەدی بکرێت ،(ئیسماعیل:١١٧،٢٠٠٤)، بەدی بکرێت لێکناکرێنەوە. پەیامی گوتاری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، کە پەیوستە بەشیکردنەوەی پراگماتیکی لەهەندێک سنووردا پەنا بۆ مەبەستی ناڕاستەوخۆ دەبات، کەچی کەسە ئاماژە بۆکراوەکە ناسراوەو گوێگر پێی ئاشنایە، ئەمەش سادەیی بواری گوتنی دیبلۆماسی لەگوتارەکە دەگەیەنێت، نەک زاڵبوونی پێگەی گوتاری دیبلۆماسی، یان حەشاردانی واتا شاراوەکانی نێو گوتنەکان.

ڕۆڵی هاوبەشەکانو پێگەیان لەبەدیهێنانی گوتاردا، کە پەیوەستە بەشیکردنەوەی کردە قسەییەکان، ئەوە دەردەخەن، کە هەرچەندە کەسەکان بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدان، لەزماندا ڕۆڵیان هەیە، ئەم ڕۆڵە ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێت، بەشێوەی نادیار، یان ناڕاستەوخۆ بەشداری لەپێکهێنانی گوتارو دیارکردنی ئاڕاستەکانی گوتاری سیاسی دەکەن. کەواتە گوتار کاریگەریی کەسەکان، دەوروبەر، پاشخانو ڕەچاوکردنی ئایندەی بەسەرەوەیە لەرووی دەروونیو کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە ئەم کارتێکردنو کارلێکراوانە بەشێوەی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەردەکەون. مەسەلەکە دەچێتە ئاستێکی زۆر فراوان، کە بڕوابهێنین بەوەی "بەشی زۆری بڕواکانمان لەبارەی جیهان لەرێگەی گوتارەوە پەیدابووە". (Krampa:2013,381 sarfo and). واتە گوتار پێکهێنەری پانتاییەکی فراوانە لە ژیاندا، ئەم پانتاییەش کەسەکان بەشداری تێدادەکەنو دونیابینی خۆیان بەڕاستەوخۆیی، یان ناڕاستەوخۆیی پێ وێنا

دەکەن، هەروەها  ئەم رۆڵەی کەسەکان لەگوتاری کوردیدا دەیگێڕن، بەتایبەتیش لەگوتاری سیاسیدا، لەهەندێک کاتو بواردا جۆرێک لەلێڵی بەسەردا دەچەسپێن، هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە گوتاری کوردی رەگی شەرمو رەچاوکردنی بێ سنووری دۆخی بەرانبەری دەرەوەو بێباکی **لەنێو**ەخۆیی تێدا بێت، کەئەمەش پێگەی گوتاری دیبلۆماسی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

## ١-٢-١٠ گوتارو دەق Discoures and Text

لێرەداباس لەجیاوازی نێوان (گوتارDiscourseو دەقText) دەکرێت، بۆچوونەکان هەر پەیوەندی بەجیاوازیی‌و تێگەیشتنی ئەم چەمکانە لەزمانی کوردیدا نییە، بەلکو هەمان گرفت لەزمانەکانی دیکەشدا هەیە. هەندێک توێژەر پێیان وایە جیاوازی لەنێوان دەقو گوتار نییە، چونکە هەردووکیان پەیوەستن بەبواری زمانەوانییەوەو هەردوو کیان باسی رۆنانو ئەرکی یەکەکانی زمان دەکەن. هەندێکی دیکەش پێیان وایە دەقو گوتار جیاوازن، گوتار لەدەقو بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی پێکدێت، (هۆدج و کریس) لەبواری چەمکەکانو کردە تیۆرییەکانو رێبازو ئامانجەکانەوە دەقو گوتاریان لەیەک جیاکردۆتەوە. گوتار کردەیەکی کۆمەڵایەتییە دەقی بەیەکەوەبەستراوی تێدایە، شیکردنەوەی دەق بەشێکە لەشیکردنەوەی گوتار لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. (Fairclough: 1992, 193-217). نابێت ئەوە پشتگوێ بخەینو لەشیکردنەوەی زمانی دەقو گوتار تێکەڵیان بکەین، چونکە شیکردنەوەی زمانی دەق هەموو یەکەکانی گەیاندنی بەیەکەوە بەستران، لەڕووی رۆنانی گوتار دەگرێتەوە، بەڵام گوتار کردارێکی ئاڵۆزی کار لەیەکترکردنی خودی زمانە لەنێوان قسەکەرو وەرگری دەقدا. (Fowler: 1995, 89-90).

(فایرکلۆف Fairclough) دەڵێت، کە سەیری زمان وەکو گوتار دەکەم، دەبێت نەک هەر تەنیا شیکاری دەقو کردەکانی بەرهەمهێنانی بکەین، بەلکو شیکاری پەیوەندییەکانی نێوان دەقو پێکهاتەکانیو وابەستیی هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتیش بکەین، کە پەیوەستە بەقووڵی هەلومەرجی دەوروبەرو ئەو

هەڵومەرجەی تایبەتە بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیو دامەزراوەکانییەوە. (Fairclough:1992, 26).

دەردەکەوێت، کە گوتار پەیوەستییە بەپەیوەندی کۆمەڵایەتیو دەوروبەری نێوان نێرەرو وەگر. دەقیش پەیوەندی بەڕۆنانی زمانەوە **لەنێو** گوتاردا هەیە. دەق پەیوەستە بەڕۆنانی زمانەوانییەوە، گوتار پەیوەستە بەدەوروبەرو پێکهاتە دەرەکییەکانی دەق. گوتار لەچەند دەقێکی زمانی پێکدێت، بەڵام مەرج نییە دەق ببێتە گوتار، بەتایبەتی بەهۆی دابڕاندنی لەدەوروبەر. سەرباری ئەوەش لەچوارچێوەی زماندا پەیوەندیش لەنێوان گوتارو دەق هەیە.

## ١-٢-١١ پەیوەندی نێوان دەقو گوتار

پەیوەندی نێوان دەقو گوتار ئەگەر پەیوەندییەکی بەردوامیش نەبێت، بەڵام لەهەندێک بواردا پەیوەندیو لێکچوونیشیان هەیە، کە لەم توێژینەوەیەدا بەمجۆرە هەندێک لەپەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو بوارە کورت دەکەینەوە:

١- دەبێت بۆ گوتار گوێگرێک هەبێت، بەڵام دەق ئاڕاستەی وەرگرێکی نادیار/ ناڕاستەوخۆ دەکرێت، لەرێگەی خوێندنەوەی بەچاو وەریدەگرێت، کەواتە گوتار چالاکییەکی پەیوەندییکردنە ، پێش هەرشتێکو یەکەمجار لەرێگەی زمانی گوتنەوە دروست دەبێت، بەڵام دەق نووسراوە.

٢- گوتار لەگوێگرەکەی پتر تێناپەڕێت، یان بەستراوەتەوە بەچرکەی وەبەرهێنانییەوە، بەڵام دەق بەردەوامی نووسینی هەیە، لەهەموو سەردەمو کاتێک دەخوێندرێتەوە.

٣- زمانی گۆکردن، گوتار بەرهەم دەهێنێت، بەڵام نووسین، دەق بەرهەم دەهێنێت. وەکو چۆن (رۆبێر ئیسکاریت R. Escarpit) گوتیەتی زمانی قسەکردنو (زارەکی گوتار Des Discours) بەرهەم دێنێتو (نووسینیش دەقDes texes) بەرهەم دێنێت. (مدقن:٣١،٢٠١٣).

٤- گوتاری دەقی نووسراو ناگۆڕدرێت‌و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام دەقی گوتراوی زارەکی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو کۆمپیۆتەر بەئاسانی دەستکاری دەکرێت‌و دەگۆڕدرێت.

٥- گوتار تەنیا بونیادێکی زمانی نییە، بەلکو پیادەکردنی بونیادێکی زمانییە. بۆ بەرهەمهێنانی واتاو کۆمەڵێک هەقیقەت، کە هەوڵ دەدات هەقیقەت بۆ کۆمەڵ‌و بەکارهێنانی زمانی سنووری دەسەڵاتی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە بەئاڕاستەی چەند ئامانجێک، کە پێشتر خۆی دیاریی کردوون. (کەمال:٢٠٠٩،٨).

٦- گوتار کۆناکرێتەوە، ناتوانرێت بگوترێت گوتارەکانی دەسەڵات، یان گوتارەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام دەق کۆدەکرێتەوەو ئاساییە بگوترێت دەقەکانی فلان، دەقەکانی فلانە شت.

٧- گوتار خۆی دەسەڵاتەوە، بۆیە ناتوانرێت بگوترێت گوتاری جوگرافی، بەڵام دەکرێت بگوترێت دەقی ئەدەبی ، دەقی جوگرافی.

**١-٢-١٢ دەوروبەرو context**

(سیاق/ دەوروبەر) رۆڵی لەگوتاردا دیارە، بەتایبەتی، کە لەڕوانگەی پراگماتیکی شیکاری گوتار دەکرێت، رۆڵی دەوروبەر لەچوارچێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەکو ئەرکێکی زمان بەروونی دەردەکەوێت، کردە قسەییەکان‌و کردەی گوتاریش بەبوونی دەوروبەرێکی دیارکراو، کە رۆڵی لەدروستکردنی کاریگەریی‌و هێزی گوتارو دەسەڵاتی هەیە، وابەستەیە بەو ئەرک‌و کارەی لەرێگەی زمانی گوتارو هێزی دەربڕین لەلایەن نێرەر/ قسەکەر وەکو پەیام بەکاردێت، ئینجا چۆنیەتی تێگەیشتن‌و بیناکردنەوەو شیکردنەوەیەتی لەلایەن گوێگرو وەرگرەوە، لەبارەی ئەو دۆخە خودی‌و دەروونی‌و سیاسی‌و ئاینی‌و زانستییەی لەلایەن قسەکەرەوە دروست کراوە، دیارە ئەمەش لەچەند هەنگاوێک دەردەکەوێت، وەکو:

١- ***بایەخدان‌و گرینگی*** significane: قسەکەرو نووسەر چیان گوت، چۆن گوتراوو نووسراو، چ شتێک لەلایەن خەڵکەوە لەنێو دەوروبەرەکەدا پەیوەندی توندی بەبایەخدانەکەوە هەیە، هەروەها چ ڕێگایەک جێگەی بایەخە؟ چۆن قسەکەر، یان نووسەر هەوڵدەدات شتی جێگەی بایەخ بەدی بهێنێت؟

٢- ***کردەیی‌و چالاکییەکان*** Practies activities: چی گوت، نووسەر چی نووسی؟ هەروەها چۆن گوترا، یان نووسرا، یان چ پەیوەندییەکی توندی بەدەوروبەرەکەوە هەیە، یان چۆن ڕێساکە پێکدەهێنرێت؟

٣- ***لێکچوواندنەکان***Identities: قسەکەر چی گوت‌و نووسەر چی نووسی‌و چۆن گوتراو نووسرا؟ گوێگرو وەرگر چۆن‌و چ مەرجێکیان هەیە بۆ ئەوانەی دیکە، کە لەچۆنیەتی وەسفکردنەکانیاندا، چەند پەیوەندی توندیان بەدەوروبەرەکەوە هەیە؟

٤- ***پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان*** Relationships: قسەکەر چی گوت‌و نووسەر چی نووسی، چۆن گوتراو نووسرا؟ کەسەکان چەندە پەیوەندی پتەویان لەنێو دەوروبەرەکەدا بەیەکەوە هەیە؟ هەروەها ئەوانە چۆن ڕێسا دروست دەکەن‌و چۆن نێردراوەو بەکارهێنراوە؟

٥- ***سیاسەت*** politic: قسەکەر چی گوت‌و نووسەر چی نووسی‌و چۆن گوتراو نووسرا؟ چ جۆرە بارێکی کۆمەڵایەتی چاک، پەیوەندی باشی مەرجداری بەدەوروبەرەکەوە هەیە، یان ئەوانە چۆن دابەشبوون، هەروەها دابەشبوونەکە چۆن نیشان دەدرێت؟

٦- ***بەیەکەوە بەسترانەکان***Connections: قسەکەر چی گوت‌و نووسەر چی نووسی، چۆن گوتراو نووسرا؟ چ جۆرە پەیوەندییەکی پتەو لەبەیەکەوە بەستن‌و بەیەکەوە نەبەستن لەنێوان شتەکان‌و خەڵکدا لەنێو دەوروبەرەکەدا هەیە، یان چۆن ئەو بەیەکەوە بەستن‌و بەیەکەوە نەبەستنە دروست دەبێت، یان رادەگەیەندرێت؟

٧- **سیستەمەکانی نیشانەو زانینی زانیارییەکان** Sing Systems and Knowledge: قسەکەر چی گوت‌و نووسەر چی نووسی‌و چۆن گوتراو


نووسرا؟ ئەو پەیوەندییە توندەی لەنێوان سیستەماکانی نیشانەکانی (زمان، یان زمانی کۆمەڵایەتیsocial Language)و هەروەها فۆرمو زانینی زانیارییەکان چییە؟ کە ڕێگەی زانینی زنیارییەکانە لەنێو دەوروبەرەکەدا، هەروەها چۆن بەکارهێنراون، مافە یان ماف نییە؟. (Gee: 2013,101-102).

ئەمانە ئەو هەنگاوو شێوازانەن، کە دەوروبەر وەکو پێکهێنەرێکی گرینگی شیکاری (گوتاری سیاسیpolitic Discours)و تیۆری کردە قسەیی لەڕێبازی پراگماتیکیدا دەردەکەوێت. زمان کارە، کاریش پێکهێنەری ئەو کردەیە، کە هێزو دەسەڵاتی گوتاری دروستکردووە، لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی گوتارە سیستەمی نیشانەکانی گەیشتنە زانینی زانیارییەکانو بەیەکەوەبەستنو پەیوەندی نێوان کەسەکانو لەیەکچوونو بەکردەوە بەکارهێنانو ئینجا لەکۆتایدا بایەخدانو هەروەها پێچەوانەش دروست دەکات. واتە دەکرێت لەڕێگەی گەیاندنی مەبەست، بایەخو گرینگی ئەو دەوروبەرانەش دیاربکرێن، کە دەبنە هۆکار بۆ دروستکردنی کردەی گوتارو بەدیهێنانی هێزو پێویستییەکانی کردە قسەیش لەهەمان کاتدا.

## **١-٣-١ شیکردنەوەی پراگماتیکی (سەرەتایەک)**

تیۆری پراگماتیکی لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەریهەڵداو دوای شەڕی جیهانی دووەم پێی نایە قۆناغێکی نوێو پێگەیەکی گرینگی لەتوێژینەوەی زمانەوانیو شیکردنەوەی دەقو دەوروبەرو پەیوەندیو کردە قسەییەکانو باری کۆمەڵایەتیو دەروونیو ڕۆڵی وەرگر تۆمار کرد. بیرۆکەی پراگماتیک لەگەڵ بۆچوونەکانی (ولیام جێمس William James/1842- 1910) دەستی پێکرد، کە بایەخی بەلایەنی سوودو بەرژەوندی داو وابەستەی واقیعی سوودمەندی کرد. جێمس فکری وابەستە کرد بەواقیعی زانستیو بەکارهێنانی راستەقینە لەگەڵ پێداگرتن لەسەر بەرژەوەندیو سوودمەندیو بەرهەمهێنان. (چارل ساندرس پێرس Charles S. Peirce - 1834- 1914) بایەخی بەلایەنی پراگماتیکی واتایی دا، کە لەسەر بنەمای سیستەمی

ئاماژەکان بەڕێوەدەچێت. ئەو جیاوازی لەنێوان ڕەمزو نیشانەو هێماکان کرد، لەتەک بایەخدان بەسێ لایەنی واتاسازی، کە مەنتقیو وجودیو ئەنتۆلۆجییە. دوای ئەویش چارل مۆریس هات بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان هەر سێ بواری ڕووکارییەکان لەزمانی سروشتی بکات، وەکو ڕووکاری ڕێزمانی، ڕووکاری واتایی، ڕووکاری پراگماتیکی. مۆریس پەیوەندی پراگماتیکی ڕاگەیاند، کە واتای ئەرکی دەوروبەری دەگەیەنێت. ئەم ئەرکی دەوروبەرییەش وەکو کاردانەوەیەک لەسەر بۆچوونەکانی چۆمسکی هات، کە بایەخ بەڕێزمانو واتا دەداتو گرینگی بەئەرکی دەوروبەر نەدەدا. ئەمە لایەنێکی گرینگو بەرچاوە بۆ ئەوەی چەمکی ڕاستەقینەی پەیوەست بەزمانی مرۆڤ بەدەستبهێنین. ئەم تیۆرەو گەشەکردنی لەنێوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، توێژینەوەی زمانەوانی لەئاستە جیاوازەکان گەیاندە قۆناغێکی پێشکەوتوو. توانی زمان وەکو کردەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابووریو دەروونی لەچوارچێوەی دەوروبەرێکی دیارکراو لەلایەن نێرەرو وەرگر شیبکاتەوە. ئەم شیکردنەوەیەش چووە ئاستێکی فراوانتر لەوەی هەر تەنیا شیکاری دەنگو وشەو ڕستەو واتا بێت.




**وێنەی ژمارە (٢) شیكردنەوەی گوتار**

لەبارەی شیكردنەوەی زمانەوانیو پراگماتیكی لەقوتابخانەكانی رۆژئاوا دەكرێت ئاماژە بەجۆرێك لەم دابەشبوونە بكەین. كۆمەڵەی مۆریس (بنیفینستو لاینسو ئۆریكشیون) لەخۆگرتبوو، ئەمانە جەختیان لەسەر تیۆری دوانو بەستنەوەی بەدەوروبەری پەیوەندی دەكردەوە، كە لەسەر ئەم بنەمایانە كاری دەكرد: ناوە ئاماژەییەكان، راناوەكان، ئامرازەكانی پێناسە، كەرەسەتەكانی هەبوونو كاتو شوێنو شێوازی سۆزداریو هەڵچوونو بڕیاردانو دەربڕینی ئاڕاستەیی لەبارەی پێویستیو شوێنەكانو لایەنی مەعریفیو لایەنی كردەییو لایەنی كەینونەو دەركەوتن.

قوتابخانەی فەلسەفەیی ئیكسفۆرد، كە (ئۆستنو سێرلو گرایس) لەخۆگرتووە، بایەخیان بەتیۆری كردە قسەییەكان دا، بەو واتایەی كە كردە قسەیی هەلومەرجی وەرگر دەگۆڕێت، سیستەمی بیروبۆچوونەكان دەگۆڕێتو هەڵویستە رەوشتییەكانی ئاڵوگۆڕ دەكات. هەروەها (ڤان دایكو هالیدایو روقیە حەسەن)یش لەنێو تیۆرەكانی گوتاردانو دوانو مەبەستو

ئەرکی دەناسرێنەوە، هەروەها ئاڕاستەیەکی دیکەی گێڕانەوەش، کە (کریمسو جۆزیف کورتیسو گرووپی ئەنتروڤیرن) بانگەشی بۆ دەکەن، هەیە، هەروەها لەپەیوەندی پراگماتیکیدا (بۆل ریکۆر) رۆڵی هەیەو بایەخی زۆر بەدەوروبەر دەداتو قوتابخانەی فرانکفۆرت لەگەڵ هابرماس بایەخ بەدەوروبەری پەیوەندی دەدات. (الحمداوی:٢٠١٥، ١٢).

## ١-٣-٢ پراگماتیک چییە؟

پراگماتیک لەوشەی (پراگما Pragma) یۆنانی هاتووە، کە واتای کارکردنو پراکتیک دەگرێتەوەو بۆیەکەمجار لەساڵی ١٩٣٧ لەلایەن (چارلز مۆریس) بەکارهێنراوە، سەرباری گەلێک پێناسەی دیکە،[١] زمان لە کتێبەکەی بەناوی (زانستی رەمزەکان semiotics دەکاتە سێ بەش (سینتاکتیسseyntatics،

---

[١] - گەلێک پێناسە بۆ پراگماتیک کراوە وەکو:

- پراگماتیک کۆمەلە توێژینەوەیەکی مەنتیقی زمانەوانییە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەواتای بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، بایەخ بە مەسەلەی گونجان لەنێوان رەمزەکانو سیاقەکانی سەرچاوەو نوێخوازیو پێگە مرۆییەکان دەدات (Enecyclopaediea Universalis) . (بلانشیە: ٢٠٠٧، ١٨).

پراگماتیک ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە، کە بایەخ بەزمانو گوتار دەدەن، ئەم پێناسەیە لەلایەن (آ.م.دیلر A.M. Diller) و (ف. ریکاناتی F.Recanati) کراوە. . ل. سفیز ( L. Sfe) دەڵێت: پراگماتیک لێکۆڵینەوەو پسپۆرییە دەچێتە نێو زمانەوانیو بایەخ بە بەکارهێنانی زمان لەپەیوەندیکردن دەدات. پراگماتیک وەکو (ف. جاکویسF. Jacques) دەڵێت بریتییە لە(لێکۆڵینەوەی زمان کەدیاردەیەکی گوتارییو پەیوەندیکردنو کۆمەڵایەتییە لەیەک کاتدا. (هەمان سەرچاوە :١٨- ١٩).

ئینسکلۆپیدیای کەمبریدج پێناسەکەی وەها داڕشتووە: ئەم زانستە بەرانبەر وشەی Pragmatics بەکاردێت. پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی زمان لای کەسەکان دیاردەکەن، هەروەها ئەم کاریگەرییە لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە لەیەکێکەوە دەگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئینجا کارتێکردنی بەپێی نێرەرو خواستەکانی وەرگر. (Levenson: 1997, 25)

واتاسازیSemantics پراگماتیک Pragmatic). (فتاح:٢٠١١، ١٨٢). ئەو لقەی زانستی زمان، کە لەپێوەندییەکانی واتایی نێوان زمانو دەرەوەی زمان دەکۆڵێتەوە بە (پراگماتیک Pragmatics) ناودەبرێت. (ئەمین:٢٠١١ ،١٥). پراگماتیک ئەو زانستە نوێیەیە، کە لێکۆڵینەوە لەدیاردەکانی زمانەوانی لەبواری بەکارهێنان دەکات. (صحراوی:٢٠٠٥، ١٦).

ئەم زانستە لەئەنجامی پێشکەوتنو تێکەڵبوونی زمانەوانی لەگەڵ بوارەکانی دیکەی زانستدا کاردەکات، گەلێک بواری وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکانو بایۆلۆجییەکانو بەکارهێنانی زانستی رەمزەکان، کە فراوانەو دەچێتە بواری پراگماتیکییەوەو تێکەڵی زانستی (زمانەوانی کۆمەڵایەتیsociolingusitics و زمانەوانی دەروونی psycho- linguisticsو بایۆلۆجی biological)،دەبێت. (فتاح:٢٠١١ ،١٨٢)

(جوفری لیچG.leech 1983) پێی وایە پراگماتیک جیاکردنەوەی دوو مەبەستە بۆ هەر دەبڕینێک، یان باسێکی پەیوەندیکردنی زمانەوانییە، یەکەمیان مەبەستی هەواڵدانە، یان واتای رستەیە، دوومیشیان مەبەستی پەیوەندیکردنە، یان ئەو واتایەی، کە قسەکەر مەبەستیەتی. (جێنی تامس Thomas Jenny) دەڵێت: "پراگماتیک بریتییە لەمیکانیزمی وەسفکردنی شێوازو چۆنیەتی قسەکردنی قسەکەرێک لەکۆمەڵدا". (حسین: ٢٠١٢، ٩٣).

پێناسەی زمانەوانی بۆ پراگماتیک لەلایەن (ئان. ماری دییر Anne-Marie Diller)و (فرانسوا ریکاناتیFrancois Recanati) بەمجۆرە کراوە "پراگماتیک شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانە لەگوتاردا، ئەمەش نیشاندەری توانایەکانییەتی لە گوتار پێشکەش کردندا). (ارمینکو:١٩٨٦،٦). تیۆری پراگماتیک بایەخ بەرۆڵی گوتاربێژ دەدات لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا، ئەم گوتاربێژانە هەر تەنیا بەهۆی زمانەوە تێکەڵی یەکتر نابن، بەڵکو ئەمانە پێشوازی دەکەن، لەم تێکەڵبوونو هاوکاریی کردنە هەیە. (بلانشیە:٢٠٠٧،٨٤). (بێتی .ج بیرنەر Betty J. Birner) لەبارەی پەیوەندی نێوان شیکردنەوەی پراگماتیکو واتا دەڵێت: "پراگماتیک شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانە

لەدەوروبەردا لەکاتی بەراوردکردنیدا بەسیمانتیک، بەڵام سیمانتیک شیکردنەوەی پیشەی واتای سەربەخۆیە لەدەرەوەی دەوروبەردا". ( Birner: 2013, 2). لەمبارەوە بۆچوونی دیکەش هەیە.[١]

(ستیفن سی. لیڤینسۆن) لەبارەی گوتەو بەرهەمهێنانو شیکردنەوەی گوتە لەڕاونگەی پراگماتیکەوە دەڵێت: "دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان هەڵوێستی گوتە لەفیچەرە جیاجیاکاندا لەگەڵ هەڵاوێرکردنی ئەو فیچەرانەی، کە بەهۆکاری کۆمەڵایەتیو زمانەوانییەوە پەیوستمان دەکەن بە بەرهەمهێنانو لێکدانەوەی گوتەوە". (مەحمود:٢٠٠٩ ،١١). پراگماتیک زانستێکە لەواتا دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ جەختکردن، لەپەیوەندی نێوان ئاماژەکانو بەکارهێنەرانیو دەوروبەر، پتر لەوەی، کە بایەخ بەسەرچاوەو هەقیقەت، یان پێکهاتەکان بدات. (الحمداوی:٩،٢٠١٥).

کاتێک باسی ئاستەکانی زمان دەکرێت، پراگماتیک وەکو زانستێکی نوێی لێکۆڵینەوەی زمان دەردەکەوێتو لەهەمان کاتیشدا وەکو ئاستێک دوای واتا/ سیمانتیک دێت، هەروەها "پراگماتیکی فراوان لەسەر زەمینەی توانستی کۆمەڵایەتی/ پەیوەندیکردن، پراگماتیک، تیۆری کردە قسەییەکان، تیۆری بەدستهێنانی زمانی دووەمو پراگماتیکی زمانی ناوەکی دروست دەبێت". (حسین:١٠،٢٠١٢). ڕاستە لەچوارچێوەی ئەو بنەمایەی، کە کاریگەرترینو ئاشکراترین ڕێگەی بەکارهێنانی کاری ڕاپەڕاندنە، کە ئەمانە ڕاستەوخۆ گومان لای گوێگر ناهێڵن. (توفیق:٤٤،١٩٩٥). بەڵام "گفتوگۆکردن لەبارەی زمانەوانی پراگماتیکی، گفتوگۆیە لەبارەی ئایا ئاخاوتن لەسیاقێکی دیاریکراودا

---

١ – پراگماتیک تایبەتە بە زمان، هەروەها واتای کێڵگەی فەلسەفە دەداتو کاریگەرییەکانیشی لە زمانو کۆمەڵناسیو هتد دەردەکەوێت. (الحمداوی:٨،٢٠١٥). فرانسسواز ریکاناتیو ماری دیلر پراگماتیک بەو توێژینەوانە دەزانن کە لێکۆڵینەوە لەبەکارهێنانی زمان لەناو گوتار دەکەن، یان ئەو شێوە تایبەتیانەی، کە ئاڕاستەکانی گوتار دادەمەزرێنن لەناو زماندا. (عبدالسلام:٢٠١٤، ١٠٠).

چی دەگەیەنێت (ئەمە مێتاپڕاگماتیکە)، چونکە وەسفی واتای قسەکردن دەکات، وەکو کردە قسەیی". (حوسێن:٢٠١٢،١٠).

(یاکۆبسن مێتا) زمان وەکو ئامرازێک سەیر دەکات، کە ئاسایی لەڕووداوە قسەییەکاندا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەناوڕۆکی ئەو گوتارەی لێی دەدوێتو سوودی لەبەکارهێنانی زمانەوانەکان بۆ میتازمان وەرنەگرتووە، بۆ قسەکردن، یان کارکردنە سەر زمان وەکو بابەتێکی زانستی بواری ئەرکەکانی وەسفکردنو رۆنانەوەی رستە، لەبڕی ئەو (یاکۆبسن) سەیری مێتازمان دەکات وەکو جۆرێک لەئامرازی واقعیی، کە بەرەو بابەتێکی زمانی سیستەماتیکی دەبات. (هەمان سەرچاوە: ١١).

لەزمانی کوردیدا بۆ باسکردنی پراگماتیک هەر وشە ئینگلیزییەکە وەکو خۆی Pragmatices بەکاردەهێنین. تاکو ئێستا بەگشتی لەسەر ئەوە رێککەوتن هەیە، کە ئەم زانستەی زمان نوێترینیانە بۆ توێژینەوە لەئاستەکانی زماندا، بەتایبەتیش واتاو گوتار. ئەو هۆکارانەی کاریگەریشیان لەسەر هەڵبژاردنەکانی قسەکەر/ نێرەر هەیە لەکاتی دیارکردنی دەستەواژە، یان کارتێکردنی وەرگر/ بەکارهێنەر بۆ ئەم دەربڕیانە بەم شێوەیە:

- دەوروبەری (قسەکردن Speak، یان دەربڕینUtter).
- بنەماکانی (پەیوەندیکردن comincotion)ی دیار.
- ئامانجەکامی (قسەکەرSpeaker) واتا نێرەر.

لەمەش گرینگتر دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، پراگماتیک پەیوەندی بەقسەگۆکردنەوە هەیە، وەکو (بینفینست) ئاماژەی پێدەکات جیاوازییەکی گەورە لەنێوان زمانو قسە دەرناکەوێت، بەلکو جیاوازییەکە لەنێو قسەگۆکردن دایە مەبەستیش لێی ئەوەیە، کە دەگوترێت، (قسەگۆکردن/ تلفظ) کردەی قسەکردنە. (ارمینکو:١٩٨٦،٧).

### ١-٣-٣ بەکارهێنانی پراگماتیکی

بواری بەکارهێنانی پراگماتیکی گەلێک لایەن دەگرێتەوە، ئەو لایەنانە پەیوەستن بەدەوروبەرێکی دیارکراوو هەریەکەش لەوانە کۆمەڵێک بنەماو هۆکارو بەکردەوە بەرێوەچوونی پراگماتیکی تێدا بەرجەستە دەبێت، وەکو چۆن زمان لەدەوروبەری (کۆمەڵایەتیSocial)و (رەوشتیداBehaviour) لەچوارچێوەی پەیوەندیکردندا، دەریدەخات، کە زمان واتە کردەو کردەش واتە دەربڕینی رەوشتو باری دەروونیو بەرجەستەکردنی هەقیقەتو رەتکردنەوەی هەقیقەت لەگوتاردا. زمان پێگەیەکی باڵا لەدرەخستنو بەکارهێنانی لەدەسەڵاتدا هەیە، دەسەڵات خودی زمانە، بۆیە پێویستە ئاماژە بەو بوارانە بدەین، کە شیکردنەوەی پراگماتیکی بایەخیان پێدەدات، وەکو:

باری سیاسی، ریکلام، پڕوپاگەندە، شیعرو ئەدەب، چیرۆکی زۆر کورت، گوتار، ئاشکراکردنی تاوان، چارەسەری دەروونی، نوکتە، مانشێتی رۆژنامەوانی. (عەلی:٢٠١٤، ٢٢٥- ٢٧٧). لەم توێژینەوەیەدا شیکاری گوتاری سیاسیو باری زمانو رۆڵی دەوروبەری پەیوەندیکردن دەکەین، ئەمانە سێ بواری گرینگی زمانەوانیو پراگماتیکن. سیاقی کۆمەڵایەتی قسەکردن، نێرەرو وەرگرو کردەی قسەکردن لە چ ئاستێکدا بەرێوەدەچێت، کارتێکردنو بەشداری زمان لەبەرهەمهێنانی گوتاردا لەکۆمەڵگەی کوریدا لەچ ئاستێک دایە؟ یان رۆڵی گوتار لەبەرهەمهێنانی دەسەڵاتی سیاسیو بەدیهێنانی هێزی قسەکردنو بڕیارو حوکمو فەرمانو هەواڵداندا چییە ؟

### ١-٣-٤ پەیوەندی نێوان پراگماتیکو زانستەکانی دیکە

ئەم زانستە شیکردنەوەی زمان لەدەوروبەری کۆمەڵایەتیو پەیوەست بەکاریگەرییەکانی پێکهاتەکانی دیکەو پەیوەندیان بە زمانو بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە هەیە. ئەم زانستە پەیوەستە بەم بوارانەی خوارەوە:

***١- پەیوەندی پراگماتیک بە فەلسەفە***: لێرەدا دەکرێت پشت بە فەلسەفەی (گرایس) ببەسترێت، لەداهێنانی تیۆری گفتوگۆکردن.

***٢- پەیوەندی پراگماتیک بە زانستی مەعریفییەوە***: لەم بوارە بایەخ بە فەلسەفەی ئیدراکی لەجیاتی رەوشتکاری درا، زانای بەریتانی (ویلسن دریدر)و زانای فەرەنسی (دان سبربر) رۆڵیان هەبوو. یەکەمیان لەبواری دەروونناسیو دووەمیش لەبواری فەلسەفەی زماندا.

***٣- پەیوەندی پراگماتیک بە بواری زمانەوانی***: ئەمە ئەو شاراوەییەی لەسەر زمانی گوتار هەیە، لادەبات. ئەمەش وەکو نێوەندگرییەک لەنێوان زانیاری زمانەوانیو زانیاری ئینسکۆلۆپیدیای دەرکەوت. لەوانە (جۆن فیرث)و قوتابیەکانی رۆڵیان هەبوو لەدیارکردنی رۆڵی واتاو بەکارهێنانی بەکردەوەی وشە. لای فیرث واتا بریتییە لەدەنگو رێزمانو لێکسیک لەباری دەوربەردا، کە دەوروبەریشی بەمجۆرە دەستنیشان کردووە، (١-کەسایەتی قسەکەرو گوێگرو ئاستی رۆشنبیریان. ٢-دیاردە کۆمەڵایەتییەکانو بابەتە پەیوەندیدارەکان بەگفتوگۆ. ٣- کاریگەری دەقی ئاخاوتن- رووداوی گفتوگۆ، یان شێوازی زمانی لای قسەکەرو گوێگر). (صدیق:١٢،٢٠٠٨).

***٤- پەیوەندی پراگماتیک بەزانستی کۆمەڵایەتی***: ئەمە پەیوەستە بەبنەماکانی ئاماژەو پەیوەندیکردن، چونکە خەڵک لەهەر پلەو پێگەیەکو تەمەنو رەگەزێک بێت، پێویستی بەپەیوەندیکردنی راستەوخۆ هەیە، قسەکەران بەیەکەوە قسەدەکەن، جا ئەمە فەرمی بێت، یان خانەوادەیی، یان گوتار بێت.

***٥- پەیوەندی گوتار بەشیکاری گوتار***: کە قسە دەکەین چ دروست دەکەین؟ رێکورەوان، کە قسە دەکەین چی دەڵێین؟ کە پەنجە بەرز دەکەینەوە دەمانەوێت چی بگەینین؟ ئامانج لەم پرسیارانە ئەوەیە بزانین چۆن گوتار وا لێدەکەین ببێتە پەیامێکی پەیوەندیکردنی سەرکەوتوو.

***٦- پەیوەندی پراگماتیک بەئاستەکانی زمان***، رێزمان- واتا: رێزمان بایەخ بەپێکهاتەو رۆنانی زمان دەداتو زانستی واتاش شیکاری پەیوەندی نێوان نێوەرۆکو دونیای دەرەوەی زمان دەکات. کەچی پراگماتیک بایەخ بەدەوروبەری گوتنەکە دەدات، هەروەها گرینگی بەپێکهاتەی رستەش دەدات،

تاكو لەوە بگەین، کە قسەکەر چی دەڵێت. (جۆن ئۆستن) لەمبارەوە جیاوازییەکی بەرچاوی لەبارەی پراگماتیکو ڕێزمانو واتا کرد، کە دەکرێت لەم دوو خاڵە کورت بکرێتەوە:

١– جیا لەرۆڵی ڕێزمانو واتا، پراگماتیکی قسەکردن ببێتە کارێکی گونجاو لەرێگەی پەیوەندیکردنەوە، کە قسەکەر دەیەوێت شتێک بڵێت.

٢– ئەگەر زمانەوانی لەگەڵ (سۆسێر)و ڕۆنانکاری لەگەڵ (رۆلان بارث)و (لیڤی شتراوس)و (میشێل فۆکۆ)و شێوازکاری (روی باختین)و (تودوروف)و (ڤاکبسۆن)و (برۆب) بێت، ئەمانە باسی ناوەوەو ڕۆنانی زمانیان کرد، بەڵام پراگماتیک پێگەو بەهای بۆ قسەکەرو گوێگر گێڕایەوە، وەکو چۆن بەهای بۆ دەوروبەری قسەکردن گێرایەوەو بایەخی بەلایەنی دەرەکی زمان دا. لەپەیوەندی نێوان واتاو پراگماتیکیشدا، ئەگەر زانستی واتا بایەخی بەپەیوەندی دوولایەنەی شێوەو واتا دابێت، ئەوە پرگماتیک بایەخی بەپەیوەندی سێ لایەنەی قسەکەرو واتاو قسەکردن داوە. (عبدالسلام:٢٠١٤، ١٠٢–١٠٥).

### ١-٣-٥ شیکردنەوەی گوتاری سیاسی

لەشیکردنەوەی گوتارو گوتاری سیاسیدا ڕەچاوی هەندێک بنەما بۆ دەستپێکردنی شیکردنەوە دەکرێت. لەوانە (کاتی گوتار Time Discourse، شوێنی گوتار Place of Discourse، بابەتی گوتار Subject of Discourseو مەبەستی گوتار Intention of Discourse)ەکە. ئەمانە جێگەی بایەخن لەکاتی شیکردنەوەی گوتار، مەسەلەی مەبەست پەیوەستە بەئاڵوگۆڕکردن لەنێوان هوشیارییو خودی ئەو بابەتانەی هەن، کە ئەمەش تایبەتمەندی بەهوشیارییەکە دەبەخشێت. واتە بوونی شتەکان پەیوەندییەکی پتەویان بەهوشیاریو بیرکردنەوە هەیە، کە دەبنە بنەمایەکی دیاری پێکهێنانی گوتار.

(ڤان دایک) لەبارەی شیکردنەوەی گوتار پێی وایە "شیکردنەوەی گوتار بەسیفەتی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی، تاکو ئاستێکی زۆر دەبێت تێکەڵی

پەیکەری ئالۆزی ڕێکخراوەکانو سانسۆرو کۆنترۆڵکردنو دەسەڵات ببین". (ڤان دایک:٢٠١٤، ٥١).

### ١-٣-٦ ڕێبازەکانی شیکردنەوەی گوتاری سیاسی

لەبواری زمانەوانییەوە ڕێبازو میتۆدی جیا جیا بۆ شیکردنەوەی گوتار هەیە، هەر یەکەشیان لەڕوانگەیەکەوە کاردەکات. هەیە بایەخ بەڕۆنانی زمان دەدات، هەشە کار لەمەڕ پێکهاتەی گوتار دەکاتو هەشیانە تێکەڵی لەهەردوو بوار دەکات. بەکورتی هەندێک لەڕێبازەکان باس دەکەین.

***میتۆدی شیکردنەوەی گوتار لای (ڤان دایک) چەند بوارێک دەگرێتەوە، کە بەم شێوەیە باسی دەکات:***

١- شیکردنەوەی زمانی دەنگی، وشە، زاراوە، واتا.

٢- شیکردنەوەی پراگماتیکی بۆ کردە قسەییەکانو کردەی پەیوەندیدکردن.

٣- شیکردنەوەی بەلاغی.

٤- شێوازگەرایی.

٥- شیکردنەوەی ژێرخانی تایبەت (جۆرەکانو... هتد) چیرۆک، راپۆرتە هەواڵ، گفتوگۆی نێو پەرلەمان، وانە وتنەوەو ریکلام... هتد.

٦- شیکردنەوەی گفتوگۆ لەچوارچێوەی کارلێکردنی ئاخاوتن.

٧- شیکردنەوەی ئاماژەکانی دەنگو وێنەو ئەوانی دیکە، تایبەتمەندی هەمەلایەنەی ئاماژەکانی گوتارو کارلێکردنی دەردەخات. (ڤان دایک:٣٢،٢٠١٤).

گەلێک شێوازوجۆر هەیە بۆ شیکردنەوەی گوتار، (Brawn and Yuke) "بەشیکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی" دادەنێنو (Van Dijk) بە"لێکۆڵینەوە لەبەکارهێنانی بەکردەوەی زمان لەلایەن قسەکەرانی راستەقینە لەبارودۆخی هەقیقی دادەنێت". (مانغونو:٢٠٠٨، ٩). دەبێت جیاوازی لەنێوان شیکردنەوەی گوتارو ئەو شیکردنەوەو توێژینەوانە بکەین، کە باسی پێکهاتەکانو تایبەتمەندییو لایەنە هەمەجۆرەکانیو (هونەری گوتارArt of Discourse)و

گوتاردان دەکەن. بەو واتایەی شیکردنەوەی گوتار وەکو زمان، یان وەکو سۆسیۆلۆجیاو سایکۆلۆجیا، وامان لێدەکات، کە لەبیری نەکەین لەدۆخی وەهادا دەبێت شیکردنەوەی گوتاری کۆمەڵایەتی لەچاپخانەو قوتابخانەو شوێنی بازرگانیو... هتد)یش ئەنجام بدەین. (هەمان سەرچاوە:٩). شیکردنەوەی گوتاری هەمەجۆری سیاسیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو راگەیاندنو ئاخاوتنی زارەکی "گوتار تەنیا وەکو قسەکردنێکی سەربەخۆ شی ناکرێتەوە، بەڵکو وەکو کارتێکردنێکی هەڵوێستدار خۆی وەسف دەکات، یان کردەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، یان جۆرێکە لەپەیوەندیکردن لەبواری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو مێژوویيو سیاسی). (ڤان دایک:٢٠١٤،٣٤).


شیکردنەوەی گوتار، دابەشبوونی لەبارەی بۆچوونو شێوازی لێکدانەوەی تێدایە، زمانەوانەکان شیکاری خۆیان لەبارەی گوتار دەکەن، وەکو چۆن دەروونناسەکانو کۆمەڵناسەکان دەیکەن، هەروەها جیاوازیش لەنێو ئاڕاستەو رێبازەکانی شیکردنەوەی گوتاریش هەیە. شیکردنەوەی گوتار لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوستە بە ئەنتڕۆپۆلۆجیا، کەچی لەشەستەکاندا لەفەرەنسا ئاڕاستەی شیکردنەوەی زمانەوانی وابەستە بوو، بە مارکسیەتو شیکردنەوەی دەروونی. (مانغونو: ٢٠٠٨،١١).

(Jean Aitchison) لەبارەی شیکردنەوەی گوتار دەڵێت: شیکردنەوەی گوتار، لێکۆڵینەوەیە لەمەڕ چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ ئەم ناونیشانەو تێکەڵبوون لەگەڵ شێوازی ئەم بابەتە لەبواری زمانەوانیو ئەدەبدا. گرینگی تایبەت بەشێوازی رەوانی (پەیوەندیکردن communication) لەزمانی نووسین دەدات، بەجۆرێک کەسێک نەتوانێت خاڵە لێڵەکانی ڕوونبکاتەوە. (Aitchison: 1999,99).

ئۆستن لەچوارچێوەی بۆچوونەکانی لەبارەی کردە قسەییەکان پێی وایە، کە "زمان هەر وەسفی نییە بەڵکو کردەییەو بەو ئاڕاستەیە، کە هەندێک شت بەدیدێنێت، کاتێک دەڵێین قسە کردارە، واتە دەتوانرێت بەقسە کاریگەری لەسەر خەڵکی دیکە دابنێینو هانیان بدەین بۆ هەڵسوکەوتێک، یان کردەوەیەک، یان ئێمە خۆمان کردەوەیەک بکەین". (ارمانو ماتلار:٢٠٠٥، ١٥٦).

هەندێکی دیکە بەکردەیەکی هزری دادەنێن، لەکاتێکدا ئۆستن گوتار بەکردە قسە دەزانێت‌و شیکردنەوەی دەبێت لەچوارچێوەی بەدیهێنانی ئەو شتانە بێت، کە لەئەنجامی کردە قسەیی دروست بوون. (حافظ اسماعیلی) وای شی دەکاتەوە، کە لێکدانەوەی کردەوەیەکی هزریە بۆ تێگەیشتن لەمەبەستی گوتنێک، یان دەقێک. لێکدانەوە دۆزینەوەی گومانە شیاوەکانە، چونکە ناکرێت بەشێوەیەکی تەواوو دیارکراو مەبەستی (قسەکەر/ نووسەر) بزانرێت، بەلکو بەشێوەیەکی گوماناوی. (عزیز:٢٠١٠ ،٢٢). ئەم کردەیە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە بەپێی شارەزاییو نەریت‌و کلتورو زانیاری گوێگر، هەروەها بەپێی رادەی شارەزابوونی گوێگر لەکەسایەتی ئاخێوەر. هەروەها سێ بنەما بۆ کاریگەرییەکانی شیکردنەوە دیارکراوە، کە بریتییە لەگەڕاندنەوەو تیژبینیو سەلیقە. (هەمان سەرچاوە:٢٢- ٢٣).

تیۆری ئۆستن، جەخت لەسەر جێناوی من دەکاتەوە، کە نێرەرە لەقسەکردندا، لەکاتی ئێستادا. گوێگرو وەرگریش تۆ- ئێوەیە. (اوستن:١٩٩١ ،٨٥). ئۆستن ئاماژە بە بەکارهێنانی (کارVerb)، کە باس لەئێستای بکەری قسەکەری تاک دەکات‌و بەکارهێنانی شێوەی کەسی، کە بکەر قسەکەری تاک بێت پێوانەی بنەڕەتییە بۆ دەربڕینی ئینشائی. لەباری کۆشدا هەر وایە وەکو (بەڵێنمان دا، ڕێککەوتین). (هەمان سەرچاوە: ٧٣). هەروەها ئۆستن لەبارەی کاری نادیاریش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمە گرینگ نییە، کە کار لەگەڵ قسەکەری نادیار بەکاردێت (تاک، یان کۆ)، ئەگەر بکەرەکە، کە کارەکەی کردووە (قسەکەر بێت، یان گوێگر) دروستەکەری (بکەر) بێت، یان (بەرکار) مەسەلەیەکی گرینگ نییە، هەروەها دەکرێت راپەڕێنەرە کۆمەڵایەتییەکان کەسێک نەبن، بەلکو شتێک، ڕووداوێک، یان وەسفێک بن. (فارکلوف:٢٠٠٩،٢٧٥)، بۆ نموونە:




**وێنەی ژمارە (٣) رۆڵی من/ی نێرەر- تۆ/ وەرگر لای ئۆستن**

٧- بە پێی ئەوە رێت پێدەدرێت، کە پارەکە بدەیت.

8- گەشتیارەکان ئاگادار دەکەینەوە، پەڕینەوە لە هێڵی ئاسنیدا تەنیا لە پردەکە دەبێت. (اوستن:١٩٩١،٧٣).

لێرەدا کارەکە، بکەرە سەرەکیو راستەوخۆکەی بەدیار ناکەوێت، کار لەبواری فەرمانداندا هیچ مەرجێک لەزماندا نییە بۆ جیاکردنەوە، یان دەبێت وابێت، دەوربەری قسەکردنو گوتارەکەیە کارەکە دیار دەکات، بۆ نموونە جۆری کارەکە فەرمانە لەو کاتەی دەڵێین:

9- ئاماژەت پێدەکەم کە لێرە بڕۆیت، بۆ ئەم حاڵەتە هەر هێندە بەسە بڵێم( بڕۆ). کەهەمان واتا دەگەیەنێت.

یان ئەگەر بمانەوێت ئاماژەی پێبکەین، کە بەلای راستیدا بجووڵێتەوە، دەڵێین:

10– (بەلای راستتدا بسورێ).

لەکاتێدا ئەگەر دۆخەکە ئامۆژگاری، یان ڕێنونی بێت دەڵێین: پێویستە بەلای راستتدا بسوورێیتەوە. کەچی لەحاڵەتی ئاڕاستەکردن، دەڵێن ئەگەر لەشوێنی تۆ بوومایە، بەلای راستدا خۆم دەسووڕاندەوە. یان لەدۆخی بانگردندا نموونەی ئەوە گونجاوە، کە دەڵێت:

11– (گەمەکە بوەستێنە/ ئۆف ساید– Off- Side).

ئەمە مانای ئەوەیە بانگت دەکەمو بانگەوازت بۆ دەکەم، کە تۆ مەرجی یاری کردنت تێدا نییەو رستەیەکی ناوییە. لەکاتی بڕیارداندا لەبارەی تاوانێک لەجیاتی ئەوەی بڵێین

12–(حوکم دەدەین کە تۆ تۆمەتباری)، شێوازێکی تایبەت بەم دەربڕینە هەیە ئەویش دەگوترێت

١٣–(تۆ کردت– You did it )ە. (هەمانە سەرچاوە:٧٤).

ئۆستن جارێکی دیکە لەقسەکردندا لەکاتی بانگکردنو نزاو پاڕانەوە، بەهیچ شێوەیەک کاری (دال) لەنێو کاتدا بەکارناهێنێت، بۆ نموونە ئاماژە دەکات بەکەسی دادگایی کراوو حوکمدارو نالێین:

١٤– "تاوانبار"، یان ئەو کەسەی حەز ناکەین قسەی درێژدادڕی لەگەڵ بکەین نالێین ١٥– "دەرکراوی"، بەڵام دەربڕینی نیمچە ئینشائی هەیە، کە دەبێتە دەریچەیەکی لەبار بۆ ناوهێنانی ناوی بکەرەکان لەم حاڵەتانەی باسکرانو دەڵێن: (ئۆف ساید/ گەمەکە بوەستێنە– Off- Side )، یان بەکەسی دادگایی کراو دەڵێین (حوکمدراو– Liable). (هەمان سەرچاوە،٧٤).

### ١–٣–٧ دروستکردنی جۆری ئینشائی– ئۆستن

دەتوانرێت رستە، یان دەربڕینی جۆری ئینشائی لەهەندێک ڕێگاوە دروست بکرێت بەمجۆرە:

**آ–** بێ بەکارهێنانی قسەی مەبەستداری راستەوخۆ، لەم حاڵەتەشدا ئەم دوو شێوازە رەچاو دەکرێت:

١– لەجیاتی بڵێین:

16– (بادانەوەییێکی مەترسیدار) تەنیا هێندە بەسە بڵێین (بادانەوە)، لەجیاتی

17– (گاییێکی مەترسیدار)، هێندە بەسە بنووسرێت (گاییێک).

٢– لە جیاتی دەستەواژەی

- 18 (وەها فەرمانم پێدای) دەکرێت ئەم دەستەواژەیە بدۆزینەوە (لێت دەخوازێ). هەروەها لە جیاتی

19– (پەیمان دەدەم..) دەستەواژەی (هەوڵدەدەم .. I shall)

**ب–** رووبەرووی هەندێک گوتەی مەبەستداری راستەوخۆ دێین، کە مەبەستی تێدایە، بێ ئەوەی دەستەواژە گوتراوەکە ئینشائی بێت وەکو:

١– لە یاریکردندا هاندەرێک هاوار دەکات ( پێویستە دەریبکەن)، گونجاوترە، کە بڵێین (ئەو سەرپێچی کردووە)، یان (ئۆف سایدی کردووە)، یان بەڕاشکاوی بڵێین(ئەو سەرپێچی کردووەو پێشیلی مەرجەکانی یاریی دەکات). ئەمە پەیوەستە بەوەی، کە قسەکە کاریگەری نابێت، چونکە قسەکەر مافی حوکمدانی نییە.

٢– ئەگەر نموونەی ئەم قسەکردنانە بهێنینەوە وەکو:

20– (تۆ بەڵێنت دا– You Praomised) هەروەها،

21– (رێگەت پێدا– You Aouthorize)، ئەم گوتنانە ئینشائی نییە، چونکە بەکاهێنراو نییە.(استن:٧٥،١٩٩١).

### ١–٣–٨ واتاسازی و زاراوە Symantic & Vacabulary

لەزماندا ئەم لایەنە، کە ئاستی واتاو زاراوە دەگرێتەوە، لەگوتاری سیاسیدا شوێنێکی تایبەتی هەیە، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول وشەو واتای وەکو (سەربەخۆیی، کەرامەت، ئازادیو رزگاری، نەمری، تێکۆشانو خەباتو قوربانی) هاتنە نێو ئەدەبیاتو گوتاری کوردی، کە چەمکەکان بەپێی سەردەمەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. رەنگە ئەمە لەدوایساڵی ١٩٧٥ باشتر

دەربکەوێتو لەدوای ساڵی ١٩٩١ ئەم پرۆسەیە بەئاڕاستەیەکی تردا چوو و وایکردووە، کە هەندێک زاراوە بتوێتەوەو هەندێکی تریش واتای فراوانترو ئەرکی هەمەلایەنە لەخۆبگرن. لەم ئاستەدا کێشەی وشەی فەرهەنگی سیاسیو وشەی گشتی دەردەکەوێت، هەروەها ئەو زاراوانەی وەکو ئیدیۆم، وەکو پلار، یان دوور لەمەبەستی راستەقینەو رەسەنەکەی خۆی بەکاردێت، یان واتای هەڵگەڕاوە دەردەبڕدرێت، بەقووڵی بەدیار دەکەوێت.

لەم ئاستەدا لەرووی پراگماتیکییەوە دەبێت ئەم خاڵانە رەچاو بکرێت:

***یەکەم***- نێرەر، کە تەمەنێکی دیارکراوی هەیە، بەڵام باسی مێژوویێکی دوورو قووڵتر لەتەمەنی خۆی دەکات، یان باسی کەسایەتیو پێگەو پایەی مەزنتر لەپێگەی دەسەڵاتو سیاسەتی خۆی دەکات، بۆ نموونە جەمال عەبدولناسر تەمەنی سیو شەش ساڵ بووەو رێککەوتنی (الجلاء)ی لەگەڵ ئینگلیز مۆرکردووەو بۆتە پاڵەوانی نەتەوەیی. (عکاشە:٢٠٠٤،٢٣٧). سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەتەمەنی گەنجیدا بەشداری لەرێککەوتنی یانزدەی ئازار ١٩٧٠ کردووە.

***دووەم***- وەرگر ئەو خەڵکەیە لەبەردەم قسەکەر/ نێرەر ئامادەیە، دەبێت پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوانیاندا هەبێت. جەمال عەبدولناسر بەشێوازی راناوی ئێوە بەردەوام گوتاری بۆ جەماوەری میسر دەدات.(هەمان سەرچاوە:٢٣٧).

هەروەها ئەم بۆچوونە بایەخ بە (دەمەتەقێ/ محادثە) دەدات، کە بوارێکی فراوانتر دەگرێتەوەو پێی وایە گفتوگۆو گوتار پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە. وای تێدەڕوانن، کە رێکخستنێکی پێکەوە هەڵکەوتووی ئاڵۆزەو ئەمەش کردەی زمانی دەگرێتەوە، تاکو دەگاتە یەکەیەکی گەورەتر، کە ئەویش کۆمەڵەی تێکەڵبوونە، کە (بەچوونە ناویەک intervention)و ئاڵوگۆڕکردن تێدەپەڕێت. (مانغونو:٢٠٠٨،٣٣).

ئەرکی زمان راپەراندنو جێبەجێکردنی کردەی پەیوەندیکردنە، پێویستە بزانین "زمان چۆن کاری پەیوەندیکردنی بەکارهێناوە". (Leech:1996,1)،

ڕەنگە شیکردنەوەی گوتار تەنیا لەچوارچێوەی ڕۆنانی زمان نەوەستێت، بەلکو بەشێوەیەکی دیکە واتای پەیوەندیکردنی نازمانی یانی ماوەی نێوان بەشداربووان‌و جوڵەکان دەگرێتەوە، بۆیە شیکردنەوەی گفتوگۆ تەنیا لەسەر زمانەوان ناوەستێت، بەلکو سۆسیۆلۆژیاش دەگرێتەوە. (مانغونو:٢٠٠٨، ٣٣).

نابێت گرینگی قوتابخانەی فەرەنسی لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەبارەی شیکردنەوەی گوتار ئاماژە پێنەکەین، لەو کاتەی ژمارەی سێزدەی گۆڤاری Langages لە پاریس ساڵی١٩٦٩ بڵاوکرایەوەو تایبەت بوو بەشیکردنەوەی گوتار، هەروەها کتێبەکەی (پیشو١٩٣٨–١٩٨٣) بەناوی Analyse Automatique Du Discours، کە یەکێکە لەدیارترین کەسەکانی ئەم ئاڕاستەیە. بۆیە بایەخی ئەمجۆرە شیکردنەوەیە لەوە دەردەکەوێت، کە هەر تەنیا فەرەنسای نەگرتۆتەوە، بەلکو هەموو ئەو شوێنانەشی تێدابەشدار بوو، کە زمانی فەرەنسی تێدا بەکاردێت لەگەڵ زمانی ڕۆمانی. لەوەش بەبایەختر ئەوەیە، کە ناواخنی ئەم توێژینەوانە لێکۆڵینەوەی گوتاری سیاسی گرتەوە، کە زمانەوان‌و مێژوونووسەکان، بەپشت بەستن بەزمانەوانی ڕۆنانکاری‌و تیۆری ئایدیۆلۆژی ئەنجامیان دا.

### ١–٣–٩ قوتابخانەکانی شیکردنەوە زمان

قوتابخانەی جیاواز بۆ شیکردنەوەی گوتار پەیدابوون، کە لێرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین، هەر یەکەیان لەڕوانگەو تیۆرێکەوە شیکردنەوە بۆ گوتار کردووە. شیکردنەوەی زمانەوانی‌و کۆمەڵایەتی‌و پەیوەندیکردن‌و سیاسی‌و ئایدۆلۆژیی‌و ڕاگەیاندن‌و سیمۆلۆجی‌و گفتوگۆو شیکردنەوەی ڕۆشنبیری‌و شیکردنەوەی میشێل فۆکۆ، قوتابخانەی ئەلمانی‌و قوتابخانەی نۆرمان فیرکلاو...هتد. ئەمانە هەریەکە لایەنێک لەشیکردنەوەی گوتار دەگرێتەوە، یان هاوبەشی لەشیکردنەوەکان دەردەخەن. بەکورتی هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

## یەکەم/ قوتابخانەی بواری زمانەوانی

لەمبارەوە لە(دی سوسێرەوە) دەست پێدەکرێت، کە بایەخی بەرۆنانکاری لەشیکردنەوە دەدات، تاکو پاش ئەو، بایەخیان بەشێوازو دەوروبەرو بەکارهێنانی زمان لەبوارەکانو سیاقە جیاوازەکان دا، بەتایبەتیش تیۆرەکانی ئەدەبی نوێ، کە پشتی بەشیکردنەوەی گوتار دەبەست. (Bartton: 2002, 575-598)، کە یەکەم بابەتی شێواز شیبکاتەوەو دووەم باسی پەیوەندی دەربڕین بەتاکو کۆمەڵ دەکات، (چارل بالی) زانستی شێوازگەریی بەپشت بەستن بە بۆچوونەکانی (سۆسێر) دامەزراند، ئەمانەش بەگشتی هەموو شتێکی زمانی خەڵکیان شیدەکردەوە، نەک تەنیا فکرێکی تایبەت، بەلکو بابەتی شێوازی زمانی هەموو خەڵک دەگرێتەوە. هەموو دیاردەکانی زمانەوانی لەئاستە جیاکاندا، بەڵام قوتابییەکانی (بالی) لەشیکردنەوەی گوتار بایەخیان بەبواری ئەدەبی داو بواری جوانکاریان بەپشت بەستن بەرێبازی دەروونیو رۆنانکاری وەرگرت. ئینجا شیکردنەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەرکەوت باسی ئاستەکانی فۆنۆلۆجیو سینتاکسو واتاو ئینجا بەگشتی شیکردنەوەیان لەبارەی دەمەتەقێی گشتیو لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو بنەماکانی بەکارهێنانی دیالۆگ کردو دوای ئەمەش دەق هاتە ناوەوە. پاشان (کۆتس جێنەفەر) باسی ئەوەی کرد، کە گوتار وابەستەیە بەزمانو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو دەربڕینو پەیوەندیکردنو تایبەتمەنییەکانی دیکە. (Jennifer:1998, 237).

دوای ئەوانە (هالیدەیو ئۆستنو سێرل) چ وەکو شیکاری پراگماتیکیو چ وەکو بواری زمانەوانی کارەکیو کردە قسەییەکان پەرەیان بەم بوارە دا، کە هەریەکێک لەم زانایانەی بواری زمانەوانی لەڕوانگەو سوچێکەوە گوتارو رۆڵی زمانیان شیکار کرد.

## دووەم/ میشێل فۆکۆو شیکردنەوەی گوتار

فۆکۆ وەکو چەمکو ئارکیۆلۆجیای زمانو گوتار ئاسۆیەکی نوێی فەلسەفیو زمانەوانی لەم بوارە دروستکرد، ئەو شیکارییەکانی لەبارەی

زمانەوانی‌و مەنتیق ئەنجام نەدا، بەلکو بایەخی بە (گۆکراوەکان- منطوقات)دا، ئەم گۆکراوانەش پێکهاتەی گۆکراوەکان‌و گوتار پێکدەهێنن، ئەم پێکهاتانەش بەردەوام لەکێڵگەی گوتاری دیارکراودا دەبن‌و یاساکانی پێکهێنان‌و گواوستنەوە حوکمیان بەسەردا دەکەن، لەمبارەوە (بغورە) پێی وایە، کە شیکردنەوەی گوتار ناگەڕێتەوە بۆ خود، یان دامەزراوەکان، یان مەنتیقی راستگۆیی‌و ریزمانی رۆنانی زمانی، بەلکو دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنان(Use). (بغورە:١٢٤، ٢٠٠٠).

(فۆکۆ) بەشێوازێکی جیا بەپشت بەستن بەرەخنەو هەڵوەشانەوە، کاری لەسەر کۆمەڵگەی رۆژئاوایی کردووە، ئەو کار لەسەر بە مرۆڤ بوون دەکات، نەک ئەوەی چۆن مرۆڤ بووین، واتای **لەنێو**چوونی یەک بکەری بێ هاوتایی بکەر دەردەخات‌و باسی دەرکەوتنی زۆربوونی ژمارەی بکەرەکان دەکات. (فۆکۆ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ تاکە بکەری وەبەرهێن نییە، بەلکو ئەوان (بەرهەمی Produce) بەکارهێنانی گوتارن . هەروەها (فۆکۆ) پێی وایە بابەتەکان هەقیقەتی کۆمەڵایەتی نین، بەلکو ئەمە پرۆسەیەکە پەیوەستە بەوەی، کە چۆن بکەرەکان کەلوپەلیان لەرێگەی زمانەوە هێناوەتە بوون. بۆیە پەیوەندی لەنێوان دەسەڵات‌و هێزو زمان هەیەو دواتریش دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە بکەرەکان لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتین‌و بەرهەمهێنانەکانیشیان لەرێگەی گوتاری کۆمەڵایەتییەوە دەبێت‌و ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەش لەکێڵگەی پەیوەندییەکانی هێز دادەنێت. (شومان: http://www.almaktabah.net ).

دوورخستنەوەی مرۆڤ لەشیکردنەوەی گوتارو هەندێک لەشتە شاراوەکان، (فۆکۆ)ی رووبەرووی رەخنە کردەوە، لەوانە خودی چەمکی گوتار، کە پێی وایە گوتار لێداونە، هەروەها شیکردنەوەی گوتاری بەشیکردنەوەی زمانی ئاخاوتن بەستەوە، وای دانا، کە گوتار هۆکارێکی چالاکە بۆ رۆنانی کۆمەڵگە، وابەستەیی بەکۆمەڵگە، یان دامەزراوەیەکی تایبەت سەرباری بەستنەوەی بەوەی، کە پەیوەندییەکانی هێزە. کێشەی

سەرەکی ئەوەبوو، کە ئەو نەدەچووە نێو هەناوی گوتارو پاشخانەکانی زمان، بەلکو بەشێوەیەکی روت سەیری گوتاری دەکردو پێی وابوو پراگماتیک دەچێتە نێو هەناوی گوتارو باسی واتاو ناوەڕۆکو فکرەکان دەکات، کە لەپشت گوتنەکانەوەن. (بغورە:٢٠٠٠، ١١١).

چەمکەکانی مەعریفەو دەسەڵاتو هێز لای (فۆکۆ) ناوەندی بیرکردنەوەیە، لەتەک ئەوەش گفتوگۆ لەبارەی لایەنە هەمەجۆرەکانی دەسەڵات دەکات، لای (فۆکۆ) بیرۆکەی دەسەڵات وەکو بنەمای سەرەکی یەکسانە بەتوندتیژیو ملکەچکردنو باڵادەستی، رۆڵێکی ئەرێنی بەدەسەڵات دەدات، کە رۆڵی بەرهەمهێنانە بێ پشتگوێخستنی توندتیژی وەکو بەکارهێنان، یان لەهەندێک کاتدا دەسەڵات وەکو چارەسەر پەنای بۆ دەبات، هەروەها دەسەڵات کۆمەڵە پەیوەندییەکی بەهێزە لەچوارچێوەی ستراتیژیەتێکی دیارکراودا. (هەمان سەرچاوە:٢٣٣).

سیستەمی گوتار وەکو ترسان لەگوتار نیشان دەدرێت، کە لەڕاستیدا ئەم ترسە دەرخەری هەقیقەتی دەسەڵاتو هێزی گوتارە. بۆیە (فۆکۆ) پێی وایە گوتار وەکو شتێکی بێژراو هەقیقەتێکی مادیی، یان نووسراوە. لایەنێکی دیکەش چاودێری گوتارە، کە لەرێگەی ئەو کارو ئامرازانەوەیە، کە خودو کۆمەڵی پێ هەڵدەسگێنرێتو ئامانجی سنووردارکردنی دەسەڵاتی گوتارە. (فۆکۆ) ئەمە لە سێ گرووپ دەستنیشان دەکات:

### **١-٣-١٠ گرووپەکانی سنووردارکردنی دەسەڵاتی گوتار**

یەکەم/ کارە دەرەکییەکان

ئەم کارە چاودێری گوتارە لەدەرەوەو رێگەگرتنو بەشداریو رەتکردنەوەو ئیرادەی مەعریفی دەگرێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا مافی ئەوەمان نییە هیچ شتێک لەهەر کاتو بارودۆخێکدا بڵێین، نموونەی بوونی بابەتی قەدەغەکراوی وەکو سێکسو سیاسەتو ئایین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ

پەیوەندی نێوان عەقڵو شێتی، کە فۆکۆ لەمێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکیدا باسی کردووە.

دووەم/ کارە ناوەخۆییەکان

ئەمە خودی گوتار خۆی دەگرێتەوە، کە مەسەلەی پۆلێنکردنو ڕێکخستنو دابەشکردن دەگرێتەوە، ئەمە لایەنێکی دیکەو دوورییەکی دیکە لەبارەی گوتار دەگرێتەوە، کە بریتییە لەڕێکەوتو ڕووداو. جا ئەم گوتارە یاسایی، یان ئاینی، یان ئەدەبی بێت.

**سێیەم/ کاری بەکارهێنانو ئەرکاندن**

(فۆکۆ) لەبارەی ئەم گرووپە مەسەلەکە بەکەمکردنەوەی ژمارەی زۆری قسەکەران وابەستە دەکات، کەسێک ناچێتە ناو سیستەمی گوتار، ئەگەر لەگەڵ هەندێک لەپێداویستییەکان نەگونجێت، یان نەتوانێت ئەم کارە بکات، یان هەموو کاتێک ناوچەی گوتار، بەهەمان پلە بۆ هەموو کەسێک کراوە نییە، یان مایەی دەستێوەردان دەبێت. دیارە ئەم گرووپە هەندێکیان پارێزراونو بەئاشکرا قەدەغەن، هەندێکجاریش بەرانبەر هەموو باهۆزێک کراوەن. بۆیە بایەخ بەسێ ئاراستە دەدات: ***١- ئەرکی پاراوستنی گوتارە. ٢- لەبازنەیەکی بەرتەسک بەکاردێت. ٣- بوارەکانی تاکو ئاستێکی پێویست داخراوە، نموونەی بواری سەربازیو ئابووری.*** (بغورە: http://insaniyat.revues.org/8643)

لەبارەی باشیو خراپیو گونجاوو نەگونجاودا، (فۆکۆ) پێی وایە گوتاری گونجاوو نەگونجاو، یان گوتاری زاڵو بەسەردا زاڵبوو نییە، بەلکو گوتار پێکهاتەیەکە، یان کوتلەیەکە دەتوانێت لەستراتیژیەتێکی دیارکراودا کاربکات. (شوفان: http://www.almaktabah.net). بۆیە بەلای (فۆکۆ)وە گوتارێک لەئارادا نییە، پێی بگوترێت گونجاوو نەگونجاو. گوتارو زمان واقیع دیاردەخەن، هەروەها گوتار ناسنامەو ڕەوشتو ژیانی کۆمەڵایەتی دەوروبەرمان دیاردەکات، ئەوەش دیاردەخات ئێمە کێینو ڕێگای ژیانمان

چییەو هەروەها ڕەنگدانەوەی ململانێشە لەسەر دەسەڵات. (شوفان: http://www.almaktabah.net).

بۆیە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە (فۆکۆ) تیۆرێکی تایبەتی لەبارەی گوتارو بەسترانەوەی بەدەسەڵات داهێنا، کە بەسترانەوەیەکی متمانەدار لەنێوان دەسەڵاتو گوتار هەیەو پێشی وایە ئەمە تەنیا نەخشەدانانو ڕێکخستن نییە، "پەیوەندیکردنی کۆکردنەوەی زمانو شێوەکانی باڵادەستی کۆمەڵایەتییە". (احمد: http://www.alnoor.se/article.asp?id=42116).

قوتابخانەو ڕێبازە جیاکانی دیکەش، کە هەستەکی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو فراکنفۆرتیو سیمۆلۆجیو گفتوگۆو لێدوانو ڕەخنەی ...هتد، ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانو ڕێگای جیاوازیە بۆ شیکردنەوەی گوتار. ئەمە دەرخەری بوونی گرینگیو بایەخی گوتارو شێوازو ئامانجەکانی شیکردنەوەی گوتار دەگەیەنێت. هەرچەندە ئەمە زانستێکی نوێیە، لەبەراورد بەزانستە زمانەوانییەکانی دیکە، بەڵام گوتارو بایەخدان بەگوتار بەشێوە کلاسیکییەی دەگەڕێتە بۆ یۆنانییەکانو  دواتر لەئەوروپاو لەقوتابخانە ئاینییەکانیشدا لای عەرەبو نەتەوەکانی دیکەدا بایەخی پێدراوە. ئەمڕۆ لەنێو کایەی زمانو سیاسەتو دەسەڵاتو مەعریفەشدا، وەکو هێزێک لەچوارچێوەی دەقو دەوروبەرێکی دیارکراوی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت.

### ١-٣-١١ بۆ کردە قسەییەکان speech acts ؟

بۆ دیارکردنو لێکدانەوەی لایەنە هەمە جۆرەکانی گوتاری کوردی، کردە قسەییەکان گونجاوە، چونکە لەڕێگەی شیکردنەوەی گوتنو قسەکردنەکانو دەرخستنی مەبەستەکانی قسەکردنو شێوازی گەیاندنی پەیامەکانو ئەو پەیوەندیکردنە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەی لەنێوان نێرەرو وەرگر هەن، کردە قسەییەکان شیکاری لەباریو نالەباری، گونجاوییو نەگونجاویی، هێزدارییو بێ هێزیی گوتار دەکات. قسەکردنی کوردی خۆی کردەیەکی بێ سنوورە. هەر قسەو جوڵەیەکی بەمەبەستی دەربڕین، خێرا واتایە کردەییەکەو

مەبەسەتە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکەی دەردەبڕێت، کە ئەمەش پەیوەستە بەتێگەیشتن لەچەمکی کردە قسەییەکان، کە "بواری دەنگی فۆنەتیکیو بواری قسە گۆکردنو بواری گوتار دەگرێتەوە". (اوستن:١٩٩١،١٤١).

بەکورتی دەکرێت باشتر لەتیۆری کردە قسەییەکان بگەین، کاتێک شیکردنەوەی کردەی گوتاری لەرێگەی ئەمجۆرە نموونەیەوە باس دەکەین:

22– ئێرە گەرمە "It's hot in here"

واتا مەبەستی کەسەکە مەرج نییە باسکردنو گەیاندنی هەواڵی گەرمی شوێنەکە بێت، بەلکو رەنگە مەبەستێکی دیکەی هەبێت، ئەویش مەبەستی راپەڕاندنی کارێکە، ئەمە داوا بێت، یان کردەیەکی قسەییە. کەواتە بەشێوەیەکی هەمیشەیی دوو واتا لێرە بەرجەستە دەبێت، یەکەمیان فەرهەنگییەو دووەمیشیان بەدیهێنانی کردە قسەییە، یان هێزی کردە قسەییە. (Paltrige:2013, 40). بۆیە ئۆستن لەسێ بواردا کردە قسەییەکانی دارشتووە: کردە قسەییەکان، هێزی کردە قسەییەکان، پێویستی کردە قسەییەکان.

## ١-٣-١٢ کردە قسەییەکان چییە؟


بەکردەی زمانی، یان وەکو ناوی دەبەن (کردە قسەیی speech act)، یان (کردەی گوتار Discours act)، کە یەکێکە لەبنەماکانی زمانەوانی پراگماتیکی، داهێنانی ئەم تیۆرە بۆ زانا (جۆن ئۆستن John Austin)و بەتایبەتی ساڵی ١٩٦٢، هەروەها زانا (سێرل Searle) ١٩٧٢ دەگەڕێتەوە، کەبەشداری لەپەرەپێدانی ئەم بوارە کردووە. ئەوان دەیانەوێت جەخت لەسەر گرینگی ئەم یەکانەی بواری زمانی بۆ بەدیهێنانی کردە قسەییەکان بکەنەوە، وەکو "فەرمان، داواکاری، لێدوان، گفتو پەیمان ... هتد". (مانغونو:٢٠٠٨،٧). تیۆری کردە قسەییەکان بەدوو بنەماوە بەستراونەتەوە. "***یەکەم*** هەموو گوتنێک بۆ ئەنجامدانی نیازو مەبەستی قسەکەرە. ***دووەم*** وەسفی بارودۆخ، یەکێکە لەئەرکەکانی گوتن، بەڵام تاکە ئەرک نییە". (فتاح:٢٠١١،٢٠٧). هەروەها

بارێکی دیکەی پەیوەستە بەزمانەوان، کە پێیان وابوو زمان تاکە ئەرکێکی هەیە ئەویش پێناساندنی دۆخێکە، ئەم باوەڕە بەهەڵەی وەسفی واتایی ناودەبرێت، هەموو گوتنێک وەسفی دۆخی تێدایە، بەڵام ئەم وەسفە لەخۆیدا هەموو شتێک نییە. بەزۆری وەسفێکی قووڵتر لەدوای وەسفەکەوە هەیە، ئەویش مەبەستی (قسەکەرە speaker). گوتنەکە لەوانەیە ئاگاردارکردنەوە بێت، یان ڕاسپاردن، یان هەڕەشە، یان ڕەخنە، یان وازی کردن، یان گفتدان، یان پیرۆزبایی ...هتد، کە بەم شتانە دەڵێن کردە قسەیی. (هەمان سەرچاوە:٢٠٧).

**سەیری ئەم نموونە بکە:**

٢٣- ژوورەکە بە کەڵکی خوێندن نایە.

٢٤- ژمارەی خوێندکارەکان زۆرن.




**وێنەی ژمارە (٤) توانای قسەکەر یەکسانە بە تێگەیشتنی وەرگر**

تواناو هێزی کردە قسەی قسەکەر/ نێرەر ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەپێگەو تێگەیشتنی وەرگر/ گوێگر، لەم بوارەدا پراگماتیک تەنیا لەسەر ناوەڕۆک، یان بواری زمانو پێکهاتەکانی زمان کار ناکات، بەلکو بایەخ بەدەوروبەرو ڕۆڵی کۆمەڵایەتیش دەدات. بایەخ بەنێوەڕۆکو هێزی کردە قسەیی دەداتو پێی وایە، کە نێوەڕۆکی زمانەوانی پەیوەستە بەڕستەو هێزەکەی لەدارشتندا، لەکاتێکدا ئەگەر سەیری ئەم دوو رستەیە بکەین:

25– بەیار هات؟.

26 – بەیار هات.

یەک ناوەڕۆکیان هەیە، بەڵام لەهێزی دارشتندا وەکو یەک نین. یەکەم دەربڕی پرسیارەو دووەمیش دوانو ساخکردنەوەیە. (مانغونو:٨،٢٠٠٨).

بۆ روونتر دەرخستنی ڕۆڵی کار لەقسەکردنداو دەرکەوتنی هێزی کار لەدارشتنو ئاخاوتندا (ئۆستن) تیۆرەکەی لەسێ بواردا دیاردەکات، قسەکەر لەکاتی گوتندا پێویستە سێ کار (کردە) ئەنجام بدات، وەکو: کردەی زمانیو کردەی ئینشائیو کردەی کاریگەریی. (هەمان سەرچاوە:٨)، هەروەها (محەمەد مەعرووف فەتاح) ئەم سێ کردەیە بەمجۆرە وەسف دەکات: (کردەی گوتن Preillocution act) کردەی دەرهێنانی رستە بەواتاو ئاماژەوە ناوەڕۆکو ئاماژەو (کردەی مەبەست illocutionary act) ئەو مەبەستەی، کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت بەگوێگر، هەڕەشە بێت، یان پێشوازی، یان پۆزش هێنانەوە ...هتد، (پاشکار act post illocution ) هێنانەدی ئەنجامێکە لەگوێگردا، بۆ نموونە: پاشکاری رستەیەکی وەکو:

27– دەمانچەکە لەسەر پێیە. (فتاح:٢٠٨،٢٠١١).

لەهەمان کاتدا (ئۆستن) لەبارەی کردە قسەیی پێشنیار دەکات لەسێ ئاستەوە سەیری کردەی گوتن وەکو رەگەزێکی گشتی بکرێت: ***گوتن، (دوان/نطق)و گوتار***، کە گوتن پەیوەستە بەدەرچوونی پیتە مادییەکانو کردەی دوان، کە پەیوەستە بەمەبەستی دەربڕینو دوان، گوتاریش پەیوەستە بە مەبەستی قسەکەر/ نێرەر لەدەرەوەی دواندایەو تێگەیشتنی پەیوەستە

به(سیاقەوەContext). (اوستین:١٩٩١،٧). هەروەها سەرچاوە وەکو لایەنێکی دیکە لەگوتاردا پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە، کە مەبەست لەسەرچاوە "ئەو شتانەیە کە لەدونیادا باسیان لێوەدەکەین". (آوگان:٢٠٠١،٤٨). هەروەها تێگەیشتن، کە پەیوەستە بەدەوروبەر واتە نێرەرو وەگر، پێشتر تێگەیشتن بەخودی دەق دەبەسترایەوە، بەڵام ئێستا مەبەستی نێرەر/ دانەر/ قسەکەر لەدەقەکەدا بەلاوە دەنرێت، بۆ ئەوەی داهێنان لەتێگەیشتنو خوێندەوەکەدا بەدیبێت. (مشبال:٢٠١٥،٨٧). واتە ئەمە لەگوتاری سیاسی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵیو ئاینیشدا جێبەجێ دەکرێت.




**وێنەی ژمارە (٥) گوتار پەیوەستە بە مەبەستی قسەکەر**

بۆیە (ئۆستن) لەکردە دەدوێت، وەکو (کارVreb)، هەروەها وەکو رووداون، رووداوێک، کە (کردەی رووداندact action)ی تێدایەو مەسەلەکان بەرجەستە بکات. (اوستن:١٩٩١،٧).

پراگماتیک بۆ پڕکردنەوەی لایەنە پڕنەکراوەکانی زمانەوانی لای (چۆمسکی)و هەشیانە وەکو کاردانەوەیەک لەدژی (چۆمسکی)، کە پێیان وابوو بۆچوونەکانی لەبارەی زمان تەسکە هاتە ئاراوە. (فتاح:٢٠١١،١٨٤). داهێنانەکەی (جۆن ئۆستن) وەکو وەڵامدانەوەیەک لەبارەی بۆچوونە فەلسەفییەکانەوە هات، کە پێیان وابوو واتای رستە بەدابڕاوی لەدەوروبەری گوتارەکە لێکدەدرێتەوە، (ئۆستن) پێی وابوو رستەی هەواڵی رستەیەکی پێوانەییەو جیاوازییەکانی رستەش، واتای شێوە هەمە جۆرەکانی رستە دەگەیەنێت. کردە قسەییەکان پتر رەنگدانەوەی شێوازو چالاکیی کۆمەڵایەتییە، لەوەی ئاخاوتنێکە، کە چەمکی راستگۆییو درۆ بگرێتەوە. (العجالی:http://www.ta5ayub.com/t1371-topic ).

هەروەها (سێرل) چوار کردەی بۆ قسەکردن لەرستەو گوتن داناوە، وەکو: ***یەکەم***- قسە بەوشە (رستەو وشە)، یان بەرهەمهێنانی کردە قسەیی. ***دووەم***- ناردنو پاڵپشتی، یان بەدیهێنانی کردەی مەسەلەو رستە. ***سێیەم***- راپۆرت، پرسیارو فەرمان، گفت، یان بەدیهێنانی هێزی قسەکردن. ***چوارەم***- ئەمە چەمکەکەی لەگەڵ هێزی کردە قسەیی دەگونجێت، ئەنجامو کارتێکردنەکان وەها بەرجەستە دەکات، کە روویانداوە، لەرێگەی فکرو کردەو دابونەریتەکانی گوێگر لەرێگەی ئەو داهێنانەی لەپێش کردەکانە. دەتوانین بڕوا بەکەسێک بهێنین، هەروەها بەکردە، یان بەئینزارێک دەتوانین بیشارینەوە، یان ئاگاداری بکەینەوە، یان بەداوایەک وای لێبکەین شتێکی وەها بکات، کە دەمانەوێت، یان بەئاگادارکردنەوەی دەتوانرێت بڕوای پێبهێنرێت، تێروانییەکانی روون بێتو رۆشنبیری بکەینو هوشیاریی پێبدەین، وای لێبکەین هەستبکات، ئەم کردەیە ئاماژەیە بۆ کردەی کارتێکردنی قسەکردن. (هەمان سەرچاوە: http://www.ta5ayub.comو /t1371-topic).

هەرەوها (سێرل) کردە قسەی لە پێنج شێوازدا کۆکردۆتەوە، کە بریتین لە: (کردەی نواندن–Representatives)، (کردەی ئاڕاستەکردن–Directives)، (کردەی راپەڕاندن/ئیلتزامی Commisives)، (کردەی گوزارەییExpressives)،

(کردەی ڕاگەیاندن Declaratives) (اوستن:١٩٩١، ٤٥). لەگەڵ ئەوەشدا (سێرل) ئاماژە بەبوونی کردە قسەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆش دەکات.

بۆ ئەوەی بە کورتی لەبارەی کردە قسەییەکانو بۆچوونەکانی (ئۆستن) لەبارەی توێژینەوەکەمان، کە لەبارەی شیکردنەوەی گوتاری سیاسیی دەسەڵاتو ئۆپۆزستۆن لەسەر بنەمای پراگماتیکیو بەتایبەت کردە قسەییەکان بدوێین، گونجاو دەبێت، ئەگەر ئاماژە بەم بۆچوونەی (ئۆستن) لە کتێبی (How To Do Things with use Words 1962 ) بکەین، کە دەڵێت "سەرکەوتن لەبەدیهێنانی کردارو بەتاڵبوونەوە لێی، پەیوەستە بە حەقیقەتی (ئەنجامەکانو کارتێکرن) دەبێت کارتێکردنو کارتێکران لەسەر گوێگر ڕووبدات، تاهێزی کردە قسەیی بەدەستبێت، بۆیە بەهای دەربڕینەکە لەوەدایە، کە بەئامانجی بەدیهێنانی مەبەست بگات". (اوستن:١٩٩١، ١٣٥).

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین لەباسی کردە قسەییەکانو پەیوەندی پراگماتیکی لەنێوان بەرهەمهێنەرو بەکاربەرو شیکردنەوەی کۆدەکانو دەوروبەردا دەبێت مەنتیقی "بوونی کردەو مەعریفەی کردەو توانای کردەو ئیرادەی کردە"، هەبێت. (الحمداوی:٩،٢٠١٥).




**وێنەی ژمارە (٦) کردە قسەیی‌و پراگماتیک لە مەنتیقی بەکاربەردا**

بەکورتی دەکرێت ئەرکی پراگماتیکی لەشیکاری کردە قسەیی لەگوتاردا لەسەر سێ بنەما دیاربکرێت، کە رۆڵێکی کارای لەئاڵوگۆڕکردنی قسەکردن هەیە بەمجۆرە:

١- ***قسەکەر*** (قسەکەر/ نێرەر- گوێگر/ وەرگر).

٢- ***دەوروبەر*** (دۆخو پێگەو پایە).

٣- ***بەکارهێنانی ئاسایی قسەکردن***، یان بەکارهێنانی لەخۆوەی قسەکردن. (الصحراوی:٢٠٠٥، ١٠١).

لەبارەی کردە قسەییەکان هەریەکە لە( Victoria Fromkin, Robert Rodman, nina Hyams) دەڵێن: دەتوانرێت زمان بۆ بەدیهێنانی شت بەکاربهێنرێت، بەڵێ دەتوانرێت زمان بەکاربهێنرێت بۆ بەدیهێنانی (گفتprimise)، دیارکردنی (گرەو مەرج lay bets)و(بابەتی هوشداریدانwarning issue)و پەیماندان، (پێشکەشکردنی پیرۆزبایی congratulatuon)و سوێندخواردنی شاهیدو تیۆری کردە قسەییەکان نیشانی

دەدات چۆن ئەم شتە دەبێت، هەروەها هەرچۆنێک بێت لەو شتانەی باسکران، کە ئامانجی بنەڕەتی لەقسەکردن (هێزی بەدیهێنانە illocutionary force) لەکردە قسەییەکاندا، رەنگە هێزی بەدیهێنان هاوڕای  قسە بێت بێ کاری کردەیی ئاشکرا. (Fromkin, Rodman, Hyams:2013, p175). هەمان سەرچاوە دەڵێت: "گرینگی  لێکۆڵینەوەی کردە قسەییەکان کۆنتێکستی سیاقی روونە.  بەسەدان کاری کردەیی لەزمانەکاندا هەیە کە لەم بوارە بەکاردێت"

شیکردنەوەی    دەربڕینو ڕستە، وایکردووە، کە عەقڵیەتی گوتارو نوێکردنەوەی رەنگدانەوەی واتای رستە نوێیەکە بێت، لەدەوروبەری پراگماتیکیدا بۆ هاوکاری ئەرکێکی دیکە.

(ڤان دایک) گریمانەی ئەوە دەکات وەسفی رستەسازی، کە لەسەر ئەم شێوەیە دامەزراوە، پێویستە بۆ ئاستێکی تر فراوان بکرێت، کە ئەویش ئاستی (کردە–Act)یە،  بەو واتایەی (گوتن  speach) تەنیا لەسەر رۆنانی ناوەوەو ئەو واتایەی، کە بۆی دانراوە وەسف ناکرێت، بەلکو ئەو کردەیەش دەبێت لەبەر چاوبگیرێت، کە قسەکردنەکە رای دەپەڕێنێت. (تۆفیق:٢٠٠٢، ١٨).

### ١-٣-١٢ بۆچوونەکانی ئۆستنو سێرل

گەلێک زانای زمانەوانی کاریان لەمبارەوە کردووە، هەرچەندە رەنگە لەهەموو بۆچوونێکدا یەکیان نەگرتبێتەوە، بەڵام جیاوازی بۆچوونەکانیان نەبۆتە رێگر لەبەردەم گەشەکردنی توێژینەوەی زمانەوانی، بەپێچەوانە ئەمە سەرەتایەکی دیکەی گەشەکردنی ئەم بوارەیە. تەنانەت  بەشێکیان کەموکورتی، یان کێشەکانی پێش خۆیان چارەسەر کردووە. لەم بوارەشدا ئاماژە  بەتیۆرەکانی )جۆن ئۆستنو جان سێرل( دەکەین.

### ١-٣- ١٢-١ جۆن ئۆستن

ئەم زانایە دوای  سەردانی زانکۆی هارفارد لەساڵی ١٩٥٥و پێشکەکردنی ژمارەیەک وانەو دوانزدە لەو وانانە دوای مردنی بەناوی "چۆن بە وشە شت

بەدیدێت" (How to do things with words) بڵاوکراویەوە. بەمەش کردە قسەییەکان دوای ئەوە بازێکی جۆری دا لەتوێژینەوەی فەلسەفیو چووە بواری زمانەوانی. بەمەش (ئۆستن) دەریخست، کە کردە قسەیی پاشخانێکی کۆمەڵایەتی هەیەو تەنیا دەربڕینی قسەیەکی رووتی راستگۆییو درۆ نییەو ئەمەشی بۆ دووبەشی "کردەی راپەڕاندنو راپۆرتی" دابەشکرد. (اوستن:١٩٩١ ،٩).

(ئۆستن) لەو وانانەی لەزانکۆی هارفارد لەئەمەریکا لەبارەی کردە قسەییەکان پێشکەشی کردووە، دەربارەی زمانو بەدیهێنانی شت بێ ئەوەی لەدەرەوەی بەکارهێنانی وشە شتێکی دیکە بەکاربهێنرێت، یان بەدیهێنانی شت بەقسەو گۆکردن، ئاماژە بەوە دەکات، کە جیاوازی لەنێوان (کردەی راپەڕاندن Performatives or performative utterancesو کردەی راپۆرتیی Constatives or Constative utterances) لەکردەی گوتاردا هەیە، کە بەفەرمانو نەفیو تۆمەتبارکردنو داوای بوردنو پەیمانو هەڕەشەو ... هتد)ی داناوە، پێی وایە، کردەی راپۆرتیی دەبێت راست بێت یان درۆ، بەڵام کردەی راپەڕاندن مەرجدارە ئەمەش، یان (دڵخۆش نییە، یان دڵگیر نییە infelicitous or unhappy)، کە واتای بوونی کێشەیەک لەنێوان قسەو گۆکردنەکەو بارودۆخی گۆکردنەکەدا هەیە، یان (دڵخۆشو دڵگیرە Felecitous or happy ) ئەمەش بارودۆخی گونجاوی ئەنجامدانی بۆ دەڕەخسێت.

(ئۆستن) (کردەی ئینجازی/ راپەڕاندن performatives) دابەشی سەردوو جۆر کردووە، کردەی راپەڕاندنی راستەوخۆ، کە (بەدەربڕینی روونی primary or implicitperfomatives) وەکو پەیمانو گرەوکردن دەبێت، بەڵام (کردەی قسەی نیمچە شاراوە Explicit performatives)، ئەوانە دەربڕینی ناڕاستەوخۆن، کە هەندێک کێشەیان تێدا دەبێت، بۆ نموونە، کە دەڵێین:

37- بەیانی ئامادە دەبم.

ئەمە گفتو پەیمانە، بەڵام مەرج نییە وابێت، تەنیا قسەیەکە، کە باسی ئامادەبوونەکە دەکات.( **العجالی:** www.alimbaratur.com).

(ئۆستن) (کردەی راپۆرتی Locutionary act) بەحەقیقەتو کاریگەریش داناوە، دیارە ئەمانەش دەکرێنە چەند بەشێکی جیاواز، کە بەمجۆرەی جیاکردۆتەوە:

***آ- کردەی هەواڵی***

ئەمە بەگشتی لێکۆڵینەوە لەگۆکردنی یەکەکانی گوتار دەکات، یان لەرێگەی واتا رووداوەکە دەردەبڕێت. بۆ نموونە:

*38- ناوی ئەم پاپۆڕە پاشا ئەلیبێزە.*


دابەش دەبێت بۆ (کردەی دەنگی The phonic act)و کردە قسەیی‌و (وشە Vocables)، کە لەکاتی گۆکردنەکەدا، یان لەکاتی کردەی سەرنجڕاکێشاندا دەردەبڕدرێت.

***ب- کردەی بەدیهێنان*** Illocutionary act

ئەمە پەیوەستە بەگۆکردنی ئاڵۆزبوونەوە، وەکو بەکارهێنانی کردەی پێشنیازکردن، یان داوای لێبوردن، (کاریگەری قسەکەرSpeaker's intentions) لەئەنجامی شێوەو جۆری قسەکەیدا دەردەکەوێت، کەواتایەکی مەبەستدار بەدیدێنێت. ئەمجۆرە کردەی بەدیهێنانە هەموو کاتێک پێویستی بە بەکارهێنانی کردەی راستەوخۆ نییە. (هەمان سەرچاوە: www.alimbaratur.com).

***ج- کردەی کاریگەری*** Perlocutionary act

جۆرێکە لەکردەی بەدیهێنان، یان دەرخستنی لەرێگەی قسەکانمان لەبارەی شتێک وەکو لەدۆخی بڕواهێنان، رێگەگرتن، هەستپێکردن. ئەمە شوێنەوارو کاریگەری لای وەرگر جێدەهێڵێت. ئەمەش ئەو وشانەن، کە قسەکەر/ نێرەر لەسەر بنەمای زمانی رێکوپێک، کە هەڵگری مەبەستێکی دیارکراوە لەدەوروبەرێکی سنووردار بۆ گەیاندنی پەیامێک کاردەکات. (**هەمان سەرچاوە:** www.alimbaratur.com).




**وێنەی ژمارە (٧) کردەی ڕاپۆرتی**

### ١-٣-١٣-٢ جۆرەکانی کردەی بەدیهێنان

(ئۆستن) ئەمەی بۆسەر پێنج جۆر دابەش کردووە، کە بریتین لە:

***آ- کردەی هەڵسەنگاندن‌و حیکمەت*** Verdictives

ئەمە پەیوەستە بەدەرکردنی حوکمێک لەدادگا، یان وەرزشکردندا. کردەی هەڵسەنگاندن بەگشتی‌و کردەی دادگایی پێچەوانەی کردەی یاسادانان‌و جێبەجێکردنە، دەچێتە خانەی کردەی ئاڕاستەکردن. دەبێت ڕاستگۆیانە بێت، وەکو چۆن دەبێت لەهەمان کاتدا درۆیش بێت، چونکە بڕیاری دادوەر مەرج نییە هەمیشە ڕاست بێت. لەمانەش ئاماژە بە"بڕیاری بێ تواناوەرچوون، هەڵسەنگاندن، ئیدانە، دەستنیشانکردن، شیکردنەوەو تێبینی" دەکرێت. (Austin:1962,150).

***ب- ئاڕاستەکردن*** Exercitives

ئەم کردەیەبۆ ئیفادەدان لەبواری راو حوکمی تایبەت بەو شتەی بەکاردێت، کە دەبێت بیکات، لەکاتێکدا مەرج نییە کاری ئەویش بێت. ئەمە دادوەر بەکاریدێنێت، کە خەڵکی دیکە بەزۆر، یان مافیان هەیە، یان مافیان نییە، کارێکی وەها بکەن، بەکاردێنێتو ئەم بوارەش ئەم شتانە دەگرێتەوە: ئامۆژگاری، بڕیاردان، فەرمان، پەیوەستبوون، هەڵبژاردن، هوشداریدان، ریکلام، سەرکۆنە، هەڵوشاندنەوە، لێبووردن، رێگەپێدان، بەرزکردنەوەی داوا، دامەزراندن، تانە لێدان، دەرکردن ... هتد.

**ج- پەیماندان** Commissives

کردەی پەیامدان وا لەنێرەر/ قسەکەر دەکات، ناچار بێت پابەست بەرەوشتێکی دیارکراو بێت، وەکو "رێگەدان لەکاتی بوونی بەرژەوەندیدا، رەهن، سوێندخواردن، رەزامەندی، رێککەوتن لەسەر شتێک، پابەستبوون/ ئیلتزام، یان پەیماندان بە...، گفتدان، گرێبەست، پاڵشتی دۆزێک، یان دەربڕینی نیاز ... هتد". (ibid:150-151).

**د- رەوشت** Behabitives

ئەمە پەیوەندی بەکردە قسەییەکانو رەوشتەوە هەیە، کە بەرانبەر هەڵسوکەوتی کەسێک لەرابردوو، یان هەنووکە بەکاردەهێنرێت. کردە قسەییەکان ئەم هەڵسوکەوتو رەوشتانە لەرێگەی راگەیاندنو دەرخستنی هەستو نەستمان، یان وەسفکردنی دەردەبڕێت، وەکو:

١- پێشکەشکردنی داوای لێبوردن - ببورە.

٢- پێشکەشکردنی سوپاس - سوپاس.

٣- دەربڕینی سۆزداری وەکو ناخۆشیو مجامەلەو سەرەخۆشیو پیرۆزبایی لێکردن.

٤- بۆ خووڕەوشت وەکو بایەخ نەدان، وریاکردنەوە، رەخنە، گلەییو چەپڵەلێدان، داخستنی چاو، رەزامەندی، ئاگادارکردنەوە، هاندان.

٥- بۆ سڵاولێکردن وەکو پێشوازیی‌و بەڕێکردن.

٦- بۆ هیوا بۆخواوستن‌و بەرزکردنەوەی کاسی خۆشی‌ونۆش‌و هیواخواوستن.

٧- بۆ رووبەروبوونەوە، بەرزکردنەوەی ورەی رووبەڕوبوونەوە، ناڕەزایەتی‌و تووڕەکردن.

***ت- دەرخستن/ نمایشکاری*** Expositives

ئەمجۆرەی کردە قسەییەکان بەکاردێت بۆ (پاساوخوازی/ الحجاج)، کە ئامانجی نیشاندانی فکرەیەک، یان ئاڕاستەیەک، یان روونکردەوە، یان پاڵپشتی کردنێکە لە کاتی گوتار داندا، کەسانی بەتوانا خۆیان لەگەلێک "لێدوان‌و بەکارهێنانی شتی پاساو هێنانەوە دەپارێن". (الحسناوی:٢٠١١،٨٧)، لەبەرانبەر ئەوەدا دەبێت جەخت لەسەر بابەتی سەرەکی بکرێت، بەڵام ئەم کردەی هەڵسەنگاندن‌و ئاڕاستەکردن‌و رێنوێنی، رەوشتی، گفتدان‌و پەیمان لەیەک کاتدا دەگرێتەوە، کە (ئۆستن) بەمجۆرە رێکی خستووە:

**١**- راگەیاندن، ئینکار، وەسف، پۆلێنکردن.

**٢** - تێبینی‌و ئاماژە.


**٣**- وریاکردنەوە، وەڵام، داواکردن، گوتن.

**٤**- شاهێدی، بڕیار، هاوپەیمانی.

**٥**- قبووڵکردن، (داهێنان/تنازل)، خۆکێشانەوە، رەزامەندی، راستکردنەوە، پێداچوونەوە.

**٦** - پەی پێبردن، دەرەنجام، پاساوخوازی، پێداگری.

**٧**- دەستپێکردن، کۆتایی، تەفسیر، لێکدانەوە، جیاکردنەوە، دیارکردن، راڤەکردن، دارشتن، واتا، گەڕانەوە بۆ...، پشت پێبەستن، تێگەیشتن. (اوستن:١٩٩١، ١٨١).




**وێنەی ژمارە (٨) کردەی بەدیهێنان**

### ١-٣-١٣-٣ مەرجەکانی سەرکەوتنی کردەی بەدیهێنان Felicity Conditions

(ئۆستن) هەندێک مەرجی بۆ سەرکەوتن‌و باش بەڕێوەچوونی کردەی بەدیهێنان داناوە، هەرکاتێکیش پێشێلی ئەم بنەماو مەرجانە بکرێت، ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی سەرنەکوتوو. لەهەمان کاتدا هەندێک مەرجی دیکە دانراون، کە (ئۆستن‌و سێرل) بەیەکەوە لەسەری هاوڕان. (John:1980, 353) کە بەمجۆرەیە:

١- مەرجی پێشەکی Preparatory conditions

ئەو کەسەی کارەکە بەدیدەهێنێت دەبێت شایستەی ئەمە بێت، بۆ نموونە لەکاتی ڕاگەیاندنی جەنگ دەبێت سەرۆک، یان نوێنەری دەسەلاتی سەربازی

کەرێگەپێدراوە، بابەتەکە رابگەیەنێت، یان لەسیاقێکی گونجاودا بێت، ئەگەر ئەم مەرجە پێشەکییە نەبوو، ئەوە کردە قسەییەکە دەشێوێت.

٢- مەرجی راستگۆیی Sincerity conditions

چۆن کردە قسەیی راستگۆ دەبێت، کاتێک کەسێک لەبارەی شتێکەوە بدوێت‌و مەزەندەش بکات شتکە هەڵەیە، ئەم پێشێلییە پێی دەگوترێت درۆکردن. ئەگەر ئەمە لە دادگا بوو، یان لەکاتی سوێندخواردن روویدا، ئەو کەسە دەزانێت، کە قسەکانی درۆیە، واتە بە تەزویرکردن تۆمەتبار دەبێت. یان هەندێکجار قسەکەر وایلێدێت سۆزی راستەقینەی خۆی بەهۆی مجامەلەو مەینەتییەک بشارێتەوە، تاهەستی کەسەکانی بەرانبەری بریندار نەکات.

٣- مەرجی بنەڕەتی Essential conditions

واپێویست دەکات قسەکەر لەچوارچێوەی هێزی (بەدیهێنان/ تحقیقی)و مەبەستی دیارکراو، یان ئیلتیزام نەکردن بەدۆخەکەوە، یان هەڵسوکەوتێکی پێچەوانە، وانیشان دەدات، کە ئەو لەئیلتیزام کردنەکەی پەشیمان بۆتەوە. بۆیە ئەمجۆرە ئیلتیزامە لێرەدا، واتای ئەوە نادات، کە مرۆڤەکان راستگۆن، لەوەی دەیڵێن، یان حەقیقەت بێژن بن.

## ١-٣-١٣-٤ کردە قسەییە سەرنەکەوتووەکان (نەگونجاوەکان) Infelicitous Speech Acts

(ئۆستن) مەرجی بۆ کردەی بەدیهێنان داناوە، ئەگەر مەرجەکان نەهاتنەی، ئەوە کردە قسەی نەگونجاو/ سەرنەکەوتوو بەدیدێت‌و مەرجەکانیشی بەمشێوەیە کورت کردۆتەوە:

أ – لەچوارچێوەی ئەو نەریتەی لەسەری رێککەوتن، دەبێت خەڵکانێکی دیارکراو بەوشەی دیارکراو، لەکاتی دیارکراو قسەبکەن، کە کاریگەری دیارکراویش بەرهەم دەهێنن.

٢ – پێویستە هەموو بەشداربووەکان دەستەبەرکردنی زانین بەشێوەیەکی ڕاستو تەواو بەکاربهێنن.

٣– ئەگەر زانین بتوانێت لای مرۆڤە دیارکراوەکان، فکرەکانو هەستکردنو نیەتە دیارکراوەکان دابین بکات، بەشداربووەکان لەسەریانە بەکردەوە ئەم فکرو هەستکردنو نیەتانە دەربخەنو هەیانبێت.

٤– ئەگەر زانین هەریەکێک لەبەشداربووەکان وابەستە بکات، تاکو بەرێگەیەکی دیارکراو هەڵسوکەوت بکەن، ئەو کاتە لەسەریانە بەهەمان ڕێگەوە هەڵسوکەوت بکەن. (**العجالی:** www.alimbaratur.com).

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانە بکەین:

39- A - دڵخۆشنیم - unhappy

40– B – بەڵێن دەدەم پارە قەرزکراوەکەت بۆ بگێڕنەوە.

41- C - ئەم پەیکەرە تێکدەشکێنم.

دەردەکەوێت بەدیهێنانی کردە قسە لەمجۆرە ڕستانەدا بەدیهێنانی کردەیەکە، بەڵام هەر یەکێک لەبارێکی جیاواز دەردەکەوێت. لەڕستەی (A)دا (کەسێک لەبارێکی نالەبار دایەو دڵخۆش نییە). لەڕستەی (B)دا لەکاتێکدا ئەو سوورە لەسەر ئەوەی، کە خاوەنی قەرزەکە نەبێت. لەڕستەی (C)یشدا بێ ئەوەی دەرکەوێت، کە ئەو کەسێکی شیاوو لەبارە بۆ ئەم کارە.


ئەگەر نموونەیەکی دیکە لەبارەی سنوور بەزاندن بهێنینەوە ، وەکو:

42- سڵاوت لێبێت.

ئەم سڵاوە لەکاتێکی نالەباردا ئاڕاستەی گوێگر بکرێت، بێ ئەوەی پێشتر ئاگای لێبووبێت، وەکو جۆرێک لەخۆ تێقورتاندن دادەنرێت. لەم حاڵەتەدا سنووربەزاندنی سەلاوکردنی تێدایە. ئەمجۆرە هەڵسوکەوتە، کە خۆ تێقورتاندنو سنوور بەزاندنیشە، هەردووکی بەهەڵسوکەوتێکی باش دانانرێت. ئەمە لەسەر هەردوو باری (unhappiness دڵتەنگیو happiness دڵخۆشیش) جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر بڵێین:

43– هەموو منداڵەکانی جۆن کەچەڵن. Jhon 's children are bald

ئەمە لەلایەک دڵتەنگەرەوو ناخۆشە. بەڵام لەلایەکی دیکەدا دڵخۆشکەرە، چونکە ئەوە بەشێوەیەکی (پێشەکی وای دەردەخات (Persupposes)، کە جۆن منداڵی هەیە. (Austin:1962, 49) لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جیاوازی زۆر لەنێوان (وامەزەندەکردن (Implies)و بەدرۆخستنەوەو (پێچەوانەبوون(Contradiction هەیە. ئەرکی شیکاری گوتار ئەوەیە، کە جیاوازی لەنێوان مەبەستی قسەکردنو راستیو ناڕاستی بابەتەکان دەربخات. هەروەها بەدیهێنانی کردە قسەیی لەرێگەی بەکارهێنانی گۆکردن/وشە چۆن دێتە ئاراوە بە بەشداری نێرەرو وەرگرو بەشدارەکان لەپرۆسەی گۆکردندا.




**وێنەی ژمارە (٩) پرۆسەی بەدیهێنانی کردە قسەیی لەرێگەی قسەکردنەوە**

## ١-٣-١٣-٥ كردە قسەیی Locutionary، هێزی كردە قسەیی illocutionary، پێویستی كردە قسەیی Perlocutionary acts

(ئۆستن) لەبارەی بەدیهێنانی كردە قسەییەكان باسی ئەوە دەكات، كە كردە واتای ئەوە دەگرێتەوە، كە قسە لەبارەی شتێكەوە بكرێت. بۆیەشە لێكدانەوەی دەستەواژە گۆكراوەكان لەراستیداو بەهەمان هۆكاریشەوە، واتای لێكدانەوەی كردە قسەییەكانە، هەروەها لەبارەی بەدیهێنانی كردە قسەییەكانەوە سێ خاڵی دەستنیشان كردووە، وەكو:

١ – روونە بۆ بەدیهێنانی كردە قسەییەكان، پێویستیمان بەگۆكردنی كردەی دەنگی هەیە. دەبێت خودی خۆی بكەرێكی دیكە بێت، نەك لەبەر ئەوەی كردە قسەییەكان پێكهاتەیەكی كەرتی ناوەخۆییە لەژێر كردەكانی دەنگیدا، چونكە ئێمە دەزانین، كە كردە قسەییەكان لەئاخاوتنی گۆكراودا پێكدێت. هەروەها پێچەوانەشی راست نییە، كە یەكێك پیتێك بەدەنگێكی خۆی گۆ دەكات، كەچی هیچ كردەیەكی تێدا نییە، نموونە:

44– (رۆیشتن– go )، ئەمە هیچ كردە قسەیەكی تێدا نییە. واتە چاوگ نابێتە بەدیهێنەری كردە قسەیی.

٢ – شتێكی روونە كردە قسەییمان وا ناسیوە، كە دوو مەرجی تێدایە: فەرهەنگیو رستەسازی، نموونە:

45- هەروەها پشیلەكە بە تەواوەتی.

ئەم وشانە لای ئێمە بەكاردێنو گوتراوێنو ناسراون، بەڵام لەڕووی رستەسازییەوە كەموكورتیان تێدایە. بۆیە لەم خاڵەدا دەبێت بایەخ بەچاكبوونی دەنگو رەزمو ئاوازەی گوتنەكەیان بدرێت.

٣ – كردە قسەیی وەكو كردەی دەنگی، دەكرێت بگوترێتو چاوی بەرانبەر بكرێتەوە، هەروەها دەكرێت نوێبكرێتەوە، ئەمەش ببێتە هۆی جوانكردنی دەنگەكەو ئاوازەكەی، یان چاونوقاندن، یان جووڵاندنی لەشو

ئاماژەکانی...هتد. نموونەی دەقی شیعریێکی جوان، ئەم شتانە بەدی بکەین، بەلکو داهێنانی تێدابکرێت، لەچۆنیەتی دەربڕینی شەپۆلەکانی دەنگ، بۆیە بەخوێندنەوەی شیعرەکەی دەتوانرێت پێی بگوترێت شیعرەکەت چەندە جوانە، یان بەجووڵاندنی شانەکانی، هەستی باشبوونی خۆی دەردەبڕێت. (Ibid:116).

**١-٣-١٣-٦ کردە گوتار Discorse Act**

قسەکردن لەبارەی شتێکەوە کردە بێت، دەنگ دەربڕینێکیش کردە قسە بێت، دەبێت کردە گوتار چی بگرێتەوە؟ مەبەست ئەو گوتارەی دەنگو قسەکردن دروستی دەکەن، مەبەستو پەیامەکان دەبنە ستراتیژی دەربڕینو ئاماژەکان هێڵە سەرەکییەکانی پەیوەندیکردنن لەنێوان نێرەرو وەرگر. گوتمان دەنگ گۆکردنێک، یان جووڵەیەکی جەستە، کردەیەک دەگەیەنێت، ئەگەر کردەی تێدا بێت. کەواتە دەست بەرزکردنەوەیەک بۆ وەستاندنی جەماوەر لەکاتی گوتاری سەرۆکێک، هەمان شت ناگەیەنێت؟، کە هێزی گوتاری وەستاندنی جەماوەرە بۆ ئەوەی سەرۆکەکە درێژە بەگوتارەکەی بدات. یان گۆکردنی دووبارە، دووبارەی جەماوەر بۆ خاوەنی گوتارەکە، یان دەنگی کارەساتە، لەسیاقی قسەکرنداو شێوازی گوتنو ئاوازەی گۆکردنەکەی چۆن لەئاوەڵناوێک، دەیکاتە کردەیەکی قسەیی، لەشێوەی هەواڵ، یان ئاگادارکردنەوە، یان سۆز جووڵاندن دەرکەوێت؟

(ئۆستن) لەبارەی کردە گوتار ئاماژە بەوە دەکات، کە هەواڵی تێدایە، یان لەکاتی حوکمدان، دەبێت بەڵگەی سەلماندن هەبێت، کاتێک دەڵێین:

46– (ئەو گوتی)، پشیلەکە لەسەر رایەخەکە بوو، یان ئەو گوتی:

47– دەتوانێت بڕوات، یان ئەو گوتی:

48– لەسەرمە بڕۆم. واتا قسەکەی ئەوەیە، کە تۆ بڕۆیت. راستە ئەمە هەندێک بواری کردەی ناڕاستەوخۆی تێدایە، بەڵام گونجاوترە، کە واتاو سەرچاوەی روون لەخۆبگرێت. هەندێکجار، کە نەتوانرێت بگوترێت دەڵێت کە....، دەتوانرێت لەجیاتی ئەم دەستەواژانە بگوترێتو ئەم دەستەواژەیە

بەکاربهێنرێت: هەواڵ دەدەم کە..، یان ئامۆژگاری دەکەم کە....، ئەمەش لەکاتی سووکردنی رستەی فەرماندان بەجۆرێکی دیکە دەردکەوێت، بۆ نموونە:

49- گوتی: لەسەرمە کە.....        (لەم رستەیەدا داوام لێدەکات شتێک بکەم).
٥٠- گوتی: ئەو دەتوانێت کە....        (داوای لێبوردنی لێکردم کە....).

بۆیەشە (ئۆستن) گوتنو گوتاری بەلەیەکچوو ناوبردووە، هەروەها دەبێت بەکارهێنانی هەمەجۆری گوتنەکان لەگەڵ گۆڕینی واتاو سەرچاوەکان بێت، ئەوە لەکاتی گوتاردانیشدا هەمان شتە. گوتن یەکەیەکی تەواوی (زمانە language)، هەر هەڵەیەک لەگوتندا دەبێتە هۆی نەگەیاندنی واتاکە بەتەواوی، بەڵام گوتاردان یەکەی (قسەیە Speech). هەر هەڵەیەک لەگوتارداندا، دەبێتە دروستکردنی ئاڵۆزیو شاراوەییو مەزەندەکاریو ... هتد. (ئۆستن) کێشەیەکی دیکە لێرە لەبارەی کردە گوتار دێخێتە بەرباس ئەویش کێشەی تایبەتمەندی دابەشبوونی قسەیە، ئەگەر سەیری ئەم دوو نموونەیە بکەین:
51- ئەو هێرشت دەکاتە سەر.
٥٢- دەرگاکە داخە.

لێرەدا دیار نییە مەبەست ساخکردنەوەی حوکمدانەکە لەهەواڵ گەیاندنە، یان ئاڕاستەکردنی قسەکەیە بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە، واتە ئینشای رستەکە بەشێوەی راستەوخۆ شێوەی هەواڵدەری بەکارناهێنرێت. (اوستن:١٩٩١ ،١٢٥).

### ١-٣-١٣-٧  بەدیهێنانی کردە قسەیی

چۆن کردە قسە بەدیدێتو دەکرێتە کردەیەکی بەرجەستەی هەستپێکراوی کاریگەر.  بۆ ئەم پرۆسەیە دەبێت قسەکردن هەبێت، قسەکردنیش دەبێت گوتنو ئاوازەو جۆرەکانی دەبڕینو دەستەواژەو پشت بەستن بە واتاو سەرچاوەی هەبێت. بۆ ئەم مەبەستە ئۆستن هەندێک هەنگاوی دیارکردووە وەکو:
ا – دەبێت پرسیارکەرو وەڵامدەرەوەش بین لەبارەی پرسیارەکانمان.

٢ – دەبێت لەهەواڵ، ئاگادارکردنەوە، یان دڵنیاکردنەوەکانمان شت بدەینە بەرانبەرەکەمان، بێ ئەوەی داوای لێمانکردبێت.

٣– بڕیاری حوکمێکی یاسادانان دەردەکەین، یان ئیرادەی خۆمان رادەگەیەنین.

٤– بەڕستەیەک دەئاخڤین، بەرانبەرکەمان ئەو شتە پتر تێدەگەن، لەوەی خۆمان ویستومانە.

٥– دەبێت روونبین لەوەی ناومان لێناون، یان دەستمان پێکردووە، یان رەخنەمان لێگرتوون.

٦ – رووداوەدات بیناسێنین، یان پێناسەی بکەین، یان بیانوێنین. (Austin:1964,119).

## ١-٣-١٢-٨ پێویستی کردە قسەیی

بۆ بەدیهێنانی کردە قسە ئاماژەمان کرد دەبێت قسە بەکاربهێنرێت، قسە بە چ رێگەو بەچەند جۆر بەکاردەهێنرێت، مەبەست لەچۆنیەتی هەڵبژاردنی جۆرەکانی قسە، بۆ بەدیهێنانی کردە قسە چییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستییەکانی کردە قسە دەردەخەن. دەزانرێت ئەرکی زمان هەمەجۆرەو هەمەلایەنە، جۆرەکانی ئەو رێگایانەی زمانی تێدا بەکاردێتو رۆڵی واتا تێیدا دیارکردنی ئەرکەکانییەتی. ئەم جیاوازییەش لەڕستەی هەواڵیو ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوەو دەرکردنی فەرمان بەڕوونی دەردەکەون. راستە ئەو پەیوەستە بەرستەسازی، بەڵام کێشەی لێڵیو ئاڵۆزیی تێدەکەوێت. بۆیەشە هێزی پرسیارکردنو دەوڵەمەندی کەسانی هەڵگری قسەکان، ئەو ئاڕاستەیە دیاردەکەن، کە پێی دەگوترێت پێویستی کردە قسەیی.

دەکرێت بگوترێت پێویستی کردە قسەیی لەوە دەردەکەوێت، کە جۆرێک لەلێڵی تێدایە، لێڵیەکەش لەسیفەتی بەکاربردنەکە لەمەبەستو بەدیهێنانەکەی دەردەکەوێت. (Austin:1964,141).

کەواتە، کە پێویستی کردە قسەییەکان لەدەرەوەی پەنابردنە بەر هیچ ئامرازێک، یان هۆکارێکی کردە قسەیی بەدیدێت، وەکو بەکارهێنانی گۆچانو لولەی کلانشیکۆف بۆ ترساندن، بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی تێدا بەکاربهێنرێت. تەنیا دەکرێت بەئامانجەکانمان بگەین، بێ بەکارهێنانی کردە قسەیی، یان وا لەگوێگر بکرێت، ملکەچمان بێت، یان بڕوای پێبهێنین.

**١-٣-١٣-٩ هێزی کردە قسەیی**

مەرج نییە لەبەدیهێنانی پێویستی کردە قسەییدا پێویستت بە بەکارهێنانی ئامرازێکی کردە قسەییەکان هەبێت، بەڵام بۆ بەدیهێنانی هێزی کردە قسەییەکان، ئەمە پێویست دەبێت، چونکە وەکو ئۆستن دەڵێت: هێزی کردە قسەییەکان بەشێوەیەکی ورد بەدی نایەت، ئەگەر ئامرازەکانی بۆ بەدیهێنانی دەربڕینو گەیاندنی مەبەستی روونو ئاشکرا بەکار نەیێت. بۆ نموونە ئەگەر بە گۆچانێک هەڕەشەم لە یەکێک کرد، راستە ئەمە هەڕەشەیە، بەڵام مافی ئەوەی هەیە بزانێت بۆ هەڕەشەم لێکردووە، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی قسەکردن بەدیدێت، یان لەکاتی رەزامەندیو تەئیدکردنو پەیماندان، بۆیە گەلێک هێزی کردە قسەیی هەیە، بێ بەکارهێنانی قسەکردن بەدی نایەت. بەتایبەتی لەکاتی دەرخستنی راستیدا. لەحاڵەتی سەلماندنو گەیاندنی هەواڵو گفتوگۆکردنو مەزەندەکردنو پێشبینیو دانپێدانان، یان بەدەستهێنانی شتێک لەرووی یاساییەوە لەکاتی دانانی (یاسادا Verdictives)، یان (نیشاندانی وەسفیExpoitives)، کە شێوازێکی (دال/ هێما) لە(بارەی توندی Commissives). پێویست بە بەکارهێنانی قسەکردنو گۆکردن دەکات).اوستن:١٩٩١، ١٢٥).

سێ خاڵ بۆ دروستکردنی کاریگەری لەرێگەی بەدیهێنانی هێزی کردە قسەیی دروست دەبێت، کە گرینگن بۆ ناسینەوەو سەلماندنی هێزی کردە قسەیی ئەوانیش بریتین لە:

١– ئەگەر هەندێک کاریگەری تەواو بەدی نەیەت، هێزی کردە قسەیی بەپرۆسەیەکی گونجاوو لەبار دانانرێت، واتە هێزی کردە قسەیی لەئەنجامی بوونی کاریگەری دەبێتو پەیوەستە بەبوونی کاریگەرییو چارەسەریی لەکێشەیەکدا. چۆن بزانین ئەمەی کرا، هێزی کردە قسەییە؟ ئاسانترین شت دڵنیابوونەوەیە لەوەی کاریگەری لای گوێگر/ قسەبۆکراو گەیشتبێتە دەلالەت، لەکاتی راپەڕاندنی قسەکەو بەدیهێنانی هێزی گەیشتنەکەدا. واتە هێزی کردە قسەیی لەوەدایە لەڕووی دەروونییەوە گەیشتبێتە تێگەیشتنی تەواوو دڵنیایی لەچاک تێگەیشتنو ئەو وێنایەی لەنێو (مەبەستەکە uptake) دایە. ( Austin:1964,116).

٢– نابێت تێکەڵی لەنێوان رەوشی کاریگەرییو کارتێکردنەکانو روودانی ئەنجامەکان بکرێت، کە بەشێوەیەکی بەدوای یەکدا هاتوو دەبێت، کاتێک وشەی کاریگەرییەکەو روودانی ئەنجامەکان دەردەکەون. بۆ نموونەی کەدەڵێین:

53– ئەم پاپۆڕەم ناو لینا ئیلزابێس.

کاریگەرییەکە ناو لێنانەکەیە، یان ناوهێنانی ئەم گوتنەیە، کە بۆ پاپۆڕەکە دانرا. واتە ئەگەر ناوی سەرکردە ستالین بووبێت، کەواتە ئەم گەڕانەوەیە بۆ ستالین رەتکراوەیە. (اوستن:١٩٩١، ١٦).

٣– ژمارەیەکی زۆری هێزی کردە قسەییەکان وەڵامەکەی هەست پێدەکرێت لەرێگەی پاشکۆو پاشگرەکانییەوە بەشێوەیەکی ئاسایی لەملکەچبوونو پەیماندان لەدڵسۆزیدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە جیاوازی لەنێوان ئەم دوو گوتنە دەکرێت:

54- فەرمانم پێکرد کە... یان ئەو ملکەچ بوو...

55– وام لێکرد ملکەچ بێت..

جیاوازییەکەیان دیارە، چونکە ئەوەی دواییان ئامرازی پێویستی دیکە بەکارهاتووە، تا وای لێکراوە ملکەچ بێت، وەکو هۆکارەکانی بڕواپێهێنانو دەسەڵاتە کەسییەکان. لەمبارەوە (ئۆستن) بۆچوونی وایە سێ رێگە هەیە، کە

بەهێزی کردە قسەییەکانمان دەبەستێتەوە ئەویش (بڕواهاتنی لەدڵەوە bound up with effects)و (دڵنیابوون لەتێگەیشتن distnict from the producing )و (ڕەوشی کارتێکردنو کاریگەرییەکانی characteristic of the perlocutionary ).(Austin:1962, 117 ).

بەگشتی لەبارەی هێزی کردە قسەیی دەبێت ئاماژە بەباری ئینشائیو هەواڵی بکەین، لەچوارچێوەی ئەم تیۆرەدا. لەگوتاردا چۆن هێزی کردە قسەیی دەتوانێت، کردەیەکەی کردەیی، بەکردەوە دروستبکات. ئەو هێزەی دەبێتە دەربڕینێکی کاریگەرو دروستکەری هەڵوێستو فۆرمۆلەکردنی بارودۆخێکی دیارکراو، ئەمانە کامەیە؟ هەروەها جۆرەکانی هێزی کردە قسەیی چۆن بەدیدێن؟ بۆیە (ئۆستن) لەم بارەوە چەند جۆرێکو شێوەیەکی دیارکردووە، لەوانە:

**١** – لایەنی دانپێنانی لەبار، یان دانپێنەنانی.

***١–آ/ هێزی کردە قسەیی.***

**٢** – لایەنی ڕاستگۆییو درۆ.

***٢–ب/ واتای کردە قسەیی (واتاو سەرچاوە)***.(Ibid:147 ).

بەپێی بۆچوونەکانی خاوەنی ئەم تیۆرە، هەردوو باری ئینشائیو هەواڵو ڕەگەزەکانی کردە قسەییو هێزی کردە قسەیی بەشێوەیەکی گشتی وەکو ڕەگەز دەچنە نێو چوارچێوەی کردە قسەیی. بۆیەشە دەکرێت ئەم دابەشکردنەی بۆ جۆرەکانی هێزی کردە قسەیی ئەنجام دراوە، بەمجۆرە دابڕێژرێتەوە:

***ا***– گوتەی کردە قسەیی وەکو ڕەگەزی گشتی، لەپێگەو هەڵوێستی قسەکردنەوە سەیر دەکرێت، کە تەنیا دیاردەیەکە لەکۆتاییدا باسی دەکەین.

**ب**– حاڵەتی سەلماندنو وەسفکردنو ئەوانی دیکەش، تەنیا ناون لەنێو ناوەکانی دیکەدا، کە ئاماژە بەهێزی کردە قسەیی دەکەن.

**ج**– لەلایەکی دیکەدا تێڕوانیمان بۆ ئەو ناوانە، لەسەر بنەمایەکی سەرەکیدا دەبێت، کە پەیوەستە بەڕاستگۆییو درۆ. مەسەلەی ڕاستگۆییو درۆ، کە ناوو

گوتنێکن هەر تەنیا ئاماژە بە (پەیوەندییەکانrelations) و (سیفەتەکانqualities) ناکەن، بەلکو تەنیا ئاماژەن بەلایەنی (تەقدیرdimension) و (راستاندن assessement).

**د-** هاودژیەک لەنێوان حوکمی پێوانەییو بەهاو حوکمی واقیعی لەسەر حەقیقەتەکە دەتوێتەوە، وەکو هەموو کارە هاودژە نائاساییەکان.

**هـ-** تیۆری واتاسازی، بەو واتایەی هاوشانە لەگەڵ واتاو سەرچاوە. ئەگەر گوتمان: منداڵەکانی جۆن هەموو کەچەڵن. ئەو کاتە دەبێت بیسەلمێنین، کە جۆن منداڵی هەیە. ئەمەش کارێکی قورسە. بەتایبەتی لەڕستەی ئینشائی راستەوخۆدا پێویستمان بەدیارکردنی لیستی (کارەکان Verbs) هەیە، هەروەها لیستێکیش بۆ هێزی کردە قسەییەکان دروست بکەین، تا جیاوازی لەنێوان ئینشائی سەرەتاییو ئینشائی راستەوخۆ بکرێت. (اوستن:١٩٩١، ١٥٨).

ئەو دابەشکردنەی ئۆستن کردوویەتی بۆ هێزی کردە قسەییەکان، دابەشکردنێکە وەکو چینەکانی کۆمەڵگە وایەو ناوی بردووە بە ١- (چینی راستگۆییو درۆ true/false fetish)و ٢- (چینی بەهاو واقیع value/ fact fetish ). هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئۆستن هێزی کردە قسەیی دابەشی سەر پێنج جۆر کردووە وەکو:

***١- کردەی هەڵسەنگاندن و حیکمەت Verdictives***

***٢- کردارەی ئاڕاستەکردن Exercitives***

***٣- کردەی راپەراندن/ باری توندی Commissives***

***٤- کردەی رەوشتی/ پەیماندان Behabitives***

***٥- کردەی دەرخستنو نیماشکردن Expositives***




**وێنەی ژمارە (١٠) هێزی کردە قسەیی/ ئۆستن**

بەکورتی ئاماژە بەهەریەکێک لەم دابەشکردنە جۆرییەی هێزی کردە قسەییەکان دەکەین:

***جۆری یەکەم/*** بڕیارو حوکمەکانی دادگا: ئەمە تایبەتە بە بڕیارەکانی دادگا، یان حوکمەکانی ناو یاریگا، مەرج نییە ئەمە بڕیاری کۆتایی بێت. یان حوکمێکی نموونەیی دەبێت لەوێنەی حوکم لەبیروڕاداان، یان هەڵسەنگاندن.

***جۆری دووەم/*** بەکارهێنانی یاسادانانە: ئەمە پەیوەستە بە خودی بەکارهێنانی دەسەڵات، یاساو دەسەڵات، نموونەی دامەزراندن لەکاردا، هەڵبژاردن، یان فەرمان لەبڕیارداندا، پێدانی بڕیاری جێبەجێ کردن، کە نزیک بێت لەئامۆژگاریو ڕێنوێنیو وریاکردنەوە.

***جۆری سێیەم/*** نموونە ئیلتیزامییە: ئەمەش بەڵێن پێدانو بریکاریو زەمانکردن دەگرێتەوە، لەچوارچێوەی لێدوانو ڕاگەیاندنی نیازو مەبەست بەرێوەدەچێت، هەروەها لێدوانو مەبەست دەچنە چوارچێوەی پەیماندان. لەبیری نەکەین پەیوەندی لەنێوان بڕیارەکانی دانانی یاساو بەکارهێنانی یاسا هەیە.

***جۆری چوارەم/*** باوردۆخی رەوشتییە: ئەمەش لایەنێکی زۆر دەگرێتەوەو ئاسان نییە هەموویان بەرجەستە بکرێن، ئەمانە لایەنی رەوشت و دابونەریتی کۆمەڵگە لەوانە شێوەی داوای لێبوردن و پیرۆزبایی و سەرەخۆشی و سوێندخواردنو جنێودان و رووبەڕبووەنەوە ... هتد دەگرێتەوە.

***جۆری پێنجەم***/ ئەمەش لایەنە وەسفییەکان دەگرێتەوە: کە ئاسان نییە، پێناسە بکرێت، ئەمەش گوتنی ئەو دەستەواژانە دەگرێتەوە، کە لەکاتی نارەزایەتی دەربڕینو گفتوگۆ دەگرێتەوە، کاتێک دەگوترێت:

٥٦- نارازیم، دژم، بەڵام.... روونی دەکەمەوە، پێم وایە....

ئەم دوو بەشەی کۆتایی فراوانو رۆڵیان لەبەکارهێنانی زمان کاراو هەمەجۆرە. (Austin:1962, 152-160).

باری گوتنو قسەکردنو شێوازی دەربڕینی رستەکانیش، کە هەریەکە لەهێزی کردە قسەیی هەمیشە شەقڵی گشتیو باوی خۆیان هەیە، رەچاوی قسە گۆکردنەکە دەکات، وەکو هەریەکێک لەم رستانەی خوارەوە:

57– دەبێت جۆن ژوورەکە جێبهێڵێت؟ – will John leave the room؟

58– جۆن دەبێت ژوورەکە جێبهێڵێت.– John will leave the room.

59– جۆن، ژوورەکەی جێهیشت! – John, leave the room.

60– ئەو جۆنە دەیەوێت ژوورەکە جێبهێڵێت. –Would that John left the room.

61– ئەگەر جۆن ژوورەکە جێبهیڵێت، هەروەها منیش جێیدەهێڵم. – If John will leave the room, I will leave also.

وەکو (Searle) دەڵێت هێزی کردە قسەیی هەر یەک لەم رستانە لەشێوازی قسەکردنی هەر یەک لەگوتنەکانی ئەم رستانەی سەرەوە دایە( searle: http://faculty.unlv.edu/jwood/unlv/article what is a speeech act.pdf.5).

## ١-٣-١٣-١٠ بۆچوونەکانی سێرل (Jhon. R. Searle)

(سێرل)، کە هەندێک بە قوتابی ئۆستنی دادەنێن، کاری کردووە گرفتەکانی ئەو تیۆرەی تایبەتە بەکردە قسەییەکانو ئۆستن دایهێناوە، چارەسەر بکاتو کێشەکانی نەهێڵێت، بۆیە (سێرل) بۆچوونەکانی لەبارنەی چوار کردە دیارکردووەو ئەوانیش بریتین لە:

**١- *گۆکردن بەوشە*** Utterance act

ئەمەش رستەو مۆرفیمەکان، یان بەدیهێنانی کردەی ئاخاوتن دەگرێتەوە.

**٢- *کردەی هەواڵی*** Propositional act

ئەمەش *آ* - گواوستنەوە **ب** - پاڵپشتی دەگرێتەوە.

**٣- کردەی بەدیهێنان** Illocutionary act ئەمەش هیواخواوستنو... هتد دەگرێتەوە.

**٤- *کردەی کاریگەریی،کارتێکردن*** Perlocutionary act

بڕواپێهنانی کەسێک کاتێک کارێک بکات، یان کارتێکردنی لەسەر دروست بکات، بەهەڕەشە، یان رازیکردنی، ئەمەش وای لێبکات کارێک بکات، یان واز لەکارەکە بهێنێت، دواتر هەڵسوکەوت بکات بەو رەوشتەی، کە دەمانەوێت بەدەست بهێنرێت.

**(سێرل) کردەی بەدیهێنانی کردۆتە پێنج خاڵ:**

**١- *خاڵی سەلماندن***

کردەی سەلماندن گفتدانە بەگوێگر لەبارەی حەقیقەتی هەواڵ. هەواڵی وا پێشکەش دەکات، بەو وەسفەی نواندنی حاڵەتێکی واقیعییە، کە هەبووە. ئەمانە باسی حوکمی راپۆرتو وەسفی دکتۆرو پۆلێنکردنو شیکردنەوەکان دەگرێتەوە. مەرجی راستگۆییش لەئیسپاتکردنو سەلماندندا بە بەردەوامی بڕواپێهێنانە.

***٢- خاڵی ئاڕاستەکردن***

وا لەگوێگر دەکات بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات، کە گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو هەواڵە، کە ئاڕاستەی دەکرێت. مەرجی راستگۆیی دەروونی لەم خاڵەدا رەنگدانەوەی خواستە.

***٣- خاڵی پەیوەستکردن/ ئیلتزامییە***

گفتدانە لەلایەن قسەکەرەوە تاکو بەشێوەی سیاقی کردەی نواندن دەستپێبکات، کە لەنێوەڕۆکی هەواڵەکە دایە. ئەمە بەردەوام لەدژی بەرژەوەندی گوێگر دەوەستێتەوەو سوودی پێناگەیەنێت. ئەمەش دەکرێت نە حەقیقەتو نە دروستکراو بێت.

***٤- گوزارشت، دەربڕین***

ئەمە دەربڕی ئەو مەرجەیە، کە راستگۆیی کردە قسەیی تێدایە، کە نموونەی داوای لێبوردنو سوپاسو پیرۆزباییو پێشوازییو سەرەخۆشی دەگرێتەوە.

***٥- خاڵی لێدوان***

ئەرکی ئەم خاڵە رووداوی گۆڕینە لەدونیادا، ئەویش لەرێگەی نواندندا بەجۆرێک، کە نیشان بدرێت، دۆخەکە، یان شتەکە گۆڕاوە. ئەمەش گونجاوە بۆ ئەوەی بڵێین:


٦٢- رامانگەیاند کەئێوە ژنو مێردن.

٦٣-ئەوەی شەڕ رادەگەیەنێت.

٦٤- تۆ دەرکرداوی.

٦٥- من دەستم لەکار کێشایەوە.

**لەم گوتنانەی باسکران، ئاڕاستەیەکی گونجاو لەواقیعدا دروست دەکرێت، کە وشە دەبێتە نواندنەکە، وەکو ئەوەی شتەکە، یان دۆخەکە گۆڕابێت. ئەم ئاڕاستەیەش گونجاوە لەوشەوە بۆ واقیع. (سیرل: ٢٠٠٦، ٢١٧).**




**هێلکاری ژمارە (١١) کردەی بەدیهێنان لای سێرل**

(ئۆستن) پشت بەراستیی و درۆ[١] دەبەستێت ، کەچی (سێرل) پشت بەحەقیقەت و تێربوون[٢] لەنێوان قسەکەر/ نێرەرو گوێگر/ وەرگر دەبەستێت.

---

١ – لەباسی راستی و درۆ لە گوتاری مەعریفیدا، یا بە گشتی لە چوارچێوەی ئەو زانستەی، کە ئەمرۆ بەشێکی گرینگو کارای سەرەکی بواری زمانەوانیی و کردەی بەکارهێنانە لە نێو کۆمەڵگادا. (فۆکۆ) نموونەی تیۆری زانستی بایۆلۆجیو نەباتی دەهێنێتەوە بۆ دەرخستنی راستیی و درۆ لەگوتارەکانیاندا، کە باسی (مەندل Mendel )، کە باسی پاشماوەیی دەکات لەچوارچێوەی ئاسۆی زانستیدا بەسیمایەکی شاراوەی دەزانێت، هەرچەندە ئەو دان بەڕاستییەکی دیکەی نوێی داهێنراو لەبواری زانستی بۆماوەیی دەنێت، هەرچەندە مەندەل هەقیقەتی گوتووە، بەڵام واقیع نییە لەچوارچێوەی حەقیقەتدا، ئەو حەقیقەتەی، کە پەیوەستە بەگوتاری بایۆلۆجی سەردەمەکەی خۆی. (فۆکۆ: ٢٠١٣،٢٦).

٢ – هەروەها ئەو بڕوای وایە، کە مەسەلەی راستبوون و هەڵبوون لەلایەن هەموو لقەکانی مەعریفی لەچوارچێوەی خۆیان دانیان پیناوە. هەروەها ئەو پێی وایە، کە زانستی نەباتیو پزیشکیی هەڵەیان تێدایە، وەکو چۆن لەراستیش پێکهاتوون). لەهەمان کاتدا (ئۆستنو سێرل)یش بەهەمان شێوە، یان بەکەمێک جیاوازییەوە لەباسی گوتارو کردە قسەییەکان لەشیکردنەوەی پراگماتیکدا بۆ رۆڵی زمانو پێکهاتەی گوتار ئاماژە بەراستیی و درۆ (ئۆستن)و حەقیقەتو تێربوون (سێرل) دەکەن. ئەمە رەنگە ببێتە بنەمایەکی هاوبەش لەشیکردنەوەی گوتاردا. هەرچەندە (فۆکۆ) حەقیقەت وابەستەی گوتار لەسەردەمی ناوەڕاست دەکات، کە پێی وایە ئەمانە ئەگەر لای هەندێک بەقسەی شێتو بێ ناوەڕۆکو بێ

بەهاش دانرابن، بەڵام ئێمە لەکاتی گەڕان بەدوای واتادا پەنایان بۆ دەبەینەوەو هەندێک لەقسەی شێتەکان، خۆمان گۆیان دەکەینەوە. ( هەمان سەرچاوە: ١٠و ٢٤و ٢٥).

# بەشی دووەم

## گوتارو دەسەڵات

### ٢-١ گوتارو دەسەڵات (دەروازیەک)

لەڕوانگەی ئەوەی گوتار دەسەڵاتەو هەر لە سۆنەگەیەوەش دەپرسین ئایا گوتار دەسەڵات دروست دەکات، یان دەسەڵات گوتار دروست دەکات؟ بۆ دیارکردنی ئەم ئامانجە توێژینەوەکەمان لەم بەشە، کە پەیەیوەستە بە گوتارو دەسەڵات، ئەنجام دەدەین. رۆڵی زمانی سیاسیو کاریگەرییەکانی لەدروستکردنی گوتاری کوردیدا چییە؟ جیاوازی نێوان دەسەڵاتی گوتارو گوتاری دەسەڵات کامانەن؟ لەگوتاری کوردیدا پێگەی دەسەڵات لەبەدیهێنانی گوتارێکی لەبار، گوتارێک هێزی مەنتیقو زمانی قسەکردنی تێدا بێت، کامەیە؟ ئەرکی شیکردنەوەی گوتار بەپێی رێبازی کردە قسەییەکانی (ئۆستن)، دەرخستنی پێکهاتەو لایەنە هاوبەشو هێزی کاریگەریو لایەنە شاراوەکانی گوتارە چییە؟.

لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ژمارەیەک هێلکاریو هێلکارییەو چارتو داتای زمانی، کە هەڵێنجراوی نێو گوتاری سیاسی کوردین لەچوارچێوەی چەند نموونەیەکی گوتاری دەسەڵات، شیکاری هێزی کردە قسەییەکان illocutionary actsو پێویستی کردە قسەییەکان لەجۆری (هەواڵو دەرکردنی فەرمانو ئاگادارکردنەوە...هتد) دەکەین، لەرێگەی ئەو چەمکانەی لەلایەن ئێمەوە دیاردەکرێن، شیکارەکەمان رۆدەچێتە ناخی کاریگەرییەکانی زمانو هێزە بزوێنەرەکانی گوتنو قسەکردن لەلایەن (نێرەرو وەرگرەوە)، ئەم

نەخشەیەی دامان ڕشتووە، چاکتر لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە روون دەبنەوە، کە گوتار چۆن دەبێتە سەرچاوەو بەدیهاتنی بڕیار. گوتار دەسەڵاتو هێز پێکدەهێنێتو هێز دەجوولێنێتو مەنتیقو نامەتیق لێکدەکاتەوە. واتە ئەو هێزەی، کە خودی گوتارەکەیە، بەدیهێنەری کردە قسەییەکانو دەسەڵاتیشە. سەرباری ئەوەش پەیوەندییەکی پتەوو بەیەکەوە بەستراو لەنێوان مەعریفەو دەسەڵات هەیە. (فۆکۆ:٢٠١٣، ٧٠). لەبارێکی دیکەشدا گوتاری سیاسی (شتێکە دەیخەینە ناو شوێنگەی تێڕامانەوە). (هەمان سەرچاوە:٣٦). سەرباری سیستەم[١]و رەگەزەکانی گوتاری سیاسی، کە لەجۆرەکانی دیکەی گوتار جیاوازی دەکاتەوە، سەرباری ئەو رەگەزانەی لەگوتاری سیاسیدا بەکاردێن. لەگوتاری سیاسی کوردیدا بەشێک لەم رەگەزانە بەڕوونی دەبینرێن، بەتایبەتی لای گوتاری دەسەڵات بایەخێکی زۆر بەم شتانە دەدرێت "ئاین، زمان، مێژوو، رۆشنبیری، هاوبەشی هەستو نەست، بەرژەوەندی، یەکێتی کەلتوور، رۆشنبیری هاوبەش، ئەمانە ئەو رەگەزانەن، کە یەکێتی نەتەوەیی لەسەر رۆدەنرێت". (عکاشە:٢٠٠٤، ٥٩). سەرباری ئەو مەبەستانەی بەشاراوەیی، یان رووکەشیی بەکاردێن. لەگوتاری دەسەڵاتی کوردیدا سەرباری بوونی هێزی راشکاوانە، شاراوەیی زۆریش بەخۆیەوە دەگرێت.

ئەگەر کردەی دەنگی شیکردنەوەی دەربڕینە دەنگییەکان بێتو کردەی قسەکردنیش شیکردنەوەی چۆنیەتی گوتنی هەندێک قسەو وشەو رووداوی

---

١ - ئەم بۆچوونانە دەرفەتێکی دیکە دەدەنە گوتار بۆ ئەوەی باشتر کاریگەرییەکانی لەبواری زمانو دەسەڵاتو کاری سیاسی دەرکەوێت کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر (سیستەمی گوتار)، ئەمە جەخت لەسەر دەسەڵاتی گوتار دەکاتەوە، هەروەها هەموو ئەو رۆڵی سانسۆرو سەرچاوەکانی دەسەڵاتو کۆمەڵگا لەسەر گوتار دەگرێتەوە، چونکە گوتار نابێتە ئامرازێک بەدەستی دەسەڵاتەوە، بەلکو لە خودی خۆیدا دەسەڵاتە. (بغورە : htpp://insaniyat.revues.org )، هەروەها سسیتەمی گوتار ئەو ترسانە لەگوتار وێنا دەکات ئەو ترسەی، کە لەڕاستیدا رەنگدانەوەی دەسەڵاتو هێزی گوتارە. (هەمان سەرچاوە: htpp://insaniyat.revues.org)

دەنگەکان بەشێوەی تایبەت بێت، ئەوە شیکردنەوەی کردەی گوتار راستەوخۆ باسی رێگاکانی بەدیهێنان‌و چۆنیەتی بەکارهێنانی گۆکردنەکان دەکات، بەو واتایەی باسی واتاو سەرچاوە دەگرێتەوە، نموونەی:

62– پشیلەکە لەسەر رایەخەکەیە. ئەمە گەیاندنی هەواڵی کردە قسەییە.

63– پشیلەکە لەسەر رایەخەکە بوو. ئەمە گەیاندنی هەواڵی قسەی گوتارییە. (اوستن:١٩٩١,
١١٦).

## ٢-٢ گوتاری نەتەوەیی کوردی

کە گوتاری نەتەوەیی شیدەکەینەوە، دەبێت رۆڵی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و رۆشنبیری کۆمەڵگە لەبیرنەکەین، پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان هاتنەدی گوتارو پێکهاتەی کۆمەڵگە هەیە. بەرەچاوکردنی زاڵی خێلایەتی‌و ئاینی‌و ناوچەگەریی، کە لەسەردەمانێکی کۆندا وەکو سێکوچەیەکی کارا لەنێو گوتاری کوردیدا دەرکەوتوون، هەروەها بەشێک لەگوتاری کوردیش ئەم سێکوچکەیەی لەسەرەتاوە کردۆتە بنەمای هێزی بڕیاردەری خۆی، تەنیا مەزەندەی ئەوە دەکرێت، کە ئەمانە لەهەندێک سەردەمدا بووبنە هۆکار بۆ درەنگ دەرکەوتنی گوتارو پێگەیشتنی. هەرچەندە بەکارهێنانی زمان لەرۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ وەکو هەنگاوێکی گرینگ بۆ سازدانی زەمینەی دەرکەوتنی گوتاری کوردی دادەنرێت، بەڵام لەکردەوەدا گوتارەکە بارگاوییە بەفکری ئیسلامی، گوتارێکی تەوحیدخوازی نێوان تورک‌و کوردو تەنانەت ئەرمەنیشە. (عەتا قەرەداخی:٢٠٠٧، ١٧٤). لەم هەنگاوەدا زمانی کوردی وەکو بنەمایەکی سەرەکی پێکهاتنی گوتار بەکاردێت، بەڵام خودی گوتارەکە بەرەو ئاڕاستەیەکی دیکە دەچێت. ئەگەر بەکارهێنانی ناوی کوردستان واتای دەرکەوتنی گوتاری نەتەوەیی بێت، بەڵام گوتارەکە لەژێر کاریگەری بزاڤە سیاسی‌و ئاینییەکانی ئەو کات دایە. دەبینرێت لە یەکەم دەسەڵاتی کوردیدا لەسەردەمی شێخ مەحموود لەچوارچێوەی "گوتارێکی خێلایەتی ناوچەیی

ماوەتەسکدا بووە". (هەمان سەرچاوە:٣٥١). تەنیا گوتارەکەی شێخ مەحمود بەهۆی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو کات، کاریگەری تەریقەتو شێخایەتیو ئیسلامییەکی راشکاوانەشی پێوەدیارە.

کەواتە گوتاری ئەو کات هەر سێ لایەنە نێگەتیڤەکەی لەخۆگرتووە. وەکو چۆن لەسەردەمی کۆماری مەهابادیشدا، گوتارێکی خێڵایەتی پەرتبووی دواکەوتووی داخراوی بارگاوی بەرەگەزەکانی نەتەوایەتیو ئاینیو کەلتوری مارکسی- لینینی هەبووە. (هەمان سەرچاوە:٤٥٣)، کە لەوێشدا گوتاری نەتەوەیی دەرنەکەوتووە، بۆ ئەوەی ببێتە دەسەڵاتو هێزێکی یەکلاکەرەوە لەدیارکردنی چارەنووسی کوردستان.

لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١دا، لەگەڵ مانەوەی دوو هۆکاری هۆزایەتیو کاریگەربوونی رۆڵی ئاینیش وەکو کارتیکردنی سەرخانی کۆمەڵایەتی، کە هۆکارن شان بەشانی ژمارەیەک دیاردەی دیکە، لەبەردەم سست دەرکەوتنی گوتاری نەتەوەیی، لەهەمان کاتدا بنەماو سەرەتای پێکهێنانی گوتاری نەتەوەیی دەستپێدەکات. کورد بەرەو بەپرۆژەکردنی زمانو مافە نەتەوەییو سەلماندنی بوونی نەتەوەیەک بەدەستووریی بەرەو گوتارێکی نەتەوەیی روون دەچێت. ئەمەش دەبێتە بنەمای پێکهێنانی ئەو گوتارە نەتەوەیە، کە دواتر لەتەک گەشەکردنو چاکتر دەرکەوتنی، دووچاری قەیرانو دابەشبوونو هەڵچوونو داچوون دەبێت، کە لەژێر هەژموونی ناکۆکی سیاسی حزبی بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ناواخنی گوتاری نەتەوەیی بەرەو گەشەکردن دەچێت. هەرچەندە لەدوای شۆڕشی ئەیلول ماوەیەکی درێژخایەن بەخۆوە دەگرێت.

ئەم بنەمایە جارێکی دیکە بەهۆی دەرکەوتنی فرە حزبیو فرە ئایدۆلۆژیا لەدوای ساڵی ١٩٧٦ گیردەخواتەوە، بەڵام پێشگیرمانەی ئەوە دەکرێت، کە گوتاری نەتەوەیی لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ لەشێوازو هێزو چوارچێوەیەکی نوێو کاریگەر لەئاستی ناوەوەو دەرەوەی زمان دەرکەوتەوە. ئەمەش وایکردووە، کە توێژینەوەکەمان لەتەک دابەشبوونی گوتارو دەرکەوتنی

گوتاری هەمەجۆری سیاسیو کۆمەڵایەتی، بایەخ بەشیکردنەوەی کردە قسەییو هێزی کردە قسەییو پێویستییەکانی کردە قسەیی لە گوتاری کوردی بدات.

لەچوارچێوەی کاتی دیارکراوی ئەم توێژینەوە، کە ساڵەکانی نێوان ۲۰۰۹-۲۰۱۳ دەگرێتەوە، لەهەڵبژاردنی ۲۰۰۹ی پەرلەمانی کوردستان سیو یەک قەوارە بۆ سەد کورسی بەفەرمی ناویان تۆمار کراوە. کە بیستیان لەپێشتریش هەبوون، بەڵام بیستو دوو قەوارەی نوێش داوایان تۆمار کردووە. (رۆژنامەی رۆژنامە، ژمارە٤٥٧). کەواتە لەم ساتەوەختەدا سیو یەک گوتاری حزبی، قەوارەی نێو پرۆسەی هەڵبژاردن هەبووە. گریمانەی ئەوەش دەکرێت، کە ئەم فرەییە، بووبێتە هۆکار بۆ ئەوەی گوتاری کوردی دابەشو لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجیای تەوژمی حزبی سیاسی نەتەوەییو دیموکراتیو ئاینی بووبێت.

گرفتەکانی بەردەم گوتاری نەتەوەیی لەکوردستاندا، گرفتی هەمەلایەنەن، کە دەکرێت هەندێکیان لەم خاڵانە ئاماژە پێبکەین:

***یەکەم***- نەبوونی زمانی ستانداری کوردی، گوتاری دابەشی سەر زارو شێوەزارە کوردییەکان کردووە. رەنگە بۆ پاراستنی یەکسانیو بایەخدان بەزارەکان ئەم دۆخە گرینگ بێت، چونکە زارەکان هیچیان لەیەکتر کەمترو بێدەسەڵاتر نین، بەڵام ئەم دیاردەیە لەدۆخی دابەشبوونی نەتەوەییو نەبوونی دەوڵەتی کوردستانی، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت، بێتە هۆی سست دەرکەوتنی گوتاری کوردی. بۆ نموونە لەئەنجامی نەبوونی زمانی یەکگرتوو، سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی بەشێوەیەکی رەوان بە دوو دیالکتیک گوتار پێشکەش دەکات، بەڵام هەندێک ئەمە بەگرفت لەبەردەم پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیی دادەنێن، کەچی جەلال تاڵەبانی سەرۆکی پێشووی عێراق بەیەک دیالکتیک گوتار پێشکەش دەکات، کە نیوەی پتری کورد بەئاسانی لێی تێناگەنو هەندێکی دیکەش ئەمە بەگرفت بۆ دروستکردنی هاوسەنگیو پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەی دەزانن، هەروەها نەشبۆتە بنەما بۆ زمانی

ستانداری کوردی. کەواتە لەهەردوو دۆخدا گوتاری نەتەوەیی لەبەردەم قەیران دایە، کەبەشێوەیەکی سەرتاسەری‌و گشتگیر سەیر دەکرێت.

***دووەم-*** لەرووی فکرییەوە، بەشی زۆری گوتارەکان خۆماڵی نین‌و هاوردەن لەدەرەوە هێنراون. هەرچەندە، وەکو لایەنێکی ئەرێنی دەکرێت سەرەتای دەرکەوتنی گوتاری نەتەوەیی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەخۆماڵیکردنی پرۆژەی گوتاری نەتەوەیی کوردی دابنرێت، ئەمەش لەڕێگەی پرۆژەیەکی سیاسی میللی‌و دەرچوون لەخۆبەستنەوە بەتێزو فکری هاوردەی هەرێمایەتی‌و جیهانی بوو، کە دەسەڵاتی کوردی لە نێو شۆڕشدا بناغەی بۆ دانا. ئەمەش لەسێ ئاستدا بوو:

*آ*- بە کوردیی کردنی گوتار لەڕێگەی بە کوردایەتیی کردنی سیاسەت.

**ب-** دەرکەوتنی راگەیاندنی کوردی، دەزگای پەروەردەیی کوردی، کۆبوونەوەی سەرتاسەری لەهەموو پارچەکانی کوردستان لەدەوری شۆڕشی ئەیلوولدا.

**ج-** دەرکەوتنی بزاڤێکی دیبلۆماسی کوردی **لەناو**چەکەو جیهاندا، سەرباری دەرکەوتنی زمان‌و گوتارێکی نوێی دیبلۆماسی نەتەوەیی کوردی‌و یاریکردنێکی سیاسیانەی کارا لەنێوان پێکهاتە گەورەکانی جیهاندا.

***سێیەم-*** گوتاری حزبی باڵادەستە. لەکوردستاندا گوتاری دەسەڵات رەنگدانەوەی گوتاری حزبی دەسەڵاتەو بەهەمان شێوەش گوتاری ئۆپۆزسیۆنیش رەنگدانەوەی گوتاری حزبی بەرهەڵستکارە. لەهەردوولایەن وەکو دامودەزگایەکی فەرمی نەبوونەتە خاوەنی گوتارێکی دامەزراوەیی.

***چوارەم-*** کاریگەریی ئایدیۆلۆجی بەسەر گوتاری نەتەوەیی کوردی زاڵە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی ناوەخۆیی‌و کێشەی هەرێمایەتی. (بلقزیز:٢٠١٠، ٢٦٤)و رۆمانسیەتی شۆڕشگێڕانەو زاڵبوونی گوتاری رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی.

لەم سەردەمەدا گوتاری کوردی دەرفەتی کارابوون‌و خۆماڵی بوونی زۆری لەپێشە، بەڵام هەژموونی بەئیسلامکردنەوەی کورد، کاریگەری گوتاری

ئیسلامخوازی جیهانی لەهەندێک بواردا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەبینێت، وەکو چۆن گۆلۆبالیزم لەرێگەی راگەیاندنەوە، کار بۆ خاوبوونەوەی ئەم تەوژمە دەکات، هەروەها جۆرێکی دیکە گوتاری حزبی ناڕۆشن، یان کورتبین گومان دەخاتە سەر ئاڕاستەی یەکەم، کە خۆماڵی کردنی گوتاری کوردییە.

**٢-٣ دەسەڵاتی گوتار**


**لەم سەدەی دواییدا زمانەوانی گەشەی زۆری کردووە، رەخنە لەدیاردە زمانییەکان ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم زانایەکانی زمانەوانی کردەوەو بایەخیان بەچەمکو زمانو مێژووی زانستو ئەبستمولۆجیا دەدات، لەهەمان کاتدا (فۆکۆ) بایەخی بەگوتارو دەسەڵاتی گوتار دا. ئەو هێڵە یەکلاکەرەوەی گوتارو دەسەڵات دیاردەکاتو بەمەش روونتر دەرکەوت، کە گوتار ئامراز نییە بەدەست دەسەڵاتەوە، هەروەها رەنگدانەوەی ئەویش نییە، بەلکو** لەنێو **خودی خۆیدا دەسەڵات پێکدەهێنێت، هەروەها گوتار دابەشی سەر مەقبولو رەتکراوە نابێت، بەلکو گوتار دابەشی سەر مەرعیفەو دەسەڵات دەبێت. (بغورە: htpp://insaniyat.revues.org ).**

گوتار بەدابڕاوی لەدەوروبەرو پەیوەندییەکانی لەنێوان بەدیهێنەرو بەکارهێنەریدا شتێکی سادەیە، بەڵام کاتێک شیکاری خودی گوتار دەکرێت کێشەی بەربەستەکانی دەردەکەوێت، کە ئەمەش دواتر بەخێرایی دەری دەخات چەندە پەیوەستە بەخواست[1]و دەسەڵاتەوە. (فۆکۆ:٢٠١٣، ٩). کاتێک

---

١ - لە باسی حەقیەتو درۆدا فۆکۆ باشتر روونی دەکاتەوە، کە پشت بەسێ بەش دەبەستێت یەکەمیان جوگرافییەو رەنگە لەدواتریش هەندێک لایەنی مێژوویی پێوەبێت. دووەم ئەمە نەک هەر دەستکاری بەخۆیەوە دەگرێت، بەلکو لەگواستنەوەی بەردەوامیش دایە. سێیەم ئەمە دامودەزگای رێکخراو بەرێوەی دەبات، بەجۆرێک فەرزی دەکاتو بەرێوەی دەبات، کە ئەم بەشە لەکۆتاییدا کاری پێناکرێت بێ بوونی خواستو مەبەستو هەتا ئەگەر کەمیش بێت هەندێک توندتیژە، بۆیە کاتێک بمانەوێت حەقیەتو هەڵە لەگوتار جیا بکەینەوە، ئەمە هەروا کارێکی لەخۆوەیی نابێت. (فۆکۆ:٢٠١٣، ١١).

لەباری دەروونییەوە شیکاری پێکهاتەو ئاراستەو نیازی گوتار دەکرێت، دەردەکەوێت هەر ئەو خۆدەرخستنە نییە، یان شاردنەوەی (خواست/رغبە) نییە، بەلکو خودی بابەتەکە خواستەکەیە. (هەمان سەرچاوە:٩).




**وێنەی ژمارە (١٢) دەریدەخات، کە گوتار دەسەڵاتو خواستە**

بەپێی بەدواداوچوون ساخ دەبێتەوە، کە دەسەڵاتی گوتاری کوردی لەبەردەم قەیرانێکی نوێ دایە، کە ئەویش پەیوەستە بەدەسەڵاتی خودی گوتارەکەوە، بەشێکی دیاری گوتارەکان درێژدادڕو رستەی قەبەو هەناسەتەنگ کەرن، فکرو ئایدیۆلۆجیا وەک رستەیەک لەپێناو قسەی ورووژێنەر بەکاردەهێنرێت، قسەکان لەکردەکان پترن، جاری وایە بەشی زۆری قسەکان گێڕانەوەیە، دووبارەیەو تەئکیدکردنەوەیە، نەک وریاکردنەوە. کە هەندێک رەچاوی ئەو ناکەن، کە گوتار رۆڵێکی بنەڕەتیئ لە پێکهێنانی عەقڵەیەتی مرۆڤ دەگێڕێت. (موسی:٢٠٠٩، ٦١). تەنیا ئاساییە گوتاری سیاسی کوردی خۆی تێکەڵی ئاخاوتنی ئاساییو ئایدۆلۆژیاو ناوچەگەرایش بکاتەوە. دەسەڵاتی گوتار قبوڵکراوو رەتکراوە نییە، بەلکو گوتار بۆ سەر دەسەڵاتو مەعریفە دابەش دەبێت. گوتار دەسەڵات دەگوازێتەوەو بەرهەمی

دەهێنێت، بەهێزی دەکات، هەروەها بۆمبرێژی دەکاتو دەیتەقێنێتەوەو وای لێدەکات بێبابەخ بێتو ڕێگەی **لەنێو**چوونیشی دەدات. (بغورە: (htpp://insaniyat.revues.org.




**وێنەی ژمارە (١٣) گوتار ڕەتکردنەوەو قبووڵکردن نییە، دەسەڵاتو مەعریفەیە**

کاتێک ڕەخنە دێتە ئاراوە، گوتاریش دەردەکەوێت. لەو کاتەدا گوتار سەربەخۆیی‌و دەسەڵاتەکەی پێکدەهێنێت، کە لەتەک ئەو هەلومەرجەدا گرژی‌و دەمارگیری‌و هەتا بەئاگاهاتنەوەش دەخولقێت. بۆیەشە، کە (فۆکۆ) باسی شیکردنەوەی مێژوویی کردەیی گوتار دەکات، پشت بەدەرکەوتنی (مێژووی گشتی Histoire Generale) گوتار لەشوێنی (مێژووی جیهانی Histoire Globale) دەبەستێت. (htpp://insaniyat.revues.org هەمان سەرچاوە ).

گوتار دەسەڵاتێکی مادییە، هێزو توانای هەیە لەئەنجامی ئەو هێزەی دەسەڵاتی گوتار لەبواری زمانو دەربڕینو کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت.

هەرچەندە ئەم مادیی بوونە لەزمانو بەکارهێنانی راستەوخۆو لەکاریگەریی‌و کارتێکردنەکانی ناڕاستەوخۆ دەردەکەون، رەچاوی ئەوە دەکرێت، کە دەسەڵاتی گوتاری کوردیی، لەنێوان خواستەکانو گوتاری قبووڵکراوو رەتکراوە لەنێوان دەسەڵاتو مەعریفەدا لەململانێ دابێت. دەتوانرێت بگوترێت، کە زمان گرنگترین ئامێری مرۆڤە وەکو پارەو حکوومەتو مولکیەتی تایبەتی‌و خێزانو ژنهێنانو ... هتد، ئەوانە هەموویان پێویستیان بەزمانە، بەڵام زمان پێویستی بەوانە نییە. (سێرل:٢٠٠٦، ٢٢٤). واتە گوتار پێویستی بەزمانە، بەڵام زمان پێویستی بە گوتار نییە، بۆیە زۆر گرینگە بایەخی زمانو بەکارهێنانی بزانرێت). گوتار لەژێرچاودێریی دایە، لەهەندێک بواردا ئەو چاودێرییە لەدژی گوتار بەڕێوەدەچێت سنووردارکردنی دەسەڵاتی گوتارو شێوازی پەیوەندیکردنو کەمکردنەوەی هێزی قسەکردنو دەربڕین لەخۆدەگرێت، ئەمەش گریمانەی ئەوەمان نیشان دەدات، کە زمان دەبێت لەلایەن نێرەرو وەرگرەوە چاودێری بکرێت.

گوتار پەیوەندی بەدوانی کەسێکەوە هەیە لەکاتێکی دیارکراودا، بۆیەشە لەشیکردنەوەی گوتاردا گەڕان بەدوای واتا نییە، بەلکو گەڕانە بەدوای ئەو ئەرکەیە، کە پەیوەستە بەواقیعەوە، بۆیەشە گوتار "وەکو یەک بەدوای یەکداهاتنی رووداوەکانە تێبینی دەکرێت". (فۆکۆ٢٠١٣، ٧٧). رووداو شتێکی مادی نییە، بەلکو شتێکی کردارییە، شوێنی خۆی هەیە لەپەیوەندییەکانداو لەئامادەبوونیشدا بەدیدەکرێت، هەروەها لەهەڵوەشانەوەدا، لەدابڕانو کەڵەکەبوونیشدا هەیە. (فۆکۆ:٢٠١٢، ٤٢).

پێویستە رەچاوی ئەو بکرێت، کە دەسەڵاتی گوتاری کوردی لەزمان جیاناکرێتەوە، لەهەندێک بواردا زمانێکی یەکگرتووو بەکارهێنانی وشەو زاراوەو رستەو واتا نەبۆتە جێگەی بایەخی گوتاری کوردی. هەروەها گوتارو قسەکردنو ئاخاوتنی ئاسایی رۆژانە، جۆری گوتارەکانو کاریگەری حزبی لەنێو دەسەڵاتی گوتاری کوردیدا وەکو فەلسەفە، تێڕوانینو دونیا بینی کاریگەری لەسەر بەشێک لەگوتارەکاندا هەیە. هەندێک جار دەردەکەوێت، کە

گوتاری دەسەڵاتی کوردی لەئەنجامی پەیوەندیی راستەوخۆی نێوان گوتارو رووداوی پێشتر بڕیارلێدراو دروست نەبووە، لەهەمان کاتیشدا هەندێک جار وەکو گوتاری حوکمو بڕیار لەشێوەی ستوونی دەردەکەوێت نەک ئاسۆیی، کە ئەمەش دەرفەتی بەدیهاتنی دادپەروەریی‌و یەکسانی کەم کرۆدتەوە.

**٢-٤ دەسەڵات**

زۆر پێویستە پێش ئەوەی باسی هێزی بەدیهێنان لەچوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەت بکرێت، گونجاوترە لە مەنتیقی دەسەڵات بگەین، لەکاتێکدا گوتار خۆی دەسەڵاتە.

دەسەڵات‌و گوتار لەسێ بواردا کورت دەکرێتەوە **١- *رێگەپێگرتن:*** ئاماژەیە بەرێگەگرتنی بواری سێکسی‌و سیاسی‌و ئاینیی، پێی وایە گوتار لەبنەڕەتدا شتێکی ساکارە، بەڵام کێشەی رێگەپێگرتن دواتر بەخێرایی دەریدەخات، کە گوتار چەندە پەیوەستدارە بەخواست‌و دەسەڵات. **٢- *هاوبەشی لەنێوان شێتی‌وعەقڵ:*** لەسەرەتای سەدەی ناوەڕاستدا دەتوانرا گوێ لەگوتاری شێتێک بگیرێت، با ئەم گوتارە بۆشیش بوایە، یان گوتارێک بوایە رەمزێکی تێدابووایە بۆ حەقیقەتی عەقڵی، لەهەردوو بواردا بۆ قسە شێتی نییە، بەلکو ئەمە پیادەکردنی کردەی هاوبەشە. **٣- *یەکانگیری حەقیقەت‌و هەڵە*.** ئیرادەی حەقیقەت دەسەڵاتێکی بەهێزی پێکهێناوە، کە پاڵەپەستۆیەکی توند دەخاتە سەر شێوەی گوتار، وەکو دامەزراوەی ئەدەبی رۆژئاوایی لەنموونەی حەقیقەت‌و پێکهێنانی گوتاری یاسایی‌و ناوبردنی لەسەر بنەمای مەعقولەیەتی زانستی. (آباه:٢٠٠٤، ١٧٦).


دەسەڵات‌و پێکهاتەی دەسەڵات لەدەرەوەی زمان‌و گوتارو پەیوەندیکردندا، واتا راستەقینەکەی دەرناکەوێت، هیچ دەسەڵاتێک بێ زمان نابێتە هێزێکی کارا، هیچ هێزێکیش لەدەرەوەی گوتاردا، نابێتە خاوەنی هێزو دەسەڵات، لەهەمان کاتیشدا بێ پەیوەندیکردن زەمینەیەک نارەخسێت بۆ بەکردەکردنی گوتارو دەسەڵاتەکی. چەمکی دەسەڵات چەمکێکی ئاڵۆزو شاراوەیە، بۆیە دەبێت جەخت

لەسەر دەسەڵات بکرێتەوە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەلێکۆڵینەوەی زمانەوانیو گوتارو پەیوەندیکردنەوە هەیە. (ڤان دایک:٢٠١٤، ٢٩). دەسەڵاتو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، بایەخو پێگەی گوتار دەردەخات، بۆیە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لابردنی جێبەجێکاری جیاوازی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەو واتایەی، کە گوتاری گشتی یەکێکە لەسەرچاوەکانی هێزی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. (هەمان سەرچاوە:٣٠). دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لەپەیوەندییە دەروونییەکانی نێوان ئەوانەی دەسەڵاتەکە پێڕەوو پیادە دەکەن، هەروەها ئەوانەیش، کە دەسەڵاتەکەیان بەسەردا پێڕەوو پیادە دەکرێت. (سدیق:٢٠١٥، ٢٧٣).

(فۆکۆ) لەکتێبی (مێژووی شێتیی لەچەرخی کلاسیکدا) لەبارەی چاکیو خراپی دەسەڵاتدا باسی ڕۆڵی کلێساو گۆڕان لەهەڵوێستەکانیان دەکات، کە پێی وایە "دوای پڕۆژەی دادگا بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم هەژاران لەشوێنێکی تایبەت تا چاودێری بکرێنو پەروەردە بکرێن. کلێسا نیگەران بوو بچێتە ناو ئەو پڕۆژەیە چونکە نەیاندەزانی ئایا ئەوە خواستی خوادیە، یان نا". (فۆکۆ:٢٠١٤، ٨٩). ناکۆکی نێو دەسەڵات، ناکۆکی گوتارەکەی، دابەشبوونی گوتار بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کۆمەڵایەتیو زمان، دابەشبوونە بۆ سەر (چاکە Goodnessو خراپەBadness ) ئەمەش نەک هەر تەنیا دەرخەری جۆری دەسەڵاتو بەهەڵستکارەکەیەتی، بەلکو دەرخەری گوتارەکەشە. ناوچەیەکی تایبەت بەچاکە هەیە، کە ناوچەی هەژاری ملکەچی سیستەمە پێشنیازکراوەکەیە، هەروەها ناوچەیەکیش هەیە بۆ خراپە، واتە ناوچەی هەژاری یاخی، کە هەوڵدەدات لەدەسەڵاتی ئەو سیستەمە قوتاری ببێت. (هەمان سەرچاوە:٨٩)، یان "ئەو کۆمارەی بەهێز چاکە بەسەر هەموو ئەوانەدا دەسەپێنێت، کە مەیلی خراپەیان هەیە". (هەمان سەرچاوە:١٠٩). گوتاری دەسەڵاتی کوردی لەهەندێک بوارو کاتدا، وەکو چاکەو گەڕانەوە بۆ شکۆمەندیو پابەستبوون بەرابردوو کاردەکات، هەرچەندە لەپێناو مانەوەی گوتارەکەی بایەخ بەئایندەش دەدات، بەڵام ئایندەیەکی چاک بەپێوەری خۆی.

پێویستە شیکاری ئەوە بکرێت، کە لەگوتاری کوردیدا سەپانی چاکە بەسەر خراپەکاندا، وەکو مافێکی ڕەوای سیاسیو ئەخلاقی لەچوارچێوەی مەنتیقی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا بەرجەستە بووە، یان گەڕانەوە بۆ شکۆیەکانی ڕابردوو، دەکرێتە چاکەیەکی سەپێنراو بەسەر خراپەیەکی هەنووکەیی چاکسازیو ڕەخنە، چاکە لەپێوانەیەکی دیارکراوی گوتارەکەیاندا، وەکو دەسەڵاتێکی ڕەها بەسەر بەرانبەرەکەیان دەچەسپێنن، یان گوتار وەکو دەسەڵاتێکی نوێخوازی مۆدیرنە، چاکە وەکو هێزێکی توند بۆ نەهێشتنی خراپەکانی ڕابردوو بەکاردەهێرێت.

سیستەمی بەشداری من- دەنگدەر- جەماوەر- خاوەنی گوتاری سزادانی دەسەڵات لەهەڵبژاردندا، کەسزای ئەو- سزادراو- حزب خاوەنی گوتاری سزادراو دەدات، بەدەنگ پێنەدانی.




**وێنەی ژمارە (١٤) گوتار لەنێوان منی سزادراو و منی سزادەردا**

ئەم جۆرە گوتارەو بەرهەمهێنانەوەی لەلایەن جەماوەر، پەیامێکەو مەبەستێکی راستەوخۆی، یان ناڕاستەوخۆی هەیە. راستە جەماوەر لێرەدا رۆڵی تاک/ کۆ دەبینێتو حزبیش هەمان شت تاک/ کۆ دەگرێتەوە. "هەر کام لەم دوو حزبە سەرەکییە لەهەڵبژاردندا تووشی کارەساتی دۆڕان بن، بۆ خۆی دەرەنجامی ململانێو ئیدانەکردنێکی ئاشکرایە لەلایەن دەنگدەرەوە). (پۆپەر:٢٠١٥ ،١١٧). ئەمەش لەگوتاری سیاسی کوردیداو شیکردنەوەی لەچوارچێوەی دەسەڵاتدا هەردەم حزب رۆڵی من/ هێز/ سزادان/ بڕیار نیشان دەدات، بەڵام لەدەنگداندا هێشتا گومان هەیە، کە گوتاری دەنگدەر/ جەماوەر، شوێنی منەکەی حزبی گرتبێتەوە، نەبۆتە ئەو دەسەڵاتەی شێوازو رەهەندو سنووری هێزی دەسەڵاتی گوتاری دەسەڵات دیاربکات. ئەگەر بکەرەکان بگۆڕێن، ئەوە کردەی سزادان هەمان پرۆسەو دەرەنجامی دەبێت، تەنیا بەجیاوازیی لەسیاقی زمانو گوتنو کاتو شوێنو شێوەی گوتارو پێگە کۆمەڵایەتیو سیاسیی کارەکتەرەکان نەبێت، کە وەبەرهێنی خودی گوتارەکەیە. واتە ئاساییە پێشبینی ئەوە بکرێت لەهەندێک بواردا گوتاری ئۆپۆزسیۆن، هەمان رۆڵی گوتاری دەسەڵات ببینێتو لەهەندێک هەلومەرجیشدا هەندێک گوتاری دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن ئاسا هەڵسوکەوت بکات.

(ئوستن رانی) لەمبارەوە دەڵێت "شێوازەکانی گەیاندنی پەیامی سیاسی تەلەفزیۆنیی وا لەخەڵک دەکات، لەکاتی بینینی قسەکەر/گوتاربێژەکە، وا هەست بکەن، کە خۆیان راستەوخۆ بەشدارن لەدروستکردنی مێژوو. هەروەها لەزمانی ئاماژەشدا دەڵێت پەیوەندیکردن لەرێگەی تۆقەکردن لەنێوان دەنگدەرو پاڵێوراودا زۆر کاریگەرە". (رانی:١٩٨٦ ،١٠٦). کەواتە زمانی گوتنو قسەکەرو گوێگرو بینینو زمانی جەستەو کەناڵی پەیوەندیکردن رۆڵیان هەیە لەبەدیهێنانی دەسەڵاتی شێوازی بەکارهێنانی زمان لای نێرەری گوتار.

## ٢-٥ ڕەچاوکردن‌و شیکردنەوەی گوتار Figuerd and Discourse analysis

یەکێک لەگرینگییەکانی دیکەی پراگماتیک‌و شیکردنەوەی گوتاری دەسەڵات، (جیهانی ڕەچاوکردنەوە Figured Worlds)ە، تەوەقع‌و ڕەچاوکردنی ڕوودانی شتێک، لەئەنجامی کردە قسەییەکاندا **لەنێو** گوتاردا بەدی دەکرێت. ئەم بوارە لە(ڕووداوAction)و (دژبەیەکبوونConflict)و (جیاوازی جۆر Store)و (بەکارهێنانUses)و (پابەستبوونPartial)و (وەکویەکبوونی هاوتا Inconsistent)و (ئامرازەکانی پرسکردن Tools of Inquiry) بەکاردێت. (Gee:2013, 84-98).

پەیوەندی نێوان هێزو سیاسەت‌و ڕەچاوکردن لەگوتاردا پەیوەندییەکی دینامیکی بەهێزە، هیچ گوتارێکی سیاسی سەرکەوتوو بەدی نایەت، ئەگەر ڕەچاوکردن‌و خوێندەوەی بۆ ئایندەو پێشهاتەکانی تێدا نەبێت، بۆیەشە زمان‌و شێوازی گوتار ڕۆڵێکی گرینگ لەداڕشتن‌و دەرخستن‌و کاریگەرییەکانی گوتارو بەدیهێنانی مەبەستەکەی لەچوارچێوەی دەسەڵاتدا دەبینن. دەبێت ڕوونبین، کە تێوەگلانێکی قووڵ لەنێوان جیهانی ڕەچاوکردن‌و دەسەڵات هەیە، ئەمەش بەسیاسەت دەبێت، هەر شتێک‌و لەهەر شوێنێکی وەکو قسەکردن، دەق، میدیا، ڕووداو، کارتێکردن‌و دامودەزگا، لەکاتێکدا گرەو نهێنی وەکو هێز، دۆخ، بەهای زانینی زانیاری‌و حاڵەت، یان سامان دەردەکەوێت. ئەمەش لەچوارچێوەی جیهانی ڕەچاوکردن دەبێت، کاتێک دەچەسپێت‌و ئاستەکەی بەرز دەردەکەوێت لەدەست بەسەرداگرتنێکی نموونەیی یان ئاسایی‌و سروشتی، دیارە ئەمەش بەهۆی سیاسەتەوە دەبێت. (Ibid: 92).

کردە قسەیی دیارخەری گرینگی گوتاری دەسەڵات‌و دەسەڵاتی گوتاریشە لەیەک کاتدا، شیکردنەوە بێ بوونی ڕەچاوکردن‌و خوێندنەوەی ئایندە لەنێو گوتاردا، کە بڕیارو فەرمان‌و گەیاندنی هەواڵی تێدا ڕەچاو کرابێت، کارێکی تەواو نابێت. بۆیە پێویستە لەهەندێک بواردا ڕەچاوی بەکارهێنانی بەشێک لەم شتانە بکرێت، کە بەمشێوەیە:

64– ( ئائا.. هم هم .. وەها .. لێدە.. لێدە لۆنا.. لە ئینگلیزیشدا( Uh, huh, Um)بەکاردێت. (Gee:2013,91) نموونە:

کەسانی سپی پێست پتر خوێندنیان تەواو کردووە. {هممم}.

Becouse like white pepople get more education .{1: mmhm}. -65

66- خەڵکی وەکو ئیسپانی نا، نا، هەندێک ئیسپانی حەز ناکەن بچنە کۆلیژ، هەندێک شتی لەمجۆرە. {مم . هم}.

like Hispanic people don't,don't,some of the Hispanic don't like -67 go to college and stuff like that.{1:mm hm}.

با نموونەیەکی دیکە لەبارەی جیاوازی نێوان جۆرو بەکارهێنانی جیهانی ڕەچاوکردن باس بکەین، کە دەبێتە سێ بەش، وەکو:

**١- *لەجیهانی لەباوەشکردن*:** ئەمەش ڕێگاکانی سەیرکردنی ڕێبازو چیرۆکی ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ئێمە لەباوەشی دەگرین‌و پێشوازی لێدەکەین، ئەگەر بڵێی (هەروەها هەمیشە وابیربکەوە، کە ئێمە بڕواتان پێدەکەین).

**٢- *جیهانی هەڵسەنگاندن*:** ڕێگەکانی سەیرکردنی ڕێبازو چیرۆکە بۆ جیهان، کە ئێمە لەکاتی بەهۆشی، یان بێ هۆشیدا بەکاری دەهێنین، بۆ دادگایی کردنی خۆمان یان خەڵکی دیکە.

**٣- *جیهان لەنێوەوەی ڕووداوەکاندا*:** ئەو ڕێگایانەیە بۆ سەیرکردنی ڕێبازو چیرۆکە ڕێنشیاندەرەکانی خۆمانە لەکاتی بەهۆشییدا، یان بێ هۆشیدا، لەبارەی ڕووداوی ڕاستەقینە، یان کارلێکردنی لەجیهاندا "لەدەستدانی بێ ڕێزی دەربارەمان، لەو کاتەدا دەمانەوێت چی بڵێین یان چۆن بیربکەینەوە". (Ibid:90)

## ٢-٦ تایبەتمەندییەکانی گوتاری دەسەڵات

لە توێژینەوەدا ڕون دەبێتەوە، کە گوتاری دەسەڵاتی کوردی ڕەهەندەکانی نەتەوەیی/ نیشتیمانی بەپاڵپشتی گوتاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی، یاسایی‌و فرەیی لەبیرکردنەوەو فرەیی لە ئاین‌و پشتبەستن بەمتمانەو

دڵنیایی‌و بەڵێندان پیادەدەکات، وەکو هێزێکی کاریگەر کاردەکات. گوتارێکە پێگەو بوونی وەکو دەسەڵات بەکاردەهێنێت، هەروەها مەبەست‌و پەیامی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی  هەیە. گوتار گرفتی بەکارهێنانی زمانی هەیە، لەبواری فەلسەفیی لەباسی چاکەو خراپە، راستی‌و ناڕاستیدا گرفتی ئەداکردنی هەیە. گوتاری دەسەڵات گەلێکجاران بۆ چیرۆک‌و شکۆی رابردوو دەگەڕێتەوە،  راستە ئەمە هێزێکی رۆحی بەگوتاری دەسەڵات داوە، بەڵام بۆ هەندێکجار وەکو جۆرێک لەبەکارهێنانی چاکە بۆ سەرکوتکردنی خراپییەکانی بەرانبەرەکانیش بەکاردێت. سەرباری تێکەڵبوونی نێوان شێوازی دیبلۆماسی‌و راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەئەداکردن‌و گرفتی زاراوەو وشەو داڕشتنیشی رووبەروو بێتەوە، کە ئەمەش هەندێکی پەیوەستە بەنەبوونی زمانی ستانداری کوردی،  گرفتی نوێی‌و سنووردارییی زمانی کوردی لەدەربڕین‌و وشەو زاراوەسازی لەبواری سیاسییدا. خاڵێکی دیکە بەگشتی هەرچەندە بەکارهێنانی پێشمەرگە، خانەوادەی شەهیدان، جەماوەرو گەلی کوردستان‌و خەڵکی کوردستان‌و هاووڵاتیان وەرگری گوتاری دەسەڵاتن، بەڵام هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە، کە وەکو وەبەرهێنەرەوەی خودی گوتارەکە لەلایەن نێرەرەوە سەیر نەکرێن، ئەدەبیاتی سیاسی کوردی لەئاستێکی باڵا دایەو کاریگەری ئەوتۆی لەسەر گوێگر هەیە، کە بێ سستییەک لەلای نێرەر دروست دەکات، کە پرسی بەرهەمهێنانەوەی گوتاری لا گرینگ نەبێت، کە ئەمجۆرە گوتارە چەشنێک لە خۆسەپاندنی زمانی بەسەردا زاڵە. واتە بەهاو رۆڵی وەرگر تۆ/ ئێوەو ئەو/ ئەوان، وەکو دروستکەری گوتار سەیر ناکرێت، ئەمەش وەکو تایبەتمەندییەکی گوتاری کوردی سەیر دەردەکەوێت.

گریمانەی ئەوەش دەکرێت، کە لەبەشێکی گوتاری دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا رەچاوی ئەوە ناکرێت، کە گوتار لەسەر "بنەمای پەیوەندی نێوان گوتارو رووداو هەروەها هۆکاریش". (بودرع:٢٠١٥، ١٧) دروست دەبێت، وەکو چۆن لەنێوان گوتارو کاریشدا پەیوەندییەکی ستوونی هەیە، نەک ئاسۆیی، واتە حوکم‌و بڕیارەکان بەشێوەی ستوونی دەدرێن، نەک

ئاسۆیی، کە ئەمەش دەبێتە دەرکەوتنی نیگەرانی بەرانبەر دادپەروەریی‌و یەکسانی لەنێو توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەرچەندە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە (مەسعود بارزانی) لەگوتارەکەیدا دەڵێت:

68– من وەکو هاووڵاتی دەنگ بە لیستی کوردستانی دەدەم. )بڕوانە پاشکۆ ژمارە ١)، واتە گەڕانەوەیە بۆ بەئاسۆیی بوونی گوتار. لەبەرانبەریشدا (جەلال تاڵەبانی) دەڵێت:

–٦٩من سکرتێری گشتی یەکێتی وەکو مام جەلال دەنگ بە کاک مەسعود دەدەم). بڕوانە پاشکۆ ژمارە ٢). ئەمە حوکم‌و ستوونی بوونی گوتارەکە دەگرێتەوە. بۆیە ئەگەر بەراورد بکرێت، لەگەڵ باسی ئازادی رۆژنامەگەری، ئازادی تاکەسی‌و ئازادی ئاین، کەمتر بەلای ئەم چەمکانەدا دەڕۆن. لەبەرانبەر ئەوانەدا بایەخدان بەئاسایش‌و دڵنیایی، حکوومەت‌و دەسەڵات‌و پەرلەمان، هەڵبژاردن، کۆمەڵگەی مەدەنی‌و پابەستبوون بەیاساو دەستوور، متمانە بەخۆبوون‌و شانازی بەمێژووو بایەخدان بەئایندە، پانتاییەکی زۆر لە خۆی دەگرێت، وەکو چۆن چەمکی متمانە بەخۆبوون، بەڵێندان، دڵنیاییش بەشێوەیەکی بەرچاو بەرجەستە کراوە.

## ٢-٧ کردەقسەییەکان‌و گوتاری سیاسی

ئەو کردانەی، کە بەقسەکردن ئەنجام دەدرێن، جا راستەوخۆ بن، یان ناڕاستەخۆ, لەلێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکاندا ئاماژەیان پێکراوەو مەرجەکانیان خراونەتە روو، وەک داواکاری، فەرماندان، هەواڵگەیاندن‌و پۆزشهێنانەوە ...هتد. ئەوەی پێویستە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە، کە هەموو کردەیەک وەرنەگرین‌و نەیخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەکەمان. بەپێی بۆچوونەکانی (ئۆستن‌و سێرل) هەموو گوتنێک دەبێتە ئەنجام بۆ راپەراندنی کردەیەک، بەڵام ئەوەی بەلای ئەو لێکۆڵینەوەیە گرنگە، ئەوەیە، کە ئایا ئەو کردانەی لەگوتارێکی سیاسیدا بەدی دەکرێن چ جیاوازییەکیان لەگەڵ کردە ئاساییەکان هەیە؟ کە رۆژانە خەڵکی ئاسایی‌و گرووپی کۆمەڵایەتی جیاجیا بەزمان ئەنجامی دەدەن. ئێمە وای دەبینین، کە

پێویستمان بەناساندنو دروستکردنی هەندێک چەمکو زاراوەی تر هەیە بۆ ئەوەی تایبەتمەندی گوتاری سیاسیو ئەو کردانەی، کە گوتاری سیاسی دەگرێتەوە، پێی جیا بکرێتەوە لەگەڵ گوتنی ئاسایدا، یان بواری کۆمەڵایەتیو ژیانی رۆژانەی خەڵک. بێگومان رێژەیەکی زۆری کردەی قسەیی هاوبەش لەنێوان گوتنی سیاسیو گوتنێک سیاسی نەبێت هەیە، یان وردتر بڵێین لەنێو قسەی ئاسایدا بەدی دەکرێت وەکو: (بەڵێندان Promising)، (داواکاریی Requesting)، پاتکردنەوە، هاندان، ئاگادارکردنەوە، هەڕەشە ...هتد، ژماردنو ئەنجامدانی ئامار بۆ ئەو چەمکانە لەدەقێکی سیاسیدا، ئەو ئەنجامەت بەدەستەوە نادات، کە ناوەڕۆکو واتای شاراوەی پەیامە سیاسییەکان لەگوتنێکی ئاسایی جیا بکاتەوە. بۆیە لەمەدا مەبەست لەپاراستنی ناوەڕۆکە سیاسییەکەی دەقە سیاسییەکانو پاراستنی تایبەتمەندی چوارچێوەی لایەنی واتاییو فیکری گوتارەکانە. تەنیا لەو چەمکە سیاسیانە دەکۆڵینەوەو دەیانخەینە ناو چوارچێوەی چارتو هێلکارییەو هێلکاریو ئامارەوە، کە مەبەستە سیاسییەکان دەپێکن. واتا تەنیا ئەو کردە سیاسیانە دەکەوێتە بەر شەبەنگی شیکردنەوەی ئەو توێژینەوەیە.

ئەوەی وامان لێدەکات، کە زیاتر سووربین لەسەر بۆچوونەکەمانو جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە، کە ئێمە دەمانەوێت نەخشەی تیڕوانینی نێوان دوو گوتاری سیاسی جیاواز بکێشینو جیاوازی نێوانیان نیشان بدەین، کە بریتین لەگوتاری ئۆپۆزسیۆنو گوتاری دەسەڵات. لەئاماری کردەی ئاساییدا ناشێت ئەو جیاوازییە بەرجەستە بکرێت. بۆ نموونە، داواکردن، یان هاندان لەلای هەردوو لادا بەدی دەکرێت، دواتر ئامارەکان ئەوەمان بۆ روون ناکەنەوە، کە چەمکی ئۆپۆزسیۆن بوون، یان دەسەڵاتداریی چ کاریگەرییەکیان لەسەر رێژەو ژمارەی ئەو کردانەدا هەیە. ئەگەر لەهەردوو لادا یەکسان بن، یان لایەک لەلایەکی تر زیاتر بێت، ئەوا دیسانەوە ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەستەوە نادات، یان ئەو ئەنجامەی، کە ئێمە بەدوایەوەین ناتوانێت پێمان بڵێتو دواتریش ناتوانێت نەخشەی جیاوازی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە بەروونی نمایش بکات.

تەنانەت ئێمە وای بۆ دەچین پێویستە لەوەش زیاتر قووڵ ببینەوە بۆ ئەوەی سەرەتاو جیهانبینیو خاڵی بایەخی ئەو پارتو لایەنانە دیاربکەین، کە ئۆپۆزسیۆنن، یان لەدەسەڵات دان، تاکو لەشەبەنگی لێکۆڵینەوەکەماندا بەڕوونی ڕەنگەکانیان دەربکەوێت. دیارە، کە هەر یەک لەو پارتانەی، کە لەنێو ئۆپۆزسیۆنن ئایدۆلۆجیاو فەلسەفەو جیهان بینی تایبەت بەخۆیان بۆ حوکمڕانی هەیە، کە هاوجووتە لەگەڵ گوتارەکانیان. بۆ نموونە چەمکە ئاینییەکان، نیشتمانییەکان، کۆمەڵگای مەدەنی، دەوڵەتداری، بایەخی پێشمەرگە، خەباتی رابردوو، بە پیرۆزکردنی هەندێک چەمک ... هتد لەلای پارتێکەوە بۆ پارتێکی دیکە دەگۆڕێت. خاڵی بایەخو بنچینەیی لەبیری پارتێک بۆ پارتێکی دیکە جیاوازە. بۆ نیشاندانی ئەو جیاوازییانە سەرەڕای ئەو خاڵانەی، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بۆ خستنەڕووی تێڕوانینی پارتەکان ئەوا تەنیا چەند چەمکێکی سیاسی دەستنیشان دەکەینو لەگوتارەکانیاندا لێکۆڵینەوەی ئامارییان لەبارەوە دەکەین.

## ٢-٨ دیارکردنی چەمکە سیاسییەکان

باوەڕمان وایە بەپێی ئەو قۆناغو هەلومەرجە مێژوویيو سیاسییەی، کە کوردی تێدادەژیت. چەمکە سیاسییەکان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی ترو کاتو شوێنێکی تر جیاوازە. بۆیە لێرەدا ناتوانرێت ستاندەرێکی جیهانی بکرێت بەپێوەر، لەبەر ئەوە ناچارین خۆمان هەندێک چەمک دەستنیشان بکەین. دیارکردنی ئەو چەمکانەش بەئارەزووی خۆمان، ئەنجاممان نەداوە، بۆ ئەوەی بێلایەنانەو بابەتیی بێت، لەکۆی گوتارەکانی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا دەرمان هێناون. واتا ئەو چەمکانەی، کە زۆرتر لەگوتارەکانی هەردوو بەرەدا زاڵنو پانتاییەکی فراوانیان وەرگرتووە. بەشێوەیەکی یەکسانو ڕەچاوی یەکسانیمان کردووە. بۆ نموونە چەمکەکانی بەرزراگرتنی پێشمەرگە، شانازی کردن بە شەهیدان، خەباتی رابردوو لەلای هەندێک پارتدا لەئاستێکی زۆر بەرز دایە، ئەگەر نەڵێین گەیشتۆتە لووتکە، بەڵام ڕەنگە لەگوتاری بەرانبەردا ئەو چەمکانە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت، لەجیاتی

ئەوانە بایەخ بەکۆمەڵێک چەمکی دیکە دراوە، کە جیاوازە لەوان. ئیتر ئەو چەمکانەی کە لەلای ئەو جێگای بایەخە، وەکو دیموکراتی بوون، سەروەری یاسا، شەفافیەت، مەدەنیەتو حوکمی ئاینی ... هتد. ئەوانەشمان کردووە بەپێوەرو بۆ ئامارەکان دەست نیشان کراون. دوا جار هەموو چەمکەکان لەلای هەموو پارتەکاندا هەن، بەڵام بەرێژەی جیاوازو بەبایەخی جیاوازەوە. دەرخستنی ئەو جیاوازییەش بەپێی ئەم ئامار دەبێت، کە تێڕوانینی پارتەکان لەهێلکاریو هێلکارییەی کردە قسەییدا بەپێی چەند چارتێک روون دەبێتەوە.

## ٢-٩ چەمکە سیاسییەکان

دوای ورد بوونەوە لەسەرجەم ئەو کەرستە خاوانەی، کە بەپێی میتۆدی زانستی هەڵمان بژاردوون لەدەقی هەر لایەنێکدا چەندین چەمکمان دەستنیشان کردووە. کۆی چەمکەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

***١- بەرز نرخاندنی پیشمەرگە***

پێشمەرگە لەدوێنیو ئەمڕۆ دەگرێتەوە.

***٢- بایەخدان بەئاسایشو دڵنیایی***

هەموو ئەو گوتنانە دەگرێتەوە، کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، تاکەکەسی، دڵنیایی، ئارامی نیشان دەدەن.

***٣- متمانە بەخۆبوونو نیشاندانی دەسەڵات***

چەمکی متمانە بەخۆبوون لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەربڕی هێزو کاریزماییە، کەچۆن خاوەن گوتار دەتوانێت بەرگری لەلایەنگرانی بکاتو مافەکانیان لێ نەفەوتێت، یان بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش بریتییە لەهێزی کەسی خاوەن گوتار.

***٤- بایەخدان بە کۆمەڵگای مەدەنی***

ئەم چەمکە شتی زۆر لەخۆدەگرێت، وەکو دیموکراسی، رێکخراوبوون، هەڵبژاردن، کاندێد، دەنگدان، توندوتیژی، چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان، گفتوگۆ، بەحزبیکردنی کۆمەڵگە، دیاردەی فرە بارەگایی، ماف دادگا... هتد.

***٥- بایەخدان بە یاسا***

ئەم چەمکە سەروەربوونی دەستوورو یاساکان لای خاوەن گوتار دەگرێتەوە، کە بەئاراستەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرو یەکسان بانگەشە دەکرێت. مەبەستیشمان لەیاسا مەدەنییەکانو سەربەخۆیی دەسەڵاتی سێیەمە.

***٦- ئازادی رۆژنامەگەری***

چەمکێکی روونە، کە ئازادی نووسینو بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانیاری بێ سانسۆر بە هاووڵاتیان دەگرێتەوە.

***٧- ئازادی تاکەکەسی***

مافی تاکەکەس لەبەکارهێنانی بنەماکانی ئازادیو مافە یاساییو دیموکراتییەکان لەنێو کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

***٨- بایەخدان بە رابردوو، مێژوو و خەباتی دێرین***

ئەم چەمکەش باسکردنی باکگراوندی تاکەکەسی، یان بەکۆمەڵ دەگرێتەوە. باسی سەروەریو تێکۆشانو خەباتی سیاسیو شۆڕشەکانو تیکۆشانی سیاسی کەسەکانیش دەگرێتەوە.

***٩- بایەخدان بەئایندەو پلانی دوارۆژ***

ئەم چەمکە تەواو پێچەوانەی چەمکی هەشتەمە، کە هەموو ئەو بەرنامە سیاسیو بۆچوونە کەسیانە دەگرێتەوە، کە وەکو پرۆژە، یان پلانو بۆچوونی سیاسی، وەکو بەرنامە بۆ کارو هەنگاوەکانی ئایندە خراونەتە روو. ئەمە لەئاستی کۆمەڵگە، یان حزبو رێکخراوەکان، یان هەر بوارێکی دیکەی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو فکریو سیاسی بێت.

***١٠- دژە گەندەڵی***

دیاردەی گەندەلی بەفەرمی دانی پێدانراوە، بەرێژەیەکە، کە بۆتە گوتار لای وەرگرو دواتریش بۆتەوە بەرهەمهێنانەوەی خودی گوتارەکە لەلایەن دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەک، کە بەهۆی کاریگەرییەکانی بۆتە خاڵی بایەخ پێدان لای خاوەن گوتارەکان. کۆمەڵێک چەمکی وەک چاکسازیو

زۆرسەرفکردنو خراپ بەکارهێنانی داهاتی گشتییو شەفافیەت ... هتد دەگرێتەوە، کە لەگوتارەکانیاندا رەنگی داوەتەوە.

***١١- رێزگرتنی ئاینی***

بالادەستی کلتوری ئاینی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەژمونی لەسەر هەموو پارتەکان دروست کردووە، نەک تەنیا ئیسلامییەکان، تەنانەت ئەوانەی سیکۆلاریشن. بۆ نمونە ناوهێنانی خواو بەکارهێنانی زاراوە ئاینییەکان، یان ئاماژەکردن بەمەزهەبو ئاینزاکانو ئاین بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

***١٢- رێزگرتنی فرە نەتەوەیی***

یەکێک لەچەمکە هاوچەرخەکانی ئەم سەردەمە بایەخدانە بەفرەییو فرە نەتەوەییو پێکەوە ژیان، بۆیەشە بەرێژەی جیاواز لای خاوەن گوتارەکان رەنگی داوەتەوە.

***١٣- بایەخدان بە دامەزراوە نەتەوەیەکان***

***ئەم چەمکە بایەخدانە بەحکوومەتو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو پایتەختو کیانی کوردستان دەدات، کە لای خاوەن گوتارەکان بەشێوازی جیاواز گۆکراون.***

***١٤- ریزگرتنی فرەیی سیاسی***

ئەم چەمکە پەیوەندی بەژیانی حزبایەتی، رکابەری سیاسی، برایەتیو هاوپەیمانی سیاسی، رێکخراوبوون، بۆچوونی سیاسی جیاواز، پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگەو ئازادی رێکخراوبوونی سیاسی هەیە.

***١٥- بەڵێندان***

چەمکی بەڵێندانمان بەو مەبەستە دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوەی ئاستی دەسەلاتی گوتاردەرو کاریزماییەکەیو هەروەها متمانە بەخۆبوون بەرجەستە دەکات.

## ٢-١٠ کۆدی گوتنەکان

بۆ زاڵبوون بەسەر شیکردنەوەی گوتارەکان، بەپێویستمان زانی خودی گوتار بۆ سەر چەند یەکەیەکی بچووک دابەش بکەین، ئەویش بریتییە

لەگوتن، دەشێت گوتنەکان لەڕستەیەکی سادە یان زیاتر پێکهاتبێت، وەک یەکەیەکی واتایی دەستنیشانمان کردووە.

### ٢-١٢ شێوازی شیکردنەوە

بەشێوەی کارەکی ئەم گوتارانەمان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی لایەنگیریی، یان ڕەچاوکردنی هیچ مەسەلەیەکی کەسی تێ نەکەوێت. هەروەها هەڵبژاردنی گوتارەکان لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی پێگەی فەرمی، یان کەسی یەکەمی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە. هەر یەک لەم گوتارانە لەنێو ژمارەیەک گوتاری هەر یەکێک لەو کەسایەتیانە، کە لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٩ تاکو ٢٠١٣ پێشەکشیان کردووەن، بەشێوەی تیروپشک هەڵبژێردراون.

بەپێی ریزبەندی کۆدی ژمارەمان بۆ گوتنەکان داناوەو چەمکی کردە قسەییەکانمان بەپێی ئامارێک بۆ هەموویان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەکارهێناوە.

لەشیکاری گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەپێی هێلکاری ژمارە (٣٨) ساخ دەبێتەوە، کە هەر یەکێک لەم چوار نێرەرە بەشێوازی جیاواز، لەپێناو گەیاندنی مەبەستی تایبەت و گشتی، بەشێوازو لەئاستی جیاواز گوتاردانی ڕاستەوخۆ، چاوپێکەوتن و پەیام چەمکی کردە قسەییان بۆ کاراکردنی گوتارەکەیان بەکارهێناوە. بەکارهێنانی چەمکەکانیش مەرج نییە، تەنیا لەیەک (کۆد)دا بەرجەستە بووبێت، بڕوانە هێلکاری ژمارە (٤٨و٤٩و٥٠و٥١)، بەلکو ئاساییە کۆدێک لەچەند چەمکێک و بۆ چەند بوارێکی جوادو بەمەبەستی هەمەلایەنە بەکارهاتبێت. واتە ئاساییە یەک کۆد لەیەک کاتدا، وەکو نمونە بۆ (فرەیی سیاسی، ڕێزگرتنی ئاینی و کۆمەڵگەی مەدەنی ... هتد) بەکارهاتبێت. ئەمەش هێزی گوتارەکە، توانای قسەکەر/ نێرەر بۆ فراوانکردنی ژینگەو بوارەکانی بەکارهێنانی چەمکەکان دەردەخات، هەروەها دەبێتە سەرچاوەی هێزیش بۆ بەدیهێنانی مەبەستی گوتنەکان.

هەروەها کەمی، یان بەرزی ڕێژەی هەر چەمکێک نابێتە بەڵگە بۆ هێز، یان بێهێزی گوتارەکە، ڕەنگە نێرەری ئەو گوتارەی لەم توێژینەوەیەدا هەڵمانبژاردووە،

لەگوتارو بۆنەو بابەتی دیکەدا، بایەخی زۆرتری بەو چەمکانە دابێتو بەشێوەیەکی فراوانتر بەکاریان بهێنێت، کە لەم گوتارەدا کەمتر بەکارهێنراوە، کە وەکو سەرچاوە بۆ شیکردنەوەی پراگماتیکیی ئەم توێژینەوە سودی لێ وەرگیراوە. ئێمە لەم توێژینەوە بایەخمان بەخودی نێرەر وەکو کەسایەتی نەداوە، بەلکو کارمان لەسەر خودی گوتارەکەو ئەو بوارانەی لەگوتارەکەدا هەیەو لەسەری رۆنراوە، کردووە. واتە گۆڕینی ناوێک بەناوێک هیچ لەباسی سەرەکی توێژینەوەکە ناگۆڕێت. ستراتیژی ئەم توێژینەوە شیکردنەوەی هێزی کردە قسەییو پێویستی کردەییو بەدیهێنانیەتی لەپڕۆسەی بەدیهاتنی گوتاری سیاسی کوردییە.

بۆیە کاتێک گوتنەکانی چوار قسەکەر لەنێو پڕۆسەی گوتاری سیاسی کوردیدا شیدەکەینەوە، بۆمان ساخ دەبێتەوە، کە ئاستی گوتنو مەبەستو شێوازی راپەڕاندنی کردە قسەییو دروستکردنی کاریگەرییو کارتێکردن لای هەریەکەیان شێوەو ئاستو رێژەی جیاوازی لەخۆ گرتووە، کە لەهەمان کاتیشدا هاوبەشیشان لەنێواندا هەیە. ئەم جیاوازییە لەنێو خودی گوتاری دەسەڵات، هەروەها ئۆپۆزسیۆنیش لەنێوەخۆیاندا بەدی دەکرێت، وەکو چۆن هاوبەشیش لەهەندێک بواردا لەنێوان گوتاری دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیشدا بەگشتی هەیە.

راستیو راستی نەبوون، پلەی بەرزو نزم، زۆریو کەمی گوتار ئامانج نییە، بەلکو دیارکردنی سنووری دەسەڵاتی چەمکەکانو کاریگەری گوتارەکەو بایەخدان بە بەدیهێنانی چەمکەکان لەنێو گوتارەکاندا، مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمانە.

## ٢-١٢ بەکارهێنانی جێناوەکان


بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکان بەرێژەی جیاواز لەلایەن خاوەن گوتارەکان ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی تێڕوانینەکان، کە لای شیکاری گوتار جێگەی بایەخە. ئەوەی لە زمانی کوردیدا گرفت دروست دەکات، ئەوەیە، کە بەکارهێنانی جێناوەکان بەپێی سیستەمێکی رێزمانی ئاڵۆزەو کێشەی کرتاندنو دەرنەکەوتنی جێناوە سەربەخۆکان بەشێوەیەکی فراوان بەدی دەکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێکجار لەجیاتی جێناوی کەسی سێیەم ناوی کەسەکە بەکاردەهێنرێت. ئەوە وامان

لیدەکات، کە لەجیاتی جێناوە سەربەخۆییەکان پەنا بۆ ئاماری جێناوەکان ببەین، لەبەر ئەوەی رستەی کوردی خاڵی نییە لەم جێناوانە، باوەڕمان وایە، کە بەشێوەیەکی وردتر مەبەست بەدەستەوە دەدات.


## ٢-١٣ بەکارهێنانی جێناوەکان و چەمکەکان لەگوتاری دەسەڵاتدا

رۆڵی بەکارهێنانی جێناوەکان لای هەریەکە لە (مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی)، وەکو ئاراستەی سیاسیو نەتەوەییو کوردستانی لەچوارچێوەی بەراوردا شیکردنەوەیان بۆ دەکەین.

لای دەسەڵات بەتایبەتی(مەسعود بارزانی) بایەخێکی زۆر دیار بەجێناوی (منو ئێمە) دەدرێت، کە هەندێکجار (ئێمە)ش هەر دەربڕو نیشاندەری خودی منەکەیە، بەڵام لەشێوەی نیشاندانی بەگشتیکردنی خودەکەدا گۆکراوە. (من)ی کارەکتەری نێرەر کارایەو پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت. بۆ نموونە مەسعود بارزانی حەفتاوسێ جار جێناوی کەسی (من)ی بەکارهێناوە، هەروەها سەدو چلو پێنج جار (ئێمە) جێناوی کەسی یەکەمی کۆی بەکارهێناوە. کەچی (تۆ)ی هەشت جارو (ئێوە)ی سیو چوار جارو (ئەو) سەدو سیو پێنج جارو (ئەوان)یشی نەوەدو سێ جار بەکارهێناوە. ***بڕوانە هێلکاری ژمارە (١و ٢ ).***





**هێلکاری ژمارە (١) بەکارهێنانی جێناوەکان (مەسعود بارزانی)**





**هێلکاری ژمارە (٢) بەکارهێنانی جێناوەکان (مەسعود بارزانی)**

هەروەها ئەمە دەریدەخات (بارزانی) بایەخێکی زۆر بەکەسی سێیەمی تاکو کۆ بەتایبەتیش لەهەموو دۆخەکان دەدات، بەفراوانیش (منو ئێمە)ی بەکارهێناوە. بەراورد بەجێناوەکان کەسی دووەمی تاکو کۆ سنووری بەشداری پێکردنی زۆر بەرتەسکە. رێژەی بەکارهێنانەکەش لەهێلکاری ژمارە (١) بەروونی دەردەکەوێت، کە (ئێمە) بەرێژەی ٣٠%و (ئەو) ٢٨%و (ئەوان) ١٩%و (من) ١٥%و (ئێوە) ٧%و (تۆ) ١%ە. واتە رێژەی بەکارهێنانی (ئێمە)و (ئەو) بەرێژەیەکی بەرز بەکارهێنراون.

هەروەها (جەلال تاڵەبانی)، (من)ی هەڤدە جارو (ئێمە)شی پەنجاو پێنج جارو (تۆ) چوارو (ئێوە)ش هەشت جار گوتووەو (ئەو) پەنجاو پێنج جارو (ئەوان)یش چلو چوار جار بەکارهێنراوە. بڕوانە هێلکاری ژمارە(٣و ٤)، کە بەوردی رێژەو ژمارەی بەکارهێنانی جێناوەکانی لای (تاڵەبانی) بەرجەستە کردووە.




**هێڵکاری ژمارە (٣ ) بەکارهێنانی جێناوەکان (جەلال تاڵەبانی)**





**هێلکاری ژمارە (٤) بەکارهێنانی جێناوەکان (جەلال تاڵەبانی)**

هەروەها بەپێی هێلکاری ژمارە (٤) دەردەکەوێت، ڕێژەی بەکارهێنانی جێناوەکان لای (تاڵەبانی) بەمجۆرەیە: (ئێمە) ٣٠%و (ئەو) ٣٠%و (ئەوان) ٢٤%و (من) ٩%و (ئێوە) ٥%و (تۆ) ٢%.

گریمانەی ئەوە دەکرێت و دەتوانرێت لەسەر ئەو بنەمایە، لاوازبوونی (تۆ/ ئێوە) لەنێو گوتاری کوردی شیبکرێتەوە، کە سیاسییەکان وابیردەکەنەوەو لەسەر بنەمای ئەم قسە باوە هەڵسوکەوت دەکەن، کە (بێ پێیەکان هی خۆیانە، با بەپێیەکان بگرن). واتە ڕۆڵی کەسی دووەم، کە گوێگری ڕاستەوخۆیەو ئەرکو بەشدارییەکەی دیارکراوەو یەکلایی بۆتەوە، بۆیە بەدوای کەسی سێیەمدا دەگەڕێن، کە هێشتا کەسێکی نادیارە، بەشداری ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام بەپێی ئەم ئامارانە دەردەکەوێت، کە بەشدارییەکی کارا لەپرۆسەی بەرێوەچوونی گوتارەکە دەکەن. هەروەها ڕەنگە هەندێک وشەی وەکو ئێمەمانان، هەموومان، خۆمان، خۆمانە ... هتد بەکاربهێنرێت، بۆ دەربڕینێکی گشتگیرتر لەبارەی جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی خۆیان، یان

بەکارهێنانی وشەی (ئا، ها...) بۆ مەبەستی هەمەلایەنە. بەکارهێنانی شتی ناوچەیی، بەرتەسک بۆ گشتگیر، کە ئەمەش ڕێگەی گشتی باو دەگرێتەوە بۆ بەکارهێنانی شتی ناوچەیی هەمەجۆر.

.(Hei:http://apv.ac.rcaos/upload/fckeditor)





**هێلکاری ژمارە (٥) جێناوەکان لەنێوان (تاڵەبانیو بارزانی)**

لەهێلکاری ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت، هەریەک لەم دوو کارەکتەرە فەرمییەی دەسەڵات بەرێژەی جیاواز جێناوی کەسیان بەکارهێناوە، کە هەر دۆخێکی بەکارهاتووی جێناوە کەسییەکە نیشاندەری کەسایەتیو تێڕوانیانو چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی جیاوازە بۆ گەیاندنی مەبەستو پەیامەکان بە وەرگر/ گوێگر. (بارزانی)، حەفتاو سێ جار بەرێژەی ١٥% جێناوی (من)ی بەکارهێناوەو (ئێمە)شی سەدو چلو پێنج بەرێژەی ٣٠%و هەشت جار بەرێژەی ١% (تۆ)و سیو چوار جاریش بەرێژەی ٧% (ئێوە)و سەدو سیو

پێنج جاریش بەرێژەی ٢٨% (ئەو)و نۆوەدو سێ جاریش بەرێژەی ١٩% (ئەوان)ی بەکارهێناوە. کەچی (تاڵەبانی) حەڤدە جار بەرێژەی ٩%و (من)و پەنجاو پێنج جاریش بەرێژەی ٣٠% (ئێمە)و چوار جاریش بەرێژەی ١% (تۆ)ی بەکارهێناوە، هەروەها (ئێوە)ی هەشت جار بەرێژەی ٥%و (ئەو)یشی پەنجاو پێنج جار بەرێژەی ٣٠%و (ئەوان)ی چلو چوار جار بەرێژەی ٢٤% بەکارهێناوە. بەپێی ڕێساکانی (ئۆستن) دەبێت گوتار (من-تۆ)ی تێدا بەکارهێنرابێتو وەکو پێکهێنەری سەرەکی دیاریی کردووە. لەم توێژینەوەیەدا دەگەیەنە راستییەکە کە بڵێین (ئەو/ ئەوان)یش بەشداری کاراو ناڕاستەوخۆ، یان نادیاریان لەچالاک کردنی گوتاری سیاسی کوردیدا هەیە. جیاوازییەکە پەیوەستە بە بەکارهێنانی کاریزمای (خۆ)ی بۆ دروستکردنی کاریگەریو کارتێکردن لەسەر وەرگر، بڕوانە هێلکاری ژمارە (٥).

ئەگەر بەرێژەی جیاوازیش لەلایەن (مەسعود بارزانی)و (جەلال تاڵەبانی) جێناوەکان بەئامانجو لەبارە جیاوازەکان بەکارهێنرابن، ئەو راستییە دەسەڵمێت، کە لەهەندێک بواردا بەشێوەی لێک نزیکیش بەرچاو دەکەون، کە هەدوو خاوەن گوتار بەرێژەی جودا (تۆ)و (ئێوە) بەکاردەهێنن . بارزانی بەرێژەی ١%و ٧% بەکاری هێناون تاڵەبانیش بەڕێژەی ٢%و ٥% بەکاری هێناوە. (ئێمە) لای هەردوولایان بەرێژەی ٣٠%یەو هەروەها (بارزانی) بەرێژەی ٢٨%و (تاڵەبانی)یش بەرێژەی ٣٠% جێناوی (ئەو)یان بەکارهێناوە. ئەمە راستە نابێتە پێوانە بۆ گونجاوییو نەگونجاویی گوتارەکە، بەڵام بایەخدان بەکەسەکان نیشان دەدات. راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دواندنی گوێگرەکانە. کاتێک ناوی گوێگر/ وەرگر بەئاشکرا دەهێندرێت، گوێگر هەست بەبارێکی دەروونی لەبارتر دەکات، لەوەی بەگشتیو بێ ئاماژەپێکردن بەکەسایەتیو بوونی ئەو گوتارەکە بەرێوەبچێت. واتە لەکاتی بەکارهێنانی ناوی راستەوخۆی وەکو پێشمەرگە، شەهیدان، خانەوادەی شەهیدان، جەمیل هەورامی، قادری ئێمە، مولازم خدر... هتد لای (مەسعود بارزانی)و کرێکاران،

ژنان، مامۆستایان، فەرمانبەران، لاوان، خوێندکاران، کەمئەندامان، چین وتویژەکانی دیکەو ... هتد، لای (جەلال تاڵەبانی) بەکارهێنراوە.





**هێلکاری ژمارە (٦) چەمکی کردە قسەیی لە نێوان (بارزانی) و (تاڵەبانی)**

***لەهێلکاری ژمارە(٦و٧و٨)دا، جیاوازی لەبەکارهێنانی چەمکی کردە قسەیی لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە (مەسعود بارزانی)و (جەلال تاڵەبانی) دەردەکەوێت، بێگومان ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هێلکاری گشتی چەمکی کردە قسەیی لای هەردووکیان دەردەکەوێت، هەندێک چەمک هەیە، لەچەند بوارو مەبەستی جیاواز لەیەک کاتو گوتندا بەکاردێت. بەڵام لەم هێلکاریەدا***


*(بارزانی) هەندێک لەچەمکەکانی بەرێژەیەکی زۆرتر بەکارهێناوە، رێژەکە بەپێی بەرزی ژمارەکەی بەمجۆرە بایەخی دەردەکەوێت: متمانە بەخۆبوون‌و دەسەڵات شەست جار بەرێژەی ١٧.١٩%و نرخاندنی پێشمەرگە چل‌و هەشت جارو بەرێژەی ١٣.٧٥% و بایەخدان بەئاسایش‌و دڵنیایی چل‌و دوو جار بەرێژەی ١٢،٣% بەکارهێنراوە. بایەخدان بەمێژوو چل‌و یەک جار بەرێژەی ١١.٧٥%و بایەخدان بەئاینده سی‌و چوار (٣٤) بەرێژەی ٩.٧٤%و کۆمەڵگەی مەدەنی سی‌و دوو جار بەرێژەی ٩.١٧%و یاساو رێزگرتنی فرەیی سیاسی بیست‌و پێنج جار بەرێژەی ٧.١٦%و رێزگرتنی ئاینی یازدە جار بەرێژەی ٣.١٥%و حکوومەت نۆ جار بەرێژەی ٢.٥٨%و ئازادی تاکەکەسی‌و بەڵێندان شەش جار بەرێژەی ١.٧٢% بەکارهێنراون، کەچی هیچ باسی ئازادی رۆژنامەگەری نەکراوە. (جەلال تاڵەبانی)یش سی‌و حەوت جار بەرێژەی ١٧.٧٩% باسی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و سی‌و پێنج جاریش بەرێژەی ١١.٨٣% متمانەو سەربەخۆبوون‌و فرەیی سیاسی بیست‌و هەشت جار بەرێژەی ١٣.٤٦%و ئاینده بیست‌و حەوت جار بەرێژەی ١٢.٩٨%و مێژوو بسیت‌و سێ جار بەرێژەی ١١.٠٦%و ئاسایش‌و دڵنیایی پازدە جار بەرێژەی ٧.٢١%و حکوومەت سێزدە جار بەرێژەی ٦.٢٥ %و ئازادی تاکەکەسی هەشت جار بەرێژەی ٣.٥٨%و و یاسا حەوت جار بەرێژەی ٣.٣٧%و فرە نەتەوەیی‌و رێزگرتنی ئاینی‌و پێشمەرگە هەریەکەیان سێ جار بەرێژەی ١.٤٤% بەکارهێنراون‌و بەڵێندان چوار جار بەرێژەی ١.٩٢% بەکارهێنراوە. ئازادی رۆژنامەگەری هیچ باسی نەکراوە. واتە رێژەی جەخت کردنەوە لەسەر ژمارەیەک چەمک لای (بارزانی) بەرزەو هێلکارییەکە لەمتمانەبوون‌و دەسەڵات دەستپێدەکات، لای (تاڵەبانی)یش لەچەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەست پێدەکات، ئینجا متمانە بەخۆبوون‌و دەسەڵات دێت، (بارزانی) بایەخ بەپێشمەرگەو مێژوو، دواتر گرینگی بایەخدان بەئاینده‌و یاسا لەئاستێکی بەرچاو دایە. لای (تاڵەبانی)یش بەرێژەی دووەم بایەخ بەئاینده‌و مێژوو، ئاسایش‌و دڵنیایی‌و حکوومەت دەدرێت. لەرێزگرتنی فرە نەتەوەیی‌و*

حکوومەتو ئازادی تاکەکەسیو بەڵێندان بەجیاوازییەکی کەم جەخت لەسەر چەمکەکان دەکەنەوە. هەردوو لا باسی ئازادی رۆژنامەگەریان نەکردووە.

ئەم هێلکارییە بایەخی شیکردنەوەی گوتاری دەسەڵات دەردەخات، کە گرینگی بەمتمانە بەخۆبوونو دەسەڵات، مێژوو، دارشتنی بەرنامەی ئایندەو کۆمەڵگەی مەدەنیو فرەیی سیاسیو حکوومەتو پەرلەمان دەدەن، هەر یەکەشیان رێژەی بەکارهێنانی هەر یەک لەم چەمکانەی لەچوارچێوەی تێکرای رێژەکە بەئاستو رێژەی جیاواز بەکارهێناوە. دەکرێت چەمکەکان وەکو بنەمایەکی گشتی بۆ شیکردنەوەی گوتاری سیاسی کوردی بکرێتە پێوەر، پێوەرێک، کە کاریگەریو کارتێکردنی پێ دیاردەکرێت، هاوبەشیو جیاوازییەکانی پێ دەپێورێت. هەردوو لا لەدەسەڵاتدا، وەکو هاوبەشو هاوسەنگو هاوپەیمان بایەخ بەچەمکەکان دەدەن، هەروەها گوتاری دەسەڵات، دەسەڵاتە بۆ بەدیهێنانی گوتار.





**هێڵکاری ژمارە (٧) چەمکی کردە قسەیی ( بارزانی)**




**هێلكاری ژمارە (٨) چەمكی كردە قسەیی (تاڵەبانی)**

لەهێلكاری ژمارە (٧و٨)دا، بەراوردی هێڵی بەرزیو نزمی بەكارهێنانی ڕێژەی چەمكەكان لای هەردوو خاوەن گوتاری سەرەكی دەسەڵات نیشان دەدرێت، ڕوونتر دەتوانرێت هاوبەشیو جیاوازی، هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەكارهێنانی چەمكەكان، خاوبوونەوەو دابەزین بەرجەستە دەبێت.




**هێلکاری ژمارە (٩) ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکی کردە قسەیی (تاڵەبانی‌و بارزانی)**

## ٢-١٥ پوختەی گوتاری سیاسی دەسەڵات

- فرەیی لەزمان‌و دیالکتیکەکان ئەگەر وەکو کێشەیەکی زمانەوانیش سەیر بکرێت، لەنێو گوتاری سیاسی کوردیدا ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبینێت.
- گوتارەکە تێکەڵی‌و بەزاندنی سنووری حزب‌و دەوڵەتی تێدایە.
- گوتاری دەسەڵات نەبۆتە گوتارێکی دامەزراوەیی، کوردستانی یەکلاکەرەوە.
- گوتاری دەسەڵات تێکەڵیی لەنێوان کردە قسەیی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ تێدایە، تێکەڵی لەنێوان گوتاری دیپلۆماسی‌و ناڕاستەوخۆشی تێدایە.
- (تۆ/ ئێوە)، کە وەرگر/ گوێگری ڕاستەوخۆی گوتارن، وەکو کارەکتەری وەربەهێنەرەوەی گوتار مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. ئەوەندەی وەکو

کەرەستەیەکی سۆز جوولێندراو دەردەکەوێت، هەروەها لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی خاوەن گوتاریش وەکو هێزو حوکمو بڕیار دەردەخات.

- گوتاری دەسەڵات گوتاری داکۆکی لەدەستکەوتەکانە، گوتاری گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، هەروەها سەروەرییەکان لەرابردوودا.

- گوتاری دەسەڵات گوتاری بڕیارو حوکمدانە.

- گوتاری دەسەڵات پتر لەشێوەی ئاسۆیی‌و کەمتریش لەشێوەی ستوونی دەردەکەوێت، لەکاتێکدا دەسەڵات دەبێت هێزەکانی بڕیاری خۆی بەشێوەی ستوونی ئاڕاستە بکات‌و خەڵک گوێڕایەڵ‌و جێبەجێکاری قسەکانیان بێت، کەچی دەبینین لەگوتنەکانیاندا بۆ ئاست‌و تێکەڵبوون‌و خۆ بەبەشێک زانین لەگەڵ گوێرەکانیان دەردەخەن. بەکارهێنانی ژمارەیەک زاراوە، کە خاکی بوون‌و مامەڵەی ئاسۆیی لەگەڵ گوێگر نیشان دەدات، کە واتای گشتیی بوون لەخۆدەگرێت. (من وەکو هاووڵاتییەک دەنگ بەلیستی کوردستانی دەدەم- مەسعود بارزانی).

- گوتاری دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، ئارامی‌و چەسپیوویی پێوەدیارە، گوتارێکە متمانەو بەردەوامی دەبەخشێتەوە، کە باسی دڵنیایی دەکات، کردەیەک رادەپەڕێنێت، زمانی دڵنیابوون، زمانی متمانەو وریاکردنەوەو پەیمان‌و زەمانکردنی تێدا زاڵە.

- گوتاری دەسەڵاتی کوردی گشتگیرەو سنووری تایبەتی جوگرافی نییە، بۆ تەنیا گرووپێک نادرێت، لەباسکردنی رووداوەکاندا (پارتی‌و یەکێتی) دەکرێنە نموونە، بەڵام (حکوومەت‌و پەرلەمان)یش وەکو دوو کارەکتەری گشتگیر رۆڵیان دیارە، کۆمەڵانی خەڵک، پێشمەرگە، میللەتی کورد، هاووڵاتیانی کوردستان بەگشت پێکهاتەکانیانەوە، جێگەی بایەخی گوتاری سیاسی دەسەڵاتە.

- لەنێوان گوتاری (بارزانی)و (تاڵەبانی) جیاوازی لەشێوازو ئەداکردن‌و بەکارهێنانی چەمکەکان بەرێژەی جیاواز هەیە، ئەمەش ئاساییە رەنگدانەوەی بۆچوون‌و تێڕوانینی سیاسیی جیاوازە. سەرباری باکگراوندو رۆشنبیری‌و فکری جیاواز.

# بەشی سێیەم

## گوتارو ئۆپۆزسیۆن

### ٣-١ سەرەتا

باسکردنی ئۆپۆزسیۆنو دەرکەوتنی لەهەرێمی کوردستاندا، کاریگەرییەکانی لەرووی زمانەوەو چۆنیەتی بەرهەمێنانی گوتاری تایبەت بەخۆیانو ئاراستەکردنی، وا دەردەکەوێت، کە جۆرێک لەتایبەتمەندی لەخۆگرتووە، لەم بەشەدا شیکاری گوتاری سیاسی ئۆپۆزسیۆن لیبرالیو ئیسلامیی، لەسەر بنەمای چەمکی کردە قسەییەکان شی دەکەینەوە. ئەمەش بەپشت بەستن، بەبنەماکانی ئامارو چارتو ژمارەی چەمکی کردەکان ئەنجام دەدەین، سەرنجەکان لەسەر بنەمای شیکاری زمانەوانییە بۆ چۆنیەتی بەرێوەچوونی گوتارەکەیان، هێزی گوتارەکەو گرفتەکانی شی دەکەینەوەو ئینجا لەتەک بەراوردی گوتاری هەردوو ئاڕاستەو خاوەن گوتارەکەی ئۆپۆزسیۆن، بەراوردی گوتاری دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش دەکەین، لەکۆتایشدا لەتەک بەراوردی گوتاری هەردوو لایەن، پوختەو ئەنجامی توێژینەوەکە بەرجەستە کراوە.

## ٣-٢ گوتاری سیاسی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا

لەم پارەدا توێژینەوەکەمان تەرخان دەکەین بۆ شیکردنەوەی گوتاری سیاسی ئۆپۆزسیۆن، لەئۆپۆزیۆنیشدا (نەوشیروان مستەفا)و (سەلاحەدین بەهائەدین) هەڵدەبژێرین، وەکو دوو ئاڕاستەی سیاسی جیاواز. یەکەمیان نوێنەرایەتی لیبرالییەت دەکاتو ئەوی دیکەشیان نوێنەرایەتی میانڕەوی ئیسلامی سیاسی دەکات، بۆ ئەمەش چەندین ئامارمان لەبارەی بەکارهێنانی جێناوەکانو چەمکی کردە قسەییو بەکارهێنانی لای هەریەکەیان ئەنجام دراوەو دواتریش بەراوردی ئەنجامەکان کراوەو ئینجا لەچەند هێلکاریەکدا خستوومانەتە روو.

## ٣-٣ گوتاری ئۆپۆزسیۆن

لەبەر ئەوەی ئەم دوو کارەکتەرە لەچوارچێوەی ئۆپۆزسیۆن کار بۆ بەدیهێنانی گوتارێکی بەهێزی سیاسی دەکەن، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە گوتارەکانیان لەسەر دوو هێڵی جیاوازی قسەی سیاسی ئایدیۆلۆجیو مەبەستو شێواز بەرێوەبچێت، لەکاتێکدا بەگەڕانەوە بۆ رابردوو دەردەکەوێت لەقۆناغەکانی رابردووشدا دەسەڵات هەمان شێوازی گوتاری رۆناوە. مەرج نییە هەموو ئەو قسەو بابەتانەی بەناوی گوتار پێشکەش دەکرێن سنووری دەربازبوون لەنێوەڕکو شێوازی گوتاردانو نمایشو ئامۆژگارییو رێنوێنی تێپەڕاندبێت، ئەگەر دەقەکان هێزی گوتاری رەوانبێژی تێدا بوو، بەڵام کردەی راپەڕاندنی ئەنجام نەدا، ئەمە دەبێتە گرفتی خودی گوتارەکە. (ئۆستن) پێی وایە کردە قسەیی "ئەو شتەیە، کە بەدیدێت، یان توانای بەدیهاتنی هەیە". (علوی:٢٠١٤، ٣٦). هەروەها لەگوتاری ئۆپۆزسیۆندا کاری بەدیهێنان ناگاتە ئاستی کاری هەواڵدەری، بەواتایەکی دیکە کاری هەواڵدان باڵادەستترە. بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت، کە کاری راپەڕاندنو بەدیهێنان لەگوتارەکانیاندا زاڵ بێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەم جۆرە

گوتارانە پتر بایەخ بەرەخنەو وروژاندنو داواکاری دەدەن، کە ئەمەش ئەرکی ئاسایی هەر ئۆپۆزسیۆنێکە.

### ٣-٤ گوتاری ئایدیۆلۆجی

لەبارەی شیکاریی رەخنەیی گوتارو بەرهەمهێنانی دەسەڵاتو هێز لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆجی، ناتوانرێت باسی گوتار وەکو خودی دەسەڵات نەکرێت، چونکە گوتار هەر بەتەنیا هێزێک نییە لەنێو دەسەڵات، بەلکو خودی دەسەڵاتەکەیشە. پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان بنەمای کۆمەڵایەتیو بنەمای گوتار، گەڕانەوەیە بۆ هەندێک لایەنی رێزمان لەڕستەی ئیلزامیدا، وەکو کەرەستەکانی فەرمانو نەفی لەزمانی ئینگلزیدا، کە بەرەچاوکردنی پێگەی جیاوازی کۆمەڵایەتی قسەکەر/ نێرەر، یان خاوەن گوتارەکە، مەرج نییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بچێتە ژێرباری دەسەڵاتی قسەکەرەکەوە، جا قسەکەر چەپڕەو بێت، یان پارێزگار، چونکە رێسای رێزمانیی وەکو یەک لەسەر هەمووان جێبەجێ دەبێت. بەڵام لەبیری نەکەین شێوازی هەڵبژاردن بۆ دەسەڵاتی قسەکەر دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە قسەکەری دەسەڵات دەتوانێت بەجۆرێک هەڵبژاردن بۆ وەسفی کەسێک بکاتو پێی بڵێت تیرۆریستە، یان شۆڕشگێرە. (ڤان دایک:٢٠١٤، ٣٥). ئایدیۆلۆجیا بەرجەستەکردنی مەبەستە لەنێو پرۆسەی گوتاردا، ئەمەش لەبەر سێ مەبەست بەکاردێت بەشێوەیەکی گشتی لەنێوەخۆیدا دژایەتی هەر شتێک دەکات، کە هەقیقەت بێتو وا نیشانی دەدات، کە شتێکە وەکو خود دەردەکەوێت، هەروەها لەپێگەیەکی لاوەکیدا وەکو ژێرخان خۆی نیشان دەدات. (فوکو:٢٠١٢،٨٣). ئەمەش بۆ "هەڵوێستی قسەکەرو بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیاکەی دەگەڕێتەوە". (ڤان دایک:٢٠١٤، ٣٥). واتە زمان لەنێو گوتاری ئایدیۆلۆجیدا پشت بەدژایەتیو بەستنەوەی بەخودو دەرخستنی خۆی وەکو ژێرخان دەبەستێت.

زمـانی گوتـار هەرچەنـدە لەلایەن ئایدیۆلۆجیاشـەوە کـۆنترۆڵ کرابێـت، لەڕووی ڕێزمـانەوە گـۆڕانو تایبەتمەنـدییو دەربـڕی دەوروبەرو پـایەو پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی نابێـت، ئەوەی دەبێـتە دەربـڕی واقیعـی کـۆمەڵایەتی گوتار، جۆرەکانو شێوازی هەڵبژاردنی ئەو دەسەڵاتەیە، کە وەسفەکە ئەنجام دەدات. مەبەستمان ئەوەیە لەڕووی ڕێساو ڕێزمانەوە زمانەکە هەمان تواناو بەکارهێنـانی لەئاسـتەکاندا هەیە، بەڵام وەکـو دەسـەڵاتو بەدیهێنـانی خـودی کردەی گوتـار دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئۆپۆزسیۆن لەچوارچێوەی داواکردنو لەدەرەوەی هێـزی دەسـەڵاتدا داواکـاری پێشـکەش دەکـاتو دەسـەڵاتیش حـوکمو بڕیـار دەدات، هەروەهـا چەنـد جۆرێـک لەئۆپۆزسـیۆن[1] هەیە، ئۆپۆزسیۆنی ریفۆرمخواز- دەروونـی، ئەو نەیارانە لەخۆدەگرێت، کە تێکڕای سیسـتەمی سیاسـی قبـوڵ دەکەن، بەڵام نەیـاری سیاسـەتە باوەکـانی ئەو سیسـتەمەن. نەیـارانی شۆڕشـگێر- گشـتی، ئەو کەسـانە دەگـرێتەوە، کە دژی تێکڕای سیستەمی سیاسیی باڵادەست دەوەستنەوە. (بەشیریە:٢٠١٤، ١٨).

## ٣-٥ تایبەتمەندی گوتاری ئۆپۆزسیۆن

جیاکردنەوەی جۆری ئۆپۆزسیۆنی کوردی، هەروەهـا گوتـاری سیاسـیان کـارێکی ئـاڵۆزە، چـونکە گوتارەکەیـان لەهەنـدێک بـواردا لەنێـوان گوتـاری ئۆپۆزسیۆنی ریفۆرمخوازو گشتی تێکەڵبووە. لەلایەک داوای گۆڕینی سیستەم دەکەن، کە ئەمە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنێکی گشـتی شۆڕشـگێرە، لەهەمـان کاتیشـدا

---

١ - چوار جۆر ئۆپۆزسیۆن دانراوە ١- گشتی/ دژایەتیی بنەڕەتیو شۆڕشگێڕی لەگەڵ گشت سیستەمەکدا لەخۆ دەگرێت لەفۆرمی وەکو شۆڕش، پیلان، بەرگریی چەکدارانە، چالاکی نهێنی، بەجێهێشتنی وڵات، بەرگری نێگەتیڤانە دەر دەکەوێت. ٢ - دەسەڵاتخوازی دەروونی/ باڵە رکابەرەکانی دەسەڵاتدارەکان دەگرێتەوە، ئامانجیان بەدەستهێنانی کورسییەکانی دەسەڵاتە، تاکو گۆڕانکاری لەسیستەمەکەدا بکەن. ٣- بنەڕەتی/ بەبێ رەتکردنەوەی بنەڕەتی سیستەمەکە دەست بەرەخنەگرتن لەسیاسەتە باوەکان دەکاتو ئەستەمە لە دووەم جیابکرێتەوە. ٤- دژایەتی تایبەتی/ سەبارەت بە سیاسەتێکی تایبەت لەنێو سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەتدا دێتە ئاراوە. (بەشیریە:٢٠١٤، ٤٠-٤١).

داوای دەسەڵاتخوازی دەروونی لەرێگەی وەرگرتنی کورسییەکانیان بەپێی ڕێژەی دەنگەکان دەکەن.

لەپەیوەندی زمانو ئایدیۆلۆجیا بۆ ئەوەی "گرووپی (ا) زاڵ بێت بەسەر گرووپی (ب)دا، پێویستە فێری ئەوەبین گرووپی (ب) لەسەریەتی خواستەکانی گرووپی (ا) بزانێت. هەروەها هیواو شتە تایبەتمەندەکانیو مەبەستو تێگەیشتنیان بزانێت، چونکە زانیارییەکانی گرووپی (ب) کارێکی زۆر گرینگە سەبارەت بەتواناکانی گرووپی (ا)، بۆ بەکارهێنانو پارێزگاریکردن لەدەسەڵاتەکەی". (ڤان دایک:٢٠١٤، ٨٢). ئەگەر ئەمە لەنێو گوتاری ئۆپۆزسیۆنێکی یاسایی هەڵێنجرێت، گوتاری کاری پەرلەمانی بەرجەستە دەبێت، کە ئەمە گرفتێکی دیاری گوتاری کوردییە بەگشتی. (ا) دەسەڵات بێت، یان ئۆپۆزسیۆن بایەخ بە(ب) بەشێوەیەکی راستەوخۆو ئاشکرا نادات. هەروەها (ب)ش لەژێر ڕەوشتی کاردانەوە، گرژی دەروونی، تێکچوونی هاوسەنگی لەبیرکردنەوەو پاشخانی زانیارەکانی بڕیار دەدات.

## ٣-٦ بەرهەمهێنانەوەی گوتار

لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا باڵادەستی دەق ڕۆڵ دەبینێت، پیرۆزییەکانو حورمەتەکان جێگەی گفتوگۆو ڕەتکردنەوەو دەستکاریی نین، کەواتە گوێگر کەسێکی وەرگری بێدەسەڵاتو هێزە، بوونو نەبوونی یەکسانە لەبەرهەمهێنانەوەی گوتاردا، کە گوتاری ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بەناوی گەڕان بەدوای گوتاری زانیاریی سادەکردنو کرانەوەدا، ئارەزوو دەکەن، ناونیشانێکی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن، هەروەها گوتارەکەیان بانگەشەیە بۆ فکرێکو مەبەستێکی کاتیو ڕۆژانە، واتە سێکوچکەی بانگەشەی فکرێکی کاتی+ سادەکردنەوە+ کرانەوە، وەکو بنەمایەک لەپێکهێنانی گوتاری ئۆپۆزسیۆن بەگشی دەردەکەوێت.

لەبارەی گوتارو ڕەتکردنەوەیيو پەیوەستبوونی بەخواستەوە، باسەکە دەبەسترێتەوە بەبەشداریو ڕەتکردنەوە، واتە بەدوو بنەمای دیکە

دەبەسـتریتەوە، ئەویـش ئەوەیە "لەکـۆمەڵگەی ئـیمەدا بنەمـایەکی دیـکە بـۆ دوورخسـتنەوە هەیە، ئەویش پەیوەستە بەرێگەلێگرتن‌و کردەی بەشداریی‌و رەتکـردنەوە، کە ئەمەش ئامـاژەیە بـۆ دژبەیەکبـوونی عەقـڵ‌و شـێتایەتی". (فۆکۆ:٢٠١٣، ٩).

پێویستە "لەوە بگەیـن ئایا خەڵک کاتێک قسـەی کـرد، بـۆ قسـەدەکات، ئەگەر نووسـیویەتی بـۆ دەنووسـێت؟". (فـارکلوف:٢٠٠٩، ٤٠). بەو واتـایەی کاتێک ئۆپۆزسـیۆن لەنێـوان گوتـاری ئایـدۆلۆجیاو گوتـاری دەسـەڵاتدا هـێڵە بازنەییەکانی تێکەڵی یەکتر نابن، هەروەها لەهەڵچوون‌و داچوونێکی نائاسـایی دابێت، چـۆن دەتوانێـت پابەنـدی رەگەزو بنەماکـانی گوتـارێکی تـۆکمە بێـت؟ وەکـو چـۆن کـردەی بەدیهێنـان‌و کـردە قسـەیی نـابێتە جـێگەی بـایەخ کاتێـک "ئۆپۆزسـیۆن بـوون تەنیـا لەپێنـاو ئۆپۆزسـیۆن بێـت". (سـاڵح:٢٠٠٩، ٣٥٢). ئەوهـاش گوتـار نابێـت هەر تەنیـا لەپێنـاو گوتـار بێـت، دەنـا ئەو بنەمـا یەکلاکەرەوەی نابێت، کە دەبنە دەرخەری دەسـەڵاتی گوتـار، کە دواتـر دەبێتە گوتاری دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنیش.

## ٣-٧ زمانی سیاسی

زمـانی سیاسـی ئۆپۆزسـیۆن نیشـانەیە بـۆ دەرکەوتنـی جـۆرو شـێوازو ئامانجی پراکتیکی، "ئامـانجی ئۆپۆزسیۆنیش لەهەر شـوێن‌و رۆژگارێکدا بێت، گەیشـتنە بەدەسـەڵات". (بەلقزیـر:٢٠٠٤، ٨)، چـونکە بەکارهێنـانی زمـانێکی سیاسـی ناسـادە لەگوتـاردا، دەرخەری ناسـنامەی قسـەکەر/ نێـرەرە. نیشـانەکانی بەکارهێنـانی زمـانی سیاسـیی لەچوار ئاسـتدا دەردەکەون وەکـو (رێزمانیSyntaktischer)و (واتاییSemantik) و (نیشانەیی Sigmatik)و (پراگماتیـک Pragmatik). نیشـانەکانی زمـانیش بەشـێوەی بـوونی مـاددی فکرەکـان دادەنرێت. (کـلاوس:١٩٧٧، ٧). یەکێـک لەخـاڵە لاوازەکـانی گوتـاری ئۆپۆزسـیۆن کـوردی ئەوەیە، کە لەژێـر کـاریگەری هەژمـوونی پـارتە ناوەخۆییەکان‌و هەندێکجاریش هێزو فکرە دەرەکییەکان دایە، ئەم دۆخە تەنیا

تایبەت نییە بەئۆپۆزسیۆنی کوردی، بەڵکو لەزۆر شوێندا ئەمە بەرجەستە دەبێت، کە هەندنێک بە"پاشکۆبوون بۆ هێزی سیاسیو کۆمەڵایەتی دیکە، لەنێوەخۆو دەرەوەدا وەسفی دەکەن". (بەلقزیز:٢٠٠٤، ٤٧).

بەکارهێنانی زمانی کردەی سیاسی لەسێ بواردا رۆڵی دەبینێت، کە ئەمانیش پەیوەست کراون بەبارودۆخی چینایەتیو هەڵوێستی فکریو ئەخلاقی قسەکەرەوە. بوارەکانیش بەمجۆرەیە: (١- وەسفی زانستی لەبارێکی کۆمەڵایەتی دیارکراودا/ ***دیارکردنی وەسفییە***.٢-هەڵسەنگاندنی ئەرێنیو نەرێنییە بۆ دۆخێکی دیارکراو ئەمەش/ ***هەڵسەنگاندییە***. ٣- هاندانو پاڵپشتی دۆخێکی دیارکراو یان نەهێشتنی ئەمەش/ هاندانە. (کلاوس:١٩٧٧، ١٤).




**وێنەی ژمارە (١٥) زمانی کردەی سیاسی**

لەتوێژینەوەکەماندا ئەم دۆخەمان دیارکردووە، زمانی ئۆپۆزسیۆن وا خۆی نیشان دەدات، کە بایەخی زۆر بەوەسفکردنی بابەتی‌و هەڵسەنگاندن‌و بەراوردو رەخنەی زانستی دەدات، لەهەمووشی پتر هاندان تا ئاستی خرۆشاندن لەخۆ دەگرێت. بەرانبەریش، کە دەسەڵاتە گوتاری خۆی لەچوارچێوەی پاراستن‌و بەردەوامیی ئەزموونی کوردی‌و پەرەپێدانی هێزو بڕوابوون بەخۆی دەردەخات.

**بۆ نموونە، دەگوترێت:**

70–(کۆنەپەرست)، مەبەست ئەرکی وەسفکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، یان حزبێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رێگەی بیرکردنەوەیە لەبواری زانست‌و هونەردا. (هەمان سەرچاوە:٢٩). کە باسی پڕوپاگەندەو هاندانی رەوشتی مرۆڤ دەکرێت، لەڕووی زمانییەوە ئەم وشەیە هەر پڕوپاگەندە نییە، چونکە پڕوپاگەندە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی بیروڕای خەڵک‌و دابونەریتیان‌و ئاڕاستەکانیان، لەرێگەی فشارو زاڵبوون بەسەر ئامرازە هەمەجۆرەکان‌و ئەمەش دەبێتە سەرەتا بۆ دەستگرتن بەسەر عەقڵەکان‌و هاندانیان بەرەو رەوشت‌و بڕواهێنان، یان فکرێکی دیارکراو. (مجوعە کتاب:٢٠١٥، ٤٥٧). هەر ئەمە (زۆر گرینگە بۆ هاندانیش). ( کلاوس:١٩٧٧، ٢٩). واتا پێویستە بنەمای "لەبەکارهێنان بپرسین نەک پرسین لەواتا". (علوی:٢٠١٤، ٢٣) پیادەبکەین، روونتر دەردەکەوێت، کە بایەخی زمانی سیاسی لەبەکارهێنانیەتی لەبارێکی دیارکراودا، نەک تەنیا لەتێڕوانین لەئاستەکانی خودە زمانەوانییەکەیدا. هەروەها زمانی ستایش بەشێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت لەوانە "یاریی ویژدان". (الحمیری:٢٠١٤، ٢٧٧)، هەروەها روانگەی چینایەتی، باسی گرینگی زمانی سیاسی‌و کردەی وەبەرهێنانی زمانەکە دەکات.

رەگەزی پڕوپاگەندەو هاندان‌و کارتێکردن زاڵە، نەک گوتار وەکو وەبەرهێنانێکی نوێی زمانەوانی. هەروەها گوتاری سیاسی رەچاوی خراپ بوون، یان بەلای کەمە هەڵگری رەوشتی پرسیاریی لێدەکرێت.

(clausen:2014,12) گوتار دواندنی عەقڵو لەو ڕێگەیەشەوە خودی گوتارەکە لەلایەن وەرگرەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە، بەڵام پڕوپاگەندە بەکاربردنو سەپاندنە، وەرگر هیچ ئازادیو دەسەڵاتێکی لەبەرهەمهێنانەوەی بابەتەکە نابێت، بەلکو کەرەستەیەکی کار راپەڕێنە.

هاندان بنەمای تایبەتی هەیە، بەکارهێنانی رستەو واتاش بەپێی پێوانەیەک بەڕێوەدەچن، کە کورتی دەربڕینو روونیو سادەیی رستەو واتاو ئاماژەکانو زاراوەکان کاریگەریان لەسەر هاندانی گوێگر/ وەرگر/ خوێنەر هەیە، بەڵام هیچ مەرج نییە، هاندان هەموو کاتێک پەیوەست بەبارێکی تایبەت بێت.

ئەگەر مەرج نەبێت ئۆپۆزسیۆن هەمیشە بەدەسەڵات بگەن، لەم روانگەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە گوتاری ئۆپۆزسیۆن گوتارێک بێت، دابڕاو لەچەمکی دەسەڵات دەرکەوێت. ئەمەش "سازان" دەکاتە گوتار، کە لەبنەڕەتدا "سازان کردەی سەرکردایەتیو ئاڕاستەکردنە. سەرکردایەتی، کەبەرەو شوێنێک دەچێت کەشتی گرینگی تێدایە، سوودبەخش دەبێت. هەروەها فکرە راستەکانیش ئاڕاستەمان دەکەن بەرەو شوێنی قسەکردنو چەمک گەرایی سوودبەخش، هەروەکو چۆن بەرەو کۆتاییەکی سوودبەخشی هەستپێکراویش ئاڕاستەمان دەکەن". (جیمس:٢٠١٤ ،١٩٤)، گوتار گرینگی بەسوود بەخشینو زیان بەخشین، چاکەو خراپە نادات، تەنیا راستیو هەڵەش نابێتە جێگەی بایەخی، بەلکو بەدیهێنان ئامانجی سەرەکی کردە قسەییە لەگوتاردا، هەروەها گوتارەکەیان لەژێر کاریگەری ئەو عەقڵەیە "کە بەکارهێنەری نا داهێنەرە". (محەمەد:٢٠٠٣ ،٢٨)، بەلکو بەکارهێنانی لەنێوبردنی خراپە، لەپێناو چاکە. واتە بەکارهێنانی وزەی قسەکردنە بۆ لەنێوبردنی خراپەو ناعەداڵەتیو نادادیی بۆ بەدیهێنانی وزەیەکی دیکە. لەکاتێکدا ناعەداڵەتیو زوڵمو خراپە یەکسانو هۆکار نین بۆ بەدیهێنانی عەداڵەتو دادپەروەرییو چاکە.

هەتا لە ئەوروپاش بۆ دابینکردنی پەیوەندیکردنێکی نوێ، بیریان لەزمانێکی نوێ کردۆتەوە، کە سادەبوونی زمانو ستراتیژییەکانی پێشکەشکردنی خودە لەنێو گەمە سیاسییەکاندا. (ریتور:٢٠٠٨ ،١١٦). واتە گرینگە لەزمانی سیاسەتدا بایەخ بەسادەیی

لەزمانو دەرخستنی خود وەکو ستراتیجێک بدرێت، کە ئەمە لەنێو زمانی سیاسی لە هەرێمی کوردستانیشدا سەرەتای کاریگەربوونی دەردەکەوێت.

### ٣-٨ ئۆپۆزسیۆن و گوتار

گوتاری ئۆپۆزسیۆن چییەو بەچ شێوازێک جێبەجێ دەبێتو ئامانجەکانی چییە؟ لەم پارەدا شیکاری ئەم پرسیارانەمان کردووە. بەگشتی ئەو کاتەی ئۆپۆزسیۆن وەکو حزبو ئایدیۆلۆجیا دەردەکەوێت، دەبینرێت کاردانەوەیە لەدژی دەسەڵات، دەسەڵاتخوازە، بەڵام دەسەڵاتدار نییە، وەکو پرۆژە لەپێناو (هاووڵاتی بوونو دەربازبوون لەحزب) کاردەکات، ئۆپۆزسیۆن نەیتوانی لەڕووی گوتارەوە ئەو سنوورە باوە ببەزێنێت، کە دەسەڵاتی کوردی پیادەی دەکات، حیزبی بوون بکاتە ئەلتەرناتیڤی هاووڵاتی بوون. واتە وەها خۆی نیشان دەدات، کە وەبەرهێنەرەوەی هەمان میتۆدە لەسەردەمو بەشێوازێکی نوێتر، کە ئۆپۆزسیۆن دەبێتە وەرگری گوتاری دەسەڵات، بەشێوەیەکی نوێ هەمان گوتاری دەسەڵاتی بەرهەمهێناوەتەوە. حزب بەپێی گۆکردنیو بەکارهێنانی زمان پەیوەستە بە (بەش part)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرایەتی بەشێک لەگشتدا دەکات، کە لەڕاستیدا ئەم بەشە دەبێتە ڕێبازێکی دوور لەو بەشەی، کە لەنێو گشتدا هەبێت. (حرب:١٩٨٧، ١٤).

هەروەها لەبواری نوێبوونەوەو پەرەپێدانی سیاسیدا پەیوەندییەکی دیالیکتیکی هەیە، دەستەبژێری سیاسی بەشێکە لەپیرۆزکردنی هێزو دەسەڵاتەکەی، لەبواری پەرەپێدانی سیاسی سێ چەمکی وەکو (یەکسانی Equality)و (جیاکردنەوە Differentiation)و (تواناکان Capacity) بەڕێوەدەچێت. (هەمان سەرچاوە:٣٠). لەهەلومەرجی کلاسیکی لەسەدەی ناوەڕاستی ئەوروپادا "نیشانی تایبەتو قیژەی وا هەبوو توورەبوونو توندوتیژی لەجۆرێکی دیکە دەردەخست، لەگەڵ ئەوەشدا لەچەرخی کلاسیکدا یەک بەندیخانەو یەک ئەزموون هەبوو، هەموو پراکتیزەکانی کۆ دەکردەوە". (فۆکۆ:٢٠١٤، ١٥٥). (فۆکۆ) وشەیەکی پڕ بەپێستی بۆ ئەزموونو دۆخەکە

دۆزیوەتەوە، کە دەکرێت لێرەدا وەکو ئەزموونێکی گوتاری سیاسی شیکاری بۆ بکرێت، ئەویش "هەڵچوونی توند"ە. (هەمان سەرچاوە:١٥٥)، کە دەکرێت ئێمە بەهەڵچوونی زمانی سیاسی لای ئۆپۆزسیۆن، یان لەهەندێک بوار لای دەسەلآت ناوی ببەین.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، ئەدەبیاتی پەرەپێدانی سیاسی هەندێک شتی نوێی لەژیانی حزبایەتی دروست کردووە، لەوانە بەزاندنی سنووری تیۆری تەقلیدی لەدروستبوونی حزبی سیاسیو گەشەکردنی. (حرب:١٩٨٧، ٣٧)، کە لەکردە قسەییدا کاتێک یەکێک دەڵێت: (**دڵنیام کە ئەوە...** I am sure that)، یان (**من دەزانم، کە ئەو ئێسە، پییە...** I Know That S is P) جیاوازی لەنێوان دڵنیایی لەگەیاندنی زانیاریو دوودڵی دەردەکەوێت، کاتێک دەڵێین من دەزانم، واتا دەکرێت تۆ رێگەیەکی دیکە بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکە بگریتە بەر. (Smith.www. onthlogy.buffalo.edu) لەشیکردنەوەی سیاسی رۆژهەلآتدا ململانێی حزبی وەها سەیر دەکرێت، یان "سەرکەوتنی رەها، یان دۆڕانی رەها". (حرب:١٩٨٧، ٣٨)، ئەمەش لەرووی دەروونییەوە گۆکردنی رەها، یان خابوونەوەی رەها دروست دەکات. ئەم رەهاییە لەبەکارهێنانی زمانیشدا هەندێکجار لەنێو گوتاری سیاسی بەڕوونی رەنگ داوەتەوە.

لەشێوەیەکی دیکەدا گوتاری سیاسی پەیوەستە بەتایبەتمەندی دۆخەکە، زاراوەی ئاواتخوازیو ئاژاوە بەرهەم دێت، سەرباری بەکارهێنانی شێوازی جیا جیا، کە دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی فکرێکی گشتگیری گۆلۆبالیستانە، بەلآم ئەوە وەکو کردەیەکی ناوەخۆیی دەرکەوێت. (ریتور:٢٠٠٨، ٨٦). نموونەی:

71– باشترین هەلومەرج رەخساوە بۆ ئەوەی گۆڕانی بنەڕەتی بکرێت. ئێمە، کە باسی گۆڕان دەکەین، مەبەستمان ئینقیلابی عەسکەری نییە. کە باسی گۆڕان دەکەین، مەبەستمان رووخاندن نییە. مەبەستمان ئەوە نییە ترس لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، بەلکو مەبەستمان ئەوەیە، کە

مۆدێلێکی سیاسی لە کوردستان هەیە، ئەم مۆدێلە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە. (مستەفا:٢٠٠٩، ١٩٨).

لەم جۆرە گوتارەدا هەواڵدانی باشترین هەلومەرج رەخساو هەیە. دڵنیاکردنەوەیە لەبارەی ئەنجام نەدانی ئینقلابی عەسکەریو رووخاندنو ترس لەسەر هەرێمی کوردستان. هەرچەندە گوێگری راستەوخۆ لایەنەگرانی گۆڕانخوازەکانە، بەڵام تێگەیشتنی دەسەڵات بۆ پەیامەکە، گریمانەی ئەوە دەکرێت گوتارەکە دروستکردنی ترس بێت، کە دەیەوێت لەرێگەی نەفی کردنەوە بڵێت هێزو دەسەڵاتمان هەیە، تاکو ئینقلابو رووخاندنو ترس ئەنجام بدەین.

کە دەڵێت: مەبەستمان ... نییە، گریمانەی ئەوەش دەکرێت، کە توانای بووبێت، یان ببێت، یان دەبێت. ئەگەر نا گوتاری هێزی دڵنیابوون دەرخات، کە دەتوانرێت ئەم کارە بکرێت.

پەیوەندی نێوان فکرو سیاسەتو ئایدۆلۆجیادا، بەرهەمی کرداری هەمەجۆرن. کاتێک سەیری یارییو ئاهەنگو پەرستنی ئاینیو کۆبوونەوەو مشتومڕ، یان بیرکردنەوە، کردەیەکەی راپەڕاندنە.

72– قۆناغی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان هاتووەتە کایەوە. (رۆژنامەی رۆژنامە: ژمارە٦٢٦، ٢٢-٣-٢٠١١). ئەمە نیشانی دەدات، کە کات زۆر بەخێرایی لەگوتاری ئۆپۆزسیۆن دەگۆڕێت. کاردانەوەکان لەبابەتی بوونو بوونی رووداوەکان خێراتر دەردەکەون.

نموونە:

*73– چ رێگرێک هەیە لەبەردەمی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت وەزیر بانگ بکاتو محاکەمەی بکات.* (مستەفا:٢٠٠٩، ١٦٠).

ئۆپۆزسیۆن لێرە لەشێوەی پرسیار گوتارەکەی ئاڕاستەی گوێگر/ وەرگر دەکات، ئەمە یەکێکە لەبنەماکانی ئاڕاستەکردنو دۆزینەوەی هۆکاری پەیوەندیکردن بۆ ئەوەی بەوەرگر بگات. **چ رێگرێک،** مەبەستی کەسە، یان لایەنێکە؟ نەک هۆکاری **رێگرییەکە**. کەواتە ئەو گوتنەکەی ئاڕاستەی کەسو

لایەنی دووەمە/ لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی (ئەو) سێیەمی تاک. کەسی سێیەمی تاکیش لەم دۆخەدا کردەی کۆسپو ڕێ پێنەدان دەردەخات. کەواتە بنەمای پرسیارو هەڕەشەو فەرماندانیشی لەیەک کاتدا تێدایە، هەروەها بەشێوەی کردە قسەیی ناڕاستەوخۆش دەدوێت. فەرمانەکە مە***حکەمەیە***و هەڕەشەکەی وابەستەیە بەهێزی دەربڕینی پرسیاری (چ) لەکاتی دواندا. لەیەک کاتدا ئەمجۆرە ڕستانە لەجیاتی پرسیار واتای سەرسوڕمانو هەڕەشەو پێچەوانەش دەگرێتەوە.


واتە لێرەدا پرسیار دەکات، کێ ڕێگرە؟ هەروەها زمانی هەڕەشە، کە مۆدێلی ڕێگرتن بەسەرچوو، لەبەردەم دەسەڵاتی گوتاری قسەکەردا، واتای پێچەوانەش دەگەیەنێت، کە دەبێت ڕێگری کردنی زۆر هەبێت لەبەردەم پرۆسەی حوکمدانی وەزیر لەپەرلەماندا.

74- ئۆپۆزسیۆنی هەرێم، سنوورێک بۆ گەمەی دەسەڵات دادەنێت. (ڕۆژنامەی ڕۆژنامە:ژمارە ٦٢٠).


لەمجۆرە گوتارەدا، وا نیشان دەدرێت، کە ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیەو لەسەرووی دەسەڵاتی دەسەڵاتەوەیەو دەتوانێت سنووورداری بکات. ئەمە ڕووداوە یەک بەدوای یەکداهاتووەکانی گوتاری ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەردەخات، کەچی لەهەمان کاتدا هاتووە:

*75- ئۆپۆزسیۆن خاڵی هاوبەشیان زۆر زیاترە لەخاڵە جیاوازەکان.* ( هەمان سەرچاوە: ژمارە ٦٢٠).

ئەمە گوتارێکی دیکە، کە لاوازییو دوو دڵیو ناکۆکییو یەکەنەبوونی گوتاری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەردەخات. واتە لەیەک کاتدا ئۆپۆزسیۆن لەنێو چوارچێوەی خۆیدا دوو کارەکتەری زمانی پێچەوانەی یەکتر نیشان دەدات. ئەگەر قسەی یەکەم لەهێزو دەسەڵاتی گوتارەوە سەرچاوەی گرتبێت، قسەی دووەم لەلاوازییو قەیران، یان داکۆکیو ڕوونکردنەوە هاتووە.





**هێلکاری ژمارە (١٠ ) بەکارهێنانی جێناوەکان (مستەفا)**





**هێلكاری ژمارە (١١) بەكارهێنانی جێناوەكان (مستەفا)**

بەپێی هێلكاری ژمارە (١٠و١١)، كە ژمارەو رێژەی بەكارهێنانی جێناوەكان لای (نەوشیروان مستەفا) بەرجەستە دەكات، بەپێی ئەم دوو هێلكاریە یازدە جار بەرێژەی ٣% (من)و دووسەدو چوار جار بەرێژەی ٥٠% (ئێمە)و شەش جاریش بەرێژەی ١% (تۆ)ی بەكارهێناوەو هیچ جارێكیش (ئێوە)ی بەكارنەهێناوە، هەروەها هەشتاجار واتە بەرێژەی ٢٠% (ئەو)ی بەكارهێناوەو سەدو سێ جاریش بەرێژەی ٢٦%یش (ئەوان)ی بەكارهێناوە. لەكاتی گوتنەكاندا بایەخ بە (ئێمە) دەدات، كە رێژەكەی دەگاتە ٥٠%و (ئێمە)ش لەگەڵێك بواردا دەربڕینە لەخواستی (من)دا، (تۆ/ ئێوە)ش بەرێژەیەكی كەم بەكارهێنراوە، كەسی سێیەمی كۆش بەرێژەی ٢٦% جێگەی لەگوتارەكە بۆ


کراوەتەوە.  مەبەستمان ئەوەیە بڵێین لەم شیکردنەوەیەدا دەردەکەوێت (تۆ)ی وەرگری ڕاستەوخۆ لەبەراورد بەکەسەکانی دیکە، بایەخی کەمی پێدراوە، کە ڕێژەکەی تەنیا %١ە، ئەمەش وادەکات گریمانەی ئەوە بکەین، کە بەرهەمهێنانەوەی گوتار لەبەردەم گومان دەبێت. ئەم گومانەش ڕەنگە بمانگەیەنێتە ئەوەی، کە بڵێین، گوتار بێ (تۆ)، یان بەدەرکەوتنی بەشێوەیەکی لاوازی (تۆ)، گوتار دووچاری جۆرێک لەقەیران دەبێت، ڕاستە (ئەو/ ئەوان) ڕۆڵێکی زۆریان  پێدراوەو جێگەی بایەخن، بەڵام ئەوانە بەشداری ناڕاستەوخۆو هاوبەشەکانن.




**هێڵکاری ژمارە (١٢) بەکارهێنانی چەمکی کردە قسەیی  (مستەفا)**




**هێڵکاری ژمارە (١٣) بەکارهێنانی چەمکی کردە قسەیی (مستەفا)**




**هێلکاری ژمارە (١٤) چەمکی کردە قسەیی ( مستەفا)**

بەپێی هێلکارییەکانی ژمارە (١٢و١٣و١٤) دەردەکەوێت لەکاتی گوتارەکاندا نەوشیروان مستەفا وەکو ئۆپۆزسیۆن چەندە بایەخی بەچەمکەکان داوە، چ ئاڕاستەو بیرکردنەوەیەکی لاگرینگ بووە. لای خاوەن گوتار ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکی پێشمەرگە سفرە، کۆمەڵگەی مەدەنی لەبالاترین پلەی بایەخ پێدانە، کە گەیشتۆتە شەستو نۆ جار بەرێژەی ٢١،٣٦%، ئەمەش پەیوەستە بەتێڕوانینی فکری قسەکەر/نێرەرو شێوازی وروژاندنی هەستو نەستی بەرانبەرەکەی، دیارە ئەمەش بەجۆرێک لەبەشی ژێرەوەی گوتاردان دادەنرێت، لەو هەلومەرجو کاتەی تێیدایە، هەروەها بایەخدان بەئایندە پەنجاو حەوت جار بەرێژەی ١٧،٦٥%و ڕێزگرتنی فرەیی سیاسیش پەنجاو پێنج جار بەرێژەی ١٧،٠٣% بەکارهێنراوە. لەبیری نەکەین هەر گروپێکی سیاسی کار بۆ ئایندە دەکات، ئەو ئەرکانەی لەکاتی قسەکردنەکاندا بۆی جێبەجێ نابێت،

یان مەسەلەی درێژخایەنن، دەخرێنە نێو مەبەستی بایەخەکانیان لەنێو چەمکی ئایندەدا. دیارە ئەم بایەخ پێدانەش لەنێوان رەخنەو بۆچوونی تایبەتیو خستنەڕووی بەرنامەیە بۆ ئایندە. دڵنیاییو بەشێوەیەکی زۆر کەمیش ئاسایش سیو چوار جار بەرێژەی ١٠،٥٣% لەگوتنەکاندا ئاماژەی پێکراوە، دڵنیایی پەیامی قسەکەر بۆ گوێرە تایبەتییەکانی لەنێو گۆڕانو دۆستو لایەنگرەکانییەتی، تاکو دڵنیایی لای ئەوان لەپێناو چوون بەرەو دەنگدان مسۆگەر بکات. متمانە بەخۆبوون بیستو پێنج جار بەرێژەی ٧،٧٤%و ناوهێنانی حکوومەتو پەرلەمانو دەسەڵات بیستو دوو جار بەرێژەی ٦،٨١%یە، مەرج نییە لەم بوارەدا گوتنەکان ئەرێنی بن، بەپێچەوانە وەکو رەخنەگرتن لەحکوومەتو دەسەڵات ئەم چەمکانەی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا دەسەڵات بەشێوەی ئەرێنی ئەو چەمکانەی وروژاندووە، هەروەها جێگەی بایەخ پێدانە وەکو رەخنەو لاواز نیشاندانی رکابەرەکانیو بەرنامەی ئایندە. بیست جار بەرێژەی ٦،١٩% بایەخدان بەمێژوو، گەڕانەوە بۆ مێژوو، بۆ نەفیکردن وەکو مونشەقی یەکێتی، یان رەخنەگرتن لەرابردوو ئاماژەی پێکراوە، شانازییو بایەخ بەمێژووی وەکو باکگراوندێکی سەرکەتوو، بۆ شانازی بەکارنەهێناوە، بەلکو رەخنەیە، پێداچوونەیەوە، نەفی کردنیەتی. یاسا شانزدە جار بەرێژەی ٤،٩٥% جەختی لەسەر کراوەتەوە، لای نێرەر مەسەلەی یاسا لەهەموو قسەکەرەکانی دیکە پتر بایەخی پێدراوە، کە (ئەو/ئەوان) لایەنگریی بەیاسایی کردنی هەموو شتێکن لەکۆمەڵگەدا. لەڕاستیدا، گرینگە، کە بەمجۆرە جەخت لەسەر یاسا کراوەتەوە. هەروەها ئەمە بۆ رەخنەگرتنیشە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دژی دەسەڵات، کە (ئەوان) واتە رەخنە لێگیراوەکان، لەرابردوودا کاری یاساییو ئیلتزام بەیاسایان پیادە نەکردووە. هەروەها وێناکردنێکی ئەرێنییە بۆ لیستی گۆڕان، کە ئۆپۆزسیۆنێکی یاسایی دەبێت. دە جار بەرێژەی ٣،١٠% جەخت لەسەر رێزگرتنی ئاینیو بەکارهێنانی زاراوەی شکانەوە بەلای ئاینی بەکارهێناوە. پێنج جاریش بەرێژەی ١،٥٥% ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەگەندەڵی کردووەو شەش جار

بەرێژەی ١،٦٨% بەڵێندان لەگوتارەکەیدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام بەڵێندانەکانی ناچێتە ئاستی ئەو بەڵێنە راشکاوو بڕیاردانەی دەبێتە جێبەجێ کردن، چونکە دەربڕینی بەڵێن لای دەسەڵات بەشێوەیەکی بەهێزترو جیا لەشێوازی بەڵێنەکانی (نەوشیروان مستەفا) بەرجەستە بووە، بەتایبەتیش دەبینرێت ئەم مەسەلەیە لای (مەسعود بارزانی) وەکو بەڵێن بۆ بەدیهێنان بەکارهێنراوە، لای ئۆپۆزسیۆنیش بەڵێنە بۆ بەدیهێنانی هیواخواستن، کە هیچ یەکێکیان ناچنە خانەی لاوازیو گومانەوە. دوو جاریش بەرێژەی ٠،٦٢% باسی رێزگرتنی نەتەوەیی ئاماژە پێکردووە، هەروەها یەکجار هەر یەکە لەچەمکەکانی ئازادی تاکە کەسیو ئازادی رۆژنامەگەری بەرێژەی ٠،٣١%ی بەکارهێناوە.

لەتەک زمانی گۆکردندا، (مستەفا) دەیەوێت بەشێوە زمانی تایبەتمەند قسەبکات، کە زمانی دەستەبژێر، یان زمانێکی باڵا بێت، نەک میللی. شێوازی بەکارهێنانی مێژووە لەپێناو ئایندەدا. نەتەوەی لاگرینگ نییە، جەخت کردنەوەیە لەسەر عێراق، پابەستبوونە بەبڕیارو دەستووری عێراق. رەخنەگرتنە لەدەسەڵاتی کوردی، راشکاوانە ناوی (پارتیو یەکێتی) دەهێنێت، ئەو لەکاتی قسەکردن لەپێگەیەکی بەرزی متمانە بەخۆبوونە دایە، بۆیە (هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی یەکێتی) دەخوازێت. بۆیەشە دەیەوێت وێناکردنێکی لاوازی بەرانبەرەکەی بکاتو نیشانی دەدات، کە رکابەرەکەی لەدۆخێکی خراپەو جێگەی بەزەییە. گوتاری (مستەفا) لەجواگرافیایەکی بەرتەسکی سیاسی، ناوچەیی دەخووڵێتەوە. وەکو داواکارێکی کۆمەڵگەی مەدەنی مەبەستەکان دەردەبڕێت، ناچێتە ناو مەسەلەی نەتەوە. گوتارەکەی لەناواخنەوە لێدانی (من)ی بەرانبەرە، لەدەرەوەشدا هیواخوازییە بۆ (من)ی بەرانبەر. بەدوای مەنتقی مەعریفیدا دەگەڕێت، مەرج نییە لەدادگای شێتخانەکانی سەدەی کلاسیکی (فۆکۆ) تێپەڕێت، کە لێدانی خراپەیە بۆ بەدیهێنانی چاکە، لێدانی پابەند نەبوون بەیاسایە لەپێناو بەدیهێنانی یاسا. لەڕاستیدا کردەی خراپ نیشاندانی خراپەو نایاسایی بوون، کردەیەکە بۆ

بەرهەمهێنانەوەی گوتاری بەردەوامی دان بە(خودی پرۆسەی کەمکردنەوەو لاوازکردنی پێگەکە)، کە رەهەندی بەرهەمهێنانەوەی خراپەی بەدواوەیە.

### ٣-٩ پوختەی گوتاری نەوشیروان مستەفا

***یەکەم-*** گوتارەکە بەشێوەی ستوونی ئاڕاستەی گوێگر کراوە، کە گوێگری دیارکراوی هاونیشتمانی خۆشەویستو دۆستانو لایەنگرانو پشتیوانانی لیستی گۆڕان... هتد دەگرێتەوە.

***دووەم-*** راستەوخۆ ناوی یەکێتیو پارتی، هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسو عێراقو کوردستانی عێراق... هتد دەهێنێت. بەجۆرێک، کە پێگەی خۆیو بزوتنەوەکەی بەرانبەر ئەوان دەبینێت. ناڕاستەوخۆش باسی دراوسێکان، گەڕەکەکان، خەڵک، لایەنە پەیوەندارەکان... هتد دەکات، ئەمە بۆ ئەوەیە لای (ئەوان) متمانە دروست بکات.

***سێیەم-*** زۆر کەم جێناوی (من/ ئێمە)و (تۆ/ ئێوە)و (ئەو/ ئەوان) بەکاردەهێنێت، پشتی بە بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکان بەستوە. (م) کەسی یەکەمی تاک بەشێوەیەکی زۆر بەکاردەهێنێت، کەچی نایەوێت کارەکتەری زەقی جێناوی (من) دەرکەوێت، ئەمەشی لەپێناو نیشاندانی خاکی بوونو خودنەویستی کردووە، وەکو جۆرێک لەبەکارهێنانی دیبلۆماسییەتی ئاخاوتنو خاکی بوون. پێدەچێت بۆ ئەوە بێت بە وەرگر بڵێت (من) لەنێو (من)دا کارناکەم، (من) لەنێو (ئێوە/ ئەوان)دا، کە جیاوازنین لە(ئێوە) کاردەکەم. (ئەوان)ی گوێگر رەنگە لایەنگرانی خۆی بێتو رەنگە (ئەوان)ی دەسەڵاتیش بێت. بەشێکی زۆری گوتنەکانی لەشێوەی داواتان لێدەکەم، ئومێدم وایە، هەوڵدەین... هتد بەکارهێناوەو پتر لەدۆخی داهاتوودا دەردەکەوێت.

***چوارەم-*** باکگراوندو رابردوو دەرناکەوێت، هەرهێندە نەبێت، کە دەڵێت: ***ئێمە مونشەقی یەکێتی نین.*** پشت بەمێژوو، رابردوو نابەستێت. بایەخی مێژوو لەئایندە دەبینێتەوە.

***پێنجەم***- بەکارهێنانی شێوازی زمانی باڵا، لەئاستی سیاسی نەک میللی، ئەمەش زمانی دەستەبژێرە نەک بەکارهێنانی شێوازی زمانی گوتاردانی میللی. بۆ نموونە رستەکانی لەیەک دراون، درێژو ئاڵۆزن. لەشێوەی پەرەگرافێکی چەند رستەی لێکدراو دەردەکەون، کە ئەمەش بوارو دەرفەتی وەستانو بیرکردنەوە لای گوێگرو وەرگری ئاسایی کەمتر دەکاتەوە.

***شەشەم***- هەندێک کردەی قسەیی وەکو فەرمان لەگوتارەکەیدا بەدی ناکرێت، ئەو بەگشتی لەشێوەی داواکردن دەدوێت، بواری بڕیارو رەزامەندییو پەیماندان، بەڵێنو بریکاریو زەمانکردنی تێدا رەچاو نەکراوە، بەلکو بەگشتی بنەماکانی هەواڵدانو ئاگادارکردنەوەو ورياکردنەوەی پتر پەیڕەو کردووە.

***حەوتەم***- کەسی دووەمو سێیەم وەکو کارەکتەرێکی کاراو پێکهێنەری گوتار سەیر ناکرێت، بەلکو وەکو گوێگرێکی وابەستە بەفکرو بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان داوایان لێدەکرێت، نەک چاوەڕوانی کاردانەوەیان لێبکرێت.

***هەشتەم***- گوتارەکەی لەنێوەڕۆکدا ئاڕاستەکەی تایبەتە بەبزوتنەوەی گۆڕان. راستە لەهەندێک شوێن ناوی خەڵکو هاونیشتمانی خۆشەویست... هتد دەهێنێت، بەڵام سنووری بزوتنەوەیەکی سیاسیو رێکخراوەیی بۆ هەریەکێک لەمانە نەبەزاندووە.

***نۆیەم***- رەخنە لەنەبوونی ئەم چەمکە سیاسیانە، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، کراوە، نوێ، مونشەق نەبوون، ئیلتزام بەهێمنیو یاساکانی هاتوچۆو ئاسایش، سینگی کراوەو داکۆکی لەخۆکردن لەرێگەی قانون... هتد، دەگرێت. کەواتە لەڕاستیدا باسی لاوازیو کەموکوڕی دەکات، نەک هێزی کردەی بەدیهێنان.

### ٣-٢-١ گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

پێویستە بزاڤی ئیسلامی سیاسی  لەرێگەی گوتارەکەیان بناسرێنەوەو بوون‌و ئاڕاستەکانیان دیاربکرێت. بێ دیارکردن‌و شیکردنەوەی گوتاری سیاسی ئەم رەوتە، ناسینەوەیان‌و دیارکردنی ناسنامەو پێگەیان وەکو چ لەسەرهەڵدانیان‌و چ پێگەیان لەئۆپۆزسیۆنداو دەرکەوتنی شێوازو ئاست‌و پێکهاتەی زمانەوانیان کارێکی ئاسان نابێت. واتە جۆرو هێزی گوتارەکە دەیسەلمێنێت ئەمانە لە چ ئاست‌و پێگەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتین. هەروەها خودی گوتارەکە دەریدەخات لەنێوان نەتەوەیی بوون‌و ئایدیۆلۆجیاو سیاسەت چۆن مامەڵە دەکات؟ لەم توێژینەوەیەدا گوتاری (سەلاحەدین بەهائەدین)، وەردەگرین، هەرچەندە دوای ئەو ئەمینداریکی دیکە بۆ یەکگرتوو دیار دەکرێت، بەڵام بە گونجاومان زانی لەسەر ئەو کەسایەتییە شیکردنەوەکەمان ئەنجام بدەین، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەپێگەی یەکەمی فەرەمی بووە، کە نوێنەرایەتی گوتاری میانڕەوی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات.

پێش ئەوەی بچینە سەر شیکردنەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە ئەوە بەدیار بخەین، کە گوتاری ئیسلامی سەرباری بەنەتەوەیی کردنی ئاین لەلایەن ئەم یان ئەو نەتەوەوە، کە زیاتر ئامانجی سیاسی لەپشتەوەیە، ئیسلام پەیامێکی بان نەتەوەو حزب‌و مەزهەبە. (غەفوور:٢٠١٠، ٦٧). پێشگریمانەی ئەوە دەکرێت، کە گوتاری ئیسلامی لەم چوارچێوەیەدا پەیوەستە بە بان ئیسلامیزم‌و گوتاری دەقی باڵادەست‌و توندڕەویی‌و ئیخوانیزمەوە. ئەمەش وای لێدەکات بەر رەخنەی هەندێک رەوتی عەلمانی، هەروەها خودی هەندێک ئیسلامیی کوردیش بکەوێت. رەخنەگرە ئیسلامییە میانڕەوەکان پێچەوانەی بان ئیسلامیزم، بەم شێوەیە خۆیان نیشان دەدەن، کە هەندێکیان دەیانەوێت خۆیان لەگوتاری ئیسلامی دابڕاو لەدەوروبەردا بپارێزن‌و جیابکەنەوە، لەڕێگەی جەختکردنەوە

لەسەر "رەوشتە ناپەسندەکانی وەک درۆکردنو نەبوونی ئەمانەتو راستگۆنەبوون لەمامەڵەکردنو قسەو قسەڵۆکی ناشیرینو پاکو خاوێن رانەگرتنی ژینگەو خۆبەزلزانینو سوکایەتیکردن بەیەکترو بێ ئینساف بوون بەرانبەر ئەوانەی، کە بیروڕای ئاینیو مەزهەبی جیاوازیان هەیە". (عەلی:٢٠١٥، ٤٠). لەگوتارە میناڕەوەکەشدا باسی چاکەو خراپەو رەوشتو ژینگەو پاکوخاوێنی خەسلەتی مرۆڤ دەکات، بەڵام باسی گەڕان بەدوای نەتەوە ناکات. واتە بان ئیسلامیەتو نەبوونی نەتەوە لەگوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، بنەمای گشتی ئەو رەوتەیە، تەنیا "ترسو بەدگومانی بۆ خودی گوتاری خەڵک لەپرۆژەی ئیسلامی هاوچەرخ بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ خودی گوتاری ئاینی". (هەمان سەرچاوە:٦١).

ئۆپۆزسیۆن بوون لەدیدی ئیسلامی سیاسیدا رەنگە لەسەر هەمان ئەم بنەمایە دروست بێت، کە لەگوتارێکی بان ئیسلامی گشتگیر جێبەجێ دەکرێت. بۆیەشە لەم روانگەیەوە "دەبێت پێویستی دۆخێک لەئارادابێت پێچەوانەی جیهانبینی ئیسلامیو جیاواز لەدۆخی ئیسلامی، کە دەیخوازێت بۆ کۆمەڵگە لەکایە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا دەستەبەری بکات". (عەبدولکەریم:٢٠٠٩، ٢١). ئەگەر لەڕوانگەی ئیسلامەوە ئۆپۆزسیۆن بوون "خستنەڕووی راستیو ناڕاستی بێت". (هەمان سەرچاوە:١٤)، ئەوە لەشیکاری گوتاردا بەپێی بۆچوونەکانی (میشێل فۆکۆ) گوتار راستیو ناڕاستی نییە، هەروەها لای (ئۆستن)یش هەر وایە، گوتار کردە قسەیە. بەقسەو گوتن لەرێگەی گۆکردنی مەبەستێکەوە، کارێک دەکەیت، جا ئەم کارە راگەیاندن، هەواڵدان، ئاگادارکردنەوەو فەرمانو هوشداری ... هتد) بێت، یان نەفی کردنو رەتکردنەوە بێت. لێرەدا، کە شیکاری گوتاری سیاسی دەکرێت، بەدوای راستیو ناڕاستیدا ناگەڕێین، بەدوای مەنتقیقو نامەنتقیدا، بەدوای گونجاونو نەگونجانو بەدوای لەباریو نالەباریدا دەگەڕێین. لەتەک ئەوەشدا ئیسلامی سیاسی، کە هەڵگری بیرۆکەی توندڕەویی، یان میانڕەوییە، یان "خاوەنی گوتاری ئیسلامی سەلەفیو جیهادین بەکارهێنانی هێزو خەباتی چەکداری

بەباشترین ڕێگە دەزانن بۆ بەدەسەڵات گەیشتن". (عەبدولکەریم:٢٠٠٩، ١٥). لەهەندێک بواردا خاوەنی ئەم گوتارانە، بێ ئەوەی بۆ بەکارهێنانی چەمکی زمانیی لەنێو گوتاردا بگەڕێنەوە، ئەو گوتارەی دەرخەرو دروستکەری خودی خۆیانە، پەنا بۆ چەمکەکانی "چاکەو خراپە، فەسادو ئیسلاح، ڕەواو ناڕەوا، ڕاستو ناڕاست، ستەمکاریو دادپەروەری... هتد" دەبەن. (هەمان سەرچاوە:١٥). لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا کلیسا ڕۆڵیان لەدیارکردنی پیرۆزییەکانو ڕاستیو درۆ، چاکەو خراپە، ئەخلاقو هەقیقەتدا هەبوو، لە باسکردنی بەندیخانەو شێتخانەو سەرپەرشتییەکانی دەزگاکانی خێرخوازی، ئەمەش بەو مانایە بوو، بەندیخانە لەیەک کاتدا میتافیزیکای شارو سیاسەتی ئایینی لەنێوخۆیدا حەشار دەدات. (فۆکۆ:٢٠١٤، ١١١). ئەو گوتارەی بەشێک لەئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، هەر لەسەرەتاوە لەسەری ڕۆنرابوون "گوتاری بیرۆکەی شۆڕشو خەباتی چەکداری بوو". (عەبدولکەریم:٢٠٠٩ ،٦٥). بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت، کەزەمینەی دەرکەوتنی گوتاری ئیسلامی سیاسی لەهەناوی ئەم جۆرە زەمینەو خەباتە، گەشەی کردووە.

گوتاری هێز، یان هێزی گوتار لای ئۆپۆزسیۆن بەگشتیو ئیسلامییەکان بەتایبەتی پیادە دەکرێت؟ دیسان خودی گوتارە ئەو ئاستو ئاڕاستەیە ساخ دەکاتەوە، کاتێک ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی زمان دەیانەوێت هێز نیشان بدەن، هێزی خودا، هێزی ئیمان، هێزی شەقام، ئینجا لابردنی هێزێکی خراپە بەهێزێکی چاکە، وەکو خۆیان لەگوتارەکانیاندا دەیانەوێت دەسەڵاتی ڕەهاو باڵای ئاینی تێدا پیادەبکەن، بۆیەشە ڕەچاوی ئەوە دەکرێت، کە گرفتی ساخکردنەوەی گوتارێکی بەهێز دەربکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر باسی گوتار لەبارەی لیستی ژمارە پێنجسەدو شەستو یەک لەهەڵبژاردندا بکرێت. دەردەکەوێت: کاتێک باسی سەربەخۆیی گوتاری یەکگرتووی ئسیلامی لەهەڵبژاردنی ٢٠٠٥ دەکرێت، هەندێک لایەنی دیکەی ئیسلامی پێیان وایە سەربەخۆ نەبوونی گوتارەکەیان پەیوەستە بەوەی "پارتیو یەکێتی ئەو وەعدو بەڵێنانەیان نەهێنایەدی، ئەوە هاندەرێک بووە بۆ بیرکردنەوە لەوەی

بەتەنها دابەزن". (محەمەد:٢٠١٢، ١٨٢). کەواتە کاردانەوە لەبەرانبەر دەوروبەر گوتارێکی حزبی دروستکردووە، نەک ئاینی، نەک عەقیدەو پابەستبوون بەدەقی باڵادەست، هەروەها گریمانە دەکرێت، ئەمە دەقی باڵای زمانو گوتار نییە، لایەنەکان هەڵدەسوڕێنێت، بەلکو دەوروبەری ***(زمانی سندوقی دەنگدانە نەک تفەنگ)***، هەروەها بەدینەهاتنی دەستکەوتەکانە، گوتارە رەخنەییەکان دەجووڵێنێت. ئەمەش لایەنێکی گرینگی شیکردنەوەکەمان سانا دەکات، سەرەتایەک دێتەئاراوە، کە هێشتا گوتاری ئیسلامی لەچوارچێوەی ئۆپۆزسیۆندا لەسیاسەت جیانەبۆتەوە، ئەو گوتارە کاملە پێکنەهاتووە، کە دەبێتە هێزو دروستکەری هێزەکەش. "هەر لایەک وەک یەکێک لەچەکەکانی دەستی لەدژی رەقیبەکانی بەکاری دەهێنێت، لێرەیشەوە ئاین بووەتە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەو مەزهەبو حزبە ناکۆکەکان". (غەفوور،٢٠١٠، ٧٠).

لەمەش روونتر کاتێک گوتاری ئاینی لەچوارچێوەی شەرعیبوونی ئاینییو لادانی لیبرالیدا سنووردار دەکرێت، زمانی گوتارو هێزەکەی لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە "ئەندامانی حزبی خودا بەڵێنی بەختەوەرییو ئەنجامی باشو ئەندامانی حزبی شەیتانیش بەڵێنی سەرەئەنجامێکی خراپو تاریکیان پێدراوە"[١]. (محەمەد:٢٠١٢، ٢٢). واتە گوتاری ئیسلامی سیاسی بەدوای هێزی ئایندەی ناو دەوربەرێکی دووردا دەگەڕێت، لەدەرەوەی دەوربەری کاتو شوێنی ئێستا دایە.

باسی زمانو دەقو گوتار لەنێو رەوتی ئیسلامی پەیوەستە بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیو دەوروبەری خودی رەوتەکەو چۆنیەتی دەرکەوتنو بوونی رەگەزەکانی گوتارەکەی، کە بەدەرکەوتنی عەقڵانیەتو وردبینیو حیکمەت دەیانبەستێتەوە، چونکە کاتێک پێچەوانەی پێوانەیی بوونی عەقڵ، "عەقڵ کردنە پێودانگ بۆ هەڵسەنگاندن لەبەرانبەر دەقدا- کارێکی ناڕەوا" بێت. (عبدالعزیز:٢٠١٣، ٦٣)، وەکو چۆن رزگاربوون لەدەسەڵاتی دەقدا، بەدروستی

---

١ - لەقورئانیشدا هاتووە (الا ان حزب الله هم المفلحون) (الا ان حزب الشیطان هم الخاسرون). بڕوانە (محەمەد :٢٠١٢، ٢٢).

مەبەستی رزگاربوونە لەچەمکی (باڵادەستیو گشتیدا/ هیمنە وشمولیە). (ابوزید:١٩٩٥ ،٧٤)، گوتاریش لەو پێوانە زمانەوانییە دەردەچێت. ئەو هەڵسەنگاندنەی زمانییو شیکردنەوە بەپێی پێوەرە زانستییەکانی زمانەوانی بۆ گوتاری سیاسی ئیسلامی کارێکی ئاسان نابێت، ئەگەر دەوروبەر بکرێتە بنەما بۆ شیکردنەوەی گوتارەکەو لەباڵادەستی دەق داببڕدرێت. لەپەیوەست بەشیکردنەوە لای رەوتی میانڕەویی، بەرچاوترین تایبەتمەندی ئەوەیە عەقڵانییەت لەرەهەندی گوتاردا رەنگی داوەتەوە، کە زۆرجار خاوەن رەوتەکانی دی بەئاوتێکردنو سازشکاریی (مداهنە)، یان تەنانەت دۆڕاندنی (ولاء) ناویان دەبەن. (عبدالعزیز:٢٠١٣ ،٦٧). ئەمە ساخ کراوەتەوە، کە گوتار دەبێتە سەرچاوە بۆ دیارکردنی رەوتی عەقڵانیی بوونو ئاڕاستەکانی دیکە. گریمانەی ئەوە لەتوڕەیی ناوەوەی گوتارەکانی (سەڵاحەدین بەهائەدین) دەکرێت، کە بۆ دەنگدەرانی یەکگرتووی ئیسلامی پێشکەشی دەکات، رەخنەی وابەستە بەدەوربەری (ئەوان/ دەسەڵات) بەشێوەی ناڕاستەوخۆ (پارتیو یەکێتی) هەیە، نەک رەخنەی گوتار بە **مەبەستی چاکە** بۆ نەهێشتنی خراپە.

گوتاری ئۆپۆزسیۆن، کە دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی رەوتی ئیسلامی حزبایەتی بە"کاری بەکۆمەڵو هاریکاریو فەرمان بەچاکەو بەرگریو بەرهەڵستی کردنی خراپە بزانێت". (سەنگاوی:٢٠١٢ ،٦٣). ئەمجۆرە گوتارە بەرهەمهێنی رەوتێکە، کە هێزێک دەخووڵقێنێت، رەنگدانەوەی گوتارەکەیەتی، نەک هێزە خودییەکە، تا دەگاتە ئەوەی لەپێناو بەرگریو بەرهەڵستیدا شێوە زەمینەیەک بۆ بەکارهێنانی زمان بخولقێت.


ئەمجۆرە گوتارە لەلایەک تێکەڵی پیرۆزییەکانو بڕواو ئیمانو خواپەرستی دەسەڵاتی ترساندن دەکرێت، کە لای هەندێکیان شیکردنەوەی کارێکی رێگە پێنەدراوە، لەلایەکی دیکەشدا بریتییە لەلێکدانەوەو بۆچوونی خودی کارەکتەرەکانی نێو رەوتەکە، کە ئەمیان وابەستەی دەوربەر دەبێت. گوتارێک لەوابەستەیی بەدەقی باڵادا، دوورکەوتنەوەیە لەکاتو سەردەمەکە. ناکۆکی گوتارەکە لەنێوان مەنتیقو نامەنتیقدا، لەعەقڵانیەتو دابڕان لەعەقڵانیەتدا، دەیانەوێت شێوازێکی مۆدێرن

بگرنەبەر. کاتێک شیکردنەوەی گوتار گەڕان بەدوای واتاکان بێت، کە دەکرێت لەرێگەی قسەکردنەکانەوە هەڵبهێنجرێن، کە ئەو واتایانە کاریگەریان لەسەر وەرگر هەیە، ئینجا ئەمە واتای مەبەستدار بێت، یان بێ مەبەست. (ابوزید:١٩٩٥، ٦٦). ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا دەیەوێت هاوسەنگی لەنێوان عەقڵو دڵدا دروست بکات. هێزی کردە قسەیی گوتار لەفەرمانو هەواڵدانو ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوەیەو هەروەها رەزامەندنیو تەئکیردنەوەو پەیماندانو بڕواهێنان لەدڵەوەو دڵنیابوون لەتێگەیشتنو کارتێکردنو کاریگەرییەکانەوە دەردەکەوێت، نەک لەرووبەڕوبوونەوەی ستەمکار، یان زۆرلێکراو، یان هەر دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی، چونکە گوتار تەنیا ئاڕاستەی ستەمکار ناکرێت، گوێرو وەرگریش تەنیا ستەمکار نینو هەقیش هەر تەنیا دژی ستەمکار ناگوترێت. بۆیە، کە پراگماتیک دەکرێتە پێوانە بۆ لێکدانەوەی ئەمجۆرە گوتارانە، گەڕان بەدوای رۆڵی نێرەرو وەرگر لەدەوربەردا پێگەی سەرەکی وەردەگرن.


دەوروبەری گوتاری ئیسلامیش دەوروبەرێکی دەست بۆنەبراوی دەقو ناتوانرێت دەستکاری بکرێت، راستی پەیوەستە بەپیرۆزییەکانی ئاین، عەقڵیش بۆ چاکە دەگەڕێتەوە. واتە راستیو چاکە پێوانەی عەقڵو گوتارێکی لەبارو دروستی ئاینییە. ئەوی دیکەشیان دەوروبەری وەبەرهێنی کارەکتەرەکانی لێکدانەوەی فکری ئیسلامییە، کە دەکرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت. خودی وەبەرهێنی گوتارەکە دەق نییە، بەقەد ئەوەی بەکارهێنانو نیشاندانی باڵادەستی دەقەکەیە، لەدەوروبەرێکی دابڕاو لەدەقدا، یان وەبەرهێنانەوەی دەقە لەکاتو شوێنێکی نوێدا. ناشبێت چەمکە نوێیەکانی سەردەمی مۆدێرنە بەسەر چەرخە دێرینەکاندا بسەپێنین، وەکو چۆن کەسانی تەقلیدیو ئایدۆلۆجیست دەیانەوێت. (ئاراگۆن:٢٠٠٥، ٤٨).

مەبەستی سەرەکی ئێمە دیاریکردنی رۆڵی نێرەرە لەبەرهەمهێنانی گوتاری ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی سیاسیدا، کە بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکو کردە قسەیی وەرگر/ گوێگر رۆڵی یەکسانە لەگەڵ نێرەر. ئەمە لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا بەئاسانی شوێنەکەی بەرجەستە ناکرێت، چونکە دەقی پیرۆزی ناو گوتارەکەیان

بڕیارلێدراوە، بواری وەبەرهێنانەوەی نییە، بۆیەشە هەر بەهەمان شێوە لەڕوانگەی ڕەواییو بێ هاوتاییو عەدالەتو هەقانیەت ... هتد دەردەکەون. لەکاتێکدا دانەر/ نێرەر لەگوتاردا بەتەنیا گرینگ نییە، بەلکو پێویستی بەپاڵپشتی وەرگر/ بەکاربەر هەیە، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ ڕاستکردنەوەی هەقیقەت دەبووایە کەسێک پاڵپشتی هەقیقەتی نێو گوتارەکانی بکردبایە، لەکاتی بوونی واتای شاراوەدا پێویست بەگەڕانەوە بۆ ژیانی تایبەتی دانەرەکەو ئەزموونی ژیانو مێژووی ڕاستی لەدایکبوونی هەبوو. (فۆکۆ:٢٠١٣، ٢١).




**هێلکاری ژمارە (١٥) بەکارهێنانی جێناوەکان (بەهائەدین)**




**هێلکاری ژمارە (١٦) بەکارهێنانی جێناوەکان (بەهائەدین)**

لایەنێکی دیکە شیکاری گوتاری سیاسی رۆڵی جێناوەکانە، کە دەریدەخات نێرەر/ خاوەن گوتار چەندە بایەخی بەم لایەنە داوە، یان بەکارهێنانی جێناوەکان چەندە رەنگدانەوەی باری کەسێتیو دەروونی قسەکەرە. ئۆپۆزسیۆن بەمجۆرە دەردەکەوێت، کە نوێنەرایەتی (تۆ/ ئێوە) دەکات، بەتایبەتی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەرێگەی گوتاری (من)ی ئیسلام، بەم شێوەیە کاردەکات، کە نوێنەرایەتی گشت/ لەکۆمەڵگەی موسلمانو هێزی شاراوەی نێو گوتارەکە، کە پیرۆزییەکانە دەکات. بۆیەشە لەچوارچێوەی ئەم

مەبەستە سەیری- کۆدی ٢ گوتاری (سەلاحەدین بەهائەدین) بکە. دەبێت گوێگرو وەرگر، کە (تۆ/ ئێوە)و (ئەو/ ئەوان)ە، شوێن‌و پێگەیەکی فراوانیان پێبدرێت، کەچی لای (بەهائەدین) پێچەوانەی نێرەرو قسەکەرانی گوتاری دەسەڵات‌و هەتا لایەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆنیش، پانتاییەکی زۆر بەرتەسک بەجێناوەکان دەدات، لەهێلکاری ژمارە (١٥و١٦) بەڕوونی ئەم بارە دەردەکەوێت. نۆ جار زاراوەو هێزی شاراوەی خودای لەکۆدەکانی (١و٣و٥و٧و٩و١٤و١٥و١٧و٢١) بەکاردەهێنێت، بێگومان وەکو هێزێک بۆ سنووردارکردنی بیرکردنەوەی هاووڵاتی، کەسانی موسلمانی ئیماندار، تەنیا وەکو هاووڵاتی دەنگدەریش بۆ ئەوەی دەنگەکەت بەشەفافی‌و دوور لەترس‌و لەپێناو پارەو خزمایەتی نەدەیت، دەبێت خوات لەبیر بێت. کەواتە خوا وەکو لایەنی شاراوە لەشێوەی کەسی سێیەم، کە بوونێکی باڵادەست‌و وەکو هێزێکی کاریگەر بۆ دیارکردنی سنووری بیرکردنەوەی هاووڵاتی ڕۆڵێکی گەورەی پێدراوەو هەیەتی. هەروەها بەکارهێنانی جێناوەکانیش لای خاوەنی گوتار بەمجۆرە بەرجەستە بووە: تەنیا دە جار (من)ی بەرێژەی ٨%و (ئێمە)ی نۆ ٩ بەرێژەی ٨%و (تۆ)ش بەرێژەی سفر بەکارهێنراوەو (ئێوە) پێنج جارو بەرێژەی ٤%و (ئەو) شەست‌و چوار جار، واتە بەرێژەی ٥٣%و (ئەوان)یش سی‌و دوو جارو بەرێژەی ٢٧% بەکارهێنراوە. مەبەستمان لەم شیکردنەوەیە ئەوە دەربیخەین، کە بەهای جێناوەکان لای خاوەنی گوتاری ئیسلامی سیاسی چەندە؟. بینیمان بەپێی ئاماری هێلکارییەکانی ژمارە (١٥و١٦)، (ئەو) بەرزترین ڕێژەی هەیە، کە لە٥٣% یەو (تۆ)ش ڕێژەکەی سفرە. (من)و (ئێمە)ش بەرێژەی ٨% بەکارهێنراون. دەردەکەوێت، کە لەگوتاری ئەم قسەکەرە/ نێرەرەدا، (تۆ) کە پێکهێنەری سەرەکی گوتارە، بایەخی زۆر کەمی پێدراوە، یان لەئاستێکی نزمدا (تۆ/ ئێوە) دەردەکەون، (ئەو/ ئەوان) وەکو کارەکتەرو کەسانێکی بەشدارو هاوبەش‌و نادیارو ناڕاستەوخۆ پێگەو پانتاییەکی فراوانیان بۆ تەرخان کراوە. (بەهادین)یش

وەکو ئەوانی دیکە لەگوتاری کوردیدا، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کار بۆ بەشداری پێکردنی (ئەو/ ئەوان) لە پانتاییەکی فراوانتر لەوانی دیکە دەکات.

واتە یەکلایەنە نێرەر بیروڕاکانی ئاڕاستە دەکاتو دەرفەتی وەرگرتنەوەو کاردانەوەو سوڕانەوەی گوتاری لەنێوان نێرەرو وەرگر بەرتەسکە، هەروەها خاوەن گوتار، قسەکەرە بەناوی خودا، کەئەمەش وایکردووە خودا وەکو پێکهێنەری سەرەکی ناڕاستەوخۆی نێو گوتارە بێتو لەهەمان کاتیشدا بە ناڕاستەوخۆیی بەشداری سەرەکی پێکهێنەری گوتارەکەش بێت. سەرباری ئەوەش ئەوانەی شیکاری گوتاری ئاینی ئیسلامیان کردووە ناتوانن کاریگەریی‌و رۆڵی هاوبەش‌و یەکسانی[1] نێوان نێرەرو وەرگر پشگوێ بخەن.

کە سەیری هێلکاری ژمارە (١٧) دەکەین، روونتر دەردەکەوێت، کە گوتاری ئیسلامی سیاسی ئۆپۆزسیۆن لەچوار بواری وەکو چەمکی پێشمەرگەو بەڵێندانو ئازادی رۆژنامەگەری‌و رێزگرتنی فرە نەتەوەیی، هیچ بەهایەکی دانەناوە، خۆی بەدوور دەگرێت، لەپلەی یەکدا سی‌و سێ جار بەرێژەی ١٨،٤٤% ئاماژە بەبایەخدان بە بەرنامەی ئایندە دەکات. لەپلەی دووەمدا سی‌و دوو جار باسی دڵنیایی بەرێژەی ١٧،٨٨%ی کردووە، بەڵام بایەخ بەئاسایش نادات. دڵنیایی‌و ترس لەسزاکانی خوایە، دڵنیابوون لەهەڵەکانی دەسەڵاتو دڵنیابوون لەچۆنیەتی دەنگدان باس دەکات، نەک دڵنیایی لەپڕۆسەی گشتی سیاسی‌و کۆمەڵگە. بیستو نۆ جاریش واتە بەرێژەی ١٦،٢٠% باسی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و هەندێک لەبناماکانی ئەم بوارە

---


[1] - درێژەپێدانو دووبارەکردنەوەی بێزارکەرو دەنگ بەرزکردنەوەو خۆ تورەکردنی بێ پاساو وروژاندنی ئەو باس‌و بابەتانەی کە لایەنی سۆزو گیانی رقو کینەو کاردانەوەی توندو نەخوازراو، لەدڵو دەروونی گوێگرەکاندا دەچێنێت، یان لێدەکات لەبەرانبەر هەندێک کاروکردەوەی رواڵەتی‌و نادروست کە بەرانبەر پیرۆزییەکان ئەنجام دەدرێت، کاردانەوەی زۆر توندو وێرانکەریان هەبێت. (عەلی:٢٠١٥، ٤٥). یاخود وتارەکانی هەینی‌و سەرجەم گوتاری ئاینی لەکوردستان یەکێ لەو هێزە گەورانەیە کە رامی هەستە سەرکەشەکانی مرۆرڤ دەکات. (غەفوور:٢٠١٠، ٢٠).

دەكات، هەرچەندە لەم بوارەشدا پتر  بايەخ بەهەڵبژاردنو دەنگدانو دەنگەنەدان بەليستەكانى دەسەڵات دەدات. بيستو يەک جار بەرێژەى ١١،٧٣% باسى ئاينو رۆڵى ئاينو فەرموودەى ئاينى دەكات، بەڵام بەهيچ شێوەيەک ئاماژە بەبوونى ئاينى جياواز لە كوردستانو فرەيىو رێزگرتنيان ناكات. واتە قسەكەر بايەخى بەفرەيى ئاينى نەداوەو تەنيا باسى ئيسلام دەكات. ئەمەش گريمانەى ئەوە دێنێتە پێشەوە، كە ئۆپۆزسيۆنى ئيسلامى بەهۆى كاريگەرى ئاينييەوە، بايەخ بەگوتارى رێزگرتنى ئاينى بەگشتى نادەن.


هەروەها قسەكەر وەكو ئيسلامييەكى سياسى مينارەو تەنيا چواردە جار بەرێژەى ٧،٨٢%  لەگوتەكانيدا ئاماژە بەمتمانەبوونو سەربەخۆبوون دەكات، كە لەم بارەشدا ئاماژەكانى بەگشتى ناڕاستەوخۆن. تەنيا چواردە جار واتە بەرێژەى ٧،٨٢%ش چۆتە سەر باسى حكوومەتو پەرلەمانو سەربەخۆيىو دەسەڵات، كە لەم بوارەشدا پتر بەلاى پەرلەمانو دەسەڵاتدا چووەو يەكجاريش باسى سەربەخۆيى دەكات، ئامانجيشى لەم بوارەدا بەشێوەى ناڕاستەوخۆ رەخنەگرتنە. قسەكەر تەنيا دوازدە جار بەرێژەى ٦،٧٠%  بەلاى فرەيى لەكارى سياسىو حزبايەتى دەچێتو يازدە جاريش بەرێژەى ٦،١٥% ئاماژە بەرۆڵى مێژوويىو گەڕانەوە بۆ باكگراوندى مێژوويى دەكات، لەمەشدا باسى خودى خۆى، يان حزبى يەكگرتووى ئيسلامى كوردستان ناكات، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ مێژووى ئيسلامىو رووداوە ئيسلامييەكان، واتە بايەخ بەباكگراوندى مێژووى ئيسلامىو فەرموودەو قسەى كەسايەتييە ئيسلامييەكان دەدات. لەتەک ئەوەى گوتارەكەى رەخنەگرانەيە، كەچى راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ تەنيا هەشت جار بەرێژەى ٤،٤٧%  ئاماژە بەبوونى گەندەڵى دەكاتو سێ جاريش بەرێژەى ١،٦٨% ئاماژە بەبوارى ئازادى تاكەكەسى دەكاتو تەنيا يەک جاريش بەرێژەى ٠،٥٦% باسى ياسا دەكات.

لەهێلكارى ژمارە (١٧و١٨و١٩) دەردەكەوێت، رێژەى بەكارهێنانى چەمكى كردە قسەيى لاى (بەهائەدين) بەراورد بەكارەكەتەرەكانى ديكە كەمتر دەردەكەوێت، بەرێژەيەكى كەمترو لەپانتاييەكى بەرتەسكدا بەكارهێنراون،


بەڵام کاتێک باسی ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکەکان دەکرێت، ساخ دەبێتەوە، کە ڕێژەی بەکارهێنانی هەر چەمکێک لای ئەم کارەکتەرە ئیسلامییە دەگۆڕێت، هێزی گوتارەکەی لەهێزی بایەخدانە بەرێژەی جیاوازی چەمکەکان. چوار چەمکو بوار لەدەرەوەی بەکارهێنان دان. باڵاترین ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکەکان، یان دووبارە بوونەوەیان ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکەکانە سیو سێ جار، کە ڕێژەکەی ١٨،٣٣%ەیە. ئەمەش لەبەراورد بەگوتاری ئۆپۆزسیۆن، کە گوتارێکی ڕەخنەگرەو لەناخیدا نیشاندەری زمانێکی هەڵچووە، گوتارێکە لەنێوان بەشداری لەدەسەڵات- میانڕەوییو ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتو گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی، بێگومان گونجاوتر دەبوو، هەروەها هێزی کردە قسەیی چەمکەکان فراوانترو کاراتر دەردەکەوتن، ئەگەر ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکەکان یەکسانیو هاوسەنگیان پتر تێدا بووایە.




**هێلکاری ژمارە (١٧ ) چەمکی کردە قسەیی (بەهائەدین)**




**هێلکاری ژمارە (١٨) چەمکی کردە قسەیی (بەهائەدین)**




**هێلکاری ژماره (١٩) چەمکی کرده قسەیی (بەهائەدین)**

### ٣-٢-٢ پوختەی گوتاری سەلاحەدین بەهائەدین:

***یەکەم-*** بانگەشەیە بۆ هەڵبژاردن، دەقی باڵای ئاینی بەکاردەهێنێت بۆ بڕواپێهێنانی هاووڵاتیان.

***دووەم-*** باسی پێشێلکاریو شەفافیەتو فەشەلی دەسەڵات لە بیستو چوار ساڵی رابردوو دەکات، واتە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت: گەندەڵی لەئیدارەو دەنگدانو فەشەل لەحکومڕانیو دەسەڵات هەیە، کە ناڕاستەوخۆ پارتیو یەکێتی بەرپرسیار دەکات، بێ ناوهێنانیان.

***سێیەم-*** زمانێکی سادە، ئیسلامی، ورووژاندنی بەکارهێناوە. گوتارێکە هەڵگری فکری ئیسلامییە، لای هەر نەتەوەو جوگرافیاکی جیا لە کوردستانیش دەشێتو شیاوە.

***چوارەم-*** جەخت لەسەر چاکە گوتن دەکاتەوە، ناشزانرێت ئەمە دڵنیاکردنەوەی گوێگرە، یان ئاستی متمانە بەخۆبوونەوە.

***پێنجەم-*** گوتاری راستەوخۆی لەچاو پەیامە نووسراوەکانی کەمترە، واتە پشت بەگوتاری نووسراو دەبەستێت، نەک گوتاری بێژراوی گۆکراو.

***شەشەم-*** ناوی شەهید چاکسازیو ئۆپۆزسیۆن بەکارهێنراوە، هەروەها هاووڵاتی بوونو یەکسانیو عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراون. لە جێگایەکیشدا دەوڵەتی سەربەخۆی بەکارهێناوە، کە لەگوتاری ئەوانی دیکەدا بەدی ناکرێت.

***حەوتەم-*** گوتارەکەی هەڵگری پەیامێکی ئاینی، دابڕاوە لەپابەستبوون بەدەوروبەر، هێز لە خواوەیەو ئەنجام لەقەدەرەوە دەردەکەوێت، نەک لەکارتێکردنو کاریگەرییەکانی گوتارەکەی خۆیو یاسا دیموکراسیو مەدەنییەکان. لەدوو شوێندا دەڵێت:

76– بەلکو دەبێ بڕوانێتە دروستی مەبەستەکەی‌و گەورەیی ئەو خوایەی لەپێناویدا کارەکەی کردووە.

77– ئیتر ئەنجام‌و دەرئەنجام باسێکی ترەو بازنەی ئەرک‌و قەدەری خوایە.

***هەشتەم***– لەبەکارهێنانی جێناوەکاندا خۆی وەکو کارەکتەر بەلاوەکی دەردەکەوێت، رەنگە ئەمە پەیوەست بێت بەکاریگەرییەکانی چەمکی دەسەڵاتبوون–خاکی بوونەوە، بەڵام (من)ی نێرەر گرینگە لەنێو گوتاردا. بۆیەشە دەبینرێت لە بەڵێندان‌و دروستکردنی متمانەو باسکردنی فرەیی نەتەوەیی‌و ئایینی‌و بەدیهێنانی دەستوورو یاسای مەدەنی خۆی بەدوور دەگرێت.

***نۆیەم***– گوتارەکەی رەخنەیە، بەکارهێنانی هێزی دەقی باڵایە، بۆ هوشداریدانی ئیماندارانە بۆ دەنگدەر، کە لیستە تاقیکراوەکانیان پێشتر تاقی کردۆتەوە.

***دەیەم***– لەباسکردنی مێژوو، بایەخدان بەرابردوو دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئیسلام لەرێگەی بەکارهێنانی دەقی ئاینی، هەست ناکرێت بوونی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کە خودی نێرەری گوتارەکەیە لەمێژوودا بایەخیان پێدرابێت.

***یانزدەم***– لەرووی رۆشنبیرییەوە، هەمان زەمینەیە، کە ئۆپۆزسیۆن (نەوشیروان مستەفا) کەپشتی پێدەبەستێت. (سەلاحەدین بەهائەدین)یش دەیەوێت لەرێگەی باسکردنی هەڵبژاردن‌و دەنگدان‌و مافی هاوولاتی بوون‌و نیشاندانی خەمخۆری بۆ خەڵک ... هتد، جەخت لەشێواز گەیاندنی مەبەستەکانی نێو گوتارەکەی بکاتەوە، کە داکۆکی کاری کۆمەڵگەی مەدەنییە، بەڵام روونتر ئامانجی پەیامەکەی دەردەبڕێت، کە دەڵێت:

78– بەرەو ئیسلامپەروەری میانڕەوانەو دوور لە توندڕەوی‌و پەڕگیری .. بەرەو خەبات‌و خزمەت بەئیمان‌و ئینسان‌و نیشتمان.

***دوازدەم***– گوتاری ئۆپۆزسیۆن هەڵچوونی توندی رەخنەی بۆ نەهێشتنی خراپەکاری بەسەردا زاڵە، هەروەها گوتاری گوێڕایەڵی (من)ی دەسەڵات لەلایەن ئیسلامی میانڕەوو (تۆ)ی وەرگریشەوە لەلایەن دەقی باڵادەستی ئاینی لەهەمان کاتدا تێدایە.

***سێزدەم***- بەپێی بۆچوونی پراگماتیکو کردە قسەیی وەرگر/ گوێگر، رۆڵی یەکسانە لەگەڵ نێرەر. ئەمە لەگوتاری ئیسلامی سیاسیدا شوێنی نییە، چونکە دەق بڕیارلێدراوە، بواری وەبەرهێنانەوەی نییە.

***چواردەم***- راشکاونەو بەڕوونی لەبەرانبەر هەڵەکاندا دەسەڵات بە بەرپرسیار دەزانێت، لای گوێگر گومانیان دژ دروست دەکات. واتە راستەوخۆ باسی دەسەڵات دەکات، بەڵام وەکو (نەوشیروان مستەفا) بەئاشکرا ناوی (پارتیو یەکێتی) ناهێنێت.

***حەڤدەهەم***- بایەخی بەفرەیی ئاینی نەداوە، تەنیا باسی رۆڵی ئیسلام دەکات، ئەمە بەگشتی لەگوتاری ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی رەنگی داوەتەوە، کە ئەمەش پەیوەندی بەهەژمونی ئیسلامیی سیاسییەوە هەیە.

### ٣-٢-٣ بەراورد لەنێوان گوتاری ئۆپۆزسیۆندا

بۆ روونتر بەراوردکردنی جیاوازیو هاوبەشی لەنێوان هەردوو گوتاری ئۆپۆزسیۆن، سەیری هێلکاری ژمارە (٢٠و ٢١و ٢٢و٢٣) بکە.

***یەکەم***- گوتاری ئۆپۆزسیۆن ئاڕاستەی جەماوەری حزبە.

***دووەم***- هەردوو گوتار بەبۆنەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە.

***سێیەم***- (نەوشیروان مستەفا) بەشێوەیەکی کاراو فروانتر لە(سەلاحەدین بەهائەدین) بایەخی بەهەندێک چەمکی کردە قسەیی داوە، وەکو وریاکردنەوەو داواکردنو ئامۆژگاری... هتد.

***چوارەم***- جێناوی کەسی یەکەمو سێیەم لای (نەوشیروان مستەفا) چالاکترە.

***پێنجەم***- هەردوو قسەکەر نایانەوێت بایەخ بەمێژووی خودی خۆیان بدەن، باسی مێژووی حزبەکانیان ناکەن، چونکە قسە لەسەر ئایندە دەکەن.

***شەشەم***- بەرێژەی جیاواز، بەڵام وەکو دوو چەمکی سەرەکی بایەخیان بەکۆمەڵگەی مەدەنیو ئاسایشو دڵنیایی داوە، بەڵام دڵنیایی وەکو باری ئاسایشو ئارامی دەنگدەر نا، بەلکو ئاماژە بەدڵنیایی بۆ خۆیان وەکو گرووپی

سیاسی‌و جەماوەرەکەیان بەتایبەتی دەکەن، تاکو دڵنیابن لەوەی، کە کار بکەن، دەنگ بدەن، دەسەڵات سزا بدەن‌و ... هتد.

***حەوتەم***- هەردوو قسەکەر بایەخیان بەپێشمەرگە نەداوە. چەمکی ئازادی رۆژنامەگەری‌و یاسا بەلاوازی دەردەکەون. بەڵێندان لای (مستەفا) بەهێزەو لای (بەهائەدین) شوێنی بۆ تەرخان نەکراوە.


***هەشتەم***- شێوەی ئاراستەکردن‌و دەستپێکردن‌و کۆتاییەکانیان جیاوازە.

***نۆیەم***- دوو شێوە زمانی جیاوازیان هەیە، زمانەکەی (مستەفا) باڵاو ئەکادیمی‌و دەستەبژێر خۆی دەردەخات، کەچی لای (بەهائەدین) سادەو میللی‌و زمانی تایبەتمەندی ئیسلامی سیاسییە.


دەیەم- (بەهائەدین) بایەخ بەنەتەوەو ناوهێنانی هەرێمی کوردستان‌و زاراوە بەکارهێنراوە لیبرالییەکان نادات، (مستەفا)ش پەنا بۆ بەکارهێنانی زاراوەکانی کوردستانی عێراق، کورد، کوردستان، کۆمەڵانی خەڵک، ئەوروپا، بزوتنەوە، هێز، عەدالەتی کۆمەلایەتی، تازەبوونەوەو نوێ بوونەوەو خەبات‌و تێکۆشان، جووڵانەوەو کاری هاوبەش دەبات. واتە لەبەکارهێنانی زاراوەکاندا جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان هەردوو کارەکتەری ئۆپۆزسیۆن هەیە.

***یانزدەم***- هاوبەشی لەنێوان هەردوو گوتار لەنێوەوە هەیە، دەیانەوێت دەسەڵات سنوردار بکەن، لەدەرەوەشدا دوو ئاراستەی ئیسلامی‌و لیبرالی جیاوازن، هەرچەندە کاریگەرییان لەشێوازو هەندێک زاراوە لەسەر یەکتر هەیە.


***دوانزدەم***- دەستەبژێر زاڵە بەسەر زەمینەی گوتارەکانی هەردوو لا، بەڵام لەتەک ئەوەشدا کار بۆ بەدیهێنانی گوتاری تایبەت بەئۆپۆزسیۆن دەکەن.





**هێڵکاری ژمارە (٢٠) چەمکی کردە قسەیی بەراورد لەنێوان (بەهائەدین و مستەفا)**




هێلکاری ژمارە (٢١) چەمکی کردە قسەیی (بەهائەدین)




**هێڵکاری ژمارە (٢٢) چەمکی کردە قسەیی (مستەفا)**




**هێلکاری ژمارە (٢٣) چەمکی کردە قسەیی لەنێوان (مستەفاو بەهائەدین)**

## ٣-٣-١ پوختەی هاوبەشییو جیاوازیی لەنێوان گوتاری دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا

| چەمکەکان | بارزانی: دووبارە بونەوە | بارزانی: ڕێژەی % | تالەبانی: دووبارە بونەوە | تالەبانی: ڕێژەی % | مستەفا: دووبارە بونەوە | مستەفا: ڕێژەی % | بەهائەدین: دووبارە بونەوە | بەهائەدین: ڕێژەی % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نرخاندنی پێشمەرگە | 48 | 13.75 | 3 | 1.44 | 0 | - | 0 | - |
| بایەخدان بە ئاسایش و دڵنیایی | 42 | 12.03 | 15 | 7.21 | 34 | 10.53 | 32 | 17.88 |
| متمانە بە خۆبوون و دەسەڵات | 60 | 17.19 | 35 | 16.83 | 25 | 7.74 | 15 | 8.38 |
| کۆمەڵگەی مەدەنی | 32 | 9.17 | 37 | 17.79 | 69 | 21.36 | 29 | 16.20 |
| یاسا | 25 | 7.16 | 7 | 3.37 | 16 | 4.95 | 1 | 0.56 |
| ئازادی رۆژنامەگەری | 0 | - | 0 | - | 1 | 0.31 | 0 | - |
| ئازادی تاکەکەس | 6 | 1.72 | 8 | 3.85 | 1 | 0.31 | 3 | 1.68 |
| بایەخدان بە مێژوو و خەباتی دێرین | 41 | 11.75 | 23 | 11.06 | 20 | 6.19 | 11 | 6.15 |
| بایەخدان بەئایندەو پلانی دوارۆژ | 34 | 9.74 | 27 | 12.98 | 57 | 17.65 | 33 | 18.44 |
| دژە گەندەڵی | 4 | 1.15 | 2 | 0.96 | 5 | 1.55 | 8 | 4.47 |
| ڕێزگرتنی ئاینی | 11 | 3.15 | 3 | 1.44 | 10 | 3.10 | 21 | 11.73 |
| ڕێزگرتنی فرە نەتەوەیی | 6 | 1.72 | 3 | 1.44 | 2 | 0.62 | 0 | - |
| بایەخدان بە حکوومەتو پەرلەمان و سەرۆکایەتی و کیان | 9 | 2.58 | 13 | 6.25 | 22 | 6.81 | 14 | 7.82 |
| ڕێزگرتنی فرەیی سیاسی | 25 | 7.16 | 28 | 13.46 | 55 | 17.03 | 12 | 6.70 |
| بەڵێندان | 6 | 1.72 | 4 | 1.92 | 6 | 1.86 | 0 | - |
| کۆی گشتی | 349 | 100.00 | 208 | 100.00 | 323 | 100.00 | 179 | 100.00 |

**چارتی ژمارە ( ٢٤ ) بەراوردی چەمکەکان لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن**

## ٣-٣-٢ بەراوردی گوتاری ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات

بەشێوەیەکی گشتی چەمکەکان بەپێی هێلکاری ژمارە(٢٤) بەم ئاستو ڕێژەیە لەلایەن هەر چوار خاوەن گوتارەکان بەکارهێنراون: (مەسعود بارزانی) سێسەدو چلو نۆو (نەوشیروان مستەفا) سێسەد بیستو سێو (جەلال تاڵەبانی) سەدو حەفتاو نۆو (سەلاحەدین بەهادین) سەدو حەفتاو نۆ جار بەتێکڕای چەمکەکانیان بەکارهێناوە. (نەوشیروان مستەفا) لەزۆرترین ڕێژەدا لەبەراورد بەقسەکەر/ نێرەرەکانی تر شەستو نۆ جار کۆدی چەمکەکانی لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنی بەکارهێناوە، پاش ئەوە پەنجاو حەوت جار گرینگی بەچەمکی ئایندە داوە لەرێگەی بەکارهێنانی گوتنەکانیدا. پەنجاو پێنج جاریش چەمکی ڕێزگرتنی فرەیی سیاسی بەکارهێناوە. لەبارەی

مێژووش تەنیا بیست جار ئاماژەی بەم چەمکە لەنێو گوتنەکەیدا کردووە. بۆ بەکارهێنانی چەمکەکان‌و هێلکاری ژمارە (٢٤)و هەروەها بۆ چەمک و کۆدەکانیش لای هەریەکێک لەم چوار خاوەن گوتارە لەپاشکۆدا سەیری هێلکاری ئامادەکراوی ژمارە (٤٧،٤٦،٤٥،٤٤) بکە. کاتێک ئاماژە بەم چەمکانە لای گوتاری ئۆپۆزسیۆن دەکەین، مەرج نییە ئەم گوتنەکان و بەکارهێنانی چەمکەکان‌و بایەخەکانیان بۆ مەبەستی شانازی بێت، رەنگە پەیام‌و مەبەستیان رەخنەگرتن‌و خۆبەهێز نیشاندان‌و لاوازکردنی پێگەی بەرانبەرەکەیان بێت.

بایەخدان بەچەمکەکان لای (مەسعود بارزانی) جۆرێکی دیکەیە، متمانە بەخۆبوون‌و دەسەڵات پلەی یەکەمە کە شەست جار لەرێگەی کۆدەکانەوە ئەم چەمکە بەکارهێنراوە، نرخاندنی پێشمەرگە چل‌و هەشت جارەو بایەخدان بەئاسایش‌و دڵنیایی بەواتای ئارامی‌و دڵنیایی دان بەهاوولاتی‌و دەسەڵات چل‌و دوو جار بەکارهێنراوە، هەروەها بایەخدان بەمێژوو، وەکو سەروەریی رابردوو، پشت بەستن بەهێزی رابردوو چل‌و یەک جار جەختی لەسەر کراوەتەوە، کە بەشێکی کەمی رابردوو وەکو رەخنەلێگرتن دەردەکەوێت. سی‌و چوار جار بایەخدان بە بەرنامەی ئایندە هەیە، سی‌و دوو جاریش کۆدی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و بیست‌و پێنج جاریش باسی یاساو رێزگرتنی فرەیی سیاسی بەمەبەست‌و ئامانجی جیاواز بەکارهێنراون. ئینجا رێزگرتنی ئاینی یازدە جارو بایەخدان بە چەمکەکانی حکوومەت‌و پەرلەمان‌و دەسەڵات نۆ جار بەکارهێنراون‌و بەڵێندان‌و رێزگرتنی فرەیی نەتەوەیی‌و ئازادی تاکەکەسیش هەریەک لەو چەمکانەش لەرێگەی گوتنەکانەوە شەش جار بەکارهێنراون. دژەگەندەڵیش چوار جارو ئازادی رۆژنامەگەری هیچ جارێک باس نەکراوە. بۆ بەکارهێنانی چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆدی نێو چەمکەکان‌و گوتنەکان بۆ دەرخستنی مەبەستی سەرەکی لای (مەسعود بارزانی)و بەراوردی لەگەڵ نێرەرەکانی تر، بڕوانە هێلکاری ژمارە (٢٤)و (٤٤).

(جەلال تاڵەبانی) لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێژەی ئەو چەمکە تایبەتانەی لەم توێژینەوەدا دامانڕشتوون، کە تایبەتە بە چۆنیەتی بەدیهێنانی کردە قسەیی لەگوتاری کوردیدا، بەمجۆرە چەمکەکانی بەکارهێناوە: کۆمەڵگەی مەدەنی سیو حەوت جارو متمانە بەخۆبوون سیو پێنج جارو بایەخدان بەفرەیی سیاسی بیستو هەشت جارو ئایندەش بیستو سێ جارو ئاسایشو دڵنیایی پانزدەو بایەخدان بەحکوومەتو پەرلەمانو دەسەڵاتو سەرۆکو سەرۆکایەتی هەرێم سێزدەو ئازادی تاکەکەسی هەشت جارو یاسا حەوتو بەڵێندان چوار جارو هەریەکە لە پێشمەرگەو فرەیی نەتەوەییو ئاین سێ جارو دژە گەندەڵیش دوو جار بەکارهێنراون، بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆدەکان لای (جەلال تاڵەبانی)و بەراوردی لەگەڵ خاوەن گوتارەکانی تر، بڕوانە هێلکاری ژمارە (٢٤)و (٤٥).

(سەلاحەدین بەهائەدین)یش لەئاستی بەجۆرێکی دیکە لەپێناو گەیاندنی مەبەستەکانی ئەم چەمکانەی بەمجۆرە بەکارهێناوە: سیو سێ جار باسەکانی لەباری ئایندە نیشان دەداتو سیو دوو جاریش باسی ئاسایشو دڵنیایی دەکات، بێگومان مەبەستی ئارامی گشتی نییە، بەلکو دڵنیایی لایەنگرانی خۆیانە، کە بەرەو دەنگدان بچنو چۆن دەنگ بدەن. بیستو نۆ جاریش چەمکە جوادکانی بەکارهێناوە، کە دەچنە خانەی کۆمەڵگەی مەدەنی. بیستو یەک جاریش لەباسی ئایندەدا چەمکەکانی لەرێگەی کۆدی گوتنەکان بەکارهێناوە، وەکو ڕێزگرتن ئاماژەی بەڕۆڵی ئاینو پێگەی ئاینو فەرموودە دینییەکان کردووە، کە گوتارەکەی لەکردەوەدا گوتارێکی ئاینییە، بەڵام دەیەوێت وەکو لایەنێکی مەدەنیو داکۆکی لەکۆمەڵگەی مەدەنی خۆی دەرخات، نەیتوانیوە بچێتە دەرەوەی بازنەی گوتاری ئاینی. پازدە جاریش ئاماژەی بەچەمکی متمانە بەخۆبوونو دەسەڵاتی بەرجەستە کردووە، چواردە جاریش باسی حکوومەتو پەرلەمانو نوێنەرانی پەرلەمانو دەسەڵاتی بەکارهێناوە. دوانزدە جاریش فرەیی سیاسیو یازدە جاریش چەمکی ڕێزگرتنی مێژووی بەکارهێناوە، خۆی لەنێو ئەم مێژووەدا نییە، بەلکو گوتنەکانی ڕێزگرتنی مێژووی ئیسلامە بەشێوەیەکی گشتی، کە وەکو باکگراوندێکی گشتگیری بەهەژموونی باڵا دەردەکەوێت، تەنیا جارێک

باسی مێژووی کاندیدەکانی حزبی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات، وەکو کەسانی جێگەی متمانەو ئیماندارو لێوەشاوە، هەشت جار دژە گەندەڵی ئاماژە پێدەکات. سێ جار ئازدی تاکەسیو یەک جاریش ئاماژە بەیاسا کراوە، بەڵام پێشمەرگەو بەڵێندانو ئازادی رۆژنامەگەری هیچ جارێک باس نەکراون، بۆ بەکارهێنانی کۆدی گوتنی چەمکەکان لای (سەلاحەدین بەهائەدین)و بەراوردی لەگەڵ خاوەن گوتارەکانی دیکە، بڕوانە هێلکاری ژمارە (٢٤)و (٣٢).

ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکەکان، بەشێوەیەکی گشتی لای هەر چوار نێرەر لەدەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن جیاواز دەردەکەون، بەپێی داتاکان دەسەلمێت، کە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەموویان پتر بەکارهێنراوە، بەکۆی سەدو شەستو حەوت جار، باسکردنی ئایندەو دەرخستنی بەرنامەکان لەداهاتوودا سەدو پەنجاو یەک جارە. متمانە بەخۆبوون سەدو سیو پێنج جار بەکارهێنراوەو بایەخدان بەئاسایشو دڵنیاییش سەدو بیستو سێو ڕێزگرتنی فرەیی سیاسی سەدو بیست چوار جار، لەرێگەی دووبارە بوونەوە، یان یەکجار کۆدەکانی چەمکەکان بەکارهێنراون. نزمترین ڕێژەی بەکارهێنانی کۆدو چەمکەکان (سفر)ە لەچەمکی پێشمەرگەو ئازادی رۆژنامەگەریو بەڵێندانو فرەیی نەتەوەیی، کە ئەم بارە لەگوتاری ئۆپۆزسیۆندا پانتاییەکی زۆرتری لەبەراورد بەگوتاری دەسەڵات بەردەکەوێت. یەک جار ئازادی رۆژنامەگەرییو یازدە جار ڕێزگرتنی فرەیی نەتەوەییو شازدە جار بەڵێندانو هەژدە جار ئازادی تاکەکەسیو نۆزدە جاریش دژە گەندەڵیی لەنێو گوتنەکاندا بەرجەستە کراون. لەئاستێکی مام ناوەندیشدا چلو پێنج جار ڕێزگرتنی ئاینیو چلو نۆ کەڕەت یاساو پەنجاو یەک جاریش چەمکی پێشمەرگەو پەنجاو هەشت جاریش چەمکی بایەخدان بەحکوومەتو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو دەسەڵات بەکارهێنراوە. بڕوانە هێلکاری ژمارە (٢٥).

لەم هێلکارییە گشتییەدا دەردەکەوێت، کە زۆرترینو فرەترین کۆد، کە لەچەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدیدەکرێت (٦٩) جارە، (نەوشیروان مستەفا) بەکاریهێناوە. هەروەها دووەم ژمارەی کۆدەکان لەچەمکی متمانە بەخۆبوونو دەسەڵات بەرجەستە دەبێت، ئەویش (٦٠) جارە، کە (مەسعود بارزانی) بەکاریهێناوە.

ژمارەیەکی دیکەی بەرزی چەمکەکان، کۆدەکانی (٥٧)و (٥٥)ە کە لەچەمکی بایەخدان بەئایندەو پلانی دوارۆژو ڕێزگرتنی فرەیی سیاسیو بایەخدان بەژیانی حزبایەتیو کردنەوەی بارەگاو مافی حزبایەتی بوونی حزبە سیاسییەکانو بزوتنەوەو ڕێکخراوبوونە، (نەوشیروان مستەفا) لەنێو گوتارەکەیدا بەکاریهێناوە. پلەی سێیەم ژمارەی بەکارهێنانی کۆدی چەمکەکانی (٣٧و٣٨)، کە لەهەردوو چەمکی بایەخدان بەئاسایشو دەسەڵاتو بایەخدان بەمێژوو دێت، لەلایەن (مەسعود بارزانی) بەکارهێنراوە. لەم دوو چەمکەدا پێچەوانەی گوتاری ئۆپۆزسیۆن، دەسەڵات باسی ئاسایشو ئارامیو دەسەڵات وەکو حکومڕانیو دڵنیایی دان بەهاووڵاتیانو گوێگرەکانیانو کۆمەڵگە دەکات، واتە دەیەوێت لەوێناکردنێکی گشتی بچێتە ناو تایبەتییەکانەوە، لای ئۆپۆزسیۆن لەتایبەتەوە لە(حزب بەرەو کۆمەڵگە) چوون. واتە گوتاری دەسەڵات لەمێژووشدا شانازی بەتێکۆشانی خۆیان دەکەن، هەرچی ئۆپۆزسیۆنە دەیەوێت نیشانی بدات، ئەوان نوێن، ئێستا دروست بوون. ئیسلامییەکانیش دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ مێژووی گشتی ئیسلامی، نەک خودی خۆیان، وەکو نێرەرو قسەکەر. لەپلەی چوارەمدا ئەو چەمکە دێت، کە (٣٧) جار بەرجەستە دەبێت، کە لای (جەلال تاڵەبانی) بەکارهێنراوە، کە ئەویش لەچەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەست پێدەکات، هەروەها ژمارەی (٣٢و٣٤)، کە هەر لەپلەی چوارەم دایە لای (مەسعود بارزانی)ش لەچەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیو بایەخدان بەئایندە بەکارهێنراوە، ژمارەی (٣٤) لەچەمکی بایەخدان بەئاسایشو دڵنیایی لای (نەوشیروان مستەفا) بەکارهێنراوە. لەپلەی پێنجەمدا سەلاحەدین بەهائەدین وەکو نێرەر لەنێو پرۆسەی بەراورد کارییەکان شوێنی خۆی دەگرێت، ژمارەی بەکارهێنان (٣٣) جار لەچەمکی بایەخدانی بەئایندە بەکارهێناوەو (٣٢)جاریش لەبایەخدان بەئاسایشو دڵنیایی بەکاریهێناوە. لەپلەی شەشەمدا (سەلاحەدین بەهائەدین) لەچەمکەکاندا کۆدەکانی(٢٩)جار لەکۆمەڵگەی مەدەنی بەکارهێناوەو (جەلال تاڵەبانی)یش کۆدەکانی بەم ژمارانە(٢٣،٢٧،٢٨) لەچەمکی ڕێزگرتنی فرەیی سیاسی و بایەخدان بەئایندەو بایەخدان بەمێژوو بەکارهێناوە. (مەسعود بارزانی)ش کۆدەکانی (٢٥،٢٥)

لەچەمكی ریزگرتنی فرەیی سیاسیو یاسا بەكارهێناوە. دوای ئەوانیش (نەوشیروان مستەفا) كۆدەكانی (٢٥و٢٢)جار لەچەمكەكانی متمانە بەخۆبوونو بایەخدان بەحكوومەتو دەسەڵات بەكارهێناوە. لەپلەی حەوتەمدا (نەوشیروان مستەفا) كۆدەكانی (١٦و١٠) جار لەچەمكەكانی  یاساو رێزگرتنی ئاینی بەدیهێناوەو (سەلاحەدین بەهائەدین) كۆدەكانی چەمكەكانی (١٥و١٤و١٢و١١) جار لەچەمكەكانی متمانە بەخۆبوونو دەسەڵاتو بایەخدان بەحكوومەتو پەرلەمانو رێزگرتنی فرەیی سیاسیو بایەخەدان بەمێژوو بەكارهێناوەو (جەلال تاڵەبانی)یش كۆدەكانی (١٥و١٣)جار لەچەمكەكانی بایەخدان بەئاسایشو دڵنیاییو بایەخەدان بەحكوومەتو پەرلەمانو سەرۆكایەتی هەرێمو سەرۆكو دەسەڵات لە هێلكارییەكە دەردەكەوێت. (مەسعود بارزانی)ش كۆدەكانی (١١) جار لەچەمكی رێزگرتنی ئاینی بەدیهێناوە. لەپلەی هەشتەمدا، كە نزمترین ئاستی بەكارهێنانی كۆدەكانە لەچەمكە جیاوازەكاندا لەنێوان (سفرو٩)دا دەگرێتەوە، كەئەویش بەمجۆرەیە: (مەسعود بارزانی) كۆدەكانی (٩و٦و٦و٤و٠)جار لەچەمكەكانی بەیاخدان بەحكوومەتو دەسەڵاتو پەرلەمانو بەڵێندانو رێزگرتنی فرەیی ئاینیو ئازادی تاكەكەسیو دژە گەندەڵیو رۆژنامەگەری بەكارهێناوە. (جەلال تاڵەبانی)ش كۆدەكانی (٨و٧و٤و٣و٣و٢و٠) جار لەچەمكەكانی ئازدی تاكەكەسیو یاساو رێگرتنی فرەیی نەتەوەییو ئاینیو پێشمەرگەو گەندەڵیو رۆژنامەگەری بەدیهێناوە، لەم بەشەدا لەهەموویان روونتر ئاماژە بەمافی نەتەوەیی پێكهاتەكانی دیكەی كوردستان دەكات. (سەلاحەدین بەهائەدین)یش ژمارەی كۆدی چەمكەكانی (٨و٣و١و٠و٠و٠و٠)ی بۆ چەمكەكانی دژەگەندەڵیو ئازادی تاكەكەسیو یاساو پێشمەرگەو ئازادی رۆژنامەگەریو ئازادیو فرەنەتەوەییو بەڵێندان بەكارهێناوە. دواین قسەكەریش لەم پلەیەدا (نەوشیروان مستەفا)یە، كە كۆدەكانی (٦و٥و٢و١و١و٠) جار لەچەمكەكانی بەڵێندانو دژە گەندەڵیو رێزگرتنی نەتەوەییو ئازادی رۆژنامەگەریو تاكە كەسیو پێشمەرگە بەكارهێناوە.

لەم شیكردنەوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی لەم هەشت پلەیەدا، كە بەپێی رێژەی بەكارهێنانی كۆدەكان، ئەوانەی كۆدەكانیان چەند بارە كردۆتەوە، یان


هیچ جارێک لەلایەن نێرەرەوە بەکارنەهێنراون، شوێنی قسەکەرەکان دەگۆڕێت، سەیری هێلکاری ژمارە (٢٤، ٢٥، ٢٦آ/ب، ٢٧، ٢٨) بکە، لەچۆنیەتی بەکارهێنانی چەمکەکان، بەڵام بایەخدان بەچەمکێک لای ئەوانی دیکە هەمان بایەخی پێنەدراوە، واتە گۆڕانکارییەکان رێژەیین.

بەپێویستمان زانی لەتەک ژمارەی بەکارهێنانی کۆدەکان لە هەر پانزدە چەمکی کردە قسەیی لە گوتاری ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتدا بەراوردی رێژەی بەکارهێنانی کۆدەکانیش تۆمار بکەین کە لەهێلکاری ژمارە (٢٦/ب)دا تۆمار کراوە، بەمجۆرە: لای دەسەڵات نرخاندنی پێشمەرگە ٧.٥و بایەخدان بە ئاسایش ٩.٧٥ومتمانە بەخۆبوون١٧.٥١و کۆمەڵگەی مەدەنی ١٣.٤٨و یاسا ٥.٥و ئازادی رۆژنامەگەری سفرو ئازادی تاکەکەسی ٢.٧٨و بایەخدان بەمێژوو ١١.٦٧و بایەخدان بەئایندە ١١.٣٦و دژە گەندەڵی ١.٠٥و رێزگرتنی ئاینی ٢.٣و رێزگرتنی فرە نەتەوەیی ١.٥٨و بایەخدان بەحکوومەت‌و پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم‌و کیان ٤.٤١و رێزگرتنی فرەیی سیاسی ١٠.٣١و بەڵێندان ١،٨٢.


لای ئۆپۆزسیۆنیش رێژەکە بەمجۆرە دەردەکەوێت: نرخاندنی پێشمەرگە سفرەو بایەخدان بە ئاسایش ٢٠.١٤و متمانە بەخۆبوون ٠٦.٨و کۆمەڵگەی مەدەنی ٧٨.١٨و یاسا ٧٥.٢و ئازادی رۆژنامەگەری ١٥.٠و ئازادی تاکەکەسی ٩٩.٠و بایەخدان بەمێژوو ٧٧.٦و بایەخدان بەئایندە ٠٤.١٨و دژە گەندەڵی ٠١.٣و رێزگرتنی ئاینی ٤١.٧و رێزگرتنی فرە نەتەوەیی ٣١.٠و بایەخدان بەحکوومەت‌و پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم‌و کیان ٣١.٧و رێزگرتنی فرەیی سیاسی ١١.٨٦و بەڵێندان٩٣،٠.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتی کوردی گوتاری سیاسیان هەیە؟ گوتارەکان پابەندی بنەما گشتییەکانی ئەو تیۆرانە دەبن، کە بۆ گوتار لەلایەن زانا (ئۆستن) لەبواری کردە قسەیی دایهێناوە، یان شیکاری پراگماتیکی؟ بەپێی ئەم شیکردنەوەیە دەگەیەنە ئەو ئەنجامەی، کە هێزی گوتار لای دەسەڵات لەمتمانەبوون بەخۆو دەسەڵات، متمانەبوون بەسەرچاوەی دەسەڵات، شانازیکردن بەمێژوو، بەستنەوەی ئایندە بەرابردوو پانتاییەکی


فراوانی گرتووە. ئۆپۆزسیۆن لەبایەخدان بەفکرو زاراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی، رووکردنە ئایندە، بایەخ نەدان بەمێژوو، دڵنیایی نەک وەکو دەسەڵات، بەلکو دڵنیایی وەکو کاریگەری دروستکردن لەسەر گوێگرە دەنگدەرە تایبەتییەکانیان لەپێناو زامنکردنی ئایندە بەکارهێناوە. رێژەکان لەگۆڕان دان، تەنیا ئەمە رەنگە لەنێو خودی یەک گوتاریشدا روویدات، هەروەها لەنێو سنووری گوتاری دەسەڵاتو ئینجا ئۆپۆزسیۆنیشدا رێژەکان دەگۆڕێن، بەشێوەی ستوونیو ئاسۆیی چەمکەکانو کۆدەکان دەگۆڕێن. گوتاری سیاسی کوردی هەیە، بوونی گوتارەکەش بەپێی پێورە باوەکان بەرێوەدەچێت، کەلەهەمان کاتیشدا ژمارەیەکی بەرچاو گرفتو کێشەی لەبەردەم دایە.





**هێلکاری ژمارە (٢٥) چەمکی کردە قسەیی لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا**




**هێلکاری ژماره (٢٦/ آ) بەراوردی بەکارهێنانی چەمکەکان (دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن)**




**هێلکاری ژماره (٢٦/ ب) بەراوردی ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکەکان (دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن)**




**هێلكاری ژمارە (٢٧) بەكارهێنانی جێناوەكان (دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن)**

## بەكارهێنانی چەمكەكان (دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن)

| | ئەوان | ئەو | ئێوە | تۆ | ئێمە | من |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بارزانی | 93 | 135 | 34 | 8 | 145 | 73 |
| تاڵەبانی | 44 | 55 | 8 | 4 | 55 | 17 |
| مستەفا | 103 | 80 | 0 | 6 | 204 | 11 |
| بەهائەدین | 32 | 64 | 5 | 0 | 9 | 10 |

**هێلكاری ژمارە ( ٢٨ ) ئاماری بەكارهێنانی جێناوەكان (دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن)**

ئەگەر لایەنێکی دیکەی پێکهاتەی گوتارەکان شی بکەینەوەو بەراوردێکی وردی بەکارهێنانی جێناوەکان لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر یەک لەخاوەن گوتارەکان بەپێی تێڕوانینو پێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەڵسوکەتو تێڕوانیان بۆ چۆنیەتی گەیاندنی مەبەستو پەیامەکانیان بەوەرگر، بەژمارەو ڕێژەی جیاواز جێناوەکانیان بەکارهێناوە، لەبەر ئاڵۆزی لەڕۆڵو ئاڵوگۆڕی جێناوەکان لەزمانی کوردیدا، هەوڵمان داوە، بەشێوەیەکی گشتی وەکو جێناوەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، چونکە شیکردنەوەی بارە ڕێزمانییەکەی لێرە جێگەی نابێتەوە، کەسەیری هێلکارییەکانی ژمارە (٢٧و٢٨) دەکەین، ئامارو نەخشەی بەکارهێنانی جێناوەکان لای هەریەکێک لەخاوەن گوتارەکان بەڕوونی دەردەکەون. ڕێژەکە لای (مەسعود بارزانی) بەمجۆرەیە، (من) حەفتاو سێ جار بەرێژەی ١٥%و (ئێمە)ش سەدو چلو پێنج جار بەرێژەی ٣٠%و (تۆ) هەشت جار بەرێژەی ١%و (ئێوە) سیو چوار جار بەرێژەی ٧%و (ئەو) سەدو سی پێنج جار بەرێژەی ٢٨%و (ئەوان)یش نەوەدو سێ جار بەرێژەی ١٩% بەکارهێنراوە. جێناوەکان لەگوتارەکەی (جەلال تاڵەبانی) بەمجۆرە بەکارهێنراوە: (من) حەڤدە جار بەرێژەی ٩%و (ئێمە) پەنجاو پێنج جارو بەرێژەی ٣٠%ی‌و (تۆ)ش چوار جارو بەرێژەی ٢%و (ئێوە)ش هەشت جار بەرێژەی لە٥%و (ئەو) پەنجاو پێنج جارو بەرێژەی ٣٠%و (ئەوان)یش چلو چوار جار بەرێژەی ٢٤% بەکارهێنراون.  بەپێی هەمان هێلکاری ژمارە (٢٧و٢٨) دەردەکەوێت لای ئۆپۆزسیۆنیش بەئاستو ڕێژەی جیاواز جێناوەکان بەکارهێنراوە. لای (نەوشێروان مستەفا) بەمجۆرەیە: (من) یازدە جار بەرێژەی ٣%و (ئێمە)ش دووسەدو چوار جارو بەرێژەی ٥٠% و (تۆ)ش شەش جارو بەرێژەی ١%و (ئێوە) هیچ جارێک بەکارنەهێنراوەو بەرێژەی سفرو (ئەو) هەشتا جارو بەرێژەی ٢٠%و (ئەوان)یش سەدو سێ جار بەرێژەی ٢٦% بەکارهێنراون.

هەروەها لای (سەلاحەدین بەهائەدین)یش بەمجۆرەیە : (من) دە جار بەرێژەی ٨%و (ئێمە) نۆ جارو بەرێژەی ٨% و (تۆش) هیچ جارێک بەکارنەهێنراوەو بەرێژەی سفرەو (ئێوە)ش پێنج جار بەرێژەی لە٤%و (ئەو) شەستو چوار جارو بەرێژەی ٥٣%و (ئەوان)یش سیودوو جار بەرێژەی ٢٧% بەکارهێنراون.

ئەمە رێژەی گشتی بایەخ پێدانو دەرکەوتنی رۆلی جێناوەکان لەگوتاری سیاسی کوردیدا دەردەخات، هەروەها لەهێلکاری ژمارە (٢٧و٢٨) ئاماری ژمارەو چۆنیەتی بەکارهێنانی جێناوەکان لای هەر یەکێک لە کارەکتەرەکانی دەسەلاتو ئۆپۆزسیۆن بەدیار خراوە. لێرەدا بەگشتی دەردەکەوێت، کە نێرەرکە جێناوەکان بەرێژەی جیاواز بەکاردەهێنن. پوختەی تویژینەوەکە لەم خالانەی خوارەوە دەخەینە روو:

***یەکەم***/ بەپێی میتۆدێکی گشتی گوتاری سیاسی لەرۆشنبیرییە جیاوزەکاندا پشت بەهەمان رێباز دەبەستن. (فتزر،لورباخ،٨٧،٢٠١٦)، دیارە ئەم میتۆدە بۆ دۆخی هاوبەشی رۆشنبیری گوتاری سیاسی کوردیش شیاوە، دەردەکەوێت گوتاری کوردی بەشێوەیەکی ئاسایی لای وەرگر بەهەمان شێوە پشت بەرێبازو شێواز دەبەستن بۆ چۆنیەتی گوتنو گەیاندنو پەیوەندیکردنو بەکارهێنانی شێوازەکانی کارتێکردنو دروستکردنی کاریگەرییو کارتێکردن.

لەگوتاری دەسەلاتو ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، لەئەنجامی شیکردنەوەی دەروونیو کۆمەلایەتی بەم بۆچوونە گەیشتین، کە پێکهاتەکانی گوتارو رۆڵی نێرەر وەکو کردەو یەکەیەکی رۆنانی زمانی گوتار، ئەو زاراوانە بەگوێی گوێگردا دەدەن، لاواز، گوماناوی، دڕ، پلانگێڕ، تێکدەر، دیکتاتۆر، خانەوادەیی، خۆسەپێن، تاکڕەویو تاکحزبی، گەندەل ... هتد)، ئەمە هاندەرە بۆ ئەوەی زمان وێنەیەکی گومانهەڵگر دەربارەی نەیارەکەی لای گوێگر دروست بکات.

***دووەم***- دەسەڵات دەزگای راگەیاندنی سەربەخۆی نییە، بەلکو دەزگاکان بەگشتی حزبین، یان دەزگای سێبەرن، ئەمە بۆ ئۆپۆزسیۆنیش راستە.

***سێیەم***- گوتاری ئۆپۆزسیۆن ئاینیو ئایدیۆلۆجیە، کەچی گوتاری دەسەڵات بەگشتی دوور لەئایدیۆلۆجیا کار دەکات، ئەگەر هەژمونی فکری حزبی لێدەربکرێت.

***چوارەم***- گوتاری ئۆپۆزسیۆن پێچەوانەی گوتاری دەسەڵات، لەسەر بنەمای نیشاندانی هێز لەکاتێکو داواکارییو غەدرلێکراویان لەهەمان کاتدا نیشان دەدات.

***پێنجەم***- گوتاری ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی سیاسی بان ئیسلامییە. گوتاری یەکلایەنو یەک گرووپەو رێزی ئاینەکانی دیکە نیشان نادات. گوتاری دەسەڵات بایەخ بەجیاوازییو فرەیی لەم بوارە دەدات، وەکو چۆن بایەخ بەئاینیش وەکو ئەخلاقو رێزگرتنو دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەدات.

***شەشەم***- گوتاری ئیسلامی لەچوارچێوەی پابەستبوون بەباڵادەستی دەقو ئۆپۆزسیۆنی ئایدیۆلۆجی جیانەبۆتەوە. گوتاری ئیسلامی سیاسی تێکەڵی دوو ئاڕاستەو رەهەندە. لەلایەک گوتارەکە تێکەڵی پیرۆزییەکانو بڕواو ئیمانو خواپەرستیو دەسەڵاتی ترساندن دەکرێتو شیکردنەوەی بەکارێکی سەخت دادەنرێت، لایەنی دووەمیشی بریتییە لەلێکدانەوەو بۆچوونی خودی کارەکتەرەکانی نێو رەوتەکە، کە ئەمەیان وابەستەی دەوروبەر دەبێت. ئەمەش نموونەی توندڕەوییو میانڕەوی دەگرێتەوە، بەڵام لەکۆتایدا ناتوانن لە بان ئیسلامی بوونەوە دەرچن.

***حەوتەم***- سێ کارەکتەر لەگوتاری دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنی لیبرالیو ئیسلامییەکاندا هەیە. یەکەمیان مێژوو، ئاسایشی نەتەوەیی، متمانە بەخۆبوون، حکوومەت بەکاردەهێنێت. ئەوی دیکەیان دادپەروەرییو خواستو مافی هاووڵاتیانو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو یاساو کۆمەڵگەی مەدەنیو ئیسلامییەکانیش دەقی دەسەڵاتی باڵاو خوا وەکو کارەکتەری کاراو باڵای هێزدار بەکاردەهێنن.

***هەشتەم***- ئاساییە پێشبینی ئەوە بکرێت لەهەندێک بواردا گوتاری ئۆپۆزسیۆن، هەمان رۆڵی گوتاری دەسەڵات ببینێتو لەهەندێک هەلومەرجیشدا هەندێک گوتاری دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن ئاسا هەڵسوکەت بکاتو لەرێگەی کردە قسەییدا کارێک راپەڕێنێتو مەبەستێک بەدیبێنێت.

***نۆیەم***- لەگوتاری ئۆپۆزسیۆندا کاری بەدیهێنان ناگاتە ئاستی کاری هەواڵدەری. لەشیکاری گوتارەکانیاندا دەردەکەوێت لەهەندێک دۆخدا رۆڵی گوێزەرەوەی هەواڵو گەیاندنی زانیارییو پیرۆز راگرتنی دەقی باڵای ئاینی دەگێڕن، توانای ئەوەیان لێدەرنەکەوتووە، هەواڵەکانیان بکەنە کار. کەچی گوتاری دەسەڵات جێبەجێ کارە، مەرج نییە راستیو هەڵە بکرێتە پێوانە بۆ جێبەجێ کردنەکە، بەڵام گوتنەکانیان راپەڕاندنی کارە، ئۆپۆزسیۆن وێناکردنی دۆخو مەبەستی کارەکەیە.

***دەیەم***- لەهەندێک دۆخو باردا جیاکردنەوەی گوتاری سیاسی کارێکی سەختە، چونکە گوتارەکەیان لەنێوان گوتاری ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخوازی دەروونیو گشتی تێکەڵبووە. لەلایەک داوای گۆڕینی سیستەم دەکەن، کە ئەمە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنێکی گشتی شۆڕشگێرە، لەهەمان کاتیشدا داوای دەسەڵاتخوازی دەروونی لەرێگەی وەرگرتنی کورسییەکانیان بەپێی رێژەی دەنگەکان دەکەن، ئەمەش تەمومژو لێڵی دروست دەکات.

***یانزدەیەم***- گوتاری ئۆپۆزسیۆن خۆماڵی نییە، پاشکۆبوونو ئینتما بۆ گوتاری هاوردەی ئاینیو فکری سیاسی دەرەکی تێدایە. ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەزاراوەو پەیامدا بەتوندی جەخت لەمۆدێرنییەتی رۆژئاواییو کارەساتەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتاری دیکتاتۆری رۆژهەڵاتییو پیرۆزییو باڵادەستی دەقی ئاینیو فکری ئیسلامی سیاسی میانڕەو دەکاتەوە. گوتارەکەیان وەکو قاڵبێکی گوتاری بارگاوی بەجیهانگەرایی دەردەکەوێت، نەک خۆماڵی، کەچی بەشێکی گوتاری دەسەڵات پێداگریی لەسەر خۆماڵی بوون دەکات.

***دوازدەیەم***- ئۆپۆزسیۆن لەهەندێک بواردا دەچێتە قەپێلکی گوتاری دەسەڵات، بەڵام بەکەمێک گۆڕانکاری لەشێوازی زمانی دەربڕینو بەکارهێنانی زاراوەی

جیاواز. لەهەندێک بواریشدا هەندێک جار دەسەڵات بۆ بەشداری لەڕکابەرایەتی سیاسی، وەکو نیمچە لیبرالێکی کراوەی دیموکراسی خۆی نیشان دەدات، یان دەبێتە فرە مینبەری دەربڕین.

***سێزدەیەم***- هێزی گوتاری ئۆپۆزسیۆن هەڵچوونی توندو رەخنەگرتن لەخراپەکاری بەسەردا زاڵە، هەروەها گوتاری گوێڕایەلی دەسەڵاتو لەهەمان کاتدا وەرگریشە. گوتاری دەسەڵات گوتاری خاوبوونەوەیە، گوتاری کردەی داکۆکییە لەچاکەکاری بۆ نەهێشتنی رەخنەگر. گوتارێکە بەدوای هاوسەنگیدا دەگەڕێت، لەنێو گوێڕایەلیدا.

***چواردەیەم***- ئۆپۆزسیۆن گرینگی بەمێژوو، باکگراوند، پێشمەرگە، بەڵێندان، فرەئایینیو نەتەوەییو جێناوی (من/ خۆ)ی وەکو کارەکتەری سەرەکیو (تۆ)ی گوێگر نادات. پێچەوانەی ئەو جەخت لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو فرەیی سیاسیو هەڵبژاردنو دادپەروەری کۆمەلایەتیو یەکسانیو ئازادی دەکاتەوە. بەشی زۆری قسەکانیان ئاڕاستەی کەسی سێیەمە، لەباری داهاتوودا، واتە قسەکانیان بۆ ئاڕاستەکردنو ئامۆژگارییە، وریاکردنەوەو دڵنیاییو هاندانو ئاڕاستەکردنە.

گوتاری دەسەڵات متمانە بەخۆبوونو حوکمدارییو دەوڵەتو باسکردنی چوارچێوەی یاسایی هەرێمە، بەڵێندانو فەرماندانو دابەزین بۆ ئاستی گوێگرو بایەخدانە بەمێژوو، بایەخدانە بەئایندە لەچوارچێوەی بەیەکەوە بەستنی سەروەرییەکان بەدوێنێ، شانازی کردن بەدوێنێ لای دەسەڵات گرینگە.

***پازدەیەم***- لەگوتاری ئۆپۆزسیۆندا کردەی رەخنەلێگرتن خراپەو نایاسایی بوون، رەخنەگرتنە لە نادادپەروەرییو گەندەڵیی، کردەیەکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی گوتاری بەردەوامی دان بەپرۆسەی کەمکردنەوەی پێگەی دەسەڵات، واتە دروستکردنی پاڵەپەستۆ، کە رەهەندی خراپەی بەدواوەیە، وەکو چۆن دەسەڵات واتە ملکەچپێکردن، ئەمەش نیشاندەری راستەیەکە، کە گوتاری کوردی چ دەسەڵاتو چ ئۆپۆزسیۆن نەیناتوانیوە سنووری بەرهەمهێنانەوەی سڕینەوەی

یەکتر ببەزێنن. ئەم ئاڕاستەیە لای دەسەڵات تاڕادەیەک بەشێوەیەکی گونجاوتر لەئۆپۆزسیۆن چارەسەری بۆ کراوە.

***شازدەیەم***- گوتاری دەسەڵات راشکاوانە لەپێناو دەسەڵاتو بەهێزکردنی دەسەڵات ئاڕاستە دەکرێت، لەپێناو بەدیهێنانی هێزی کردە قسەیی پەنا بۆ شێوازو لایەنە هەمەجۆرەکانی پێکهێنەری گوتار دەبەن. ئۆپۆزسیۆنیش بەهەمان شێوە سوودی لەبنەماو چەمکە هەمەجۆرەکانی بەدیهێنانی گوتارو بەکارهێنانی کردە قسەیی وەرگرتووە، بەڵام بەدوو پێکهاتە، یان زیاتری دەروونیو دەوروبەری کۆمەڵایەتی سیاسی کاریان کردووە.

***حەڤدەیەم***- گوتاری ستوونی دەرفەتی دادی کۆمەڵایەتیو یەکسانی کەمتر دەکاتەوە، لەچاو ئەو گوتارەی بەشێوەی ئاسۆیی بەرێوەدەچێت. گوتاری ئاسۆیی دەرفەتی بەشداری پتری چینە کۆمەڵایەتییەکان بەکردەوە لەکردەی گوتندا بەرجەستە دەکات، یەکسانیو هاوبەشی پتر دەخولقێنێت. بەپێچەوانەش گوتاری ستوونی ئەم دەرفەتە کەم دەکاتەوە. ئەمە لەگوتاری ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا هەیە. رەنگە لەهەندێک شوێندا هاوبەش بن، لەهەندێک بواریشدا جیاوازن.

***هەژدەیەم***- لەگوتاری ئۆپۆزسیۆندا کردەکانی جێبەجێکردن ناڕاسەتەوخۆ باڵاترە، کە پتری کردەی ئومێد خواستنو هیوا خواستنە. ئەم بنەمایە لەنێو گوتاری دەسەڵاتدا پتر بەشێوەی راستەوخۆ دەردەکەوێت.

**نۆزدەیەم**- بەشێکی گوتاری دەسەڵات لەهەندێک بواردا لەژێر هەژمونی گوتاری حزب دایەو نەچۆتە خانەی دامەزراوەیی دەسەڵاتەوە، لەهەمان کاتیشدا گوتاری ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی دەسەڵاتدا نەیتوانیوە ببێتە ئەلتەرناتیڤی گوتاری دامەزراوەیی.

# ئەنجام

بەپێویستی دەزانین بەکورتی لەم چەند خاڵەی خوارەوە لایەنە گشتییەکانی گوتـاری سیاسـی دەسـەڵاتو ئۆپۆزسـیۆن لە هەرێمـی کوردسـتان دوای شیکردنەوەی لایەنی تیۆریو پراکتیکی بخەینە ناو چوارچێوەی مەبەست.

***یەکەم***- گوتاری کوردی شیاوی ئەوەیە بەپێی تیۆرە نوێیە جیهانییەکان شیکردنەوەی بۆ بکرێت، پێناسەو پێوانەو پێوەرە دیارە زمانییەکانی بەسەردا دەچەسپێت. واتە زمانی کوردیو گوتاری کوردی گەیشوونەتە ئاستێکی شیاو، کە لەئاستی لێکدانەوەو بەکارهێنانو بەدیهێنانی مەبەستەکان و راپەڕاندنی ئەرکە هەمەلایەنەکان بێت.

***دووەم***- گوتـاری سیاسـی کـوردی لەدەوروبەری کـۆمەڵگەی کوریـدا، لەهەمـوو ئاسـتو جۆرێکدا بـوونی هەیە، کـارتێکردنو کـاریگەری بەدیهێنـاوە. گوتاری کوردی بەهەموو جۆرەکانی دیکەشەوە، رۆڵ دەبینێتو بەکاردێت.

***سێیەم***- شـیکاری پراگمـاتیکی کـردە قسـەیی بەپێی بۆچوونەکـانی (ئۆسـتن)، دەرفەتێکـی لەبـار دەرەخسـێنێت، بـۆ ئەوەی لەرێـگەی شـیکاری گوتـار، لەئەرکو پەیامو مەبەستی گوتـارو پێکهاتەکانی لەئاستی زمـانو سیاسـیو فەلسـەفی بگەین. لەهێـزی گوتـار بکـۆڵینەوە، کە بۆمـان روون دەبێتەوە، گوتـار هێـز نییـە بەدەسـتی دەسەڵات، یان ئۆپۆزسیۆن، بەلکو گوتـار خـودی دەسـەڵاتەکەیە. ئەمەش بەڕوونـی لەنێو خودی هەندێک گوتاری کوردی، وەکو هێزی گوتار بەرجەستە بووە.

***چوارەم***- لەگوتـاردا بەپێی پێـوەرو تیـۆری (ئۆسـتن)، لەتەک رۆڵـی دەوروبەر نێنەر (مـن- ئێمە)و وەرگـر (تـۆ- ئێوە) رۆڵـی سـەرەکی لەنێو بەکارهێنانی گوتـارو پەیوەندیکردنو ئاڕاستەکردنیو وەرگرتنو وەبەرهێنانەوەی گوتـار دەگێڕن. ئێمە لەم تـوێژینەوەیەدا ئەوەمـان سـاخ کـردەوە، کە رۆڵـی (ئەو- ئەوان) رۆڵێکـی کـاراو

کاریگەرە لەگوتاری سیاسی کوردیدا، بۆیە پێمان وایەو بەپێی هێلکارییەکانی ژمارە (٢٨)و (٢٩)و (٣٠)و (٣١)و (٣٢)ی تایبەت بە بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکان، لای هەریەکە لەکارەکتەرە سەرەکیو فەرمییەکانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، ساخ دەبێتەوە کەسی سێیەمی تاکو کۆ بەشدارییەکی سەرەکیی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیان کردووە. پەیامیان هەیەو بەکردەوە پیادەی گوتارەکانیانو کردەی پەیوەندییکردنو بەدیهێنان لەرێگەی گۆکردنەوە دەکەن، ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ کردۆتەوە، کە کەسی سێیەمی تاکو کۆ پانتاییەکی فراوان لەپرۆسەی جێبەجێ کردنی گوتارەکانیان پێکهێناوە، بەمەش پێش کەسی دووەمی تاکو کۆ کەوتوون. بۆیە بەشدارن لەزۆر بواردا جێگەی کەسی دووەمو هەندێکجاریش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، یان شاراوە شوێنی کەسی یەکەمیش دەگرنەوە.

**پێنجەم**- بەکارهێنانی هەندێک لەچەمکەکان لای دەسەڵات، بەتایبەتیش لای (مەسعود بارزانی) لەئاستێکی باڵاو بەرێژەیەکی زۆرترە، وەکو چۆن ئەم چەمکانە لەئۆپۆزسیۆنیش لای (نەوشیراون مستەفا) کاراتر لەکارەکتەرەکەی دیکە دەرکەوتووە، هەروەها دوو کارەکتەرەکەی دەسەڵات، لەپێگەیەکی بەهێزی گوتارەوە، پەیامەکانیان لەرێگەی بەدیهێنانی چەمکەکانی کردە قسەیی راپەڕاندووە لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستو ئامانجەکانیانو بەدیهێنانی هێزی کردە قسەییو پێویستی کردە قسەیی. ئەمەش نیشانی دەدات، کە بنەماکانی گوتاربوون لەزەمینەی دەسەڵات، لەزەمینەی ئۆپۆزسیۆن پتەوترە. لەلایەکی دیکەوە گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی، کە ئۆپۆزسیۆن پتر بەلای وتاردا چوون لەشێوازو راپەڕاندندا، لەبانگەشەی فکرییو ئایدیۆلۆجی نزیکن، نەک گوتار وەکو ئەوەی دەسەڵات بێتو هێزی کردە قسەیی راپەڕاندبێت، هەروەها دەسەڵات بەهۆی پتەویی زەمینەی بڕوابەخۆبوون، دەسەڵاتی گوتارەکەی بەشێوەیەکی کاراو کاریگەرتر بەکارهێناوە. دەسەڵات دەربڕی ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت نییە، بەقەد ئەوەی دەربڕی گوتاری نەتەوەو نیشتمانە. گوتاری ئۆپۆزسیۆن لەزەمینەی چاکسازیو لێدانی گەندەڵیو بان ئیسلامیزیم دەخووڵێتەوە.

***شەشەم***- هێڵێکی گشتی هاوبەش لەنێوان گشت گوتارەکان هەیە، ئەویش کــاتو مەبەســتی بەشــداریکردن لەهەڵبــژاردنو هانــدانی هاووڵاتیــانو بەکارهێنانی زمانی کوردی/ کرمانجی خوارووە. لەهەمان کاتیشدا جیاوازی لەچۆنیەتی ئاراستەکردنی گوتارەکەو بەکارهێنانی جێناوەکانو بەکارهێنانی زاراوەی جیاوازو شێوازی دەستپێکردنو کۆتایی پێهێنانی گوتارەکانیان هەیە. (مەسعود بارزانی) دەرفەتی گوتاری بێژراوی راستەوخۆی پترە لە(جەلال تاڵەبانیو نەوشیروان مستەفاو سەلاحەدین بەهائەدین) لەو نمونانەی لەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێبەستراوە. کەسی دووەمیش لەمبارە لەپلەی دووەم دێتو هی سێیەمیش لەکەسی چوارەم زۆرتر دیداری رۆژنامەنووسیو ئاراستەکردنی گوتارەکانی وەکو پەیام هەیە. کەواتە رێژەی بەکارهێنانی گوتارو شێوازی پێشکەشکردنی گوتارو مەبەستەکان لەنێوان خودی دەسەڵات جیاوازی لەخۆدەگرێت، لەنێو ئۆپۆزسیۆنیش جیاوازی هەیەو لەنێوان ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتیشدا لەتەک هاوبەشیان جیاوازییان لەخۆگرتووە. ئەمەش بەڵگەی پێشکەوتنو گەشەکردنو هەمەجۆری گوتاری کوردی دەگەیەنێت، نەک لاوازیو دواکەوتن.

***نۆیەم***- پێوانەی شیکردنەوەی گوتاری سەرکەوتنو دۆڕان، یان راستیو هەڵە، یان بەهێزیو بێهێزیی نییە، بەلکو گونجانو نەگونجانە، یان مەنتیقو نامەنتیقە. لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت هیچ یەکێک لەم گوتارانە لەوی دیکە بەهێزتر نییە، بەلکو شیاوییو نەشیاوی هێزی جیاوازییەکانیان دەردەخات.

***دەیەم***- لەگوتاری دەسەڵاتدا کارەکتەرەکان لەپلەی بالابوون نامێننو دەچنە ئاستی هاووڵاتی بوون، دەچنە ریزی گوێرەکانی خۆیان، کە ئەمە لای (مەسعود بارزانی) بەئاشکرایی بەرجەستە دەبێت، (جەلال تاڵەبانی)یش لەرێگەی ناوهێنانی گوێگرە راستەوخۆکانی، کە چینو توێژەکانی کۆمەڵگەن بەشێوەیەکی گونجاو کارەکە ئەنجام دەدات. ئەمە لای ئۆپۆزسیۆن لاوازتر

دەردەکەوێت، بەتایبەتیش گوتاری ئاینی، لەجیاتی دابەزین بۆ ئاستی هاووڵاتی، پەنا وەبەر بەکارهێنانی خواو باڵاییو گەورەییو هێزی باڵای دەقی پیرۆز، هێزی ئاینو فەرمودەکان بردووە، یان ئاماژەی بەپاکیو لێهاتوویيو متمانە بەکاندیدەکانیان کردووە، کە ئەم ئاماژانە لای هاوتا لیبرالییەکەشی بایەخدانە بەئەوروپاو بەغداو دەستوورو یاساکانی عێراق.

***یازدەیەم***- گوتار دیپلۆماسییەتی وەکو کردەیەکی زمانیی گونجاوی راستەوخۆ بەکارهێناوە. ئەمەش پەیوەستە بەپەنابردنە بەر شاردنەوەی مەبەست نەک ناڕاستەوخۆ قسەکردن، یان دەرکەوتنی هەستی خۆبەلاواز زانینو خۆ بێدەسەڵات نیشاندانو راشکاوانەو راستەوخۆ گۆنەکردنەوە بەهۆی رەچاوکردنی بارودۆخی بەرانبەر.

***دوازدەیەم***- گوتاری کوردی، لەنێوان خۆماڵی بوونو بەسترانەوە بەئایدیۆلۆجیای باڵای هاوردە، بەئاشکرایی لەهەندێک بواردا دەناسرێتەوە. ئەمەش پەیوەستە بەکێشەو ناکۆکی لەنێوان ڕەسەنایەتیو خۆبەستنەوە بەفکری هاوردە. لەگوتاری ئۆپۆزسیۆنی لیبرالو ئیسلامی سیاسیدا مەسەلەی خۆماڵی نەبوونو هەڵچوون بەڕاشکاوی بەدیارکەتووە. گوتاری دەسەڵاتیش، کە (جەلال تاڵەبانی) هەندێکی بە(پەتک پسێن) تاوانبار کردووە، جۆرێک لەهەڵچوونی پێوەدیارە، بەڵام گوتاری دەسەڵات خۆماڵی بوونی لەخۆگرتووە.

***سێزدەیەم***- تیۆری کردە قسەیی لەڕێگەی ئەو چەمکانەی ئێمە لەتوێژینەوەکە دامان رشتووە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەگوتاری دەسەڵات بایەخی پێدراوە، ئۆپۆزسیۆن لەتەک ئەم چەمکانە، جەختیش لەسەر چەمکە گشتییەکانو زمانی وروژاندن کردۆتەوە، وەکو: گەندەڵی، چاکسازی، نوێبوونەوە، گۆڕان، سزادانی لیستە تاقی کراوەکان، ترسان لەخوا لەکاتی دەنگدانو رەخنەگرتن لەدەسەڵاتو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو یەکسانیو هەڵبژاردنی شەفافو دوور لەزمانی تفەنگو چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی،

هەڵبــژاردن، فرەیــی سیاســی ...هتــد. هێــزی بەرپرســیاریەتی لەگوتــاری ئۆپۆزســیۆن لەرەخنەگــرتنو هانــدانی هاووڵاتیــانو تێکشــاندنی دەســەڵاتو داواکــردن بەرجەســتە کــراوە. گوتــاری دەســەڵاتیش بەرپرســیاریەتیی خــۆی لەرێگەی زمانی دڵنیاییو ئاسایشو گەڕانەوە بۆ مێژوو، بایەخدان بەقوربانی پێشمەرگەو رۆڵیان لەڕابردوودا، بەڵێندان بۆ دووبارە نەکردنەوەی کارەساتی شــەڕی نــاوەخۆیی، خزمەتکردنــی خــانەوادەی شــەهیدانو داننــان بەهەبــوونی کەموکورتی لەحکوومەتدا، رێزگرتنی قوربانییەکانی برادەرەکانیان لەمێژوودا، بەڵێندان، متمانە بەخۆبوونو... هتد، بەرجەستە کراوە. هەردوو جۆری گوتار بەرنامەیــان بــۆ ئاینــدە، فرەیــیو یاســاو کــۆمەڵگەی مەدەنــیو دڵنیــایی لەرازیکردنو بڕواپێهێنانی هــاووڵاتی بۆ ئەوەی دەنگیان پێبدەنو رێزگرتنی ئــاین هەیە، بەڵام شــێوازو مەبەســتیان جیــاوازە. هەیــانە راشــکاوانە رەخــنە دەگرێت، هەشیانە ناڕاستەوخۆ.

***چــواردەیەم***- ئەو ئاڕاســتەیەی رەخــنە هەڵــدەگرێت، بــایەخ نەدان، یــان تێکەڵبــوونو لێک نەکــردنەوەی جــۆری وەرگرەکــانە، کە لایەنگــرو (دەنگــدەرە یەکلاکراوەکان Pro- addressee)، ئەوانەی (دیار نین دەنگ بەکێ دەدەن Paro- addressee)، (رکــــــابەرو پێچەوانەکــــــان Counter- addressee). (Nergaard:2008,p267) واتە لەگوتاری سیاسی کوردیدا بوونی هاوسەنگی، یان کارکردن بۆ دابەشکردنی ئەم سێ جۆرە لەوەرگرو گوێرەکانی لەکاتی راپەڕاندنی گوتارەکەدا، لێک جیا نەکردۆتەوە.

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردی


ئاراگۆن، محەمەد (٢٠٠٥)، ئیسلامو گلۆبالیزم، وەرگێرانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئیسماعل، ریبین رەسولّ (٢٠٠٤)، هیگل، چاپی دووەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

بوقرە، نعمان (٢٠١٦)، ئاراستەکانی زمانەوانی نویّ ( لەسوسێرەوە تا چۆمسکی)، وەرگێرانی نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

بەشیریە، حوسێن (٢٠١٤)، ئۆپۆزسیۆن لەسیستەمە دیموکراسیو ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکاندا، وەرگێرانی هەورامان فەریق، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی .

بەلقزیز، عەبدول ئیلاه (٢٠٠٤)، ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات تەنگوچەلەمەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپخانەی بەسەرەوە نییە، سلێمانی.

پۆپەر، کارل (٢٠١٥)، ئازادیو بەرپرسیاریەتیی رووناکبیران، وەرگێڕانی عومەر ئیمام، خانەی موکریان بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

خەلیل، ابراهیم (٢٠١٦)، تیۆرو ڕێبازەکانی زمان، وەرگێڕان نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
سالْح، یاسین (٢٠٠٩)، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
سورخی، رەحیم (٢٠١٣)، شیکردنەوەیەکەی رەخنەیی گوتاری سیاسی ڕۆژنامەنووسیی کوردی (١٩١٨- ١٩٣٢)، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی شەهاب، هەولێر.
سەدیق، فوئاد (٢٠١٥)، قەیرانی کۆمەڵگەو حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی بەسەرەوە نییە، هەولێر.
سەنگاوی، فاتح (٢٠١٢)، سەبارەت بە ئیسلامو سیاسەتو کاری ئیسلامی، چاپی یەکەم چاپخانەی پەیوەند، شوێنی چاپی بەسەرەوە نییە.
عبدالعزیز، عمر (٢٠١٣)، ڕەوتی ئیسلامی میانڕەو هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی بیری میانرەو، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
عەبدولکەریم، سەلام (٢٠٠٩)، گوتاری ئیسلامیو گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی.
عەلی، شێرزاد سەبری (٢٠١٤)، پراگماتیک، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی شەهاب، هەولێر.
عەلی، هادی (٢٠١٥)، دیدێکی نوێخوازی بۆ کەلەپووری گوتاری ئاینی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
غەفوور، عومەر (٢٠١٠)، گوتاری ئاینی لەژێر وردبینیدا، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
فۆکۆ، میشێل (٢٠١٣)، ڕیزبەندیی گوتار، وەرگێڕانی دانا شوانی، هاوار محەمەد، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر
فۆکۆ، میشێل (٢٠١٤)، مێژووی شێتی لەچەرخی کلاسیکیدا، وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، هەولێر.

فەتاح، محمد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، ئەكادیمای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
قەرەداخی، عەتا (٢٠٠٧)، گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
محەمەد، عەلی كەریم(٢٠٠٣)، عەقڵی كوردیو گۆڕان،چاپی یەكەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
محەمەد، فەیسەل سلێمان (٢٠١٢)، پێگەی پارتە سیاسییە ئیسلامییەكانی كوردستانی عێراق لەپرۆسەكانی هەڵبژاردندا ١٩٩١-٢٠٠٥ یەكگرتووی ئیسلامی بە نموونە، چاپخانەی كەمال، سلێمانی.
مستەفا، نەوشیروان (٢٠٠٩)، گۆڕان لە كوێوە گەیشتە كوێ؟، چاپی یەكەم، چاپخانەی زەرگەتە، سلێمانی.
مەحمود، ئاڤێستا كەمال (٢٠٠٩)، پراگماتیكی پرسیارو فەرمان لەزمانی كوردیدا، چاپخانەی رەنج مەلبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی**

آباه، السيد ولد (٢٠٠٤)، التاريخ والحقيقة لدى ميشيل فوكو، بيروت الطبعة الاولى، الدار العربيه للعلوم، بيروت.
ابوزيد، نصر حامد (١٩٩٥)، التفكير في زمن التكفير، الطبعة الاولى، دار سينا للنشر، القاهيره.
ارمان و ماتلار، ميشال (٢٠٠٥)، تاريخ نظريات الاتصال، ترجمة د.نصرالدين لعياضى ود.الصادق رابح، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت.
ارمينكو، فرانسوز (١٩٨٦)، المقاربة التداوليه، ترجمة سعيد علوش، مركز الانماء القومي، الرباط،.
آگوان، عمر (٢٠٠١)، اللغة والخطاب، افريقيا الشرق، بيروت، لبنان.

اوستن، (١٩٩١)، نظرية افعال الكلام العامه، ترجمة عبدالقادر قيتينى،افريقيا الشرق،رقم الايداع القانونى ٩٠/٩١٦، افريقيا الشرق، بيروت لبنان.

بغوره، الزواوى (٢٠٠٠)، مفهوم الخطاب فى فلسفة ميشيل فوكو، المجلس الاعلى للثقافة، القاهيره.

بلانشيه، فيليب (٢٠٠٧)، التدواليه من اوستن الى غوفمان، ترجمة صابر الحباشه، اللاذقيه الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا.

بلقزيز، عبدالاله (٢٠١٠) ، نقد الخطاب القومي، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحدة العربيه، بيروت.

بوردع، عبدالرحمن (٢٠١٥)، فى تحليل الخطاب الاجتماعي السياسي، الطبعة الاولى ، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان.

جيمس، وليم (٢٠١٤)، البراغماتيه، نقله الى العربية وليد شحاده، الطبعة الاولى، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع، ديمشق.

حرب، اسامه الغزالى (١٩٨٧)، الاحزاب السياسيه فى العالم الثالث، سلسلة العالم المعرفة العدد ١١٧، الكويت.

الحسناوى، مصطفى محمد(٢٠١١)، واقع لغة الاعلام المعاصر، الطبعة الاولى، دار اسامه للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

الحمداوى، جميل (٢٠١٥)، التداوليات وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى مكتبة المثقف.

الحميرى، عبد الواسع (٢٠١٤)، خطاب السلطة والخطاب المضاد،الطبعة الاولى، الموءسسة الانشار العربى، بيروت، لبنان.

رانى، اوستن (١٩٨٦)، قنوات السلطة او تآثير التلفزيون في السياسة الامريكية، ترجمة موسى جعفر، دار الشوءون الثقافة العامة، بغداد.

ريتور، فيليب(٢٠٠٨)، سوسيولوجيا التواصل السياسي، تعريب د.آ. خليل آحمد خليل، طبعة الاولى، دار الفارابى، بيروت.

سيرل، جون (٢٠٠٦)،العقل واللغة والمجتمع، ترجمة سعيد الغانمى، الطبعة الاولى،المركز الثقافي العربي، الجزائر.

الشهري، عبدالهادى بن ظافر (٢٠٠٤)، إستراجيات الخطاب، دار الكتب الجديد المتحدة، ليبيا.

صحراوى، مسعود (٢٠٠٥)، التدوالية عند العلماء العرب، لبنان ، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت.

عكاشه، محمود (٢٠٠٤)، لغة الخطاب السياسي دراسة لغوية تطبيقيه في ضوء نظرية الاتصال، دارالنشر للجامعات مصر، مصر.

علوي، حافظ اسماعيلي- عبدالرحيم، منتصر (٢٠١٤)، التداوليات وتحليل الخطاب، دار كنوز المعرفة العلمية للنشر والتوزيع، عمان الاردن.

فاركلوف، نورمان (٢٠٠٩)، تحليل خطاب ، ترجمة د.طلال وهبه، طبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

فوكو، ميشيل (٢٠١٢)، نظام الخطاب، ترجمة د. محمد سبيلا، دار الفارابى، الطبعة الثانية، دار الشوير، بيروت.

فوكو، ميشيل (٢٠٠٩)، الكلمات والاشياء،مجموعة مترجمين، مركز الانماء القومي، بيروت.

فيتزر،انيتا- لورباخ، جيردا (٢٠١٦)، الخطاب السياسي فى وسائل الاعلام، ترجمة ا.د عيسى على العاكوب، ا.د.غياث بركات، دار النينوى، الطبعة الاولى ، ديمشق، سوريا.

ڤان دايک، توين (٢٠١٤)، الخطاب والسلطة، ترجمة غيداء العلى، القاهره المركز القومي لترجمة، القاهره.

كلاوس، جورج (١٩٧٧)، لغة السياسة، ترجمة ميشيل كيلو، وزارة الثقافة والارشاد القومي، ديمشق.

مانغونو، دومينيک (٢٠٠٨)، المصطلحات المفاتيح لتحليل الخطاب، ترجمة محمد يحياتن، الدار العربية للعلوم ناشرون،الجزائر.

مجموعة الكتاب، د.عبدالله بريمى، د.سعيد كريمى، د.البشير التهالى(٢٠١٥)، الكتابة والسلطة، الطبعة الاولى، دار كنوز المعرفه للنشر والتوزيع، عمان.

مدقن، هاجر (٢٠١٣)، الخطاب الحجاجى انواعه وخصائصه، الطبعة الاولى، منشوارات الاختلاف، الجزائر.

مشبال، محمد (٢٠١٥)، بلاغه الخطاب الديني، الطبعة الاولى، منشورات ضفاف والاختلاف، دار الامان، لبنان.

موسى، حسين (٢٠٠٩)، ميشال فوكو الفرد والمجتمع، دار التنوير للطبع والنشر، بيروت.

## به زمانی ئینگیزی

Aitchison, Jean (1999), Linguistics, Fifth editon, Britsh library Catalouwing in publication Data Isbn 0 340 55938 1 ,Londan.

Austin, J.L. (1962), Ho To Do Things With Words, printed in Great Britain, Oxford Universtiy Press.

Barton, Ellen (2002), Resources for discourse analysis in compesition studies, V36, i4.

Birner, Betty J. (2013), Introduction to Pragmatics, printed in Singapore by Ho printing Singapore pre Ltd.

Clausen, Thomas Wolff (2014), Analysis of arteoric and metaphors in president George W.Bush speeches after 11th of sptrmber 2001,and a possible use of propaganda, University of Roskilde, english department.student number 47442.

Crystal, David (2012), Adictionary Of Linguistics And Phonetics, sixth edition,blackwell publishing,usa.

Crystal, David (2012), Adictionary Of Linguistics and Phonetics, sixth edition, blackwell publishing, usa.

Fairclough, Norman (1992), Discourse and Text: Linguistic and Intertextual Analysis within Discourse analysis, Discourses & Society.Vol,3,No2.

Fowler, R. (1995), Iinguistic Criticsim, Oxford unversity press.

Fromkin, Victoria- Rodman Robert- Hyams, Nina(2013) An Introduction To language, Tenth Edition,Newyork art resourct,NY.

Gee, James Paul (2013), An Introduction to Discourses Analysis Theory and Method, Third edition, New york.

Jennifer, Coates (1988), Ed, Language and Gender, A reader, Maiden, MA,Blackwell.

John, Lyons (1980). *Sémantique linguistique*. traduit par Jaques DURAND et Dominique BOULONNAIS. Paris : Librairie Larousse.

Leech, Geoffrey (1996), Principles of Pragmatics,set in10/11 pt linotron 202 times producesd by langman singapore publishes pte ltd. printes in singapore.

Levinson, Stephen C.(1997), Pragmatics, cambridge Universtiy press.

Norgaard, Nina (ed) (2008), systemic Functional Linguistics in USe, Odense working papers in Language and Communication , Vo,29 (ISSN 0906-7612, ISBN:978-87-90923-47-1).

Paltridge, Brian (2013), Discourse analysis, 2nd edition, bloomsbury,50 Bedford square, london WCIB 3dp Uk. 1385 Broadway, NY 10018 USA.

sarfo, Emmanual and Krampa, Ewuresi Ageiwaa (2013), Language at war: A Critical Discourse Analysis of speeches of Bush and Obama on Terrorism, International J. Soe, Sei& Education, Vol.3 Issue, 2 ISSN: 338-378 E and 2227- 393X print.

## نامەی دکتۆرا و ماستەر

تۆفیق، قەیس کاکل (١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

تۆفیق، قەیس کاکل (٢٠٠٢)، پەیوەندییەکانی نێوان دەق، نامەی دکتۆرا ، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین.

حسین، بێری یاسین (٢٠١٢)، هەندێک لایەنی پڕاگماتیکی فراوان " ماکرۆپڕاگماتیک" نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

حمدامين، بیان ملا (٢٠١٣)، ڕێبازی ئەرکیو شیکردنەوەی دەق بۆچوونەکانی "دیل هایمز". نامەی ماستەر کۆلیژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەدین.
صدیق، شێرزاد سەعید (٢٠٠٨)، ڕستەی زمانی کوردی بەپێی تیۆری (کاتیگۆریو پێوانەی)ی هالیدەی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
عەزیز، سروه فیصل (٢٠١٠)، بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین .
فەرەج، هۆگر مەحموود (٢٠٠٠) ، پراگماتیکو واتای نیشانەکان، کۆلیژی زمان، پلەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
کەریم، عومەر مەحموود (٢٠٠٩)، سیمای پراگماتیکیو سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا زانکۆی کۆیە.
کەمال، دیار عەلی (٢٠٠٩)، گوتاری سیاسی کوردی لە روانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەلاحەدین.

## ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان/ کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی

Hei, Kuang Ching- pragmatics: the speech acts identified in the utterances of a bilingual child under two years old.
Reyes, Antonio - Bush, Obama: (in)formality as persuasion in political discourse .Washington and Lee University .http://benijamins.com/it catalog/journass/jl.p13.3.08rey/detanty.
searle J،hon- http://faculty.unlv.edu/jwood/unlv/article what is a speeech act.pdf.5 .,http://apv.ac.rcaos/upload/fckeditor.
Smith, Barry- Searle: From speech acts to social reality,www.onthlogy.buffalo.edu/smith/articles/searle ntro/dt.
احمد، هبه عبد المعز احمد: http://www.alnoor.se/article.asp?id=42116
.
افعال كلام كيف ننجز الاشياء بالكلمات http:// www.ta5ayub.com/t137-topk/.

بغوره، الزواوی – بین اللغه والخطاب و المجتمع: مقاربه فلسفیه اجتماعیه .http://insaniyat.revues.org/8643

بهاءالدین، صلاح الدين محمد Salahuddin M. Bahauddin September 3, 2013ماڵپەڕی تایبەتی.

شومان، محمد، إشكاليات تحليل الخطاب في الدراسات الإعلامية العربية **http:// almaktabat.com.**

العجالی، منصور، اوستن وسيرل عرض وترجمة العرب أونلاين 30.07.2003 .www.alimbaratur.com

فضيله، آ. يونسى، مفهوم المقاصد وعلاقاتها بالخطب تناول تداولى الثورى– (Http//:revue.ummto. dz index php/kh;tap/article view.

### ڕۆژنامەی كوردیو عەرەبی

خەبات ژمارە ٣٢٢٧ی ڕۆژی ١٧-٧-٢٠٠٩ لاپەرە ٣. سەرۆكی كوردستان لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان: هیچ ناوێک **لەنێوی** پێشمەرگە و هیچ ئەركێكیش لە ئەركی پێشمەرگە پیرۆزتر نییە.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە ٤٥٧،ڕۆژی چوارشەممە ٢٩-٤-٢٠٠٩، ڕاپۆرت، ٢١ قەوارە كێبڕكێ لەسەر ١٠٠ كورسی پەرلەمان دەكەن، ل٣.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە ٦٢٦، ڕۆژی سێشەممە ٢٢-٣-٢٠١١، چاوپێكەوتن لەگەڵ ئاراس فەتاح، قۆناغی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان هاتووەتە كایەوە،ل ٢٠.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ٥٥٥ی ڕۆژی ١٠-١١-٢٠٠٩ لاپەڕە ٦-٧. نەوشیروان مستەفا: دەمانەوێت نەریتێكی تازەی سیاسی دابنێین.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ٦٢٠، ڕۆژی سێشەممە ٨-٢-٢٠١١. ئۆپۆزسیۆنی هەرێم سنوورێک بۆ گەمەی دەسەڵات دادەنێت، ڕاپۆرت لاپەڕە٥.

ڕۆژنامەی کورستانی نوێ ژمارە (٤٩٠٦) ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥-٦-٢٠٠٩ لاپەڕە ٢. مام جەلال: لیستی کوردستانی پەیمان دەدات کومورتییەکان چارەسەربکاتو گوزەرانی خەڵک باشتر بکات.

## گۆڤار

مجله المخبر، نظریه الافعال الکلامیه فی ظل جهود اوستین، عبدالسلام، یاسمینه ، العدد العاشر- ٢٠١٤، ص ٩٩-١١٥.

# پاشکۆیەکان

هێلکاری ژمارە( ٢٩) چەمکو کۆدەکان لەگوتاری (مەسعود بارزانی)

| تێکڕای گوتەکان | کۆدی گوتنەکان | چەمکی کردە قسەیی |
|---|---|---|
| 48 | 2,3,4,5,6,7,8,9,10,11,12,13,16,17,18,19,21,2 23,29,30,31,32,33,34,36,37,38,43, 44,45,55,56,61,67,83,125,166,190,193,194,1 6,197,198,199,200,201,202 | نرخاندنی پێشمەرگە |
| 42 | 24,26,32,33,40,42,43,44,46,50,52,59,62,67,7 72,74,82,85,91,94,95,98,112,118,119,122,12 130,131,132,141,143,151,152,155,157,168,1 4,179,182,193 | بایەخدان بە ئاسایش و دڵنیایی |
| 60 | 14,15,26,32,33,34,37,42,43,44,45,46,47,49,5 52,54,55,56,57,58,67,68,69,72,73,74,78,79,8 90,92,99,102,103,104,107,109,110,114,115, 6,117,119,120,128,130,134,138,140,142,145 46,149,153,154,164,173,175,178. | متمانە بە خۆبوون و دەسەڵات |
| 32 | 32,34,36,45,54,56,58,82,88,95,97,98,120,12 125,126,131,142,143,150, 154,159,162,165,168,170,171,172,174,175,1 6,180. | کۆمەڵگەی مەدەنی |
| 25 | 88,89,94,95,96,97,99,100,101,102,103,104,1 0,113,120,124,134,135,136, 139,142,144,148,154,156. | یاسا |
| 0 | 0. | ئازادی رۆژنامەگەری |
| 6 | 174,175,176,180,181,185. | ئازادی تاکەکەس |
| 41 | 7,8,12,13,17,18,19,20,22,27,28,31,32,33,34,3 ,36,37,45,49,59,60,64,93,94,95,98,114,115,1 6,117,123,129,144,179,183,184,186,187,189 02. | بەخدان بە مێژوو و خەباتی دێرین |
| 34 | 11,16,22,25,40,41,42,43,44,45,46,47,48,49,5 54,57,58,66,68,79,80,81,82,84,89,102,104,1 ,139,160,164,180,188. | بایەخدان بەئایندەو پلانی دوارۆژ |
| 4 | 42,103,106,111. | دژە گەندەڵی |
| 11 | 1,48,64,80,127,129,155,179,191,195,197. | رێزگرتنی ئاینی |
| 6 | 123,125,142,146,147,158. | رێزگرتنی فرە نەتەوەیی |

| | | |
|---|---|---|
| 9 | 50,54,55,56,57,58,88,150,198. | بایەخدان بە حکوومەت‌و<br>ەرلەمان و سەرۆکایەتی و<br>کیان |
| 25 | 51,52,58,67,69,72,79,86,107,108,150,151,15<br>153,158,160,168,169,171,<br>172,173,174,177,178,196. | ڕێزگرتنی فرەیی سیاسی |
| 6 | 65,66,110,112,174,175. | بەڵێندان |

## هێلکاری ژمارە (٣٠) چەمک‌و کۆدەکان لەگوتاری (جەلال تاڵەبانی)

| **تێکڕای گوتنەکان** | کۆدی گوتنەکان | **چەمکی کردە قسەیی** |
|---|---|---|
| 3 | 16,108,109 | نرخاندنی پێشمەرگە |
| 15 | 20,23,26,34,55,59,60,64,75,77,89,94,98,12<br>129. | یەخدان بە ئاسایش و دڵنیایی |
| 35 | 14,15,17,19,22,24,26,33,34,43,45,47,48,49<br>0,51,56,57,60,73,78,79,80,81,83,84,86,93,9<br>,95,97,98,99,100,122. | مانە بە خۆبوون و دەسەڵات |
| 37 | 8,10,11,13,14,15,17,24,28,29,32,35,46,47,<br>,82,85,86,87,88,90,91,96,97,<br>98,100,110,111,112,113,114,115,116,117,<br>8,119,127. | کۆمەڵگەی مەدەنی |
| 7 | 13,28,63,64,69,123,125. | یاسا |
| 0 | 0 | ئازادی رۆژنامەگەری |
| 8 | 10,14,47,61,62,92,100,124. | ئازادی تاکەکەس |
| 23 | 11,17,20,21,27,28,29,30,31,37,38,39,40,41<br>2,43,44,51,52,53,63,74,105. | ایەخدان بە مێژوو و خەباتی<br>دێرین |
| 27 | 9,12,22,26,46,47,48,58,65,76,68,69,76,78,<br>,80,81,82,83,84,85,86,90,91,<br>101,125,128. | بایەخدان بەئایندەو پلانی<br>دوارۆژ |
| 2 | 56,57. | دژە گەندەڵی |
| 3 | 1,90,125. | ڕێزگرتنی ئاینی |
| 3 | 121,123,124. | ڕێزگرتنی فرە نەتەوەیی |
| 13 | 8,22,24,35,45,48,49,68,78,91,97,101,128 | بایەخدان بە حکوومەت‌و |

| | | |
|---|---|---|
| پەرلەمان و سەرۆکایەتی و کیان | | |
| ڕێزگرتنی فرەیی سیاسی | 2,3,4,5,16,17,19,20,21,24,25,26,31,36,37,4 43,47,50,54,63,66,70,72,81, 101,103,120,. | 28 |
| بەڵێندان | 78,83,84,107. | 4 |

**هێڵکاری ژمارە (٣١) چەمکو کۆدەکان لەگوتاری (نەوشیروان مستەفا)دا**

| **چەمکی کردە قسەیی** | کۆدی گوتنەکان | **تێکڕای گوتنەکان** |
|---|---|---|
| نرخاندنی پێشمەرگە | 0 | 0 |
| ایەخدان بە ئاسایش و دڵنیایی | 10,11,15,23,49,52,64,76,77,82,104,127,130, 1,135,147,150,152,156,166,167,168,169,172 73,179,181,184,185,189,202,204,208,209. | 34 |
| متمانە بە خۆبوون و دەسەڵات | 3,4,5,36,66,81,83,84,106,107,108,110,111,1 ,145,153,157,161,171,180, 190,191,192,193,203. | 25 |
| کۆمەڵگەی مەدەنی | 7,12,13,14,16,17,18,19,20,21,24,25,26,27,31 2,33,34,35,40,44,47,48,49, 50,53,54,55,57,60,62,63,68,70,78,80,86,89,9 91,92,93,94,95,96,99,103, 105,109,112,116,123,129,136,145,146,149,1 8,159,160,162,174,175,176, 179,182,183,186,196. | 69 |
| یاسا | 8,27,67,143,149,188,190,191,192,193,194,1 ,196,202,203,204. | 16 |
| ئازادی ڕۆژنامەگەری | 20 | 1 |
| ئازادی تاکەکەس | 178 | 1 |
| بایەخدان بە مێژوو و خەباتی دێرین | 14,22,23,86,97,105,106,107,108,148,158,16 164,165,166,167,168,169, 202,204. | 20 |
| بەخدان بەئایندەو پلانی دوارۆژ | 2,5,8,9,13,14,15,19,21,24,31,33,40,42,44,45 7,49,50,56,57,58,60,61,63,65,66,72,73,75,79 0,81,87,96,103,123,124,125,127,129,132,13 134,136, 141,142,144,149,151,154,155,179,187,199,2 0,201. | 57 |

| | | |
|---|---|---|
| 5 | 38,42,44,45,141. | دژە گەندەڵی |
| 10 | 113,114,118,119,120,121,168,174,175,176 | ڕێزگرتنی ئاینی |
| 2 | 29,30. | ێزگرتنی فرە نەتەوەیی |
| 22 | 16,56,57,66,67,69,70,71,72,81,89,105,138,1<br>,140,143,144,160,165,189,<br>198,199. | یەخدان بە حکوومەتو<br>رلەمان و سەرۆکایەتی<br>و کیان |
| 55 | 20,22,28,29,30,34,36,40,44,46,47,48,51,53,5<br>56,58,59,60,61,67,71,73,74,80,85,86,87,94,9<br>96,100,110,117,126,129,130,135,136,141,14<br>146,162,<br>177,182,183,186,188,189,190,193,197,199,2<br>0,207. | زگرتنی فرەیی سیاسی |
| 6 | 37,39,41,43,202,206. | بەڵێندان |

هێلکاری ژمارە(٣٢) چەمکو کۆدەکان لەگوتاری (سەلاحەدین بەهائەدین)

| **کۆی گوتنەکان** | کۆدی گوتنەکان | **چەمکی کردە قسەیی** |
|---|---|---|
| 0 | 0 | نرخاندنی پێشمەرگە |
| 32 | 6,9,14,16,17,23,26,27,28,30,31,35,37,38<br>3,44,46,52,61,67,68,72,73,74,73,84,85,8<br>87,91,92,104. | ایەخدان بە ئاسایش و<br>دڵنیایی |
| 15 | 9,15,20,24,27,32,58,62,77,78,79,83,88,9<br>94. | متمانە بە خۆبوون و<br>دەسەڵات |
| 29 | 22,27,29,32,33,34,36,39,40,41,42,49,50,5<br>,52,53,54,62,66,65,68,75,76,83,95,98,10<br>102,103. | کۆمەڵگەی مەدەنی |
| 1 | 10 | یاسا |
| 0 | 0 | ئازادی ڕۆژنامەگەری |
| 3 | 27,28,29. | ئازادی تاکەکەس |
| 11 | 8,11,13,18,25,45,47,49,58,80,90. | بایەخدان بە مێژوو و<br>خەباتی دێرین |
| 33 | 5,7,19,21,39,41,43,51,55,57,62,63,64,65<br>9,70,71,75,76,81,82,83,95,97,98,99,100,1<br>1,102,103,104,105,106. | بەخدان بەئایندەو پلانی<br>دوارۆژ |

| | | |
|---|---|---|
| 8 | 40,47,55,64,66,68,69,89. | دژە گەندەڵی |
| 21 | 1,3,4,5,7,8,9,11,12,16,17,19,21,24,25,28<br>5,86,85,105,106. | رێزگرتنی ئاینی |
| | 0 | ێزگرتنی فره نەتەوەیی |
| 14 | 40,43,45,48,49,51,53,54,56,57,58,71,96,9<br>. | یەخدان بە حکوومەتو<br>رلەمان و سەرۆکایەتی<br>و کیان |
| 12 | 33,34,35,36,39,42,45,60,84,93,97,101. | زگرتنی فرەیی سیاسی |
| 0 | 0 | بەڵێندان |

## دەقی گوتاری مەسعود بارزانی

بەناوی خودای گەورەی میهرەبان١

برایانی زێدە ئازیزو خۆشەویستم٢، هەڤالان٣، پێشمەرگە قارەمانەکان٤ خۆشترن کات بۆ من ئەوەیە کە لەگەڵ پێشمەرگە دابنیشم٥و پێشمەرگە ببینم٦، چونکە من شاهیدی قارەمانیتی ئێوەم٧، شاهیدی خەباتو تێکۆشانی ئێوەم٨. ئەمڕۆش لێرە . کەلە گەڵتان کۆدەبینەوە بۆ ئەوەیە پێتان بڵێین ئێوە لە هەموو کاتو ساتێکدا جێگای رێزو پێزانینن٩.

ئێوە قەدری ئەم رۆژە دەزانن١٠، بەڵام دڵنیابن هەموو دڵسۆزانو نیشتیمانپەروەرانی میللەتەکەتان قەدری ئێوەش دەزانن١١.

پێشمەرگەی قارەمان رۆژێک کەبڕیاری دا دەست بداتە چەکو بچێتە بەرەی شەڕو کەرامەت، نەیدەزانی لەژیانی خۆیدا ئەم بەرهەمە دەبینێت١٢. بەڵام بڕیارێکی دا کە وەکو مۆم بسووتێ بۆ ئەوەی ئەم میللەتەو خەڵکی تر لەبەر رووناکییەکەی بژیت ١٣. ئەمە ئەوپەڕی هەستکردنە بە مەسئولیەت١٤، ئەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکارییە١٥. بۆ هەر مرۆڤێک لەگیان ئازیزتر نییە، لەماڵو منداڵیش خۆشەویستتر نییە. بەڵام پێشمەرگە شتێکی تری دۆزییەوە کە لە هەردووکی خۆشەویستتر بێت. ئەویش نیشتیمانەکەی بوو١٦. بۆیە بڕیاری دا دەست لە منداڵی هەڵگرێت١٧، دەست لە گیانیش هەڵگرێت بۆ ئەوەی نیشتیمانەکەی رزگار بکرێت١٨.

بەداخەوە زۆر لە هەڤالانمان ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمە دانین، ئەوان شەهید بوون١٩، گومانیشم لەوە نییە هەر یەکێک لە ئێوە ئێستا دەقیقەیەک چاو بنێتە

سەر یەکو بیر بکاتەوە دەیەها قارەمانی دێتەوە بیر کە لە تەنیشتی شەهید بووە٢٠. راستە ئەوان لەگەڵ ئێمە نین، بەڵام گومانم لەوە دانییە کە گیانیان شادەو روحی پیرۆزیان لەگەڵ ئێمەیەو لەگەڵ میللەتەکەیانە٢١. ئێمەو مانان، ئەوانەی کە ماوین، ئەو ژیانە ئەبەدییەمان بەشانس نەبوو، بەڵام هەتا ماوین دەتوانین بڵێین کە شەرەفی ئەوەمان هەبوو کە هەڤاڵی ئەوانە بووین٢٢.

برایانی خۆشەویست...٢٣

ئەو وەزعەی ئەمڕۆی کوردستان، ئێوە دەزانن بەچی رەنجو خەباتو زەحمەتیەک دروست بووە٢٤، ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو دەزگاکانە کە نەوەکانی تازەمان تێبگەیەنن٢٥ ئەم بارودۆخە نەکەس هەر خێری بە ئێمە کردوە٢٦، نە هەروا بەخۆڕایی بەدەست کەوتووە٢٧، بەخوێن بەرەنج بە فرمێسک بەدەست هاتووە٢٨، کە ئێوەی قارەمان ئەو رەنجەتان بۆ کێشاو هەڤاڵەکانتان خوێنیان بۆدا٢٩.

من نابینم ناوێک لە ناوی پێشمەرگە پیرۆزترو خۆشتر هەبێتو ئەرکێکیش لەئەرکی پێشمەرگە پیرۆزتر٣٠. پێشمەرگەی کوردستان زۆر مەردانە بەرگرییان لەشەرەفو نامووسی میللەتەکەیان کرد٣١. بەدرێژایی شۆڕشو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان، پێشمەرگە بۆیەک رۆژیش پەنای نەبردە بەر کارێکی نامەردانە٣٢، ئەرکی پێشمەرگە بەرگری بووە لە وڵاتەکەیان، بەرگرییەکی سەربەرزانە٣٣و هەر لەسەرەتاشەوە، ئەو فەرهەنگەی کە پێشمەرگە پێی پەروەردەکرا فەرهەنگێکی زۆر بەرز بووە٣٤. هەمووتان لەبیرتانە کە دروشمی ناوەندی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ئەو سەردەمە دیموکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو٣٥. بۆیە پێشمەرگە خەباتی کرد زۆر دوور لە رەگەزپەرستی و دەمارگیری لەپێناوی دیموکراسی بۆ هەموو عێراق نەک هەر بۆ کوردستان٣٦. ئەوش بووە هۆی ئەوەی کە زۆر لە تێکۆشەرانی غەیر کورد لە عێراق بێن پەیوەندی بە شۆڕش بکەنو رۆڵێکی زۆر زۆر کاریگەر ببینن لەبەرگری کردن لە کوردستان کە قەڵای دیموکراسی بوو بۆ هەموو عێراق٣٧. بۆیە بەڕاستی هەرچەند مرۆڤ باسی پێشمەرگە و پیرزۆیی پێشمەرگە و گەورەیی

پێشمەرگە بکات هەر کەمە٣٨. بەڵام من دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە، ئەوەی لەدەستمان هاتووە و لە دەستمان بێ، دەیکەین بۆ ئەوەی پێشمەرگە قارەمانەکان، خانەوادەی شەهیدان، کەمئەندامان هەست بەسەربەرزی بکەن٣٩، هەست بە بەختەوەری بکەن٤٠، مەسەلەی بژێوی ئەوان ئەرکێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەو ئەرکی هەموو دەزگایەکی حکوومەییە کەدەبێت ئەمەی بەرچاو بێت٤١، دەزانم کەموکوڕی هەیە بەڵام نابێت ئەو کەموکوڕیانە بمێنن٤٢.

ئێمە خەریکین کە لەشکرێکی مۆدێرن بۆ کوردستان دروست بکرێتو بەباشترین چەک چەکدار بکرێتو بە نوێترین ستانداردی جیهانی رابهێنرێت، چونکە هەبوونی لەشکرێکی وا گەرەنتییە بۆ ئەوەی شەڕ نەبێتەوە٤٣، هەبوونی لەشکرێکی وا گەرەنتیە بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانە بپارێزێت٤٤. پێشمەرگە قەت وافێر نەکراوە پەلاماری خەڵک بدات، پێشمەرگە هەروا فێرکراوە کە بەرگری لە وڵاتو میللەتی خۆی بکاتو دەبێت هەرواش بێت٤٥. بەڵام دیارە هێشتا تەحەدیاتێکی زۆرمان لەپێشە، ئەگەر هێزێکی رێکوپێکمان نەبێت، رەنگە دوژمنانی گەلەکەمان هێشتا بە تەمای پیلانگێران بنو بیانەوێت ئەم دەستکەوتانەمان لێ تێک بدەن٤٦.

ئەو پێشنیارانەی کە کاک جەمیل هەورامی پێشکەشی کرد، من هەمووی بە پێشنیاری زۆر زۆر باش دەزانم٤٧و ئیشاللا هەمووشی جێبەجێ دەکرێت٤٨. حەزیش دەکەم عەرزی ئێوەی خۆشەویست بکەم کە بەرنامەی ئێمە ئەوەیەو لەگەڵ برای بەرێزم جەنابی سەرۆک مام جەلالیش رێککەوتووین٤٩، هەموو دامودەزگاکانی ئێمە لەمەودوا دامودەزگای هەرێم دەبێت٥٠. لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ خەباتی یەکێتی و پارتی و هەموو حزبە هاوپەیمانەکان٥١. بەڵام ئێمە لەو قۆناغە دەرچووین کە حیزبایەتی تەسک بکرێت٥٢، ئێستا کوردایەتییە٥٣، ئێستا دەبێت ئێمە کیان بۆ میللەتەکەمان دابمەزرێنین٥٤. بۆیە هەرچی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەیە بە تەئکید، یەک مەرجەعییەتی دەبێت ئەویش وەزارەتی پێشمەرگەیە٥٥و هەموو دامودەزگاکان دەبن بە یەکو یەک فەرماندەییو یەک لەشکرو یەک بڕیارمان

دەبێت هەروەکو لە هەموو وەزارەتەکانی ترو هەموو دامودەزگاکانی تر هەیە٥٦، چونکە هەروەکو عەزرم کردن، ئێمە ئێستا کیان دادەمەزرێنین٥٧، بێگومان هەبوونی حزب زەروورییە، بەڵام حزب لەخزمەتی ئەو کیانەدا دەبێت٥٨.

بەداخەوە زۆر زۆریش بەداخەوە٥٩، لە فەترەی رابردوو شتی ناخۆش روویدا٦٠، ناخۆشترین شتیش ئەوەیە پێشمەرگە رووبەرووی یەکتر ببنەوە٦١. هەرچەندە شتێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام براینە ئەوەنییە بڵێین هەر ئێمەی کورد بەو قۆناغە ناخۆش‌و سەختە تێپەڕبووین، میللەتانی تری دونیاش بەو ئەزموونەدا تێپەڕبون٦٢. خۆزگە نەبووبایە٦٣، بەڵام کەبوو، من زۆر جار دەڵێم سوپاس بۆ خوا کەپێشی روخانی رژێم ئەو شەڕی خۆکوژییە- من ناڵێم شەڕی براکوژیش من دەڵێم شەڕی خۆکوژی- ئەو شەڕە کۆتایی پێ هات٦٤. من بەڵێنیشتان پێ دەدەم٦٥، تا من مابم هەرچی لە توانامدا بێت نابێت جارێکی تر خوێنی کورد بەدەستی کورد بڕژێت٦٦. پێشمەرگە هەمووی چ پارتی بن چ یەکێتی چ شیوعی چ سۆسیالیست چ هەر حیزبێکی تر، ئەوانی خەباتیان کردووەو لە شاخ بوون، هەمووی ئازیزی ئێمەن‌و هەمووی برای ئێمەن٦٧. ئێستا ئەو دەرفەتە هاتووەتە پێش ئێمە ئەو برینانە سارێژ بکەین٦٨.

یەکێک لەدەستکەوتە هەرە گەورەکانی کە من ئێستا دەیبینم، لە بانگەشەی ئەو هەڵبژاردنەدا، ئەو تەبایی‌و برایەتییە کەلە نێوان من‌و جەنابی مام جەلال جێی گرتووەو دابەزیووەتە ناو خەڵک٦٩. کە من پێموایە ئەمە گەورەترین دەستکەوتە٧٠. رەنگە زۆر کەس بپرسێت بۆ ئەو هاوپەیمانییە ستراتیژییەی نێوان پارتی‌و یەکێتی؟٧١ وەڵامێکی زۆر زۆر سادەو زۆر کورت: ئەگەر پارتی‌و یەکێتی تەبابن دەتوانن زۆر شتی گەورە بۆ میللەتەکەیان بکەن٧٢. دەتوانن ئەو دەستکەوتانە بپارێزن٧٣، دەتوانن دەرگا لەبەردەم پیلانی هەموو دوژمنان‌و ناحەزان دابخەن کە نەتوانن هیچ زەربەیەک لەدەست کەوتەکانی ئێمەو لە هەرێمی ئێمە بدەن٧٤. بەڵام ئەگەر تەبا نەبن هەموو دەرگایەک کراوەیەو هەموو هەموو فورسەتێکیش لەپێشە بۆ ئەوەی دوژمنانمان نەک هەر ئەزموونەکەمان، میللەتەکەشمان تیا بچێت٧٥. بۆیە راستترین بڕیار، باشترین بڕیار ئەوەیە کە

یەکێتی ڕیزەکانی میللەتەکەمان بپارێزین٧٦. بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە ئەم یەکێتیە بپارێزین دەبێت یەکێتی نێوان پارتیو یەکێتی بەهێز بێت٧٧.

خۆشبەختانە من دەتوانم پێتان بڵێم٧٨ ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قۆناغەو هەموو شتەکان ئێمە لەگەڵ جەنابی سەرۆک مام جەلال پێکەوە بەمشورەت دەیکەینو لەمەودوایش هەروا دەبێت٧٩و ئینشاللا هەروەکو وتم جارێکی تر دوژمنان پیمان پێناکەنن٨٠و خۆشحال نابن٨١و جارێکی تر خوێنی کورد بەدەستی کورد ناڕێژیت٨٢.

هەڤالانی تێکۆشەر٨٣

بابەتی تر کە من دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم، پەیوەندی هەرێمی کوردستانو بەغداو مەسەلەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانە٨٤.

خۆشتان دەزانن٨٥، دوای رووخانی رژێم، لەگەڵ جەنابی مام جەلال پێکەوە چووین بۆ بەغدا٨٦، باوەڕبکەن ئێمە یەکێتی عێراقمان پاراست٨٧. پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا کە ئێمە بەشێک دەبین لە عێراق. بەڵام بەمەرجێک کە عێراقی فیدرالی دیموکرات بێت٨٨. پاش ئەو هەموو خوێنو قوربانیدانو ماڵوێرانییە، ناکرێت جارێکی تر ئێمە لەژێر دەستی دیکتاتۆریەت بژین٨٩. نەدەتوانین٩٠، نەدەکرێت٩١، نەئامادەشین٩٢، بۆیە بەهەموو شێوەیەک هەوڵمان دا بۆ ئەوەی یارمەتی برایانی ترمان بدەین،٩٣ چونکە لێرە لە هەرێمی کوردستان هیچ بۆشاییەکی ئەمنیو ئیداری دروست نەبوو٩٤، لە ناوچەکانی تری عیراق هەر هەموو هەڵوەشایەوەو هەڵتەکا٩٥. لەپرۆسەی سیاسی لە هەمووی بەردەوام بووین تا گەیشتە قۆناغی ئەوەی هەڵبژاردن ببێت٩٦و دەستوورێک بۆ عێراق دابنرێت٩٧، بێگومان ئەمە قۆناغێکی زۆر گەورەو پێشکەوتوو بوو٩٨. لەو دەستوورەدا مافو ئەرکی ئێمە وەکو کوردو هەموو لایەنەکانی تردەستنیشان کراوە٩٩. ئێمە پابەندی ئەو دەستوورەین١٠٠ ئەو دەستوورە دەستکەوتێکی گەورەی تێدایە بۆ کورد١٠١ و هەمیشەش گوتوومانە، لەهەر کوێیەک ئەگەر ئێمە یەک هەنگاومان هاویشتبێت خیلافی ئەو دەستوورە بێت، ئێمە ئامادەین دانی پێدابنێینو چاکی بکەینەوە١٠٢ بەڵام بۆ نموونە، مەسەلەی نەوتو غاز

لەدەستووردا هاتووە کە نەوتو غاز موڵکی هەموو میللەتی عێراقەو دیاریشە کەبیری کۆن چۆن ئیدارە دەکرێتو بیری تازە لێدراو چۆن ئیدراە دەکرێت لەهەرێم لەگەڵ ناوەند١٠٣. ئێمە هەرچی کردوومانە بەپێی دەستوور کردوومانە١٠٤. هەشت ملیار دۆلار لەم چەند ساڵەی رابردوو تەرخان کرابوو بۆ وەزارەتی نەوت بۆ ئەوەی کەرتی نەوت بەرەوپێش بچێتو بەرهەمی نەوت زیاد بکرێتو پاڵاوگە دابنرێت١٠٥. نەک بەرهەمی نەوتی زیاد نەکرد، بەلکو کەمی کرد، یەک پاڵاوگەش لە عێراق دروست نەکرا١٠٦، فەرموو تەقریبەن پێشی مانگێکو مانگو نیوێک. لێرە لەگەل جەنابی سەرۆک مام جەلال پێکەوە لەپێش چاوی هەموو دونیادا، لە هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی یەک دۆلاریش لەو ٨ ملیار دۆلارە بدرێت بە هەرێمی کوردستان، سەد هەزار بەرمیلی نەوت ئامادەبوو١٠٧، کە هەمووتان بینیتان لەگەڵ جەنابی مام جەلال قوفلەکەمان کردەوە١٠٨. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە پابەندین١٠٩و ئەو پەیمانەی دەیدەین، ئەو بەڵێنەی دەیدەین، ئەو ئیلتیزامەی دەکەوێتە سەر ئێمە جێبەجێی دەکەین١١٠. نەوتەکە لەگەڵ بۆڕی ناوەندی بەسترایەوە کەدەچێتە تورکیاو پارەکەش دەچێتە خەزێنەی ناوەندی١١١، ئەگەر بەشی خۆمان %١٧مان بدەنیو تەشقەلەمان پێ نەکەن وەکو هەموو جارێک دەیکەن، باشە لەمە زیاتر دەبێت ئیلتیزام چی بێت؟١١٢

لەمەسەلەی ناوچەکان، ئێمە ماددەی ١٤٠مان قبووڵ کرد١١٣، لەبەر ئەوە نەبوو کە ئێمە شکمان هەیە لە ناسنامەی کەرکووک یا ناوچەکانی تری وەکو خانەقین، شنگار، یا مەخمور، یا شێخان، یا زوممار یا مەدەلی١١٤، ئێمە شکمان نییە چونکە بەپێی راستییەکی مێژوویی و جواگرافییەکان ئەمانە بەشێکن لە کوردستان١١٥. کاتێک بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەکانی زەمانی ئیمپراتۆریێتی عوسمانی، ئەمانە بەشێکن لە کوردستان١١٦ بگەڕێینەوە بۆ راپۆرتی گەڕۆکە ئەوروپییەکانی کە هاتوون بۆ کوردستان، هەموویان لە یادگارییەکانی خۆیان نووسیویانە، دەستنیشانیان کردوە ئێرە کوردستانە١١٧. بەڵام بۆ ئەوەی هیچ بەهانەیەک بەدەستی هیچ کەسێک نەکەوێت،١١٨ وتمان زۆر چاکە،١١٩ ماددەی ١٤٠، ئاساییکردنەوەو سەرژمێریو راپرسی١٢٠.

باشـه لەمە مـروونەت زیـاتر چـی بێـت؟ ١٢١ ئێسـتاش بەداخەوە دەڵـێم١٢٢، کەسانێک ماون پێیان وایە ئەنفال دەبوایە زیاتر خەڵکی ئێمە بیسـەرو شـوێن بکات، لەکیمیابارانکردن دەبوایە نەک بە ٥ دەقیقە ٥ هەزار ژنو منداڵ شـەهید بکرێن، دەبوایە کەس نەمێنێت،١٢٣ بێگومـان لەگەڵ عەقڵییەتێکی واتە ماددەی تـۆ ١٤٠ چـۆن موناقەشـە دەکەی؟١٢٤ کێشـەکەی ئێمە بـراینە ئەوەیە وەختـێ یەکێک هەبـوونی تـۆی پـێ قبـوول نەبێت، بەهەبـوونی تـۆ رازی نەبێت، چـۆن ئەمە رازی دەبێـت تـۆ مافـت هەبێـت؟ ١٢٥ئەوە نییە ئـێمە تونـدڕەو بـین یـا دەمـارگیر یـا رەگەزپەرسـت بـین١٢٦، خـوا شـاهیدە زۆر دووریـن لەمە١٢٧، بەڵام نـاتوانین موسـاوەمە لەسـەر مـافی میللەتـی خۆمـان بکەیـن.١٢٨دوای بێسـەرو شـوێن کردنـی ١٥٢ هەزار کەسو رەنـگە زۆریـان ژنو منـداڵ بـن، دوای کیمیابـارانکردنو دوای وێـران کردنـی ٤٥٠٠ گونـدی ئـێمە، باشـە خـوا قبول دەکات تۆ جارێکی تر رێگە بدەی کەسێک بێت ئەم کارەساتە بەسـەر میللەتی ئێمەدا بهێنێتەوە؟١٢٩ مـومکین نییە.١٣٠ بێگومـان شـەڕ ناخۆشـە.١٣١ ئێـوە لەهەمـوو کەسـێک زیـاتر دەزانـن کەشـەڕ چەنـد خـراپە، ئەوەی لەشـەڕ ناخۆشتر بێت، ژێردەستەییە.١٣٢

غەدرێکە لە میللەتەکەت دەکەی، ئەو غەدرە ئازاری زۆر زیـاترە لەوەی بە تۆپو بەفڕۆکە لێت بدەن.١٣٣

ئێمە دەڵێین ئێستا عێراق دەستوورێکی هەیە، خاوەنی ئەو دەستوورەیە، ئێمە پابەنـدین بەو دەسـتوورە١٣٤. هەمووشـمان رێکـین لەسـەر ئەوە، لەهەر کـوێیەک خیلافێک هەبێت، ئەو دەستوورە حەکەم بێت بۆ ئەوەی چارەسـەری ئەو کێشـانەی ئێمە بکات.١٣٥ بەڵام بەداخەوە دەبینین هەندێکجار خۆلادان هەیە لەمـاددەی ١٤٠، ١٣٦ پێیـان وایە مـومکینە ئەمە کـات لەبیـر کـوردی دەبـاتەوە،١٣٧ کەمەحـاڵە.١٣٨ ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی قانونییە، دەبێت جێبەجێ بکرێت ئەمڕۆ، سبەینێ، دەسـاڵی تر١٣٩، ئەمە لەبیر کورد ناچێتەوە،١٤٠ تازووتریش جێبەجێ بکرێت لەبەرژەوەندی هەموو عێراقدایە١٤١. پرسیاری ئێمە ئەوەیە، باشـە وەرن نە بەمـاددەی دەسـتووری رازیـن، فەرمـوو وەرن؟ مـاددەیەکی دەسـتووری نیـیە؟ فەرمـوو وەرن راپرسـی بکەن،١٤٢ لە خەڵکەکە بپرسن.١٤٣ فەرموو با بگەڕێینەوە بۆ دۆکۆمێنتو بەڵگانەی

زەمانی عوسمانییەکانن.١٤٤. باشە کە بەهیچ رازی نەبن تەنها دەبێت، کوردیش ئەمە قبوڵ ناکات.١٤٥ ئێمە مافی خۆمان دەوێت١٤٦و ئێمە نامانەوێت غەدر لە یەک کەسی تر بکەین.١٤٧ بەدڵنیاییەوە ئەگەر لایانی تر، ئینجا چ بە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ یان هەر چۆنێک بێت، دانیان بەوە دا کە ناسنامەی کەرکووک کوردستانییەو لە دابەشکردنی داهاتەکەی هیچ حەساسیێتێکمان لەگەڵ ئەوەدا نییە،١٤٨ بەڵام لەسەر ناسنامەی کەرکووک کە کوردستانییە مساومە ناکەین.١٤٩ بۆیە ئێمە ئومێدەوارین دوای هەڵبژاردن لەگەڵ برایانمان لەبەغدا کە هێشتا ئێمە بەشێکین لەو حوکمەتە١٥٠، سەرۆک کۆمار جەنابی مام جەلالە،١٥١ جێگری سەرۆک وەزیران، وەزیرەکان، سەرۆک ئەرکان هەمووی لە ئێمەیە،١٥٢ ئێمە بەغدا بۆ خەڵکی تر بەجێ ناهێڵین.١٥٣ بەڵام حەکەم بۆ ئێمە و ئەوان دەستوورە.١٥٤ ئینجا با بزانین دوای هەڵبژاردن رەنگە بە شێوەیەکی کاریگەر تر ئینشاللا بەرنامە دادەنرێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت،١٥٥ هەروەکوو گوتم بە پێی دەستوور نەوەکوو دەرەوەی دەستوور.١٥٦ بەڕاستی من نازانم ئەمانە بە چ لێمان رازی دەبن.١٥٧ من گەیشتوومە قەناعەت هەندێکیان تەنها بەوە خۆشحاڵن کورد نەبێت ئەوەش حەققی ئێمەیە بەرگری لەخۆمان بکەین.١٥٨ ئێستا بیدعەیەکی تریان دەرهێناوە وەڵا لە هەڵبژاردنی داهاتوو کەرکووک بکرێت بە چوار بەشەوە: ٣٢ بۆ کورد، ٣٢ بۆ عەرەب، ٣٢ بۆ تورکمانو ٤ بۆ مەسیحییەکان. ١٥٨ کەواتە هەڵبژاردن بۆ بکرێت١٥٩ کەرکووک بۆ وای لێبکرێت، باشە ئەگەر بۆ کەرکووک دەکرێ با بۆ موسڵو دیالەش بکرێت.١٦٠ هەندێک شتی وا غەدرێکی وای تێدایە، کە بەڕاستی دڵی ئینسان ئازار دەدەن.١٦١ کەرکووکیش وەکو هەر شارێکی تر دەبێت هەڵبژاردنی تێدا بکرێتو دەنگ بدرێت.١٦٢ بەڕاستی ئەو مروونەتەی تا ئێستا بەرکارمان هێناوە بۆ ئەوە بوو بگەینە چارەسەرێک، بەڵام لەوەدەچێت بیانەوێت بەزۆر شتێک فەرز بکەن،١٦٣ قوەتیش نییە، هێز نییە بتوانێت لەمەو دوا شت بەسەر کورد فەرز بکات.١٦٤

بێینە سەر بابەتێکی تر، ئەویش مەسەلەی هەڵبژاردنە.١٦٥ بەراستی ئێوە لەوە بەرزترن بڵێین چی،١٦٦ بەڵام دەمەوێت تەنها ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم هەڵبژاردنە بەرهەمی رەنجی ئێوەیە، ئەمەش یەکێکە لەدەستکەوتەکان.١٦٧ زۆر

خۆشه میللەتی ئێمه بگاته ئەو ئاستەی کەبیرو بۆچوونه جیاوازەکان به سندوقی دەنگدان چارەسەر بکات، نەوەکوو به توندو تیژی١٦٨. من لێرەدا تەنها پرسیارێک دەکەم، ئەو ئیمکانیاتو دەسەڵاتەی کەلەدەستی پارتیو یەکێتی بووه، ئەگەر لەدەستی خەڵکانی تر بووایه ئەو ئازادییەیان دەدایه پارتیو یەکێتی ئەوەی ئەوان هەیانه؟ ١٦٩ لەگەڵ ئەوەشدا ئێمه دەمانەوێت هەڵبژاردنێکی زۆر شەفافبێت، زۆر پاکو بێ گەرد بێت،١٧٠ داوامان کردووه له کۆمۆسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، هەرچی چاودێری دەرەوه هەیه بهێننو خۆشبەختانه زۆر لایەنیش رەزامەندیان نیشانداوه. ١٧١ وەکوو به منیان وتوه: یوئێن، کۆمکاری عەرەبی، یەکێتی ئەوروپا، زۆر له رێکخراوه مەدەنی، زۆر لەو دەوڵەتانه که کۆنسلخانەیان هەیه لەهەولێر یان باڵیۆزخانەیان هەیه لەبەغدا، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت تانه لەو هەڵبژاردنه بدات١٧٢. بێگومان ئەوەی دەیدۆڕێنێت گلەیی دەکات، ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوه نەبوو با هەر گلەیی بکات١٧٣. بێگومان هەر لیستەکیش حەقی خۆیەتی بانگەشه بۆ بەرنامەی خۆی بکات١٧٤. بەڵام دەبێت خەڵکی کوردستان بزانێت، ئایا راگەیاندنی بەرنامەیەک مەیدانییەنیش جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیه وا ئاسانه؟١٧٤ بۆ نموونه من وەک هاوڵاتیەک قەناعەتم وایه که لیستی ٥٤، لیستی کوردستانی ئەو بەڵێنانەو ئەو بەرنامەی راگەیاندووه دەتوانێت جێبەجێشی بکات١٧٥. من وەک هاوڵاتییەک دەنگی خۆم به لیستی کوردستانی دەدەم١٧٦. هەموو لیستەکان برای ئێمەن سەرەنجام هەموومان کوردو کوردستانین١٧٧، کێ دەیباتەوه پیرۆزی بێت.١٧٨سوپاس بۆ خوا ترسی ئەنفال نەماوه، ترسی کیمیاباران نەماوه١٧٩، باتۆزیک بیربکەینەوه،١٨٠ ئەو خەڵکەش با بیربکاتەوه،١٨١ ئێمه له کوێ بووینو گەیشتووینەته کوێ؟ ١٨٢بەڵام چۆن گەیشتین. ١٨٣به خوێنو رەنج پێی گەیشتین.١٨٤ ئەمه پرسیارێکه هەموو کەسێک حەقی خۆیەتی بیکات.١٨٥ دەڵێن جارێک کابرایەکی بچووک گەیشته کابرایەکی پیر داری دەچاند. لێی پرسی تۆ تەمەنت گەیشتۆته ٨٠ ساڵو زیاتر، بروناکەم بەری ئەم داره بخۆی بۆ خۆت ماندوو دەکەی؟١٨٦ ووتی: وەڵا پێش من داریان چاندووه منیش بەرەکەم خوارد، منیش دەیچێنم بۆ ئەوەی دوای ئێمه بیخۆن.١٨٧ هیوادارم نەوەکانی ئێمەش ئەو دارانەی ئێوه چاندووتانه نەیبڕنو

ئەوانیش زیاتری بکەن.١٨٨ لەهەموو شتێک ناخۆشتر ئەوەیە، کە کەسانێک هەبن قەدری ئەم رۆژە نـــازانن، قەدری ئەو کەســـــانەش کە ئەم رۆژەیـــان هێنـــاوەتە ئـــاراوە.١٨٩ ئەویـــش ئێـــوەن ١٩٠ لە ئێـــوەش و لە هەموومـــان گرینگتـــر، ئەو شەهیدانەن کە هەروەکوو باسم کرد ئینشاڵڵا ئەمرۆ گیانیان شادەو بەسەرمان دەسورێنەوە.١٩١ لەکۆتایی دا،١٩٢ من جارێکی تر زۆر خۆشحاڵم بە دیتنی ئێوە ١٩٣خۆشەویســــتترین‌و ئـــــازیزترین کەس لە دونیـــــادا بەلای مـــــن ئێـــــوەن، پێشمەرگەن.١٩٤ ئینشاڵڵا هەر سەرکەوتوو دەبن بۆ کوردو کوردستان.١٩٥ دەمەوێت بڵێم هەم یەکێتی‌و هەم پارتی‌و رەنگە حزبەکانی تریش مەداڵیای خۆیان هەبووبێـتو دایـان بێـت بە پێشمەرگەکانی تـر.١٩٦ بەڵام لەمەو دوا ئینشـاڵڵا هەمووـمان پێشمەرگەی کوردستانین. ١٩٧بۆیە مەداڵیای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو پێشمەرگەکانی وەکوو پێشمەرگەی کوردستان، نەوەک پێشمەرگەی حزبێک.١٩٨ کاک جەمیل هەورامی وەکوو نوێنەری پێشمەرگەی دێرینەکان بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەیە.١٩٩ کاک قادریش وەکوو دەزگای ئەیلوول- ئینشالڵا هەموو ئەو دەزگاو کۆمەڵانە دەبنەوە یەک٢٠٠ وەکوو باسم کرد- بۆ هەموو پێشمەرگەکان.٢٠٤ مەداڵیای تر بۆ کاک فەریق نوعمان، بەڵام ئەگەر نەڵێی مـلازم خـدر رەنـگە کەس نەیناسـێت کە یەکـێکە لە قارەمانەکـانی شۆڕشـی ئەیلـوول بـرا عەرەبەکانمـان‌و لەرێکخسـتنی حزبـی شـیوعی بـووە،٢٠١ بەڵام دەبێ بزانین کە یەکێک بووە لە قارەمانەکانی داستانی زۆزک‌و هەندرێن، لە رێـی ئەویشـەوە بـۆ هەمـوو ئەو پێشـمەرگانەی کە غەیـرە کـوردن‌و خوێنیـان رێشت‌و بەشداربوون لەگەڵ برا کوردەکانیان لەبەرگری کردن لە دیموکراسی بۆ عێراق لە مافەڕەوایەکانی گەلی کورد.٢٠٢

هەر شاد و سەرکوتوو بن٢٠٣

رۆژی ١٦-٧-٢٠٠٩ ســــەرۆکی کوردســــتان گوتـــارێکی پێشــــکەش بە پێشمەرگە دێرینەکان کرد.

خەبات ژمارە ٣٢٢٧ی رۆژی ١٧-٧-٢٠٠٩ لاپەرە ٣. سەرۆکی کوردستان لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان: هیچ ناوێک **لەنێوی** پێشمەرگە و هیچ ئەرکێکیش لە ئەرکی پێشمەرگە پیرۆزتر نییە.

## دەقی گوتاری جەلال تاڵەبانی

مـــام جەلال: لیســـتی کوردســـتانی پەیمـــان دەدات کەموکوڕییەکـــان چارەسەربکاتو گوزەرانی خەڵک باشتر بکات

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان١

سـلاوی خۆشەویسـتمان بـۆ جەنـابی سـەرۆک بـارزانی،٢ هەڤـالانی خۆشەویست سەرکردەکانی هەردوو پارتی هاوبەش،٣ هاوخەبات، ٤هاوبەش لەفیداکاریو خۆبەختکردن لەپێناوی گەلەکەیاندا٥، سلاوتان لێبێت.٦

خوشکو برایانی ئازیز٧

لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستاندا،٨ لەبارودۆخی ئێستای ناوچەکەو عیـراقو هەرێمـدا وەک سـکرتێری گشـتیی مـام جەلال بەئەرکـی سیاسـیو دیموکراسی سەرشانی خۆمم زانی پەیامێکی تایبەتیم بۆ گەلەکەمان هەبێتو٩ بیروڕای خۆم بۆ هاوولاتیانی کوردستان رونبکەمەوە.١٠

لەپێشەوە مایەی سەربەرزییە کەشۆڕشە سەرکەوتنەکەی ئێمە شۆڕشی کـۆمەلانی خەڵـکو شۆڕشـی دیمـوکراتی و رزگـاری بـوو، بـۆ عیـراقو بـۆ کوردسـتان،١١ هەمیشـە بەوەفـایە بـۆ سـەرەتاکانی دیموکراسـی ١٢ هەنـدێک لەشۆڕشـە سـەرکەوتووەکانی دنیـا بەنـاوی شـەرعییەتی سـەورییەوە هەمـوو مافێک دەگرنەدەست خۆیان و هیچ ماوەیەک بەکۆمەلانی خەڵک نـادەن رەئیـان دەربـڕن،١٣ بەپـێچەوانەوە وا ئـێمە لەبەرچـاوی ئێـوە لەبەرچـاوی هەمـوو کۆمەلانی خەڵکی کوردسـتان بیروبـاوەڕی خۆمـان دەردەبـڕین ١٤و خۆمـان

کاندید دەکەین بۆ ئەو پۆستەی ئێوە پێمان شایستەدەبینن،١٥ دیارە لەپێش هەموویـــانەوە رۆڵەی نەبەزو دلێـــری گەلەکەمـــان، کەهەر لەمنـــداڵییەوە هەر لەســـەرەتای ژیـــانییەوە، پێشـــمەرگەیەکی دێـــرینو تێکۆشـــەرێکی نەبەردی کوردستان بووە،١٦ رۆڵەی خۆشەویستو دڵسۆزی گەلەکەمان جەنابی کاک مەسعود بارزانی هەموومـان بەدڵ و بەگیـان دەیپالێوین بـۆ سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان،١٧ چـونکە بەراسـتی بەبێ موجامەلە بەبێ پێداهەڵگوتن شایستەی ئەم پۆستەیە١٨و چاکترین کەسە لەکوردستانی عیراق بۆ ئەوەی بەم ئەرکە مێـژووییە هەڵبســتێت،١٩ هەم لەبەرئەوەی رۆڵەیەکـی نیشــتمانیی ناسـراوی سەرتاســەری کورسـتانە،٢٠ رۆڵەیەکـی نیشـتیمانپەروەری هەمـو عیـراقو ناسـراوی نـاوچەکەو ئەوروپـاو دنیـایە،٢١ جێـی شـانازییە بۆمـان کەسـەرۆکێکمان هەبێت کەنـاوی هـات هەمـوو کەسێک بزانێت کێیە، خەبـاتی چیـیە، رابـردووی چـی بـووە رۆڵەی چ قارەمـانێکی گەورەی میللەتەکەمـان بـووە،٢٢ بـۆیە مـن دڵنیـام ٢٣ هەمووتـان،٢٤ هەموومـان بەدڵو بەگیـان دەنگدەدەین بۆ کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.٢٤

خوشکو برایانی خۆشەویست٢٥

هەمیشــە بەشــەرەفێکی گەورەم زانیـوەو لامـوایە کـاک مەسـعودیش هەر وابـــووە، کە ڕۆڵەی دڵســـۆزی نەتەوەکەمـــان بـــین،٢٦ ســـەرەڕای ئەوەی وڵاتەکەمـان داگیـرو دابەشـکرابوو٢٧ و لەهەمـوو مـافێکی ئەم سـەردەمە بێبەشبوو و درِندانەترین رژێم بەرەنگارمـان ببووەوە ٢٩ بەڵام بەشـەرەفمان زانی دریژەمان دا بە خەباتەکەمان٣٠ و میللەتەکەمان بەهاوکاریو فیداکاریو سەربەرزیی بەتایبەتی بەهاوکـاریو هاریکـاریی پـارتیو یەکێتیو هەمـوو ئەو هێـزانەی تـری کەهاوبەشـیانکردین گەلەکەمـان بگەیەنیـنە ئەم رۆژە،٣١ ئەم رۆژە خۆشەویستە کەجەژنە جەژنی ئازادییە، جەژنی دەنگدانی سەربەستە،٣٢ لەشـارێکی دێرینـی کوردسـتان کەهەزاران سـاڵە خـۆی راگرتـووە لەبەرامـبەر داگیـــرکەرانو پەلامـــاردەرانی کوردســـتانو هیچیـــان نەیـــانتوانیوە قەڵا سـەربەرزەکەی هەڵکەنـن،٣٣ بـۆیە جێی شانازیشمانە ٣٤ کەئەم شـارە ئەمرِۆ

پایەختی کوردستانە،٣٥ لەم شارەوە ئێمە بانگەوازی داواکردنی پێشخستن‌و یارمەتیدان‌و هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی دەکەین.٣٥
خوشک‌و برایانی خۆشەویست٣٦

لەپێش ئەم شۆڕشەی ئێمەدا لەپێش ئێمەومانان‌و کاک مەسعودو بەندەدا،٣٧ گەلێک شۆڕش‌و سەرکردەی گەورەو لێهاتووو لێزان هاتوونەتە کایەوە،٣٨ خەباتیان کردووە،٣٩ سەروماڵ‌و ژیانی خۆیان لەسەر گەلەکەیان داناوە، ٤٠ ویستویانە ئەمڕۆژە بهێننەدی،٤١ بەڵام هەلوباری ئەم سەردەمە هەلومەرجی تایبەتی‌و بابەتی‌و گەلەکۆمەکێی دەوڵەتە داگیرکەرەکان‌و گەورەکانی دنیا، نەیانهێشتووە شۆڕشەکانمان بەم ئامانجەی ئەمڕۆ بگات،٤٢ بەڵام لەسایەی خەباتی کۆڵنەدەری پارتی‌و یەکێتی‌و رۆڵە دڵسۆزەکانمان‌و لەسایەی خوێنی دەیان هەزار شەهیدی قارەمان توانرا ئەم رۆژە بێتەدی،٤٣ ئەم رۆژە رۆژێکی مێژوویی گرنگە، رۆژێکە کەگەلەکەمان سەدان ساڵ خەونی پێوەدەدی٤٤ کەهیچ نەبێت لەبەشێکی ولاتەکەی بتوانێت خۆی حوکمی خۆی بکات،٤٥ ئەویش بەشێوەیەکی دیموکراتی، حوکمێک کەکۆمەلانی خەڵک هەڵیبژێرن،٤٦ هەڵبژاردنێکی هەبێت کە بەئارەزووی کۆمەلانی خەڵک بێت ٤٧پەرلەمانەکەی بەئارەزووی ئەو کۆمەلانی خەڵکە بێتەدی‌و٤٨ لەو پەرلەمانەشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتەکایەوە.٤٩

بێگومان هەمووتان دەزانن٥٠ کەئێمە، ولاتێکی کاول‌و وێرانەمان بۆ بەجێمابوو،٥١ بەلام لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە سەرکەوتین٥٢ و توانیمان دەستکەوتی دیار بۆ گەلەکەمان بەدیبهێنین. ٥٣ لەوەلامی ئەو کەسانەی کەدەڵێن هیچ نەکراوەو هیچ نەبووە،٥٤ دەڵێم ٥٥ سەرەڕای کەموکورتی‌و هەڵەو ناتەواویی فەرموون چاوبخشێنن بەکوردستاندا٥٦ چاوبخشێنن بە زاخۆ، دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەموو شارەکانی کوردستاندا٥٧ تا ببینن چ گەشەکردن‌و پێشکەوتنێک هاتووەتەدی،٥٨ چ پێشکەوتن لەبواری کۆمەلایەتی‌و تەندروستی‌و پەروەردەو بازاڕی ئازادو سیاسی‌و ئاسایش‌و دیپلۆماسی، رووناکبیری، ئاوەدانی، گەشتوگوزارو ئازادی بیرورا کە لەولاتی ئێمەدا هەیە،٥٩ بێوێنەیە،٦٠ تەنانەت زۆریش لەو کەسانەی کەکەڵک لەم

ئازادییه دەردەگرن، وەکو خۆی پەیڕەوی ڕەوشتەکانی ناکەن،٦١ هەندێکشیان پەتەکە دەپسێنن‌و ئازادیی بەشێوەیەکی ناتەواو بەکاردێنن، ٦٢ لەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتۆری عیراقەوە، وڵاتێکی دیکتاتۆری، کەتێیدا گەلی کورد لەهەموو مافەکانی خۆی بێبەشبوو، بەخەباتی هێزە پێشکەوتنخوازەکان، بەتایبەتی بەخەباتی پارتی‌و یەکێتی، توانرا لەدەستووری ئەم عیراقەدا، فیدرال‌و گەلێک لەمافەکانی مێژوویی تری گەلی کوردستان بچەسپێنرێت‌و داخلبکرێت،٦٣ دەستکەوتەکانمان دەستکەوتی گەورە گەورە، بەدیهاتووەو **لەنێو** دەستووری هەمیشەییدا دەستەبەرکراون،٦٤ بۆیە پاراوستنی ئەو دەستکەوتانە، گەشەپێدانیان، ئەرکی سەرشانی هەمووانە،٦٥ هەریەکێک لەئێمە، هەرکەسێک نیشتمانپەروەر بێت، ٦٦ واجبیەتی کەئەو کوردستانە ڕزگارە بپارێزێت،٦٧ پەرلەمانی کوردستان بپارێزێت،٦٨ مافەکانی فیدرال‌و دیموکراسی لەعیراقدا بپارێزێت٦٩ نیشتیمانپەروەری ڕاستەقینە ئا ئەمەیە، ٧٠ نەک هەر فیشاڵ‌و قسەی گەورەو بێسەروبەر.٧١.

بەڵێ خوشک‌و برایان،٧٢ بێ پێچ‌و پەنا پێتاندەڵێم کەکەموکورتیمان هەبووە،٧٣ بەڵام وڵاتێکی کاول کراو وڵاتێک کەسەدانساڵ لەدەستی بێگانەدا بووەو لەهەموو مافەکانی پێشکەوتن بێبەشبووە،٧٤ نەیتوانیوەو ناشتوانێت بەماوەیەکی کەم ئەم هەموو کەموکورتییانە جێبەجێبکات، ٧٥ بۆیە وەختی دەوێت و پلانی دەوێت تا هەموو مافەکان دێنەدی.٧٦

لێرەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیادەکەمەوە،٧٧ کە بەردەوام لەخەمی ئەوەداین حکومەت پێشبخەین،٧٨ گەشەی پێبدەین،٧٩ چاکسازیی بکەین،٨٠ کەموکورتییەکان نەهێڵین.٨١

جگە لەوەی یەکێتی سێهەمین کۆنگرەی لەمساڵدا دەبەستێت، ٨١ بێگومان لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانیشدا لیستی کوردستانی پەیامی نوێ‌و بەرنامەی نوێی خۆی بۆ گەلەکەمان پێشکەشدەکات، ٨٢ لیستی کوردستانی بەلێنی داوە، نوێکاری‌و ئاوەدانی فراوانتر لەکوردستان جێبەجێبکات،٨٣ لەهەمانکاتدا لیستی کوردستانی پەیامندەدات کەباشتر لەجاران کەموکوڕی‌و تەنگوچەڵەمەکان چارەسەر بکات‌و ٨٤ گوزەرانی خەڵکی کوردستان باشتر بکات،٨٥ عەدالەتی

کۆمەڵایەتی لەمووچەو لەهەلی کارکردنو دابینکردنی خانووبەرەو پێشخستنی خوێندنو خوێندەواری باڵا باشتر بهێنێتەدی،٨٦ هەروەها بۆ پێشخستنی ژنان لەپێگەکانی دەسەڵاتو لەپێناوی یەکسانیدا زیاتر لەجاران تێبکۆشێت، ٨٧ بۆ لاوانیش لیستی کوردستانی بەرنامەو پڕۆژەی فراوانی هەیە،٨٨ دەمانەوێت دڵنیاتان بکەین٨٩ کەدروشمەکەمان دروشمی ژنانو ئافرەتانو لاوان بۆ سەرەوە بۆ هەموو سەرکردایەتییەکان، دروشمێکی راستەقینەیەو ئینشاڵلا بەهۆی لیستی کوردستانی-یەوە دێتەدی،٩٠ لەلیستی کوردستانی-دا رێژەیەکی زۆری ژنانو لاوان بۆ پەرلەمانی کوردستان پالێوراون.٩١

ئەی خەڵکی ئازادی کوردستان٩٢ لەبەر ئەو راستییانەی سەرەوە کەباسم بۆکردن،٩٣ بەدڵنیاییەوە لەخۆم رادەبینم ئەمجارەش وەکو مام جەلال٩٤ داوا لەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەم٩٥ دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن،٩٦ دەنگ بەسەرۆک مەسعود بارزانی بدەن،٩٧ هەتا بتوانین درێژە بە خەباتی سیاسی، دیموکراسی، ئیداری، ئاوەدانیو ئاسایش بدەینو باقی مافەکانمان بەدبهێنین،٩٨ داواکاریشم ٩٩ یەک بەیەکی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، دەنگی دڵسۆزانەیان بەجەنابی مەسعود بارزانی بدەن،١٠٠ هەتا جەنابی مەسعود بارزانی بتوانێت لەخولی ئاییندەی پەرلەمانو حکومەتی کوردستاندا ئەو ئەزموونە زۆرو زەبەندی هەیەتی بخاتە خزمەتی سەرۆکایەتی هەرێمو خەڵکی کوردستانو عیراقی دیموکراتو فیدرال.١٠١

لەکۆتاییدا،١٠٢ هاوولاتیان، سلاوتان لێبێت، ١٠٣سلاوێک بۆنی خوێنی شەهیدە نەمرەکانتانی لێبێت،١٠٤ کەبەگیانی پاکیان، بەفیداکارییان، ئەمڕۆژەیان بۆ هێنایەنەدی،١٠٥ سڵاو لەکەسوکاری شەهیدە نەمرەکانمان،١٠٦ کەئەرکی سەرشانمانە هەولبدەین، لەداهاتوودا ژیانو گوزەرانیان باشتر بکەین،١٠٧ سڵاو لەپێشمەرگە،١٠٨ پێشمەرگە دیرینەکانو پێشمەرگە جەوانەکان،١٠٩ سڵاو لەژنان، ١١٠لەکرێکاران، ١١١ لەرەنجدەران١١٢ لەمامۆستاو خوێندکاران،١١٣ سڵاو لەفەرمانبەر،١١٤ لەجووتیار، ١١٥ لەکەمئەندام،١١٦ سڵاو لەوەرزشکار،١١٧ هونەرمەندو نووسەر،١١٨ لەلاوانو کاسبکار،١١٩ سڵاو لەهەموو دانیشتوویەکی کوردستان بەبێ جیاوازیی،١٢٠

لەتورکمـــانو عەرەبو کلدوئاشـــورو ســـریانی،١٢١ کەوا مـــژدە بەوانـــیش دەدەم،١٢٢ دەسـتووری هەرێمـی کورسـتان مافەکانیـانی رەچـاوکردووە،١٢٣ نەتەوەی تورکمـــانیو نەتەوەی کلدوئاشـــووریو ســـریانیوعەرەبی وەکـــو نەتەوەی کورد مافو ئازادییان دەبێتو١٢٤ ئیشـاڵڵا ئەوانیش لەچوارچێوەی ئەم کوردستانەدا بەمافی ئۆتۆنۆمی شـاددەبن،١٢٥ بەوشـیارییەکی نیشـتمانیی دیموکراسـیی کـۆمەڵایەتییەوە ئەم هەڵبـژاردنەی پەرلەمـانی کوردسـتان بە ئـارامیی بچێتەسـەر،١٢٦ لەسـایەی ئـازادیی کوردسـتاندا سـەربکەوێتو١٢٧ نمـــوونەیەکی تـــر بـــدەین بەگەلان کەکوردســـتان نەک هەر نمـــوونەیە لەپێشـــکەوتنو ئـــاوەدانی و دابینکردنـــی ئـــازادیو رزگـــاری، بەلکـــو لەپەرلەمانیش.١٢٨

ئیتر هەمووتان

هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتووبن.١٢٩

رۆژنـامەی کورسـتانی نـویٚ ژمـارە ( ٤٩٠٦ ) رۆژی پێنجشـەممە ٢٥-٦-٢٠٠٩ لاپەڕە ٢.

مـــام جەلال: لیســـتی کوردســـتانی پەیمـــان دەدات کومورتییەکـــان چارەسەربکاتو گوزەرانی خەڵک باشتر بکات.

## دەقی دیداری نەوشیروان مستەفا

**نەوشیروان مستەفا: دەمانەوێت نەریتێکی تازەی سیاسیی دابێنین**

ئـەم بزوتنەوەیـە دەسـتی پێکـردوە بـۆ ئـەوەی بـەردەوام بێـت١ دەسـتی پێکردوە بۆ ئەوەی ڕێبازێکی تازە لە جوڵانـەوەی کورددا لـە ژیـانی سیاسیی کوردسـتانی عێراقـدا بێنێتـە کایـەوە، ٢ ئـەم بزوتنەوەیـە دەبێـت بـە هێزێکـی گەورە٣ بەڵکو دەتوانم بڵێم؛٤ لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبێتـە هێزێکـی سـەرەکی، ئەم هێزە سەرەکییە لە پێناوی دو ئەرکی سەرەکیدا کار دەکات،٥ کە لایەکیان بریتییـە لـە بـەدیهێنانی خواسـتەکانی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان لـە کوردستانی عێراقداو٦ لەسـەر ئاستی کوردسـتان هەوڵـدەدات بـۆ عەداڵـەتی ئیجتماعیو خواستەکانی دیکەی خـەڵکی کوردستان٧ لەسـەر ئاستی عێراقدا هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کە لـە دەسـتوری عێراقدا جێبەجێ کراوە،٨ وە ئەمە ئومێدمان وایە ببێت بە هێزی سەرەکی ناو مەیدانی جوڵانەوەکە.٩

بـەڵێ،١٠ کـاتی ئـەوە هـاتوەو دەستیشـمان پێکـردوە١١ ئێمـە لـەپێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو جۆرێک لە کۆکردنـەوەی خـەڵکو جۆرێک لـەخۆ ڕێکخسـتنمان دەسـت پـێ کردبـو و١٢ ئێسـتا خـەریکی خۆرێکخسـتنین خەریکی خۆ ئامادەکردنین بۆ هەڵبژاردنی داهاتو ١٣و ئەو خۆڕێکخستنەی کە لە کاتی هەڵبژاردنی یەکەمدا دەستمان پێکردوە ئێسـتا درێژەی پـێ دەدەینو

١٤ خەریكین باشتر رێكی بخەین‌و١٥ لە دوای هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی عێراقیش هەر بەردەوام دەبین.١٦

جۆرێک لە دواكەوتنی پێوە دیارە، بەڵام ئێمە دوانەكەوتوین،١٧ ئێمە ئەو ماوەیە هەموی خەریكی گفتوگۆ بوین لەناو خۆماندا بۆ ئەوەی شێوەیەكی تازەی رێكخراوەیی بدۆزینەوە١٨ هەوڵمان داوەو داوامان لە كۆمەڵێک خەڵكی شارەزا كردبو، كە پێشنیازو بیرو بۆچونەكانی خۆیانمان بۆ بنوسن ١٩ بە سەدان وتار لە رۆژنامەكان‌و لە گۆڤارەكان‌و لە سایتەكاندا نوسراوە هەمویمان خوێندوەتەوەو٢٠ هەوڵمانداوە شێوەیەكی تازەی خۆرێكخستن بۆ جوڵانەوەكە ئامادە بكەین‌و كردوشمانە٢١.

گرنگترین مەسەلە ئەوەیە ئێمە نامانەوێت تەجروبەی حیزبەكانی رابردو دوبارە بكەینەوەو٢٢ نامانەوێت ئەو نەخۆشیانەی، كە لە حیزبەكانی دیكەدا هەبون لەم رێكخستنەدا دوبارە بێتەوە.٢٣

ئەو نەخۆشیانە لە سەروی هەمویانەوە ئەو هەوڵەیە، كە حیزبەكانی ئێستا دەیدەن بۆ قۆرغكردنی گۆرەپانی كاركردن بۆ بە حیزبیكردنی كۆمەڵگە٢٤، بۆ بە حیزبیكردنی بازاڕ،٢٥ بۆ بە حیزبیكردنی زانكۆكان، ٢٦بۆ بە حیزبیكردنی دادگاكان،٢٧ بۆ بە حیزبیكردنی پەیوەندییەكانی نێوان نەتەوەی كوردو بەغدا،٢٨ نێوان نەتەوەی كوردو گەلانی دراوسێ،٢٩ نێوان كوردو وڵاتانی دیكەی دونیا،٣٠ دەمانەوێت چەمكی حیزبی بون ببێت بە چەمكێكی سیاسیی جیاواز لە چەمكی هاوڵاتی بون،٣١ ئێستا چەمكی هاوڵاتی بون خەریكە وای لێ دێت ببێت بە چەمكی حیزبی بون،٣٢ ئێمە دەمانەوێت جارێكی دیكە كۆمەڵەكەمان بینا بكرێتەوە لەسەر بنچینەی هاوڵاتی بونی كوردستانی، ٣٣ نەک لەسەر ئەساسی ئەوەی كە تۆ ئەندامی لە فلان حیزبدا یان حیزبیت، یان حیزبی نیت.٣٤

ئێمە ئێستا شێوەیەكی تازەی رێكخراوەییمان دەستپێكردوە٣٥، كە پێموایە جیاوازە لە حیزبە تەقلیدییەكانی ئێستای كوردستان بە تایبەتی لە دو حیزبە سەرەكییەكەو٣٦ هەوڵدەدەین٣٧ ئەم حیزبە مەسرەفی كەم بێت‌و بەرهەمی زۆر بێت٣٨ هەوڵدەدەین ٣٩ ئەم حیزبە بارەگای كەم بێت، بەڵام پەل‌وپۆو

رایەڵی فراوانی هەبێت ٤٠ هەوڵدەدەین ٤١ ئەم حیزبە موچەخۆری زۆر کەمی هەبێت، بەڵام فراوانترین پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا ببێت،٤٢ هەوڵدەدەین ٤٣ ئەم حیزبە کاروبارەکانی هەموی رۆشن بێت شەفاف بێت ٤٤سەرکردایەتییەکەی شەفاف بێت سەرکردایەتییە فەرعییەکانی شەفاف بێت ٤٥ کاروبارەکانی شەفاف بێتو خەڵک ببینێتو٤٦ خەڵک ئاگادار بێتو خەڵک خۆیان بەشدار بن لە کاروبارەکانیدا.٤٧

جیاوازی بەینی رێکخستنەوەی ئەم جوڵانەوەیە لەگەڵ بە ناو بیلێین یەکێتیو پارتیدا، کە دو حیزبی سەرەکین ئەوەیە؛٤٨ ئەم جوڵانەوەیە نابێتە خاوەنی رێکخستنێکی هەرەمی،٤٩ نابێتە خاوەنی رێکخستنێکی عەمودی بە مانایەکی دیکە ئێمە نە مەکتەبی سیاسیمان دەبێت، نە کۆمیتەی سەرکردایەتیمان دەبێت،٥٠ بەڵکو بەو شکڵە دەستمان پێ نەکردوە، کە ئێمە لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەڵکو لە ناوەڕاستەوە دەستمان پێ کردوە٥١ هەوڵدەدەین ٥٢ هەمو پارێزگایەک ئەنجومەنی تایبەتی خۆی هەبێتو٥٠ هەمو قەزایەک ئەنجومەنی تایبەتی خۆی هەبێتو٥٣ بە رایەڵەیەکی پتەو ئەنجومەنی قەزاکان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگادا دەبەسترێتەوە،٥٤ ئەنجومەنی پارێزگا بریتیی دەبێت لە رایەڵەی جۆراوجۆر لەوانە: رایەڵەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، رایەڵەی پەیوەندی پیشەیی، رایەڵەی پەیوەندی رێکخراوەپیشەییەکان، رایەڵەی پەیوەندی سیاسیی، رایەڵەی پەیوەندی میدیایی ٥٥ لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی تیادا بێت ٥٦ لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا، کە هەڵبژاردن لە بەغدا کرا نوێنەری فراکسیۆنەکەی بەغداشی تێدا بێت ٥٧ لە هەمو پارێزگاکاندا نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا دەبێت،٥٨ بە شێوەیەکی وابێت کە شێوەیەکی عەمودی نییە، بەڵکو شێوەیەکی ئوفوقی هەیە شێوەیەکی پانو پۆڕی هەیە،٥٩ شێوەی فەرشی هەیەو هەوڵدەدەین هەمو توێژەکانی کۆمەڵی کورد تیایدا بەشداری بکەنو٦٠ وابێت کە هەرکەسێک بتوانێت هەر پارێزگایەک هەست بەوە نەکات پارێزگایەکی دیکەی بەسەریدا زاڵ دەبێت، بەشەکەی دەخوات ٦١ لە پاشاندا ئەم ئەنجومەنی پارێزگایانە، کە دروست دەبێت خۆشیان لە بەینی

خۆیاندا جۆرێک لە هاوکاریی‌و تەنسیق‌و سەرکردایەتییەکی هاوبەش دروست دەکەن،٦٢ کە لە هەمان کاتدا خۆیان جۆرێک لە سەربەخۆیی‌و تایبەتمەندێتی تایبەتی خۆیان دەپارێزن‌و لە چوارچێوەی ئامانجە گشتییەکاندا پێکەوە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەیشدا کاردەکەن.٦٣

بەڵێ،٦٤ لەناو پارێزگاکان پێک دەهێنرێت٦٥.

یەکێک لەو شتانەی، کە ئێمە دەمانەوێت ئەمجارە گۆڕینی تێدا بکەین دەمانەوێت چەمکی سەرۆکی مەدەلحەیات کۆتایی پێ بێنین،٦٦ من لە راستیدا سەرۆکی بزوتنەوەکە نیم٦٧ بە گوێرەی قانونی عێراقی‌و بە گوێرەی مفەوەزییەتی عولیا هەمو لیستێک، کە پێشکەش دەکرێت دەبێت لیستەکە هەر بە رەسمیی سەرۆکێکی هەبێت٦٨ پێی دەڵێن :سەرۆکی لیستی فلان ٦٩ من بۆیە پێیان وتم سەرۆکی، لەبەر ئەوەی سەرۆکی لیستی گۆڕان بوم لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و ٧٠ ئێستا فراکسیۆنەکەمان سەرۆکی خۆی هەیە، ٧١ وەکو باسمکرد ئێمە دەمانەوێت نەریتێکی تازەی سیاسیی دابێنین ئەویش کۆتایی هێنانە بە سەرۆکی مەدەلحەیات،٧٢ ئەندام مەکتەبی سیاسیی مەدەلحەیات، ٧٣ ئەندام سەرکردایەتی مەدەلحەیات ٧٤ ئەمانە قابیلی گۆڕین‌و تازەبونەوەو نوێبونەوەبێت٧٥

بەڵێ٧٦ بێگومان ٧٧ ئەو سەرۆکایەتییە، یا ئەو سەرکردایەتییەی کە دێتە پێشەوە هەمیشە لە نوێبونەوەو قابیلی تازە بونەوەدایە بە گوێرەی ئەوەی، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و ئەنجومەنە گشتییەکەی کە بۆ هەمو پارێزگاکان دادەنرێت ئەوان دەتوانن ناو بەناو بیگۆڕن٧٨ لە ئایندەدا رەنگە کۆبونەوەی فراوان بکرێت کۆبونەوەی گەورە بکرێت،٧٩ کە نوێنەرایەتی هەمو ئەوانەی تێدا بێت٨٠ وەکو باسم کرد یەکێک لەو نەریتانەی، کە ئێمە دایدەهێنین ئەوە دەبێت، کە کۆتایی بێنین بە سەرۆک‌و سەرکردایەتی مەدەلحەیات.٨١

بەڵێ٨٢ ئەوە یەکێکە لە شانازییەکانی ئێمە٨٣ من زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم٨٤، کە لەناو ئێمە بیرو بۆچونی جیاواز هەیە، ئایدیۆلۆژی جیاواز هاتوەو٨٥ ئێمە پێمان وایە؛ حیزبی تاک ئایدیۆلۆژی سەردەمەکەی تێپەڕیوە بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستای کوردستانی عێراقدا کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش

هەیە، کە توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە٨٦ کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش هەیە سەرەڕای جیاوازی بیرو بۆچونی سیاسیی جیاواز سەرەڕای ئایدیولۆژی جیاواز سەرەڕای جیاوازی ناوچەیی سەرەڕای هەموی ئەوانە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش هەیە، کە ئێمە دەتوانین لە دەوری کۆببینەوە٨٧ لە سەروی هەموویانەوە مەسەلەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە ٨٨ مەسەلەی جیاکردنەوەی حیزبە لە حکومەت٨٩، مەسەلەی ئەوەیە کە چەمکی هاوڵاتی بون دور لە ئینتیمای حیزبی بهێنینەوە بۆ ناو کوردستانی عێراق٩٠ مافی مرۆڤ ٩١ مەحەلی رەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمو هاوڵاتیان٩٢ مەسەلەی دیموکراسیی٩٣ مەسەلەی فرەیی ٩٤ ئەمجۆرە شتانە ئەمە شتی هاوبەشە لە بەینی هەمو ئەو بیروبۆچونە رەنگاوڕەنگانە ئەو پەڵکەزێرینەیەی، کە ئەو برایە باسی کردوە٩٥ ئێمە ئومێدمان وایە تا ماوەیەکی درێژتریش ئێمە دەتوانین لە کوردستانی عێراقدا بەو پەلکە زێرینەییە درێژە بە کارو خەباتو تێکۆشانی خۆمان بدەین.٩٦

ئەوروپا بێگومان جیاوازە لەگەڵ کوردستانی عێراقدا٩٧ هەلومەرجی ژیان لە ئەوروپا بەتایبەتی بە نیسبەت رەوەندی کوردییەوە لە ئەوروپا جیاوازی هەیە لەگەڵ کوردستانی عێراق،٩٨ لە کوردستانی عێراقدا تۆ دەتوانیت لە چوارچێوەی ناحیەو قەزاو پارێزگا لەسەر بنچینەی پیشە لەسەر بنچینەی توێژی کۆمەڵایەتی لەسەر هەریەک لەوانە دەتوانیت ناوچەکان رێک بخەیت ٩٩ ئەوروپا تایبەتمەندی خۆی هەیە،١٠٠ جالیەی کوردی لە ئەوروپا رەوەندی کوردی لە ئەوروپا رەوەندێکی گەورەیەو رەوەندێکی جۆراوجۆرە١٠١ لەبەر ئەوە ئێمە رێزی تایبەتمەندێتی ئەوروپا دەگرین ١٠٢ئەو جۆرە رێکخستنەی، کە لە کوردستاندا بەدەستمانەوەیە لە ئەوروپا جۆرێکی دیکە دەبێت ١٠٣ لە ئەوروپا بێگومان دەست پێشخەرییەکە لەوانەوە هاتوەتە پێشەوە داهێنانێکی تازەیان کردوە، کە نیشانەی هوشیاریی سیاسییەکی قوڵە بە نیسبەت رەوەندی کوردییەوە١٠٤ لە ئەوروپا هەر لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە هەزاران کەس لە رەوەندی کوردی لە ئەوروپا بەبێ ئەوەی هیچ ئامۆژگارییەک لە ئێمە وەربگرن ١٠٥ فەرمانێک

لە ئێمە وەربگرن ١٠٦ دەستورێک لە ئێمە وەربگرن ١٠٧ داوایەک لە ئێمە وەربگرن،١٠٨ خۆیان هەستیان بە پێویستیی قۆناغەکە هەستیان بە پێویستی خۆرێکخستن کرد، ١٠٩ لەبەر ئەوە بە سەدان گرووپو کۆمیتەو تاقمی جۆراوجۆر بەناوی پشتیوانی کردنی لیستی گۆڕانەوە دروست کرد خۆیان رێکخست، کۆبونەوە، پارەیان کۆکردەوە پیتاکیان کۆکردەوە، پشتیوانیان کرد لەم جوڵانەوەیە،١١٠ ئەمە خۆی لە خۆیدا داهێنانێکی تازەیە لە جوڵانەوەی کورددا،١١١ کە هەزاران کەس بەبێ ئەوەی لە لایەکەوە هانبدرێن، یان داوایان لێبکرێت خۆیان خۆیان رێکبخەن،١١٢ ئێمە لە ئەوروپا رەوەندی کوردی تیایدایە سەر بە دینێکی جیاوازە١١٣ تیایدایە سەر بە مەزهەبێکی جیاوازە،١١٤ تیایدایە سەر بە ناوچەیەکی جیاوازە،١١٥ تیایەتی سەر بە توێژێکی کۆمەڵایەتی جیاوازە١١٦ ئێمە حورمەتی هەمو ئەم جیاوازیانە دەگرین ١١٧مەسەلەن ئەگەر یەزیدییەکان بۆ خۆیان گرووپێکیان رێکخستو١١٨ شیعە بۆ خۆیان گرووپێکیان رێکخستو١١٩ فەیلییەکان بۆ خۆیان گرووپێکیان رێکخستو ١٢٠ کاکەییەکان بۆ خۆیان گرووپێکیان رێکخست،١٢١ تەنانەت ئەگەر هەولێرییەکان یان زاخۆییەکان یا سلێمانییەکان لەسەر ئەساسی ناوچە خۆیان رێکخست ١٢٢ گرنگترین شت ئەوەیە، کە ئێمە هەوڵبدەین چوارچێوەی ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراقو رەوەندی کوردی لە دەرەوە ئیشی بۆ دەکات هەوڵبدەین چوارچێوەیەک بۆ ئەوە بکێشین١٢٣ لەناو ئەو چوارچێوەیەدا هەمو بۆ ئەوە کار بکەین ١٢٤ ئێمە لە کوردستانی عێراق بەدەستمانەوەیە لە چەند رۆژی داهاتودا دەستەیەک رادەسپێرین، کە راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ هەمو ئەو گرووپانەی دەرەوە بکاتو١٢٥ سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچونیانو سەرەڕای جیاوازی شێوەی رێکخستنەکانی، کە خۆیان بە چاکی دەزانن بە نیسبەت وڵاتەکانی خۆیانەوە لەگەڵ هەمویاندا پەیوەندی دەکەینو١٢٦ هەوڵدەدەین جۆرێک لە تەنسیقو هەماهەنگی لە بەینی هەمو ئەو گرووپانەدا دروست بکەین ١٢٧ بۆ ئەوەی لە پێناوی ئامانجی هاوبەشدا بتوانین کاری هاوبەش

بکـەین، ١٢٨ شـەرت نییـە ئێمـە ڕێکخسـتنی یـەکگرتومان هـەبێت، یـا یـەک ڕێکخستنمان هەبێت، یا یەک مەرکەزی ڕێکخراوەییمان هەبێت١٢٩

ئێمە ئومێدمان وایە کە لایەنەکانی دیکەیش بەتایبەت یەکێتیو پارتی بە چاوی دوژمن تەماشای ئێمە نەکەن،١٣٠ ئێمە خەڵکی یەک وڵاتینو خەڵکی کوردستانی عێراقینو١٣١ هەمومان چارەنوسمان بە یەکەوە بەستراوە١٣٢و ژیانمـان بەیەکـەوە بەسـتراوە ١٣٣ خۆشـیو ناخۆشـیمان بەیەکـەوە بەستراوە،١٣٤ ئێمە بە چاوی دوژمن تەماشای هیچ لایەنێکی کوردستانی ناکەین١٣٥ هەر لەسەر ئەم بنچینەیەشە ئێمە پێمان خۆشە دەرگای گفتوگۆ، دەرگای وتوێژ، دانوستاندن پێکەوە کارکردن، دەرگای دۆزینەوەی زمانی هاوبەش بۆ کاری هاوبەش، بۆ ئامانجی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیو پارتیش بکەینەوە١٣٦.

ئەمە دو لایەنی هەیە، ١٣٧یەکێکیان ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا (٢٥) کورسیمان هەیەو یەکێتیو پارتی بە هەردوکیان (٥٩) کورسیان هەیە، ١٣٨ ئەگـەر (٥٩)کـەی ئـەوان دابـەش بکـەین یـەکێکیان (٢٩)ی بەردەکـەوێتو یەکێکیشیان (٣٠) بەردەکەوێت لە هەردو حاڵەتەکەدا یەکێکیان (٥) کورسیی لە ئێمە زیاترەو یەکێکیشیان **(4)**کورسیی، ١٣٩ ئەم دو حیزبە هەریەکەی نزیکەی (٣٠) ملیۆن یان زیاتر مانگانە لە بودجەی هەرێمی کوردستان وەردەگرن بۆ مەسرەفی حیزبەکانی خۆیان،١٤٠ ئێمە پڕۆژەیەکمان تەقدیمی پەرلەمان کردوە بۆ ڕێکخستنی یارمەتی دارایی هەمو حیزبە سیاسییەکانو قەوارە سیاسییەکان،١٤١ ئێمە ئومێدمان وایە ئەمە لە چەند هەفتەی داهاتودا جێبەجێ بکرێت ١٤٢ ئەوساکە یەکێتیو پارتیو هەمو حیزبەکانی دیکەی کوردستان بە گوێرەی ئەو قانونەی، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەچێت یارمەتی دارایی بدرێن ١٤٣ ئێمەش بە قەدەر قەوارەی خۆمان وەکو قەوارەیەکی سیاسیی کەڵک وەربگرین لە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین تەمویلی جوڵانەوەکەمان بکەینو مەسرەفی جوڵانەوەکەمان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بکێشرێت،١٤٤ بەڵام تائێستا ئێمە بۆ خۆشبەختی لەناو میللەتەکەماندا ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدارو خێرۆمەندو خەڵکی

هۆشیاری تێدایە، کە قازانجیان لەوەدایە گۆڕان لە کوردستانی عێراقدا ببێت ١٤٥ بەتایبەتی بازاڕی ئازاد لە کوردستاندا بخولقێت بازاڕی ئازاد بەو مانایەی، کە دەستێوەردانی حیزبو حیزبایەتیو مەسئولەکانی حیزبی تێدا نەمێنێت،١٤٦ بەڵێ١٤٧ ئەوانە بە هەمو تواناییانەوە پشتیوانی مالیی ئێمەیان کردوەو تەمویلی جوڵانەوەکەی ئێمەیان کردوە،١٤٨ بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە هاوبەشەی کە لە بەینی ئێمەو ئەواندا هەیە، کە ئەویش ئازاد کردنی بازاڕو زانکۆو دادگایە لە دەسەڵاتی حیزب،١٤٩ بەڵێ ئەوانە یارمەتیمان دەدەن١٥٠

ئێمە ئومێدمان وایە ئەوە بێت ١٥١ بەڵێ.١٥٢

با ئێمە خۆشبین بین لە پێشدا ئومێدمان وابێت کە دەبێت.١٥٣

زۆر شت هەیە ئێمە بیکەین، بەڵام لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین.١٥٤

زۆر شت هەیە ئێمەش بیکەین وەکو باسم کرد با چاوەڕێ بکەین،١٥٥ با خۆشبین بینو١٥٦ ئومێدمان هەبێت بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێگەیە دەگرن.١٥٧

ئێمە پێش ئەوەی دەست بکەین بەم جوڵانەوەیە حیزب تەدەخولی کردبو لە هەمو بوارەکانی ژیاندا ١٥٨ تەزکییەی حیزبیو دامەزراندنی خەڵک لەسەر بنچینەی حیزبی ببو بە نەریتێک لە کوردستانی عێراقدا،١٥٩ ئەسڵەن یەکێک لە هۆکاری دروستبونی ئەم جوڵانەوەی ئێمە جیاکردنەوەی حیزب بو لە حکومەت، ١٦٠ هەر بۆیە خەڵکیش لیمان کۆبوەوە ١٦١ ئەو بۆچونەی کە ئەو برایە باسی کردوە یان ئەوەی ئێمە بوەتە هۆی ئەوەی، کە پەراوێزی ئازادی کەمکردوەتەوەو تەدەخولی حیزبیو تەزکییەی زیادکردوە١٦٢ لە کۆنەوە ئەو دو بۆچونە لە جوڵانەوەی کورددا هەبوە ١٦٣ لە زۆر کۆنەوە لە زەمانی شێخ مەحمودەوە لە زەمانی بارزانییەوە لە زەمانی شۆڕشی نوێو لە زەمانی یەکێتیو پارتیشدا لەناو خەڵکدا ئەم دو جۆرە بۆچونە هەبوە،١٦٤ بۆچونێکیان ئەوە بوە، کە هەمومان بێدەنگ بینو لەگەڵ حکومەتدا بین، ئەگینا توشی زەرەر دەبینو فیعلەن بەهۆی شۆڕشو ئەمانەشەوە زۆرجار توشی ئەوە بوین،١٦٥ خەڵک کوژراوەو١٦٦ دێهات وێران بوەو١٦٧ مزگەوت روخاوەو١٦٨ جادەو ڕێگەوبان روخاوە١٦٩ یەعنی ئێمە بۆ ئەوەی خەڵک

توشی زەرەرو زیان نەبێت نابێت خەبات بکەین، ١٧٠ ئەمە شتێکی موئەقەتە ١٧١ ئێمە پێمانوایە؛ ئەمە شتێکی کاتییە١٧٢ ئەو پرسیارەی کە ئەو برادەرە کردویەتی لەسەر تەزکییەی حیزب راست دەکات، ١٧٣ سزادان زیادی کردوە ١٧٤نەقڵ زیادی کردوە١٧٥ دەرکردن زیادی کردوە ١٧٦ تەنانەت رێگەنەدان بۆ ئەوەی ئێمە مەقەڕات بکەینەوەو بارەگامان هەبێتو بنکەمان هەبێتو نوسینگەمان هەبێت هەمو ئەمانە دەچێتە خانەی ئەوەوە،١٧٧ کە پەراوێزی ئازادی خەریکە وردە وردە کەم دەکەنەوە ١٧٨ بە ئومێدی ئەوەی، کە لە هەڵبژاردنی داهاتودا تۆڵەی هەڵبژاردنی رابردومان لێبکەنەوەو ئەو کورسیانەی ئێمە هێناومانە لێمان بسەننەوە،١٧٩ بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە تەسلیم بینو سەردابنەوێنین.١٨٠

بێگومان١٨١ حیزب دەبێت بارەگای هەبێت ١٨٢ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مەفروزە بارەگایان هەبێت،١٨٣ بەڵام١٨٤ لە راستیدا ١٨٥ کردنەوەی بارەگا بەو شێوەیەی، کە لە ئێستادا هەیە لە هەولێرو دهۆکو سلێمانی دیمەنێکی زۆر ناشارستانییەو ناشرینە بەتایبەتی لە کۆڵانەکاندا بەو ژمارە زۆرەوە،١٨٦ کە ئێستا هەیە ئێمە بارەگاش بکەینەوە رەنگە لە شارە گەورەکاندا بارەگای سەرەکی بکەینەوە نوسینگەیەکی سەرەکی دەکەینەوە بۆ راپەڕاندنی ئیشو کارەکانی خۆمانو١٨٧ تاکو ئێستا ئێمە لەڕوی قانونییەوە بەپێی ئەو قانونو تەعلیماتانەی، کە لە بەغدا ئیشی پێ دەکرێت هەقی ئەوەمان هەیە، کە بارەگا بکەینەوە،١٨٨ کە تائێستا بارەگامان نەکردوەتەوە لە راستیدا لە دوای هەڵبژاردنی رابردو وەزارەتی داخلیو وەزارەتی ناوخۆ داوایان لێ کردین، کە بارەگاکان دابخەین ١٨٩ لە ئەو گفتوگۆیانەی، کە هاوکارەکانی ئێمە کردویانە ئەوانە باسی ئەوە دەکەن، کە ئەمان قانونی تایبەتی خۆیان هەیە، کە پەیڕەوی دەکەنو ئەم کارەی پێ دەکەن پەیڕەوی ئەو قانونانە ناکەن، کە لە بەغدایە١٩٠ ئەمەش دیسان دەمانباتەوە بۆ ئەوەی، کە جارێک باسی ئیزدواجییەتی مەعایرمان کرد کاتێک کە لە بەغدا قانونو قەرارو نیزام دەردەچێت بۆ زیادکردنی مەعاشو موچەی وەزیرو ئەندامی پەرلەمان ئەمانە دەڵێن ئێمە عێراقین، یەکسەر جێبەجێی دەکەن١٩١ کاتێک

قـەرارو قانونێـک دەردەچێت، کـە لـە بەرژەوەنـدی ئەوانـدا نییـە دەڵـێن ئێمـە کوردســتانین‌و قــانونی بەغــدا جێبــەجێ ناکــەین،١٩٢ ئــەگینا بــە گــوێرەی پەســەندکردنی کۆمســیۆنی بــاڵای هەڵبژاردنــەکان، لــە بەغـدا گــۆڕان وەکـو قەوارەیەکی سیاسیی هەقی ئەوەی هەیە، کە لە هەمو شارەکانی عێراقدا بنکەو بارەگـای خـۆی بکاتـەوە، چ بـۆ هەڵمـەتی هـەڵبژاردن، چ وەکـو قەوارەیـەکی سیاسیی ١٩٣ تەنانـەت ئێمـە هـەقی ئـەوەمان هەیـە موعامەلـە بکـەین پڕۆژەی بازرگـانیی‌و تیجـاری‌و ئەوانـە بکـەین، هـەقی موڵکییـەتمان هەیـەو هـەقی ئـەو شتانەمان هەیە، ١٩٤ بەڵام لێرە پێیان وتوین، کە قانونەکانی کوردستان رێگـە بەوە نادات١٩٥ ئومێدمان وایە، کە لە رێگەی قانونییەوە بتوانین ئـەو موشـکیلە حەل بکەین١٩٦

لەسـەر ئاسـتی حیزبـی تـاکو ئێسـتا لـە نێوان گۆڕان‌و یـەکێتی‌و لـە نێـوان گــۆڕان‌و پــارتی هــیچ دانیشــتنێکی رەســمیمان نــەبوە ١٩٧ لەســەر ئاســتی حکومـەتیش حکومـەت تـازە دروسـت بـوە هێشـتا نـەمانبوە١٩٨، بـەڵام ئێمـە ئومێدمان وایـە کـە لـە ئایندەیـەکی نزیکدا لەسـەر ئاسـتی حیـزبیش‌و لەسـەر ئاسـتی حکومـەتیش نوێنـەرەکانی ئێمـە نوێنـەری پـارتیش ببیـنن‌و نوێنـەری یەکێتیش ببینن‌و١٩٩ نوێنەری هـەمو لایـەکانی دیکـە ببینن بۆ ئـەوەی لەسـەر شتە باشـەکان بتوانین کاری هاوبەش بکەین‌و٢٠٠ زمـانی هاوبـەش بدۆزینـەوە بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە کار بکەین.٢٠١

ئێمە مونشەق نین لە یەکێتی ٢٠٢ مونشـەق ئەوەیـە، کـە وەختێـک کۆمـەڵێک لە حیزبێکدا ژمارەیەکی زۆر جیادەکەنەوە بەناوی هـەمان حیـزب دەڕۆن ئیش دەکەن، ئێمە بەناوی یەکێتییـەوە ئیشـمان نـەکردوە ئێمـە ناومـان گۆڕانـەو ٢٠٣ تەنانـەت کـە لـە یـەکێتیش هاتوینەتـە دەرەوە ئێمـە وەکـو ئـەفراد هاتوینەتـە دەرەوە، ئێمە نەچوین وەکو گرووپێکی گەورەی مونەزەم، یا وەکو جەناحێک یا وەکو چەند مەڵبەندێک لە یەکێتی بێینە دەرەوە،٢٠٤ سـەدان هـەزار کەسـی ئێمـە هـەر ئەسـڵەن یـەکێتی نـەبون، کـە ئێسـتا لـەناو گۆڕانـدا کاردەکـەن ٢٠٥ ژمارەیەک لـە کادیرەکـانی ئێمـە راسـتە لـەناو یەکێتییـەوە هـاتون، بـەڵام ئـەوان وەکو ئەفراد هاتون‌و نە مونشەقن‌و نە خۆشیان بە مونشەق دەزانن.٢٠٦

یەکێتی هەقی خۆیەتی کۆنگرە ببەستێت، کۆنفرانس ببەستێت کۆنگرە ببەستێتو کۆبونەوەی فراوان بکات، پلنیۆم بکات،٢٠٧ ئێمە تەمەنناى خۆشیان بۆ دەکەینو٢٠٨ تەمەنناى سەرکەوتنیان بۆ دەکەین.٢٠٩

*** ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، ژمارە ٥٥٥ی ڕۆژی ١٠-١١-٢٠٠٩ لاپەڕە ٦-٧. نەوشیروان مستەفا: دەمانەوێت نەریتێکی تازەی سیاسی دابنێین.**

## دەقی پەیامی سەڵاحەدین بەهائەدین

بسم الله الرحمن الرحيم١
صلاح الدين محمد بهاءالدين
سەرەتا دەمەوێ پێگەی (مەبەستی چاک) لە سیاقی کاروبارەکانماندابخەمە روو،٢ لە ئاینی ئیسلام دا ئەوەندەی مەبەست وقەید ونیەت گرنگە ئەوەندە شێواز وئەنجام گرنگ نیە ٣، بەلکو هەر کاتێک بە نییەتی باش و دەستخستنی رەزامەندی خودا نەبێ بەرهەمی نابێ وپاداشتی لەسەر نابێ٤ .. بە مەبەست ونیازی رازی کردنی خودا وتەعەبود لەتە خورمایەک یاقسەیەکی خۆش جێگای خۆی دەگرێ وبە (صدقە) و بەخشین حساب دەکرێ ٥وپاداشتی دەبێ ٦وخاوەنەکەی لەسزای دۆزەخ رزگار دەکا و بە بەخشندە وخێرخواز لای خوا دەژمێردرێ٧ قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : ( اتقوا النار ولوبشق تمره ومن لم يجد فكلمه طيبه ) رواه البخارى ومسلم .. ٨
کەچی جاری واهەیە بەخشینی سەر ومال وسامان وزانست وزانیاری لەبەر نەبونی ئەو مەبەستە (ڕازی کردنی خوا) لای خودا قبوڵ نییە ٩، وبەلکو سزای ( كَذَبْتَ)ی لێ دەکەوێتەوە ومایەی رەنج بەخەساریە١٠ ..(وەک لەفەرمودەی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم هاتوە بە روایەتی ئیمام مسلم ١١: سێ کەس١٢ شەهیدێک وزانایەک وبەخشندەیەک لەبەرخەلەلی مەبەست ونییەتیان لەجیاتی پاداشت دوچاری سزادەبن١٣ وبەدرۆزن لەگەڵ خودا هەژمار دەبن١٤ ، خوا پەنامان بدا )١٥... کەواتە نابێ مرۆڤی موسوڵمان بڕوانێتە بچوکی کارەکەی وکەمی کاڵاکەی دەستی١٦ ، بەلکو دەبێ بڕوانێتە

دروستی مەبەستەکەی وگەورەیی ئەو خوایەی لە پێناویدا کارەکەی کردوە١٧ وکالاکەی پێشکەش کردوە ١٨حەق وحسابی لەگەڵ دەکا ومسقاڵە زەڕەیەکی لێ وون نابێ١٩..

مرۆڤ بەرپرسە لە ئەنجامدانی ئەرکی( کاری دروست وساغ )٢٠ ئیتر ئەنجام و دەرئەنجام باسێکی ترە وبازنەی ئەرکو قەدەری خوایە ٢١، دەنگدان وبەشداری لە پڕۆسەی هەڵبژاردن دا ٢٢ئەمڕۆ لەو مەسەلە بچکۆلانەیە کە زۆر هەستیار وئاڵۆزە و زۆر جار مرۆڤەکان دوچاری هەڵەدەبن تێیدا ٢٣لەکاتێکدا دەنگدان شایەتی دانەو ئەمانەت سپاردنە بەکەسانێک کەئەرکی گەورەترین جیهاد ئەنجام دەدەن٢٤ ( ابو سعیدی خدر لەپێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە فەرمویەتی ( افضل الجهاد کلمه حق عند سلطان جائر او امیر جائر ) رواه ابو داود .٢٥

+ هەندێ کەسی وا هەیە٢٦ بایەخی ناداتێ وفەرامۆشی دەکا وبەشداری ناکا٢٧ بگرە ڕەنگە بە حەرامیشی بزانێ .٢٨

+ کەسی وا هەیە٢٧ بەشداری دەکا٢٨ بەڵام بەبێ بەرنامە و مەبەستێکی دروست دەنگەکەی خۆی وکەس وکاری دەدا بە کەسێک و لیستێک بە هۆکاری سادە وبێ مانا وەکو خزمایەتی یا ئامانجێکی ماددی یا لە ترس دا یا لە موجامەلە وریاییدا ٢٩.

+ کەسی وایش هەیە٣٠ وردەکاری دەکا ٣١و بەدیقەت دەنگەکەی خۆی بەکەم نازانێ وبەرپرسانە و هەستیارانە مامەڵە دەکا٣٢ ، یەکەم جار لیستەکە دیاری دەکا ٣٣چونکە لە کۆتاییدا هەموو کاندیدەکان لە بازنەی بەرنامەی لیستێکدا دەرئەچن وپابەند ئەبن بەئەجینداو هەڵوێستی رۆژانەی ئەو لیست وفراکسیۆنەوە٣٤ ، ئینجا لە ناو لیستەکەدا کەسێکی شیاوتر لە هەموو دەست نیشان ئەکا ٣٥چونکە بێگومان هەموو کاندیدەکان لە یەک ئاستدا نین .٣٦

دەنگدەری بەڕێز.. ٣٧

هیوا دارم ٣٨ لەم هەڵبژاردنەی بۆ پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٣/٩/٢١ دا لەجۆری سێیەم بیت ،٣٩ چونکە تەنها رێگە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات وچاکسازی لە سیستەمی حوکمڕانی وڕامالینی زبڵدانی گەندەڵکاری ، ئەمڕۆ

سندوقی هەڵبژاردنەو بەس .٤٠. بەدەنگ نەک تفەنگ ٤١، بەپرۆژە وبەرنامە نەک بەرِق وفەوزا٤٢ ، دەتوانین سیستەمی حوکمرانی و دارایی وکۆمەڵایەتی و پەروەردەیی وڵاتەکەمان لەسەقەتی و لێکترازان و هەرەس و داروخان رزگار بکەین ٤٣.

جێگای داخە ٤٤ بەرپرسان وحزبە باڵادەستەکانی کوردستان نەیانتوانی لەبیست ساڵی ئەزمونی سیاسی وفەرمانرەواییدا وەک پێویست لە هەلی نێو دەوڵەتی هەرێمەکەمان وجێکەوتەی جوگرافی نیشتمان و پێگەی مێژوویی و شارستانی گەلەکەمان سوودی گونجاو بۆ بەرژەوەندی گشتی وەرگرن ٤٥، زۆر حەیفە٤٦ گەلێکی زیندوو هۆشیار ومێژوویەکی پرشنگدار ورەسەن و نیشتمانێکی شیرین وجوان و دەوڵەمەند بە ئاو ونەوت وچیا ودەشت ، ئاوا گیرۆدەببێ بەدەسەڵاتێکی خۆسەپێن وتاکرەوو ناشەفاف و قۆرخکار و سەقەت ٤٧..

بێ گومان٤٨ ئەم دەسەڵاتە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە پێش بیستو یەک ساڵ گەیشتە دەسەڵات ٤٩، دەبێ بەهەمان رێگەی صندوقی هەڵبژاردن ومیکانیزمی مەدەنی هاوڵاتیان و دەنگدەران بەپرۆسەیەکی پاک وبێ خەوش ٥٠ئاڵوگۆڕی دیموکراسی و گۆرانکاری ریشەیی بخەنە سەرپێ ٥١.. ئەم ئەرکە گرنگەش لەبەشداریەکی چالاکانە و هۆشیارانەی هاوڵاتیەوە دەست پێ دەکا٥٢ ، یەکەم مەیدانیش بۆ ئەم پرۆسەیە پەرلەمانە ٥٣.. لەپەرلەمانێکی کاراو ئازاوە ٥٤ پرۆسەی چاکسازی و راستکردنەوەی خوارو خێچیەکان ودەستنیشانی گەندەڵیەکان و گێرانەوەی مافەکان دەکەوێتەسەر سککەی خۆی٥٥ ، پەرلەمان دەبێتە مەرجەع ٥٦وکار بکا بۆ بەپەرلەمانی کردنی سیستەمی فەرمانرەوایی هەرێم ..٥٧

بەئینسافەوە بروانین بۆ خولی سێهەمی پەرلەمان ٥٨دەزانین کە وێرای کەمی ئەزمون وکەمی ژمارەیان پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆن چ ئیزافەیەکی جوان و بەرچاوروونی وزانیاری و بوێری وچاکسازیەکیان ئەنجام دا ٥٩، تەنیا گرفتی گەورەیان کەمی ژمارەیان بوو ٦٠کەئەویش ئیستەکاتی چارەسەریەتی ٦١.. کاتی ئەوەیە هاوڵاتیان بەهیممەتەوە بچنە

سەرسندوقەکانی هەڵبژاردن٦٢ وکەسانی شیاوو دڵسۆزو بوێر بکەنە نوێنەری خۆیان٦٣ ، کاتی ئەوەیە کەدەنگدەری بەرێزی کوردستان دەست هەڵگرێ لە پابەندی تەقلیدی عەشایەری وحیزبی و خزمایەتی وبەرژەوەندی کاتی ونزیک ٦٤، بەلکو تەنیا لەخەمی ئەوەدابێ ئەو سپاردە وئەرکە بەکەسانی دەستپاک و بەتواناو شارەزا ولێهاتوو (حفیظ وعلیم ) بسپێرێ ٦٥..خۆ ئەگەر کەسێک بەتەمەڵی وبێ خەمی نەچێت بۆ دەنگدان ئەوە بەشدارە لەتاوانی ساختەکاری وناشیرینکردنی هەڵبژاردن ٦٦و بێ هیوا کردنی هاوڵاتی٦٧ ، چونکە دڵنیابێ دەنگەکەی بۆ دەدرێ٦٨ و بەو کارەی بەشداری لەگزیکاری وساختەکاری ئەو لایەنە دەکات کە بەمردوو وئاوارەو دووبارە و چەند بارە دەنگ بەخەڵکەکەی دەدات ..٦٩

ئەوانەش کە دەنگەکەیان بەپارە یا بەسوپاس یا بە موجامەلەو ریایی ، یا لەترساندا یالەبەر بێ بەرنامەیی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی ، دەبەخشن بە لیستی تاقیکراوە ٧٠، ئەوانە بەشداری راستەقینەی گشت نەهامەتی خراپەکاریەکانی دەسەڵاتی بیست ساڵەی ئەزمونی بەساوا کراوی هەریم دەبن ..٧١

بۆیە ٧٢بەپێویستی دەزانم کەداوا لەسەرجەم خەڵکی شەرەف مەندی کوردستان بکەم ٧٣ لەم وێستگەیەدا کە هێجگار هەستیار و چارەنوس سازە ٧٤، بەگورو تینەوە وەک ئەرکێکی شەرعی و نیشتمانی خۆیان بەرەو سندوقەکانی هەڵبژاردن بڕۆن ٧٥وکەسی شیاوو ئەمین ودڵسۆز وبوێر دەست نیشان بکەن ..٧٦

لای خۆمەوە لیستی ١٠٥ بەخاوەنی پرۆژەی چاکسازی ریشەیی وگۆڕانکاری راستەقینە دەبینم٧٧ وکاندیدەکان دەناسم کەکۆمەڵێک کەسایەتی لێهاتوو شارەزاو بوێرو ئازان ٧٨وخولیای خزمەت و خەباتی مەدەنی وجەنگی گەندەڵین٧٩ ، ئەوەتە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێناوە وعەرزی خزمەتی خۆیان کردووە٨٠ ، نۆرەی هاوڵاتیانی بەرێزە کە ئەرکی خۆیان بەجێ بهێنن٨١ودەنگیان بدەنێ ٨٢و تاقیان بکەنەوە ..٨٣

بـۆ بــراو خوشــکە ئازیزەکــانی یەگکرتــووی ئیســلامی کوردســتان٨٤ سەنگەردارانی (پاسەوانی ئیسلامی راستەقینە )٨٥ و (هیواو ئومێدەکەی گەلی کوردستان)٨٦ دەخوازم٨٧ بەو پەڕی لێبڕان وگوڕو تینەوە ٨٨وەک پێشڕەوی پـرۆژەی چاکسـازی و عەلەمـداری دژایەتـی وجەنگـی گەنـدەڵی٨٩ و خـاوەنی پۆلێـک شــەهیدی رێگــای ئــازادی وزنجیــرەیەک لە قوربــانی وفیــداکاری و خــۆڕاگری و مەحــرومییەت ٩٠، وەک خەڵکێکــی دڵســۆزی گەل ونیشــتمان ٩١وخەمخـۆری هەژاران وستەملێکراوان٩٢ وحزبێکـی خـاوەن مەبـدەئیەت و قەزیـــیە و ئامـــانج ٩٣، بەبـــڕوا بەخۆبـــوون و بەهیممەتێکـــی زۆرەوە و بەئەخلاقێکـی جـوان وبەرنـامەیەکی هـاوچەرخی تەندروسـتەوە ٩٤، هەڵمەتـی هەڵبژاردنەکە بەرێ بکەن وئەرکی خۆتـان بەتەواوی بەجێ بهێنن٩٥ ، گەلی ئێمە شایانی دەسەڵاتێکی دڵسۆزو ئایندەیەکی گەش وئەزمونێکی سـەرکەوتوو دەوڵەتێکی سەربەخۆیە ٩٦، یەکگرتووش شایانی ئەوەیە ڕۆڵ و پێگەو جێگەی خۆی لەخەبات و لەخزمەت بۆ ئەو ئامانجانە ببینێ ...٩٧

بەرەو کوردستانێکی ئازاد٩٨و حوکمێکی رەشید ..٩٩

بەرەو نیشتمانێک بۆ هەموان ١٠٠و دور لەقۆرخکردن و جیا خوازی ..١٠١

بەرەو هاوڵاتیبوون ویەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ..١٠٢

بەرەو دیموکراسی راستەقینەو گەل سالاری ١٠٣ولەگۆڕنانی عەقڵی ئەمنی وحوکمی پۆساڵ..١٠٤

بەرەو ئیســلامپەروەری میــانەڕەوانەو دوور لە تونــدرەوی و پەڕگیــری ..١٠٥ بەرەو خەبات و خزمەت بە ئیمان و ئینسان و نیشتمان ..١٠٦

**Salahuddin M. Bahauddin صلاح الدين محمد بهاء الدين September 3, 2013\٩\٣ /// 2013**